شێوه و ناوەڕۆک

کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

شێوە و ناوەڕۆک

کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی

نووسینی:

ئومێد ئاشنا

ناوی کتێب: شێوە و ناوەڕۆك – کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی

نووسینی: ئومێد ئاشنا

بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٤٣

دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید

بەرگ: مریەم موتەقییان

پیت لێدان: ئالاء محەمەد

هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود

چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧

لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

نامۆبوون له‌ شیعره‌كانی -نالی-دا

له‌ ڕوونكردنه‌وه‌ و به‌رچاوخستنی كاری نامۆبوون له‌ شیعره‌كانی نالی-دا پێویستمان به‌وه‌ هه‌یه‌ پێش ده‌ستبردن بۆ نالی و شیعره‌كانی سه‌باره‌ت به‌نامۆبوون و نامۆیی له‌ مانای نامۆیی و نامۆبوون بگه‌ین و بزانین ئه‌م واتایه‌ چییه‌ و چی ده‌به‌خشێ! وه‌ ئایا ئه‌مه‌ شتێكی فه‌لسه‌فی و كۆمه‌ڵێ زانیاری وشكی ناو كتێبه‌ یاخود له‌و سنووره‌ی تێپه‌ڕاندووه‌ و له‌ ژیانی مرۆڤدا له‌ كۆن و ئێستادا بوونی هه‌یه‌ و به‌ئاسانی ده‌ستنیشان ده‌كرێت؟ واته‌ یه‌كێكه‌ له‌و ناوه‌ڕۆك و ڕواڵه‌تانه‌ی كه‌ په‌یوندیداره‌ به‌ژیانی ڕۆژانه‌وه‌ و ئێمه‌ ئه‌گه‌ر لایه‌نه‌ باشه‌كانی ئه‌م دیارده‌یه‌ بخه‌ینه‌ به‌رچاو ئه‌وا ده‌توانین له‌ شیكردنه‌وه‌ی یه‌كێ له‌ گیروگرفته‌كانی مرۆڤی ئه‌م ڕۆژگاره‌ ئاگاداربین.

نامۆیی چییه‌؟: -نامۆیی واته‌- (گواستنه‌وه‌ی ته‌واوی مافه‌كانی ژیانی كه‌سێ بۆ كه‌سێ یاخود جێگایه‌كی تر)[١] باسكردن و ڕوونكردنه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و ڕایانه‌ی كه‌ ده‌چنه‌وه‌ سه‌ر لێكدانه‌وه‌ی نامۆیی كه‌ بابه‌تێكی ئه‌وه‌نده‌ چڕ و لق و پۆدارمان بۆ پێك ده‌هێنێت كه‌ تیایدا ون ده‌بین، ئه‌وه‌ش بتوانین لێره‌دا به‌كورتی ده‌ری بڕین ئه‌وه‌یه‌ كه‌ (نامۆیی واته‌ له‌ ده‌ستچوونی ده‌سه‌ڵات و گۆشه‌گیری و توڕه‌یی و ڕق هه‌ستان و پچڕان و تێكشكان له‌ واقیعی ژیان)[٢]. زانا و ئه‌دیبه‌ گه‌وره‌كانی جیهان وه‌ك -توماس هوبز -ڕۆسۆ -فیخته‌ -شیللەر -هیگل . باسیان كردووه‌. وه‌ كورته‌ و پوخته‌ی بیری زانایان له‌سه‌ر نامۆیی بریتییه‌ له‌ شه‌ش به‌ش كه‌ ناوه‌ڕۆكی ئه‌م واتایه‌ دروست ده‌كه‌ن.

١- نامۆیی وه‌ك جیابوونه‌وه‌ و له‌ یه‌ك دابڕان.

٢- نامۆیی به‌ واتای جێگۆڕكێ.

٣- به‌ واتای بابه‌ت -الموضوع-.

٤-به‌ واتای نه‌بوون و بڕانی توانا و ده‌سه‌ڵات.

٥- نه‌بوون و بڕانی ناوه‌ڕۆك.

٦- نامۆبوون به‌مانای كه‌رتبوون و په‌رتبوونی پێوه‌ر و چۆنیه‌تی پێوه‌ره‌كان.

واته‌ -المعايير والمقاييس-.

دیسان هه‌ر له‌م سه‌رچاوه‌ فراوانه‌دا ده‌رباره‌ی نامۆیی، ئه‌م به‌شانه‌ و ئه‌م گرووپانه‌

هەریەك بەتایبەت بەڕوونکردنەوەی خۆی دانراوە.

١- نامۆیی لە خۆ.

٢- نامۆیی لە کۆمەڵ -نامۆیی بابەتی-

٣- نامۆیی لە ئیسلامدا.

٤- نامۆیی ئاینی لای فیورباخ.

٥- نامۆیی و هەستی گەردوونی.

وە وشەی نامۆیی بابەتەکانی دیسانەوە لای ئەم هونەرمەند و زانا و ئەدیبانە باس کراوە:

١- ئیفلاتوون بەپێی نامۆبوون لە کتێبی -کۆمار-ەکەیدا.

٢- هیگڵ.

٣- بیتهۆڤن.

٤- ڤان کۆخ.

٥- شکسپیر لە هاملت-دا.

٦- لە ئادابی لاهوتیدا.

٧- لای -البیر کامۆ-.

٨- لای جان جاك روسو.

٩- لای هیدجرو سارتەر.

١٠- لای فروید.

١١- لای مارکس لە جیاوازی چینایەتیدا.

لێرەدا دێینە سەر بابەتی سەرەکی خۆمان و دوو لایەنی زانستییانەی نامۆیی سەبارەت بەدەرکەوتن و ئاشکرایی لە شیعرەکانی نالی-دا باس دەکەین ئەویش ئەم دوو لایەنەیە:-

١- نامۆیی خۆیی -تاکە کەسی- زاتی-الشخصی.

٢- نامۆیی بابەتی -الموضوعی.

١- نامۆیی خۆیی - تاکە کەسی.

نالی دەڵێت:

«عومرێکە بەمیزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم وت و کەس و تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم»

«هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو»

«نالی خۆشت نەومیدی دڵ بەستە مەبە ئیدی

گەر عاشقی تەجریدی لەم یار و دیارەت چی»

لە بارەی بوونی هەستی کۆمەڵایەتی و ڕێڕەوی تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵ لەو بوارەدا بەچەشنێك بووە کە بۆشایی گەورە کەوتووەتە نێوان ئەو بابەتانەی پوختەی هەست و دەرك پێکردنی کەسێتی نالییە.

بۆشاییەکە تەرازوویەکی یەکسان نەبووە، لاسەنگ بووە، تای یەکەمی لە بەرزی بیرکردنەوەی نالی–دا واتای دووەمی لە نزمی ڕادەی پێشکەوتنی بیر و هۆشیاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵ بووە.

ئەم –بەمیزانی ئەدەب و توحفە فرۆش بووە– ئەوانیش تێی نەگەیشتوون ئەم –رد الفعل–ە ئەنجامەکەی خامۆشی خاوەنەکەی بووە. کە –نالی– دەگرێتەوە.

لە بەیتی دووەمدا هەستی گەردوونی –الوعي الكوني– دەبێتە –عومری خضر و جامی جەم– کە دوو دیاردەی گەورە و نەبڕاوەن. زیاترن لە توانا و دەسەڵاتی مرۆڤ بۆ ژیان و دەرك پێکردن.

ئەمە لایەنی یەکەمی موعادەلەکەیە – لەو بەریشەوە –نالی هیوای زۆر گەش و عومری کەم و کەمتر لە کەسێکی وەك ئەم و بەڵام– جیاواز لە هەست و بیر و عاتیفە.

کە ئەمانەش هەمووی ڕووی دا...

١– زۆرت داهێنا و کەس لێی نەپرسی.

٢– عومری خضر و جامی جەمیشت بوو کەچی تەمەنت کورت و بێ بەها بوو.

کە ئەم دوو لقەمان دەرهێنا ئەوا دەبێتەوە ناوەڕۆکی سێیەم بەیت کە ئەنجامەکانی دەبنە یەك و دەبێ نالی دڵ بەستە و پێ بەستە بێ دەبێ ڕێگەی دوورە وڵاتی سەری خۆ هەڵگرتن هەڵبگرێت و هەڕەشەی سۆفییەکان و بێ پشت و پەنایی ئەمیش بە نەمانی

میرنشینی بابان زیاتر جۆشیان دایە و ڕێگەیان پێ گرتە بەر.

کەواتە نامۆیی خۆیی نالی –نامۆیی خۆ نەناسین و ونبوون و ونبوون و ڕەشبینی نییە چونکە ئەو جۆرە نامۆیی و ونبوون و ڕەشبینییە لای زۆر ئەدیبان و زانایانی لای خۆمان و هەندەران دەست دەکەون و فەلسەفەش هەر لە –کۆمار–ەکەی ئیفلاتوونەوە هێمای بۆ ئەمە کردووە.

لای نالی– کپبوون و سەری خۆ هەڵگرتن و دەرکردنی جیابوونەوە لە خۆی نەبووە لە هیچ بەیتێکیدا ڕاڕابێ و گومانی ئەم ڕۆیشتن و سەفەرە نا بینرێت. لەوەشدا کە –محەمەدی مەلا کەریم– لە کتێبی –نالی لە کلاو ڕۆژنەی شیعرەکانییەوە– دەڵێت: «نالی دوو سەفەری حیجازی هەیە و مادەم لە کاتی سەفەری یەکەمیاندا بەگوڕ کامی لێهاتوو بووە لە سەفەری دووەمیاندا پیر و ئوفتادە و لێ کەوتووبووە دیارە ئەگەینە ئەو ئەنجامە کەوا ئەبێ هیچ نەبێ(١٥) ساڵێك لە نێوان ئەم دوو سەفەرەیدا بووبێ»(٣). واتا نالی دووجار چووەتە حەج. دیارە کە سەفەری یەکەم لە سلێمانییەوە دەستی پێ کردووە سەفەری دووەم لە ئەستەمولەوە پێویستە ئەوەش بڵێین کە لە باسی –نامۆیی لە ئیسلام–دا لە یەکێك لەو خالانەدا کە هاتووە وا دەگەیەنێت کە زیارەتی ماڵی خوا خۆ ناسین و خۆ دۆزینەوەی ئەم مرۆڤەیە سەبارەت بەوەی کە بیروباوەڕی ئاینی و (یەقینی نەفس) خۆی پاڵی پێوە دەنێ کە ماندوویەتی دوورە وڵاتی بچێژێت. بۆ ئەنجام گەیاندنی یەکێك لە کۆڵەکەکانی بوونە موسوڵمانی تەواو کە ئەویش –حەج–ە. نالی کە دووجار ئەم کارەی کردبێ گومانی تیا نەماوە کە هەموو پارچەیەك لە دڵ و بیر و لەشی خۆ ناسین و خۆ ساخکردنەوەی تەواو بووە. لێرەدا دەڵێین نامۆییەکە کە تەنها نامۆیی جێگەیی بووە.

–الغربة المکانیة– بووە بەجێگۆڕکێ و بچڕانی لە جێگەیەك لە بەشێکی زۆری تەمەنی تێدا بەسەربردووە و جۆرەها یادگار و بیرەوەری شیرین و تاڵی تێدا هەیە و لە یادیا کاڵ نابنەوە.

تا لەو کاتەشدا و لە قەسیدەیەکدا کە بۆ وەسفی ڕێگای حەج و بەهای گۆڕ و جێگەی –محەمەد– تەرخانە ئەوا تەواو تێکەڵ بەیەقینی خۆی دەبێ و –حەبیبەی ماڵیاوا– و –شێوەی حوجرەی کۆن– هیچی تر لە ژیانیدا دەوری کاریگەریان نابێ و نالی وەسفی حەج و شاعیریەتی ئەبنە سێ لقی دارێك کە جیهانی نالییە.

لەو جۆرە ساتانەدا نالی نە نامۆیە و نە هەستێکی نامۆبوونیش دەردەبڕێ ئەگەر لەم جێگەیەدا بوەستین و بگەڕێینەوە سەر نالی دەبینین لە کات و جێگەیەکی تردا دەگەڕێتەوە نامۆیی سەفەری خۆی بەخراپ زانیوە -ئەو-ی لە حەسرەت قەدی سەرووی حەبیبە فرمێسکی لە جۆگەی تێپەڕاندووە و بووەتە ڕووبار. لە سەرەتاوە دەڵێت:

نەمردم من ئــەگەر ئەم جارە بێ تۆ
نەچم شەرتە هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

هەتا

«لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی نالی
دوو جۆگە بەڵکـو دوو ڕووبـــارە بێ تۆ»

-لەم بارەیەوە- ئەلبیر کامۆ-ی ئەدیب و فەیلەسووف دەڵێت: «دڵدارەکان ئەگەر لە یەکتری دابڕان لە ئازاردا دەژین. بەڵام ئەمە هیوا بڕاوی نییە ئەمان ئەزانن کە خۆشەویستی هەیە. هۆی ئەمەیە کە من ئازار دەکێشم چاوەکانم وشکن. لە دوورە وڵاتی چاوەڕوانم. ئەو ڕۆژە هەر دێت کە بەتەمایم»(٤) ئەم باوەڕەیەی کامۆ و قەناعەتی بڕیاردانی سەفەر لای نالی دوور نین لە یەکەوە. چونکە نامۆییە جێگەییەکە -واتە غوربەتە مەکاینەکە- پاش دابڕان لە حەبیبە و ناز و لانەی گەرمی بابانەکان لای شاعیر بووەتە شیعری جوان و وردەکاری بیر و وشە بەکارهێنان. ئەو جۆرە شیعرانەی کە شاعیرێکی بلیمەتی وەك پیرەمێردیان هەژاند کە بڕیار بدات و بڵێت: «ئەگەر لە شیعردا ئیبداع شەرتێکی ئەعزەم بێت، بێ گومان نالی گەورەترین شاعیری کوردە)(٥).

ئێمە لە سەرەتای ئەم نووسینەدا لە خاڵی یەکەمی نامۆیی دواین کە نامۆیی خۆیی -زاتی-یە. دەبێ ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە نامۆیی جێگەیی بووەتە هەوێنی نامۆیی -بابەتی-الغربة الموضوعية- واتە کارگەری هۆشمەندی و بیرتیژی لەوێدا لای نالی دەرکەوتووە سامانی ڕۆشنبیریشی زیاتر یارمەتی ئەوەی داوە. کارەساتە ناخۆشەکان لە کەسێتی خۆی دوور نەخستۆتەوە و شیعری خۆی وتووە، گریانی خۆی هەر گریاوە. دواجار کە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ نیشتمان لەسەری دەدات نامە شیعرییەکەی بۆ سالم دەنێرێت وە سالم وەڵامی دەداتەوە کە نەگەڕێتەوە وڵاتی سلێمانی بێ خاوەنە.

ئەو کاتە ئیتر دەست لەو هیوایە هەڵگرێت کەچی ئەمجارە نامۆییە جێگەییە خۆییەکەی لای نالی نابێتە یەکێك لە پێناسەکانی نامۆیی. کە پچڕان لە مەوزووع و

ونبوونە لە ناخی خۆی و کەرتبوونی بیر و هۆش و هەستە.

نالی دەیزانی خەمەکەی، خەمە هەرە قورسەکانی ئەوەیە کە دەربەدەر، بێ ڕووناکی چاوی حەبیبە، بێ بەها و شکۆی دەسەڵاتی بابان، بێ داری قەرەداغ و سلێمانی ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، بەڵام ئەمە لە شیعر و ژیانی دوور نەخستەوە. وە لەم دوو بەیتەدا تەواو ئەمە دیارە:

«مورادم زیللەت و پارانەوەی حاڵە نەوەك نەعتە

بەچەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت ئەناخوانە

ئەگەرچی کوردی دەوری شارەزووری قەسوەتم ئەمما

وەسیلەم طیبە و حیلمی شەفیع و فەزلی مەننانە»

کەواتە نامۆیی خۆیی نالی هیچ ترسێکی دابڕانی داهێنان و گۆشەگیری و خەڵوەتکێشی بۆ دروست نەکردووە نە بووەتە مەترسی لە ڕێگای ڕێڕەوی شاعیریەتی ئەودا.

٢- نامۆیی بابەتی: -الغربة الموضوعیة-

«نامۆیی بابەتی بریتییە لە هەستی مرۆڤ بۆ کەسانی تر کە وەك خۆی نین. وەچاو پۆشینی لەو پەیوەندییانەی کە پێکیانەوە دەبەستێ. دەبێتە هۆی دابڕان بەهۆی مەبەستێکی سەرەکی کەسی نامۆوە و زۆرجاریش ئەم نامۆییە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و تەنیایی بەبێ ئەوەی ببێتە ئاڵۆزی بیر و تێکشکاندن» لەم پێناسە زانستییەوە ئەگەر تەماشای دنیای نامۆیی و کاری نامۆبوونەکە بکەین دەبینین نالی لە دوو لایەنەوە لەم نامۆییە بابەتییە جیایە. یەکەم چاو نەپۆشینی کە چەندێتی و چۆنیەتی ئەو پەیوەندییە مرۆڤایەتییانەی کە بەکەسانی دەوروپشتی خۆیی و بەوڵاتە دوورەکەیەوە بەستووە.

دووەمیش ئەوەیە کە نامۆیییە بابەتییەکەی نالی نە گۆشەگیری بووە و نە ئاڵۆزی بیر و تێکشکاندن بوو. وەك دەڵێت:

«نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قووتیە

من خەمی خۆم و خەمی هەموو عالەم دەخۆم»

یاخود

«طوطی تۆ لە حیرصی دڵ داوی طەمەع دەکاتە مل

بولبولی من لە عەشقی گوڵ تەغنیەو موطەرەب دەکا»

وه لە زۆر بەیتی تریشدا ڕەگەزی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بەشیعری دەبێ و لەگەڵ نامۆییدا دەبنەیەك. وە ئەویان هیچ کارێکی سلبی ناکاتە سەر ئەمیان و لەسەر ئەو ناژی. کەواتە نالی بۆ نامۆیی نەژیاوە و لە پێناوی نامۆییدا بەڵکو نامۆیی کردووە بەشادەمارێکی خوێنبەر بۆ دڵی شیعرەکانی زیاتر ئەمە لە هەستی کۆمەڵایەتی نزیك خستووەتەوە.

لە شیعرەکانیدا بەهۆی ئەم وشانەوە نامۆییە بابەتییەکەی خۆی دەرخستووە. (غائیب، هیجر، غەریب، دەرکراو، دەربەدەر، غوربەت، دووری، هیجران). بەم وشانە بیری فەلسەفی نالی لە نامۆبووندا دەبێتە ئەوەی بڵێین (نامۆیی بابەتی بووەتە نزیك خستنەوەی ئەو نامۆییە خۆییەی کە باسمان کرد. واتە (زات و مەوزووع) بوون بەیەك. کە یەکێتی زات و مەوزوع پێکهات دەبێت بزانین کە چۆنەتی ئەو زات و مەوزوعە هەر لە داهێنان و بۆچوونێکی شاعیردا چەندە بەلای –واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە ڕۆیشتووە لە خزمەتی سامان و کەلەپووری ڕۆشنبیریدا بووە بەرەو کۆمەڵ.

لە بەشی پێشوودا نامۆیی خۆیی–مان ڕوون کردەوە کە مەترسی ونبوونی لەسەر نالی دروست نەکردووە. وە کاتێ کە ئەم زاتە چووە مەوزووعی شیعرەکانییەوە جگە لەوەی کە لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە و هەواڵی ژیان و عەشقی خۆی و کەسانی تریش زیاتر ناگەینە ئەوەی کە نامۆیی بابەتی بە مانا فەلسەفییەکەی لای نالی بدۆزینەوە. ئەگەرچی خۆی لەو ڕۆژگارەدا هەستی بەتەرکیبی نامۆبوون و مانای فەلسەفی نەکردووە ئەمەی تەنها وەك هەستی شاعیرانەی کردووە بەبابەت نەوەك وەك و مەبەستێکی فەلسەفییانە و دەرگا کردنەوەی بەئەنقەست بۆ تێکەڵبوونی ئەم تەوژمە بەشیعرەکانی. وە بگرە خۆشی زۆری ویستووە کە نامۆ نەبێت بەخەمی نامۆیی دوورە وڵاتییەوە سەر نەنێتەوە. نالی دەڵێت:

«مەمخەرە هاوییەیی هەوڵی فیراق
دەستی من و دامانی تۆ ڕۆژی قیا»

نالی– لەم فیراقە زۆر ترساوە کەچی تووشی هاتووە. لەو شیعرانەیدا کە لە وڵاتی هەندەران و نامۆبوون نووسیوینی بابەتی نامۆیی خۆی لە خۆیدا بەرنامەیەك نەبووە مەبەستی بووبێ وە کاتێك وەهای دانابێ کە ئەو بەرنامەیەی تیایدا کۆتایی بێت وە ئیتر لەو جۆرە شیعرانە نەڵێت. بەڵکو نامۆییە بابەتییەکە خۆی بووەتە بابەتی شاعیریەتی ئەو وە داهێنانی پێ بەخشیوە. وە هەتا ئەو جێگەیەی کە بتوانرێ هێما بۆ سایکۆلۆژییەت

و بیرکردنەوەی نالی بکرێت هەر کاری نامۆیی و دووره وڵاتی لە شیعرەکانیدا دەبنە هەوێن و بەردی بناغەی. ئێستا نازانرێ ئاخۆ نالی دیوانی تری هەبووه یان نا؟ وه شیعرەکانی ئەو دیوانەی کە گوایە لە وڵاتی نامۆییدا وتوونی بابەت و شێوەیان ئاخۆ چۆن بوویێ؟ ئایا تەواو لەناوچووه یاخود نەدۆزراوەتەوە بەڵام ئەوەی لە بەردەستماندایه وه لێی دڵنیاین کە بەئاسانی شیعری وڵاتی خۆی و شیعرەکانی دووره وڵاتی جودا دەکرێنەوە تام و بۆ و نیشانەیان دیاره.

ئەمە زیاتر ڕێگا خۆش دەکات بۆ لێکۆڵینەوەیان. بەڵام ئەوی جێی داخە ئەوەیە کە نالی بۆ گرێیەکی هێشتووەتەوە لەوەدا کە دەستی لەسەر ئەو ناکۆکی و دژایەتیانە دانەناوە کە بوونەتە ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی ڕوو کردنە وڵاتی نامۆیی. جگە لە ئاستی شاعیریەتی ئەمدا وەك پێویست تەمەشایان نەکردووه.

بەڵام لە بابەتی نامۆییدا- و بەپێی ڕوونکردنەوەی فەلسەفییانەی ئەم دیاردەیە ئەتوانین بڵێین:

١- نالی لە بارێکی دەروونی شاعیرانەدا بووه.

٢- ڕادەی ڕۆشنبیری کە لە زۆر شیعردا دیاره فراوان و بەپێز بووه.

٣- لە مەسەلەی دڵدارەکەی و خۆشەویستی حەبیبەشدا تووشی -تێکشکان- بووه.

٤- دەسەڵاتی بابان نەماوه و مەترسی بۆ دروستبووه.

٥- بیروباوەڕی مەلایانە و شاعیرانەی ژێری ئەم لەگەڵ سۆفییەکاندا جیاواز بووه.

بەم شێوەیە هەستی بەرێگرتنەبەر و چوون بۆ حەج و نەگەڕانەوە لای نالی بووەتە بابەتێکی تایبەت و قەناعەتی کردووه بەڕۆیشتن و کارەکەی یەکلایی کردووەتەوە. هەر لە یەکەم شیعری نامۆییەوە هەردوو بابەتەکەی نامۆیی لە زات و مەوزووعدا بوونەتە لایەنی کۆمەڵایەتی و بەواقیعی دانی ڕێبازی شیعری نامۆیی نالی ئینجا دەتوانین بڵێین کە نالی:-

١- لە وڵاتی خۆیدا نامۆبووه و لەو شیعرانەیدا هەست بەم دیاردەیە ناکەین.

٢- ژیانی ناو حوجرەکەی دووری لە کۆمەڵانی خەڵك بەگشتی و گۆشەگیری و تاك پەرستی نەبووه. بەڵکو بەحوکمی کارەکەی وەك مەلایەك و بەپێی نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە ڕەوا نەبووه ئەوەی هەر کەسێك دەیکات مەلایەکی ناسراویش بیکات. بەتایبەتی مەلا کەسێك بووه قورسی ڕووداوەکان زیاتر لە سەری دەکەوتن لە کۆمەڵیشدا

بوونی شاراوە نەبووە و بەبەر چاوانەوە دیار بووە. لەبەرئەوە لە زۆر شت سڵەمیوەتەوە و دەستی بۆ نەبردووە. ئینجا کە نالی لە وڵاتی خۆیدا نامۆ نەبووبێ و هەستی دووری و نامۆیی لە جێگایەکی تر جیاواز لە وڵاتی خۆی دەرکەوتبێ ئەوا نامۆییەکەی پێی دەوترێ نامۆیی جێگەیی و لە نەفس و زاتەوە دوورە.

٣- ڕۆشنبیری فراوانی نالی و ڕەنگدانەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە لە هەموو بەیتەکانیدا نەبووە هۆی نامۆبوون بۆی.

وە نالی سەرەڕای ئەوەی کە مەلایەکی شارەزا و خوێندەوارێکی باش بووە خاوەنی سامانێکی بەرزی ڕۆشنبیری بووە کە هەموو کەس لەو ڕۆژگارەدا دەستی نەدەکەوت.

وە خۆشەویستی ئەو لە لایەن دەسەڵاتی میرنشینی بابانەوە زیاتر ئەو ڕایە جێگر دەکات چونکە لە یەکێ لە لێکدانەوە فەلسەفییەکانی مانای نامۆبووندا وا باس کراوە کە مرۆڤ کاتێ هەست دەکات خاوەنی سامانێکی ڕۆشنبیری و بەهرەیەکی بلیمەتانەیە و خەڵکی تر لە ڕادەیدا نین بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی کە ئەم تێیاندەگا و بۆشایی و جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم و خەڵکدا و بلیمەتییەکەی دەیکاتە خاوەنی ئەو ڕەفتار و کردەوانەی کە ڕەنگە لە کۆمەڵدا شاز بێت و ئەمیش ناتوانێت وەك ئەوان بێت و تێکەڵیان بێت. لەبەرئەوە هەست بە بەرزبوونەوەیەك دەکات و ئەمیش تووشی گۆشەگیریی تاك پەرستی و ڕەشبینی دەکات بەرامبەر بەکۆمەڵ. بەڵام نالی بەم جۆرە نەبووە و سامانە ڕۆشنبیرییەکەی هانی داوە زیاتر لە خەڵك بگات و بتوانێ لە چین و کۆمەڵانی جۆراوجۆری کۆمەڵ بگات.

وە هیوایەکی گەورەی عاتیفی سەبارەت بەحەبیبە و دوارۆژ و چارەنووسی خۆی و حەبیبە و پێکگەیشتنی لە لایەکی تریشەوە ڕێز لێ گیراو و پەسەندکراوی پاشاکانی میرنشینی بابان بووە و لە دیوەخانی ئەواندا شیعری خۆی خوێندووەتەوە.

وە ئەنجام سەفەری غوربەتی هەڵبژاردووە و هۆی ئەمەش سێ خاڵە:

١- هیوای بڕاوی لە بەدەستهێنانی حەبیبە.

٢-ڕووخاندنی میرنشینی بابان و هاتنی تورك.

٣- دووژمن کاری سۆفییەکان و پیلان نانەوەیان بۆ نالی.

وەنالی خۆیی و شیعرەکەی لەو سەفەردا جوێ نەکردۆتەوە و باسی ئەوەی کردووە کە چۆن (شیعرەکانی کە جگەرگۆشەی ئەون وەك خۆی دەربەدەرن).

٤- بۆ تێگەشتنی تەواو لە نامۆبوونی نالی -بوونی قەناعەت و فرێدانی ڕاڕایی و دوودڵی و دڵ لە دوویییە. ئەمەش زۆر زیاتر لە مانای فەلسەفی و نامۆیی دوور دەکەوێتەوە. نالی شاعیرێکی ڕاڕا نەبووە. واتە -قلق- نەبووە. هەر شیعرێ کە نووسیویە. وە هەر وڵاتێ کە ڕووی تێ کردووە کە گومان لە بڕیاری خۆی بکات و دوودڵ بێت لە قەسیدەیەکی و بۆ مەبەستێکی تایبەتیش نەچۆتە غەریبی و بەهیوای ڕۆژی گەڕانەوەش سەفەری نەکردووە.

کەواتە نالی لە خۆی نامۆ نەبووە. لە خەڵکی نامۆ نەبووە. لە شیعر و داهێنان نامۆ نەبووە. بەڵکو هەستی نامۆیی ئەو لە گۆڕانی باری ژیانی خۆی و دەوروپشتیەوە سەری هەڵداوە و واتای -نامۆیی جێگەیی بەسەردا دەچەسپێنێ.

وە لەمەشدا هەست بەبیرەوەری یادگارەکانی وڵاتی خۆی لە کاتە دێرینەکاندا جۆرێکی کەی نامۆیی بۆ پێکهێناوە کە پێی دەوترێت نامۆیی کات.

ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە سوودیان لێ وەرگیراوە ئەمانەن:-

١- كتيبي (الاغتراب) -: التاليف: يتشارد شاخت، ترجمة: كامل يوسف حسين - الطبعة الاولى ١٩٨٠، ص٦٣.
٢- الاغتراب -اصطلاحات و مفهوما- قيس نورى من مجلة الافكار- عدد خاص عن الاغتراب، ص١٣.
٣- نالی لە کڵاو ڕۆژنەی شیعرەکانییەوە -محەمەد مەلا کەریم- ل٣٨.
٤- البير كامو -جرمين بري- دراسة عن كامو ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا -١٩٨٦
٥- خدمەتێکی بێ هەمتا بەموناسەبەتی تەبعی دیوانی نالییەوە ڕۆژنامەی ژیان ٢٩٣، ١٤ئەیلوولی ١٩٣١،(پیرەمێرد)
٦- ئەو بەیتانەی نالی- کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا نووسراونەتەوە لە کتێبی -دیوانی- نالییەوە وەرگیراون ئامادەکردن و کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریم مدرس و فاتح عەبدولکەریم لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردە.

بەشی دووەم

لـە کـتـێبـی دیـوانـی نـالـی دا کـە بـەبـاشـتـریـن و بـەنـرخـتـریـن سەرچـاوە دادەنرێت بـۆ تەماشاکردن و وردبوونەوە لە شیعری نالی لە پێشەکی شیعرەکاندا گەلێك هەوڵدان و لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە و نووسراوە و یەکێك لەوانە بەناوی ئەدەبی بێگانەیە، لەوێدا ئەگەرچی ئەبوایە زیاتر نووسینەوەکە پەرەی پێ بدرایە و قووڵتر بۆ ڕۆشنبیری نالی بچوایە، بەڵام لە ڕاستیدا دادەنرێت بەدەرگایەك بۆ چوونە ناو جیهانێکی نوێوە لە شیعریی – نالی –دا وە بۆ زۆری وەك من ڕووناکاییەکی سەرەتاییە کە گەلێ لایەن و قوژبنی تاریك ڕۆشن دەکاتەوە لە بنی دەریای شیعری نالی دا دەکەوینە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەو گەوهەر و مراوارییانەی تەنها نالی توانیویەتی بیخوڵقێنێ و نەخشکاری دەستی وەستایەتی خۆی تیادا بنوێنێ ڕۆشنبیری نالی لە قەوڵبوونەوەی شیعرەکانیدا دەردەکەوێت و ئێمە پشت بەشیعرەکانی بەم چەند خاڵە دەستنیشان دەکەین:

١– زانستی ئەستێرەناسی، واتە فەلسەفەی زانستی (فەلەك)

٢– زانسـتـی بـەلاغـەتـی زمـانـی عـەرەبـی بـەهـەمـوو لـقـەکـان و بـەشە سەرەکـی و لاوەکییەکانیەوە.

٣– شارەزایی لە مێژووی کۆنی سەردەمەکانی مێژووی کورد و مێژووی کۆنی ئاینی ئیسلام.

٤– ئاگاداربوون لە زانستی جوگرافیا و بەکارهێنانی ئەو واتایانەی کە سەر بە ئەم زانستەن.

٥– ئاگاداربوون و زانینی زانستی فیزیا.

٦– شارەزایی لە ئاواز و جۆری مەقامات کاتێ باسی مەقامەکانی حیجاز و مخالیف و نەوا دەکات.

٧– سوارچاکی لە مەیدانی بەکارهێنانی وشەی کوردی و وردەکاری لە هۆنینەوە و ڕێکخستنی شیعردا.

٨– تـێکـەڵبوون لـەگەڵ ڕۆشنـبـیرانـی ئـەو سەردەمـەی شام و تورکـیا، وە هـەڵسوکـەوتـی ڕۆژانەی لە کۆمەڵی تازە پێگەیشتووی ئەو سەردەمەی تورکیا بەهۆی دەسەڵاتی

دەوڵەتی عوسمانی و پەیوەندی نزیکی تورکیا و ئەوروپا دیارە کە ئەمە هەتا چ ڕادەیەك دەوڵەمەندیان کردووە بەسامانی ڕۆشنبیری.

٩- ڕۆشنبیری فراوانی خۆی لەوەی هەر لە سەردەمی فەقێیەتییەوە و ئەوەی لە حوجرەدا و لای مەلا بەناوبانگەکانی ئەو کاتە فێربووە بێ گومان ئەم هەر بەو ڕۆشنبیرییە تەقلیدییەوە نەوەستاوە هەوڵی تاکە کەسی خۆی لە زۆر مەلای تێپەڕاندووە لە بواری بەلاغەتی زمانی عەرەبی و شەرع و زانستی - کەلام - ئوسوڵی دین و...هتد.

١٠- شارەزایی تەواوی لە نهێنییەکانی زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی و تورکی.

ئەمە جگە لەو زیرەکی و بلیمەتییە خۆڕسك و سروشتییەی خۆی لە خۆیدا لە وجودی - نالی -دا خولقابوو. وە ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی دەسەند.

ئینجا ئەم دە خاڵەی سەبارەت بەڕۆشنبیریی نالی دەستنیشانمان کرد ڕاستی ئەم زانیارییە نوێیەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە لەم دواییەدا نووسەر - هۆشەنگ - لە ڕۆژنامەی - هاوکاری -دا بەرچاوی خستین. بەشێك لەم نووسینە بەم جۆرەیە «کاتێ لە ئەستەموڵ زانرا - نالی - مردووە کوردەکان و ناسیاو و برادەرانی پێوە چوون لە چاوەڕوانی شتنی و کەفن کردنیا بەبن درەختەکانی باخی ماڵەکەیا بڵاوبوونەوە لەپڕ بەکڵپەی ئاگرێکیان زانی لەو لای حەوشەکەوە بەرز ئەبووەوە ژنەکەی نالی بەدیاریەوە ئاگرەکەی خۆش ئەکا، بەدەم هەنسکی گریانەوە پەڕاو و پەڕە کاغەز ئەسووتێنێ.

کاتێ چوون بەلایەوە ئەیوت - لە پاش ئەفەندی کەسی تر لایقی خوێندنەوەی ئەمانە نییە بۆیە ئەیان سووتێنم و چاویشم بەرایی نایە بیانبینم. گوایە ئەوە هەموو بەرهەمەکانی نالی بووە کە بەلای خۆیەوە ماوە هەتا بەوە ئەزانن کار لە کار ترازاوە و بەسووتان کەڵکی لێ بڕیون هەر ئەو کۆڕە گێڕایانەوە لە ناو ئەو سووتاوانەدا پەڕاوێکی - ڕیازیات -ی هەرە بەرز و پەڕاوێکی - فیزیا -ی هەرە قووڵ هەردووکیان بەکوردی بوون لەگەڵ هەڵبەستەکانیدا وەك دواتر پێیان زانیوە. چونکە هەتا هێزی تیا بووە لە دانیشتنەکەی ئەستەموڵدا مامۆستای ئەدەب - و - ڕیازیات - و فیزیا - بووە و باشتر بەمانگانەی خانەنشینی ژیاوە. هەر لەو دانیشتنەماندا لەوانەم بیست کە نالی بەهۆی فیزیا زانی خۆیەوە دوو شتی لە خانووەکەی خۆیدا دروست کردووە لە ئەستەمۆڵ. یەکەم بەئەوەی دەست لە دەرگا و پەنجەرەکانی خانووەکەی کەوتبێ هێزێکی کارەبایی لێداوە و (دووەم)، ژوورێکی خانووەکەی لە ناوەوە زستانان چینکۆ پۆش کردووە و بەهۆی

زانستی فیزیاوە ئەو چینکۆیە گەرم بووە و ژوورەکەی گەرم کردوونەتەوە و پێویستی بەئاگر تێ بردن نەبووە کەواتە زانیاری و زانستی ناو شیعرەکانی نالی ڕاستی ئەم نووسینەمان بۆ دیاری دەکات. بەڵام بەداخەوە ئێمە جگە لە شیعر تەنها شیعر نەبێت هیچ نووسین و کتێب و یاداشتی ئەم مرۆڤە زانا و گەورەیەمان لە لا نییە هەتا زیاتر ئاسۆی تەماویمان ڕۆشن بکردایەوە و باشتر بەڵگەی بلیمەتی و زانایی شاعیریی نالیمان لە دەست خۆماندا هەڵبگرتایە و تێکەڵ بەجیهانە سیحری و بێ ئەندازە قووڵ و پان و بەرینەکەی بکردایە. ئایا ئێمە لێرەدا ناتوانین لە خۆمان بپرسین و بڵێین ئەو ژنەی نالی کە تورك بووە و زانا و شاعیرێکی هەست ناسکی وەك نالی ژیانی لەگەڵ بەسەر بردووە ئایا ئەو بەرهەمە زانستییانەی نالی بۆ سووتاندووە؟ لە وەڵامدا دەڵێم: «ئەو ژنەی نالی تورك بووە هیچ بەڵگە و ساخکردنەوەیەکمان لە لا نییە کورد بووبێ یاخود حەبیبەی ماڵیاوایی بووبێ وە من بۆچوونی – پیرەمێردی نەمر– پەسەند دەکەم دەڵێت: «لە نەزەرمدا حەبیبەی ماڵیاواش شەخسێتێکی حەقیقی نەبووە و تەنها ڕەمزێکە حەزرەتی نالی کردوویە بەواسیتەی ئیزهاری دەهای شاعیرانەی»[٢]

لە پاش ئەمانە نالی بەهەموو پێشبینی و وریایی و زیرەکییەکەی خۆیەوە ئایا پێشبینی ئەوەی نەکردووە کە ئەو بەرهەمە زانستیانەی هەروەك شیعرەکانی دەبنە سامانێکی بێ هەمتا بۆ سامانی کەم دەستی زانستی نەتەوەکەی و سووربوون لەسەر وەسیەت کردن بۆ ژنەکەی کە بیان پارێزێ و نەیانفەوتێنێ؟! ئەوا گریمان لەو ژنەش دڵنیا نەبووە و هەستی بەجۆرە بیرێکی خراپکاری ئەو کردبێ دەرهەق بەکورد و زمان و سامانی ڕۆشنبیری کورد. بەڵام ئێمە لەوە دڵنیاین زانای گەورە –مەلا خدر ئەفەندی نالی– مامۆستای دەرسی ئەدەب و ڕیازیات و فیزیای زانکۆی ئەستەموڵ هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستانی کوردی هەبوون دەیتوانی کارێك بکات کە ئێمە ئێستا هەناسەی سارد هەڵنەکێشین بۆ ئەو بەرهەمانە. بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆیدا کارەسات و زیانێکی گەورە بووە لە سامانی ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد. وە لەوەش هیوا براونین کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە لایەکەوە چ ئەم بەرهەمانەی نالی وە بەرهەمی سەرهەڵبداتەوە ڕۆژگار چۆنی لێ ون کردووین ئاوهاش بۆمان بدۆزێتەوە.

لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەشدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە دکتۆر مارف خەزنەدار ڕوونی کردووەتەوە سەبارەت بەوەی چەند ڕۆشنبیرێکی کورد پاش کۆچی دوایی نالی دەچنە لای ژنەکەی بۆ بەرهەم و شیعری ئەویش لە وەڵامدا پێیان دەڵێت: «افندی اسار

یوقدر» لە ڕاستیدا ئەم کارەساتە پەیوەندیدارە و بنج بەستە بەبوونی حاڵەتی – نامۆیی – نالی خۆیەوە. خۆی ئەگەر نامۆیی و دووره ولاتی بێ کەسی نەبووبێ لە جێگەیەکدا کە زۆر دوور بووە لە جێ و هەواری دڵخۆشکەری خۆی ئەوا ئەو بەرهەمە ڕەنگە چەند ئەوەندەیەکی دیوانەکەی ئێستای بوایە کە لەبەر دەستماندایە. هەروەها ئەم نامۆییەی نالی لە زۆر لەو ڕووداو و پەیوەندییانەی کە هەیبووە خستوونیەتیە گومان و کورتبینییەوە زانیاریش دەربارەیان وەك ڕووناکی چرایەکی کز وەهایە. بۆ نموونە پەیوەندی نالی و میرنشینی بابان و ئەحمەد پاشای بابان لە سێ شیعری نالی زیاتر هیچ زانیارییەکمان وە هیچ ڕووداوێکمان ئاگا لێ نییە. ئەو سێ قەسیدەیەش یەکێکیان ئاشکرا و دیارە بۆ کۆچی دوایی سلێمان پاشای بابانی نووسیوە لە کارەساتی کۆچی دوایی ئەودا و هاتنە سەر تەختی ئەحمەد پاشا. وەك لە کتێبەکەیدا ساخ کراوەتەوە ئەو ڕووداوە ساڵی ١٢٥٤ی کۆچی بەرانبەر ساڵی (١٨٣٨ – ١٨٣٩)ی زاینی بووە. ئینجا ئەمە هێشتا ڕوون نییە کە نالی کاتێ ئەو شیعرەی وتووە لە کوردستاندا بووە یاخود لە شام یا ئەستەموڵ. سەرەتای قەسیدەکە ئەمەیە:

تا فەلەك دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەك تەلعەتی پەیدا نەبوو
تا نەگریا ئاسمان و تەم ولاتی دانەگرت
دڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی خونچە وا نەبوو

قەسیدەکەی دووەم گومانی تێدا نییە کە بۆ دەسەلات و حوکمڕانی و شکۆی سوپای بابان وتوونی. بەلام لەمەشدا بەڵگەمان بەدەستەوە نییە کە ئایا لە ولاتی نامۆیی وتوویەتی یاخود بەپێچەوانەوە؟! سەرەتا قەسیدەکە وەها دەست پێ دەکات:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسەیی شاهن
ئاشوبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

هەروەها لە نموونەی قەسیدەی سێیەمیشدا تەم و لێڵایی لەسەرئەوەیە کە ئایا ئەو قەسیدەیە بۆ کام لە خێزانی حوکمڕانی بابان وتراوە بەلام لە دوا بەیتیدا کە لێی وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نالی لە ولاتی نامۆیی ئەم شیعرەی نووسیوە. دەڵێت:

مەعلومە لەوێ راز و خوتوری دڵی نالی
إذ حل بقلبي و بأسراره نومي

دیسان لەمەشدا ئەوە ئاشکرا نییە کە ئایا قەسیدەکەی لە کام وڵاتی نامۆیی وتووە، بەڵام لەوەدا گومان نییە کە بۆ کەسێکە لە بنەماڵەی بابان:

ئەی قەلعەی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بوروجی
وەی قوللەیی دووری کە دەڵێی قامەتی عوجی
وەك قـــافی زەمیـن قـــابیلی ئیکمال و تەرەقی
وەك بورجی سەمـــا لایقی ئیقبـــال و عوروجی

لە چەند لایەکەوە ئەوە ئاشکرا بووە کە نالی و ئەحمەد پاشای بابان لە ئەستەموڵ هاوڕێی یەکتربوون و ساڵانێکی ژیانیان پێکەوە بەسەر بردووە.

نالی وەك تۆراو و دڵشکاو نامۆیەکی بێ ئاکامی دوا ڕۆژ، گەڕانەوەی ئەحمەد پاشای بابانیش وەك پاشایەکی تەخت و تاج لە دەستچوو باشترین سەرچاوە کە باسی جۆر و کاتی پەیوەندییەکە دەکات دیوانی نالی-یە لە لاپەڕە (٣٠)دا نووسراوە «ئەحمەد پاشای بابان لە - ١٨٥٣ -دا پاریس باسی نالی بۆ - خۆدزکۆ-ی شابەندەبری ڕووسیا کردووە وا ئەگەیەنێ نالی لەو سەردەمەدا لە شام ژیاوە چونکە شیعرەکەشی کە پاش تێکچوونی حوکمی بابانییەکان بۆ سالمی ناردووە بۆ سولەیمانی لە شامەوە ناردوویە. لە لایەکی کەشەوە هەموو ئەوانەی مێژووی ژیانی نالییان خستووەتە سەر کاغەز باسی ئەوەیان کردووە کە وا نالی پاشان چووەتە ئەستەموڵ و لەوێ لەگەڵ ئەحمەد پاشای بابان ماوەیەکی دوورودرێژ ژیاوە بەم جۆرە باس کراوە. وە ئەم ڕووداوانە هەتا ئێستا سەد و سی ساڵی بەسەردا ڕابردووە کە ئەم مێژووە بۆ ئەدیب و زانایانی ئەوروپا ئەوەندە زۆر نییە و هەر ئێستا وێنە و یاداشت و نووسین و دەستخەتی ڕاستەقینەی شکسپیر و تۆلستۆی و دانتی و دوستۆفسکی و زۆری تریش کە دە ئەوەندەی ئەو سەد و بیست ساڵەی بەسەردا ڕابواردووە کەچی وەك ئەوەی دوێنێ بووبێ لە بەردەستایە و هەر یەك لە جێگای تایبەتی خۆی دانراوە و تەنانەت هەندێکیان وەك بودیرو هۆگۆ و چیکۆف خانوەکانیان کراونەتە مۆزەخانە و پێشانگا و لە هەموو لایەکەوە دێنە دیدەنی و تەماشای بەڵام بەهۆیی دواکەوتوویی ئەو سەردەمە تاریکانە و تەبیعەتی شەڕخواز و بەربەری مرۆڤ و دڕندایەتییەوە ئێمەی کورد بەدبەختانە لەو کەلەپوور و سامانە بەنرخ و بەهادارانەی ڕۆژانێکی تەنانەت زۆر نزیکیشمان بێ بەش بووین و نالی ونبوونی نووسراو و ساڵی مردن و لە دایکبوون و ناوی ژن و جێگا و ڕێگای هەموو بەزوویی کوێربوونەوە و جێگایان نەماوە.

بەشی سێیەم

پەیوەندیی بابەتی لە نێوان نامۆبوون و کەسێتی نالیدا بووە بە یەکێك لەو لایەنانەی کە زۆرتر لە هەموو لایەنەکانی شیعری نالی هەڵدەگرێت لەسەری بنووسرێت. ئێمە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا دەتوانین بە مەرامی باسەکەمان بگەین کاتێ پرسیار دەکەین و دەڵێین:

١- ئایا کەسێتی نالی چ گۆڕانکارییەکی تێدا خولقاوە کاتێك لە وڵاتی خۆیدا بووە و کاتێکیش چووەتە شام و ئەستەموڵ چ لە ڕووی بابەتی شیعرەکانییەوە چ لە ئوسلوبی شیعری ئەودا؟!

٢- ئایا فکری نالی وەك شاعیرێك پێش هەموو شتێك ڕێگەی بەو بیر و هەستانە داوە کە لەو سەردەمەی خۆیدا زۆر لە مرۆڤە میسالی و خەیاڵ پەرستەکان ڕێگەیان بەخۆیان داوە؟! ئایا دژایەتی نالی بۆ شێخ و دەروێش و وشکە سۆفییەکان نموونە نین بۆ بیری ڕاپەڕیو و حاڵەتی شۆڕش لە فیکری شیعری ئەودا؟!. وە ئایا ئەمانە چ پەیوەندییەکیان بەنامۆیی نالییەوە هەبووە؟!

٣- ئایا ئەو مەبەست و خواستانەی کە نالی داوای کردووە و هەندێکی دواڕۆژی خۆی هەر لە توێی دەروون و کەللەیدا ماوەتەوە و بردوونیە ژێر گڵ مەگەر لای ئەوانە درکاندبێتی کە زۆر نزیك بوون لێیەوە وەك ئەحمەد پاشای بابان و هاوڕێ کورد و تورکەکانی کە لە شام و ئەستەموڵ هەمیشە هاوڕێ و هاوڕازی بوون و ئێمە نازانین کە ئەمانە کێن و چ کارە بوون؟!

٤- ئایا لە بابەتی نامۆیی نالی دا بەشێواوی و خۆ بیرچوونەوە خودپەرستی و لە دەستچوونی واقیع هیچ دەوری بینیوە لە شیعرەکانیدا و بەرچاو دەکەون؟!

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا دەڵێین:

پیرەمێرد-ی ئەدیب و زانا دەڵێت: «لە نەزەر نالی دا شیعر ئەسڵ و غایەیە قەت بەوەسیلەی بەکار نەهێناوە. حەیات، عیشق، حەتتا حسیاتی باوکیی لە لای ئەو عیبارەتن لە شیعر»(٥) ئێمە تەواو لەگەڵ ئەم ڕایەی پیرەمێرد داین چونکە لای نالی شیعر غایەیە واتە ئامانج و ئەنجامێك دەبەخشێت و خۆشی هەر لە خۆیدا ئامانج بووە و بۆ ئەنجامێك

بووە. ئایا نالی شاعیرێك بووە كە مەبەستی لە شیعر تەنیا شیعر بووە ناوێكی شاعیرانە؟!

یاخود غایەیەك، هەستێكی قووڵ و بێ بنی ناخی قەڵەمی پێ گرتووە و ئیبداعی گەورەی شاعیرانەی پێ ئەنجام داوە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: شیعر لای نالی لە هەردوو قۆناغی بوونی لە كوردستان خۆی و نامۆبوونی لە وڵاتان وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بوون كە خولیای مێشكی جەنجاڵ و كاسی بوون و هەمیشە لە خۆی پرسیوە و دووبارە كردووەتەوە زۆر باش لەوە دڵنیا بووە كە داهێنانی ئەو وەستایەتی شاعیرانە و جوانی وشە و قووڵی مانا لەو ڕۆژگارەدا تەنها لای خۆی بووە و هەرچەند چاوی گێڕاوە لە نەوعی شیعری خۆی، لە پەیوەندی توندی مانا و شێوە و ناوەڕۆك، گرێدانی زانستی بەلاغەت بەزانستی ئەستێرە ناسی و فیزیا و جوگرافیا و مێژوو ڕیازیات... هتد، ئەم جۆرە غایەیە لە شیعردا لای نالی لە سەرەتاوە لای دروست بووە و گەشەی كردووە و چەندیش چووەتە ساڵەوە ئەوەندە زیاتر هێزی شیعر و گوڕی داهێنانی باشتر و خێراتر بووە. ئێمە دەتوانین گەلێك قەسیدەی بۆ ئەم مەبەستە بكەینە نموونە و ڕاستی ڕایەكەمان.

ئوسلوبی شیعری نالی لە حاڵەتی نامۆیی و هەستكردن بەنامۆیی بابەتی ئەو چ لە بێ دەرەتانی خۆی وەك كوردێكی دوورە وڵات و بێ پشتوپەنا، چ وەك دڵدارێكی بەمەرام نەگەیشتوو هەردەم لە پەیوەندی تازەبوونەوە و بەهێزبوونی خۆیدا لە تەفاعولێكی دینامیكیدا بەرەو پێش ڕۆیشتووە. شیعری ئەو، ئەوە بووە كە بتوانێت مانای قووڵ و وەستایەتی وشە و داڕشتن و بابەتی فراوان و فەلسەفی بە ئوسلوبێكی نەرم و بێ گرێ و گۆڵ و شەفاف دەرببڕێت، لەمەشدا ئەوپەڕی سەركەوتنی بەدەست هێناوە وڵاتی نامۆیی و بێ دەرەتانیی ئەو مرۆڤە گەورەیە هەمیشە بووە بەبیركردن و یادكردن و خەم خواردن بۆ چارەنووس و هیوای (وەسڵی مەحبووبە) و شادبوونی ڕۆحی.

بەحەسرەت عومری یەكبارە فەوتا
مەگەر عومرێ دووبارەم پێ عەتاكەی
گوتت نالی ئەتۆ بمرە ئەمن دێم
خوداكەی بێ خوداكەی بێ خودا كەی؟!

یاخود دەفەرمووێ:

دوور لە تۆ هێندە بێ ئارام و بێ حال كەوتووە
ئەی مەسیحایی عەسر لەو لێوانە دەرمانی ئەوێ

ڕووم ئەوا زەرد بوو وەك پایز لە هیجران –نالیا–
عەشق ئێستاکەش لە من سەیلی بەهارانی دەوی

ئینجا ئەوەی لە شیعری –نالی–دا دیارە ئەوەیە کە ئوسلوبی شیعری لە دوای ناوهێنانی –حەبیبەی تێدا کەم دەبێتەوە و یاخود هەر نامێنێ و دەبێتە یادکردنی نیشتمان و ئوسلوبی بەهێزتر و توندتر و قووڵتر دەبێت.

(دڵی نالی کە ئەنیسی قەرەداغە ئێستەش
داخی سەرچاوە و دێوانەیی دار و دەوەنە)

کەواتە ئەو گۆڕانکارییە بابەتی و خود ناسییەی نالی کە لە شام و ئەستەموڵ بەسەر شیعر و ویژدان و هەستیا هاتووە وە فراوانی ئاسۆی بیر و هێزی شیعر و گوڕەی داهێنان و خەمی گەڕانەوەی بۆ نیشتمان و بینینەوەی حەبیبەی ماڵیاوا و دەوەن و شاخ و داری قەرەداخ بەڵام لە کارکردن و داهێنان و پادشای تەختی بێ هامتای شاعیریدا دنیا جوانتر خۆی نواندووە. لە وەڵامی پرسیاری دووەمیشدا دەڵێین کۆچکردنی نالی و سەفەری بێ گەڕانەوەی بۆ شام و ئەستەمۆل لەو ڕاپەڕین و یاخیبوونەوە بوو کە لە ناخیدا بەرپا بووە. دەبوا ئەویش بەئەنجامی بگەیاندایە. ئێمە دەڵێین هەڵوێستی نالی هەڵوێستی شاعیرێکی یاخی و ڕاپەڕیو بووە. ئەگەرچی لە ئوسوڵی شیعر و داب و خووی ڕێچکەی کلاسی لای نەداوە و هێڵی تازەگەری ناوی لە ناوا نەبووە بەڵام نالی توانی شۆڕشێك لە ناوەڕۆکدا بکات، شۆڕشێك و یاخیبوونێکی زانستییانەی شیعریی لە مانادا بەرپاکرد. لەبەرئەمەیە نالی مامۆستای یەکەم قۆناغی دەستپێکردنی هەنگاوی یەکەم و ڕەسانەیەتی شیعری کوردی دادەنرێت. خۆشەویستی وشەی کوردی و زمانی کوردی لە ناخیدا چەسپیوە و مایەی شانازی ئەو بوون. لە لایەنی دووەمیشەوە وەستاندنەوەی بەرانبەر بیرو پڕوپووچەکانی ئەو سەردەمە زیاتر گیانی یاخیبوون و شۆڕشیان تێدا بەرپا کردووە و کردیانە خاوەن هەڵویست وە لە دوای دەسەڵاتی –بابان–یش هەر ئەو بەرەیە بوون کە دەستیان نایە ناو دەستی یەك بۆ دروستکردنی هێزێك کە نالی بێزار و ناچار بکەن ڕوو لە وڵاتی نامۆیی بنێ و باوەش بەئازاری دووری و بێ دەرەتانیدا بکات.

لێرەدا دەپرسین، ئایا لە بابەتی نامۆیی نالی دا بیر شێواوی و خۆ بیرچوونەوە و خودپەرستی و لە دەستچوونی واقیع هیچ دەوری بینیوە لە شیعریدا و بەرچاو دەکەون؟! دەڵێین:

نەخێر بەپێی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارە و پێوانەی بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی دەڵێین:

نالی شاعیرێك بووه لە قوتابخانەی ڕیالیزم چ لە حاڵەتی واقیعی ژیانی خۆیدا و تێگەیشتنی لە باری ئەو واقیعە تاڵە و لێکدانەوەیەکی مەوزووعییانە بۆی وە چ لە وێنەکێشانی ڕۆژانی ڕابردوو وە پێشبینی داهاتوو نالی دەڵێت:

«تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابی
دەروێش و گـــەدا شــــاهو دەبێ شاگەدا بێ»

یاخود دەڵێت:

«چونکە نالی لەسەر ئەو ئەرزە غەریبی وەتەنی
هەستەبــاری مەدەنی بەمەدەنی بـــەمەدەنی»

لەم ڕووەوە واتەیەك لە کتێبی -الشعر في أطار العصر الثوري- دا هاتووە دەڵێت: «ڕۆشنبیری شاعیر مەرجی بنەڕەتییە بۆ تێگەیشتنی لە ژیان. سەرکەوتنی شاعیر لەوەوە نایەت کە باسی ئەو واقیعە بکات کە تیایدا دەژی بەڵکو چۆنییەتی کارەساتەکانی ژیان لێکبداتەوە شاعیر ناتوانێ دوو ویژدانی هەبێ ویژدانێ لەگەڵ خۆیا کاری پێ بکات و ویژدانێکیش لەگەڵ خەڵکا. ئەدیبی ڕاستەقینە بەیەك ویژدان ڕووبەڕووی خۆی و کۆمەڵ دەبێتەوە چونکە هەست ئەکات کە گیروگرفتە تایبەتییەکانی خۆی لە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ جیا نابێتەوە و هەر ئەو گیروگیرفتانەشن کە ئەو هەوێنی شیعرەکانی لێوە دروست دەکات)[٦] نالی دەگاتە ئەوەی کە بەراوردکاری بکات واقیعی خۆی و بابەتەکانی سەردەم ڕوون بکاتەوەو ئەگەرچی بوونی خۆی بەبەیدی مەجنون- بشوبهێنێ بەڵام ئەو (حومقەی کە عەلاوەی کەری)یەی بەخشیوە بەکێ و دەیەوێت بڵێ چی؟!

(بەیدی مەجنونە وجودم لە هەموو بەر بەرییە
نە کەسێ مونتەفیعی یەك بەری یا سێبەرییە
چیت لە کاکۆڵی سەرومووی میانی داوە
هەموو هەر هەم و پەرێشانی و دەردی سەرییە
بەر یاباری تەکالیفی ڕوسومی بۆ خەڵق
چ دەکێشێ؟ ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە
لۆمەیی نالی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا
ئەمە مودەێکە زەدەی لەتمەیی دەستی پەرییە

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی بەرەو ڕووی خۆمان کردەوە کە دەڵێین ئەو مەبەستانە

چی بوون کە نالی زۆری لا مەبەست بووە و کەمێکی کەمی لێ دەربڕیوە؟! ئەگەر بێت و ستایشی ئاینی و چەند شیعرێکی موناسەباتی لێ دەر بکەین چەند قەسیدەیەکمان بەرچاو دەکەوێت کە ئاشکرایی ئەو مەبەستانە تێکەڵ بەواقیع و کارەساتی دووری و نامۆیی نالی دەربڕێت وەك دەڵێت:

(زاهیر و باتین لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز
ئاشنای سرڕی قەڵەم بێ غەیری نالی کەس نەما)

یاخود

(فاتیحە –تەخسیرە شاری دڵ بەتابوری ئەلەم
مودەتێکی زۆرە پاتەختە لە بۆ خاقاتی خەم
حوکمی قانونی سەفا ڕۆیی لە ڕەومی رەومەدا
تا هوەیدا بوو لە ڕووما گەردی ئاشوبی عەجەم
تۆزی ئابینەی سکەندەر وا بەدەم باوە وەلێ
گەردی دامانی غەریبانە بلووری جامی جەم)

لە ڕاستیدا دوو ڕێگە هەیە بۆ تێگەیشتن لەو حاڵەتە تایبەتییانەی دەبنە سەراپای شاعیر و شاعیریش دەبێتە ئەوان– لێرەدا نموونەی بیروڕاو واتەی دوو زانا بە بەراورد لەگەڵ جیهانی نالی دا دەنووسین، ئیفلاتون دەڵێت: «شاعیر ناتوانێت لێکدانەوەیەکی ئەقڵی بۆ هەر شتێك بکات وەك چۆن کارسازێك یاخود دکتۆرێك یاخود دەریاوانێك ئەنجامی دەدات بەڵکو شاعیر هۆیەکە بۆ گواستنەوەی ئەو سروشەی کە بۆی دێت»(٧) ڕای دووەمیش کە پێچەوانەی ئەمەیە وتەی (سانت بیف)ی فەرەنسی نووسەر و ڕەخنەگرە کە دەڵێت: «یەکەم هۆی کاریگەر لە هەر شیعرێکدا کەسێتی شاعیر خۆیەتی یاخود بەشێوەیەکی وردتر بڵێین ژیانی تایبەتی ئەو ژیانەی کە مەزاج و بیروباوەڕێکی تایبەتی بۆ دەخولقێنێ»(٨) وە ئەم ڕەخنەگرە داوای کرد کە لێکۆڵینەوە لە شیعر لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی بێت، بەرانبەر ئەو دوو ڕایە دەڵێین: «لە زۆر لە دەقەکانی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی لە شیعردا هەیە کە خەیاڵ و دوورکەوتنەوە لە واقیع و بڕوا بوون بە سروشتی شاعیریی بەهێزێکی نەزانراو بەهێز و نادیاریی دەزانێت. وە هەر لە سەردەمەکانی زۆر کۆنەوە یەکەم کەس کە بەیت و باوی ئەو جۆرە بیرکرنەوە ئایدیالییانەی هەڵوەشاندەوە و ڕووی بەرەو جێگایەکی تر وەرچەرخاند– ئەرستۆری

فەیلەسووف و زانابوو. کە دەتوانین مەرجی یەکەم بەردی بناغەی بیری ماتریالی لەوەوە دەستنیشان بکەین ئایا ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە نالی بە شاعیرێکی ماتریالی دابنێین؟! وە هیچ مافێکی بیری ئایدیالی پێ نەبەخشین؟! نەخێر، بەڵکو شاعیر خۆی لە خۆیدا پڕ بەپڕی بیری ئاینی ئەو سەردەمە وەك مەلایەکی هۆشیار هەر هیچی لەو شتانە نەزانیوە و نەبیستووە کە ئێمە ئێستا ناوی دنیای -ماتریالی- ڕاست و بەگژاچوونی خەرافیات و بەدووداچوون و هەوڵدانی بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە زانیاری ئەستێرەناسی و فیزیا دەرکی بەزۆر لەو لایەنان کردووە بەڵام مەودای ڕۆژگار و کزی دەوری فەلسەفی لە ڕۆژهەڵاتی ئەو کاتەدا نەزعەی خەلافەتی ئاینیی عوسمانی زۆری لەم بیرانە لە پشت پەردەوە داناوە و تۆزی ڕۆژگاری دێرینی لەسەر نیشتووە. وە نالی شاعیریش هەر بەئاوات و حەسرەتەوە وەك زۆر ئاواتی دوور و بەدی نەهاتووی لە ڕۆژگاری ئەو سەردەمەدا دەنگی بەرز و دڵ نەواز و واقیعیانەی تێکەڵ بەگەردەلوول بووە و ڕاپێچی کردووە و لە پاش مەرگیش ڕۆحی نەحەسایەوە و ئەو هەموو بەرهەمە پیرۆزانەی بەدەستی کەسێکی نەزان بوونە ئاگر.

سەرچاوەکان:

١- مژدەی دۆزینەوەی ساڵی تیا مردنی نالی -محمد مصطفی حەمە بۆر ڕۆژنامەی هاوکاری ٢١/٧/ ١٩٨٣

٢- ڕۆژنامەی ژیان ژمارە (٢٩٣) ئەیلوولی ١٩٣١ خەموتێکی بێ هەمتا.

٣- نالی لە دەفتەری نەمریدا- معروف خەزنەدار.

٤- دیوانی نالی- مەلا عەبدولکەریم مدرس ١٩٧٦.

٥- سەرچاوەی ژمارە دوو.

٦- الشعر في أطار العصر الثوري- د.عزالدين اسماعيل.

٧- الشعر و الألهام -مجيد محمود مطلب- اقلام- العدد (٨) ١٩٧٥.

٨- هەمان سەرچاوە دەربارەی سانت بیف.

٩- تێبینی: ئەو شیعرانەی لەم باسەدا بە نموونە هێنراونەتەوە لە دیوانی نالی مەلا عەبدولکەریم وەرگیراوە.

تیشکەکانی جوانی لە -زریان-دا

(هەرچی جوانی هەیە لە جیهاندا ئەگەر تەنها ڕۆژێك پێش مردنم بمرێ ئەو کاتە ئەتوانم شیعرێك بنووسم باسی پێکەنین بکات)[١] پێکەنین لەم واتایەی -حسێن مەردان-دا ئەگەر بێت بەپێچەوانەی گریانەوە تەماشا بکرێ و پێوانەی بۆ دانرێ بەبێ وریایی و تێگەیشتن لە مانا فەلسەفی و مەنتیقیەکەی گریان و پێکەنین تێڕامان لە جوانی و ناوەڕۆکی جوانی ئەوا لە ڕووە هونەرییەکانەوە ناتوانین لەو خەمە بگەین کە جوانی چ وەك خورپەیەك یاخود وەك لێکدانەوەیەکی مرۆڤانە لە ویژدان و هەستی کەسێکدا دروستی ئەکات. جوانی لە پێوانە کردن و ژمارە بۆ دانانیدا سنووری نییە. هەموو شت بەپێی ئەو ڕواڵەت و ناوەڕۆکانەی تیایدا هەیە جوانی خۆی مسۆگەر ئەکات ئیتر لە دانانی پلە و ڕوانینی مرۆڤەوە دێنە دی لە مەزاج و هەڵکەوتنی باری نەفسی ئەوەوە دروست ئەبێ، لەو خەمەشدا کە جوانی وەك ڕواڵەت و ناوەڕۆکیش ئەیبەخشێ لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەیە و ئەگۆڕێ.

جوانی بەپێی زۆربەی لێکدانەوە فەلسەفی و ئەدەبییەکان لە کاری هونەری هونەرکاریدا دەرئەکەون، جوانی لای بۆ دلێرو کروتشە بەو جۆر تەماشا ئەکرێت. هۆمیرۆس یەکەمجار لە شیعردا وشەی جوانی بەکارهێناوە لە دوو لایەنەوە بۆی چووە. لایەنی یەکەم لەو شتە واقیعیانەدا کە هەستیان پێ ئەکەین و لە ڕێی حەواسەوە نرخ و، چۆنیەتییان دائەنرێت. دووەم بریتییە لە بەهرەیەکی خودایی لە لایەنی دووەمدا هۆمیرۆس تەواو ئەچێتە بەرەی لێکدانەوەیەکی ئایدیالیستیانەوە بۆ جوانی چونکە فەلسەفەی ئایدیالستی جوانی بێ سنوور ئەوپەڕی کەمال و گەورەیی لە زاتێکدا نەبینێ کە زاتی خودایە و مرۆڤ ئەو خۆشەویستی و جوانییە لە دڵیدا هەڵئەگرێ و ئەیپارێزێت، ئەمە کەمتر بەلای مێشکدا ئەچێت واتە ئەبێ بەکارێکی ڕۆحی و لە عەقڵ دوور ئەکەوێتەوە «کرۆتشیە» کە دەستێکی باڵای هەبووە لە زانستی جوانناسی و بەخاوەنی ڕێبازێکی تایبەتی خۆی دائەنرێت لە ئیستاتیکیدا فەلسەفەکەی ڕۆحییە ئەڵێت: «جوانی تەعبیرە و لە کاری هونەری دایە» لەم لایەنەوە ئەگەر بڵێین جوانی تەعبیرە لە ڕواڵەت و ناوەڕۆکی باری کۆمەلایەتی و واقیعی جیهان و هەستکردنی کەسانی کۆمەڵ و ئەنجامی مامەڵەکردنە لەگەڵ سروشتدا و ئەمانە هەموو لە کاری هونەریدا دێنە دی بە

ڕێك وپێکی –متناسق– ئەوەستن ئەوا لایەنی ڕۆحیی لە جوانیدا و هەڵسەنگاندنی بیری مادیی بۆ جوانی لە یەك جێگەدا تێکەڵ بەیەك ئەبن. ئەمەی من سەبارەت بەجوانی بەلێکدانی دوو هێڵ و ئاوێتە بوونیان جوانی ئەگاتە ئەو جێگەیەی بتوانم بەشێوەیەکی ڕۆحی و دڵنیایی لێکدانەوەی خۆمی تیادا ببینم. (ناتەواوی سەرەکی زانستی جوانناسی پێش مارکسیەت لەوە دابوو کە بەدوای چالاکییەکانی جوانناسیدا ئەگەڕا دوور لەو ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەی تر)(٢) ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانە لای هەندێ کەس وەها ئەبینرێ کە ناتوانرێ لە هونەردا بەتایبەتی وێنەکێشان و شیعردا ببەسترێتەوە بەبایەخترین ڕووەکانی جوانناسییەوە. ئەوانە یاخود تەنها لایەنی ڕۆحی ئیستاتیك وەرئەگرن یا وەکو بڕوایان ڕواڵەت و ناوەڕۆکی جوانی نییە لە فەلسەفەی ماتریالیدا. لە شیعری ئەنوەردا ڕووی ستاتیك لەو دوولایەنەوە دەرئەکەوێ: یەکەم: لایەنی جوانی تەنها وەك وێنەی شیعری و ڕازاندنەوەی وشە لە بەکارهێناندا و تەعبیری جوان لە شتی جوان. دووەمیش: لایەنی بەستنەوەی فۆرمی جوانی و گۆڕان و چۆنیەتی باری کۆمەڵایەتییەوە. کە بەپێی ئەمە ئەو تێگەیشتنەی شاعیر لە ڕووی نەتەوەیی پێشکەوتن خوازانەوە وەك دیاردە و بنچینەیەك دەرئەکەوێ.

ڕووی یەکەم:

دوێنێ تۆم دی لە ئاسمانا
هەموو شینایی ساماڵت کردبوو بە ڕەفتە بۆ سەرت
دوێنێ تۆم دی لە ئاوێنەی شەپۆلێکا
دڵی ئاسۆت کردبووە گوڵ
دابوت لە یەخە و کەمەرت

ڕووی دووەم:

ئەی خواکەی غەریبان تۆ
لە هەوری ئاڵەوە بە پێی پەتی
کەی دێیت و کەی تۆ پەیامێ بۆمە دێنی و
کەی بە هەموو جیهان ئەڵێی
ئا ئەمانە جگەرگۆشەی بێ ناز کەوتووی زەوی منن
–وێنەکانم گۆرانیەکەی پۆل ڕۆبسن–ن
هەنگاوی دەنگ بەسەر هەموو سنوورێکی

دوورا ئەنێین
لە جەنگەڵی گیانی شەوا گوڵی پشکۆن و ئەسووتێن).

لای زوربەی شاعیرەکانمان بەهۆی تێگەیشتنیانەوە لە ڕاستەقینەی کاری جوانناسی لە یەك ڕووەوە ئەو مەبەستە بەکارهاتووە. سۆزێکی گەرم –هەڵچوونێکی کاتیی بەهۆی جوانییەکی ڕواڵەتییەوە شیعری پێ وتوون. گەلێ جار شیعرەکە کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو سۆزەوە ئەویش لەبەرئەوەی ئەو جوانییە ڕواڵەتانیەی سۆزێکی دەروونی پێ بەخشیوە و بووە بەساتێکی شیعریی و ئەمە شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراو نەبووە، چونکە وەك ئاشکرایە هەمیشە شتە چاوەڕوان کراو و کتوپڕەکان بینینی ئەوپەڕی خەم یاخود جوانی تیایایدا لای شاعیر ئەبنە گەورەیی و مەزنی و هانا بۆ بردنیان بۆ ئەو ڕواڵەتانە کراوە نەبووە، چونکە وەك ئاشکرایە هەمیشە شتە چاوەڕوانکراو و کتوپڕەکان بینینی ئەوپەڕی خەم یاخود جوانی تیایاندا لای شاعیر ئەبنە گەورەیی و مەزنی هانا بۆ بردنیان بۆ ئەو ڕواڵەتانەی شیعرەکەی پێ ئەڵێن. بینین و هەستکردن بەجوانی لای ئەنوەر جیاوازە و لە سنووری خورپەیەکی ناوەخت و ساتێکی شیعریی تێپەڕێ و بەناوەڕۆکی ژیان و دیاردەکانی جوانی و خۆشەویستیدا ڕۆ ئەچێ (خاکی کوردستان –گۆڕانییەکانی پۆل ڕۆبسن– گۆلاوە شینەکەی دەربەند– بەخوڕ ڕێژنەی سەوزی نووری خوا) جێگەی مەنتیقی دیاریکراوی خۆیان هەیە کە هەست ناکرێ وێنەیەکی شیعری و تەعبیرێکی فۆتۆگرافی لە جێگەی موناسبی خۆیدا نەبێت. ئێمە ئەگەر لەو زەمینەیە پێ داگرین کە شیعری فۆتۆگرافی ڕۆمانتیکییانەی نوێی کوردی لێوە هەڵچووبێ هەر چۆن بێت لە –گۆران–ەوە دەست پێ بکەین. وە لەمەشدا ئەتوانین بڵێین لە سەرەتاوە کە گۆران بڕوای تەواوی ڕێبازی هونەری بۆ هونەری هەبووە ئەو وێنە و دیمەنە جوانانە لای ئەو لە ڕواڵەت و دیوی دەرەوەیان لە عاتیفە و هەستی جوانپەرستی گۆران–دا چرۆیان کردووە و گوڵیان گرتووە. توانیویانە گڕی خەمێکی قورس و ماتی و خامۆشیەکی کپ و سووتێنەر لە دەروونیا هەڵبگیرسێنن بەمەش ئەوەی لە توانای سەلیقە و دەرفەتی دەربڕینیا بووبێ بەشیعری جوان تەعبیری لێ کردووە. شیعرەکانی –بەهەشت و یادگار– فرمێسك و هونەر– دوو هاوینە گەشت– سروشت و دەروون– نموونەی ڕاستی بڕیارەکانمانن، بەرهەمی شیعری گۆران تەنانەت لەو وێنە فوتوگرافی و وێنە شیعرییانەدا کە باس لە جوانی خۆشەویستی ئەکات و سەرەتای شیعر وتنی بووە لە نوێکردنەوەکەیدا دوور نە وەستاون لە هەر هەست و بۆچوونێکی مرۆڤانە. بەڵکو لە

هەندێکیشیاندا جوانی ئافرەت بەتایبەتی تێکەڵ بەڕووداوەکانی کۆمەڵ ئەبێت. ئەو کارەساتانەی کە ئەنجامی ڕژێمی دەرەبەگی و دەسەلاتی ئەو ڕژێمە لە کۆمەڵدا ئەیهێنایە دی. لە بووکێکی ناکام و ئۆپەرێتی ئەنجامی یاران و بەردەنووسێك- و هەندێکی تریشدا ڕاستی ئەمە دیارە لە لام لەو سەردەمەدا جوانییەکان لای گۆران بەدیوی دەرەوەیانەوە بەسترابوون، خەمی گۆران-یش کە لە جوانیدا پێك ئەهات جیاوازی نێوان جوانی و جێگەی جوانییەکە بوو- ئافرەتێکی جوان لە بارێکی ئابووری نزمدا- ئافرەتێکی جوان لەگەڵ هاوسەرێکی بەتەمەن یاخود پیاوێکی زۆردار یا ڕێکەوتی ئەو ئافرەتە لە کات و جێگەیەکدا کە شایەنی جوانی ئەو نەبێت لای گۆران جوانییە و گەورەیی و لە جێگایەکی وا بچووك و نزمیشدا دانرابێ و وەها مامەڵەی لەگەڵ بکرێ ئەوا ئەمە تەواو سەرچاوەی خەمە. گۆران زیاتر پێشکەوت لە سالانی دوایی شیعر نووسیندا لە ڕووی بابەتی جوانناسینەوە و وەك لە مۆسکۆی جوان- و -وەلامی پرس- وە بێداریەك- ڕێگای لینین و هەندێکی تریشدا. لێرەدا کە باس لە گۆران و ڕوانینی ئیستاتیکی ئەو ئەکەین مەبەستمان دۆزینەوەی جیاوازی ئەو هەڵسەنگاندن و نرخاندنەی جوانییە لای دوو شاعیری داهێنەر و جوانناس و عاشق -واتە گۆران و ئەنوەر- چونکە دەربڕین و مامەڵە کردنەکەیان تەواو جیاوازە و هەر یەك وەستایەتی و سەلیقەی خۆی لەو بارەیەوە بەکارهێناوە و جێگای خۆیان دیاری کردووە. وە وتم لە زۆربەی بەرهەمی سەرەتای تازەکردنەوە شیعرییەکەی گۆران-دا کاریگەری جوانییەکە ڕواڵەتیی بووە بەلام ئەنوەر هەر لە سەرەتاوە بەپێی جیاوازی ئەو فەترە زەمەنییە بۆ جەوهەری جوانییەکە چووە و بەمندالانی کوردستان و گۆرانی مرا ببوسە و خواکەی غەریبانەوە توند گرێی داوە -لەم شیعرانەی گۆران-دا بەراوردەکە ئەدۆزینەوە لە دوور و نزیکی بۆ هەستی جوانی ئەو و ئەنوەر-دا.

-بۆ ئاینم ئەگەڕێ
هەندێ کەس
با جار بدرێ
تۆیت و بەس
قیبلەی ئاین و باوەڕم
خوای بەهەشتی دڵی تەڕم-
-بەلەعنەت بێ زوهرەی جوانی سروشتی
دائەفلیقێ هەر دڵێ کەوتە مشتی

لە پاش تێپەڕینی سنووری هونەر بۆ هونەر بەر فراوانی دنیای جوانی و مرۆڤایەتی و خۆشەویستییەك كە خەڵكی تریش بگرێتەوە شیعری ستاتێكی لای شاعیر ئەبێت بە:

–چەخێری نیشتمان چە ئارەقی ڕەنج
كوردستان سەرانسەر پڕ ئەكا لە گەنج
باخچەمان سەرانسەر گوڵی ئەپشكوێ
بلبلمان فێر ئەبێ بەئاوازەی نوێ
تەنانەت لە بێشكەی ساوامان گریان
ون ئەكا موعجزەی بەختیاری ژیان!–(٤)

– دروستبوونی هەستی جوانپەرستی لای مرۆڤ كارسازاندنێكی درێژخایان و تێكچڕژاوە كە لە پێشكەوتنی هونەر خۆی جوێ نابێتەوە(٥) ڕادەی گرنگی تەعبیر لێكردنی هونەریمان بۆ دەرئەكەوێ لە هەر ڕواڵەت و ناوەڕۆكێكی جوانی كە بیخاتە هەڵسەنگاندن و بەر تیشكی هەستی لێكدانەوەی جوانناسی خۆیەوە، لێرەدا ئەپرسین جوانی چییە؟ وە ئایا شتی جوان چۆن ئەچێتە كاری هونەری جوانەوە؟ من لای خۆمەوە پێناسەیەك نادۆزمەوە بۆ جوانی بەكاربێت و بكرێتە دەستوورێكی دانراو و قیاسێكی نەگۆڕاو وە هەمیشە بۆ نرخاندنی ڕادەی هەموو جوانییەكان بەكاربێت. بەڵكو بەلای منەوە دۆزینەوەی پێناسە بۆ جوانی كارێكی نەشیاوە و لەبەرئەوەی جوانی خۆشی سنووری نییە و پڕە لە نهێنی وەها كە مرۆڤ تەنها تروسكەیەكی لێ ئەبینێ و جۆرە سیحرێكی سەرسوڕهێنەری تیادایە و مرۆڤ كەیل و مەست ئەكات ئەیخاتە حاڵاتی سەیرەوە بەشێوەیەكی هاوشان چەندە مرۆڤ خاوێن بێت ئەوەندە زیاتر هۆگری جوانی ئەبێت و تیایدا ئەتوێتەوە. مەبەستم لە خاوێنی مرۆڤ هەستی مرۆڤانە و پێوانەی مرۆڤانەی ئەوە. چونكە كاتێ مرۆڤ لەو هەستە دائەبڕێ و كاری نامرۆڤانە ئەنجام ئەدات گوڵێكی جوانی گەشاوە –تابلۆیەكی پڕ لە تەعبیر و بیری ورد و ڕەنگی گەش و تاریك پڕشنگی چاو و جوانییەكانی ئافرەت شینایی ئاسمان و ئەستێرە لای ئەو هیچ بابەخێكی نابێ و تەنانەت كارتێكردنی جوانی ئافرەت و نهێنی جوانیی ڕواڵەتی و توانای سیحری سەرسام كردنی مرۆڤی جوانناس لای ئەو تورەهاتە و هەرگیز بیری لێ ناكاتەوە. هەر لەوەش ئاگادار نییە كە مرۆڤی گەورە چۆن لە بەرامبەر سیحری جوانیدا تەسلیم ئەبێ و هەموو گەورەیی خۆی، هەستی جوانناسی و لێكدانەوەكانی لە هەر ساتێكدا بن لە خەندەیەكی خاوێنی فریشتانەی سەر دوو لێوی جواندا ئەتوێتەوە و ئەبن بەشتێكی

پیرۆز. بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ هەموو ئەو تەسلیم بوون و هانا بۆ بردنەدا هەر ئەو خاوەن ئیحساسە ناسکە هەڵوێستێکی مرۆڤانەتر و قووڵتر وەرئەگرێ و ئەودیوی دەرەوەی جوانییەکە سڕ نابێت و ئەیەوێ یاخی ببێت: (ئەزانم تۆ وەك منالێك تەماشام ئەکەی کە هەندێ جار پێویستە یاری بکات وە دڵنیای ئێواران ئەگەڕێتەوە بەڵام خانمەکەم بەداخەوەم کە من هەتا هەتایە ناگەڕێمەوە ئەوپەڕی گەمژەییە پیاوێك بەردەوام بێ لە خۆشەویستی ئافرەتێکدا کە نەتوانێ خۆی بەجێ بێڵێ)(٦) شتی جوان ئەگەر نەچێتە کاری هونەری جوانەوە تەعبیری لێ نەکرێ ئەوا لە ناخی مرۆڤدا لە توێی هەستی مرۆڤانەی ئەودا جێگیرە و ئەزانێ چەندە لێوەی دوورە یاخود نزیکە سروشت و تاقیکردنەوەی مرۆڤ لەگەڵیدا لە هەر سەردەمێکدا بووبێ توانیویەتی سەرنجی مرۆڤ ڕابکێشی بەلای شتە جوانەکاندا و بیری ڕوانینێکی وەهای بداتێ کە بتوانێ لە شتە ناشیرین و خراپەکانیش بگات.

لە شیعری ئەنوەردا ئەم دیاردەیە لە تێکەڵێی ئەو خۆشەویستی خاکەکەی و مرۆڤەکانی دنیاوە دێتە پێشەوە بیرکردنەوەکان لە جوانی گەورەتر و گەورەتر ئەبن:

(جارجار کەژێ دەمی تینووی
بۆ ڕوومەتی ڕووبار ئەبا و هەر پێی ناگا
دوایی ئاوڕ لە کانیاوی سەر سینەی خۆی ئەداتەوە
کانیاوەکان کیژۆڵەی سرت و بزێون پێ ئەکەنن– لە ژێر دەستی
ڕائەپسکێن– ئەڵێن ئێمە دڵۆپ دڵۆپ– ئەبین بەشیرینیی ڕووبار)

نموونەی تێکەڵی شتە جوانەکان بەکاری هونەری جوان و هەست بزوێن لەو شیعرەی سەرەوەدا دەرئەکەوێ– کەژ و ڕووبار سەرچاوە و کانیاو– کانیاوە سرت و بزێوەکان– لە دەلالەتی وشەی ئەنوەردا قووڵی مانا و بەرفراوانی هەستێکی شاعیرانە پێکدێت تەنها تەعبیر لێکردنی ئەم لە جوانی گوێزانەوەی ڕەنگ و مادەی سروشت و مرۆڤ نییە بۆ تابلۆکی شیعریی بەڵکو لە ئامادەکردنی بیری گوێزانەوە و دارِشتنەوەی ڕووە جوانەکانی لە قالبی هونەری بەرزدا و بەستنەوەی جەمسەرەکانی ئەو هونەرکارییە بەبیری مرۆڤانە و ڕوانین لە ژیان بەچاوی هیوا و گەشبینییەکی زۆرەوە، ئایا هەموو کارێك کە مرۆڤ بەرانبەری سەری سوور بمێنێ و حەزی لێ بکات هونەر و هونەری جوانکاری تیادایە؟ بەلای منەوە ئەمە وەها نییە چونکە ئیستاتیك بنج بەستە بەمرۆڤەوە– بەبزواندنی شتە مادییەکان و سەراپای سروشتەوە وە هەر کاتیش مرۆڤ بۆ هەستێکی سادە و ساتێکی

کەم خایەنی ئارەزووەکانی خۆی پەنجەی لەسەر جوانییەکان دانا و لە پشت هەر جوانییەکەوە ئازاری مرۆڤ ڕادەی سەربەستی و کەم و زۆری موعاناتی هونەرمەند و جوانییەکانیش وەك شتی جوان نەدی ئەوا پێوانەی ئەو بۆ جوانییەکان لە هەقیقەتی جوانییەکان دوورە و تەنها توێکڵ و دیوی دەرەوەی ئەبینێ و بەلا ڕێدا ئەڕوا و لە کەنارەوە دەڕوانێت.

جوانی سیفەتی هەموو شتە –هەموو شت ئەوەندەی ماهیەتی خۆی جوانیی تێدایە. ئیتر شێوەو هەڵکەوتنی جوانی ئەو شتە مەرج نییە لەو جوانییانە بێت کە لە گۆنای ئاڵی ئافرەتێك و نەخشی پەڕەی گوڵێکدا هەیە، بەڵکو جوانی تەنانەت لە گریان و پێکەنینی مرۆڤیشدا دێتە دی. زۆرجار جوانییەکان ئەگەنە ڕادەیەك و وەها گەورە و قورس ئەبن لەسەر شانی شاعیر و دڵی وەها لە جێگایاندا گیر ئەدەن پیاڵەکەی پڕ ئەبێ و سەر ئەکا و لێوەی ئەڕژێ. بەرەو چەند مەیل و بۆچوونێکی ڕۆمانتیکییانەی ڕەشبین و بێ ورە ئەچێت. ژیان و کارەساتەکانی بەخەم و تەم ئەبینێ پرسیار ئەکات– ڕائەمێنێ سەرسام ئەبێ بەربەستی فرمێسکەکانی بۆ ناکرێ بەسەرخۆی و هەوێنی کارەساتدا بەخوڕ ئەگرێ:

– بۆمات نەبم
ماڵی ئاوای دڵدارانی ئەم وڵاتە هەر ئاوایە
شادیش نەبێ بەخەم هەموو دەم ئاوایە
من خەمیشم چنگ ناکەوێ
تاکو بیکەمە پرپۆلەی پێچووە شیعرە برسییەکانم

لێکدانەوەی ماتی و خەمی شاعیر تەنها بەو ڕووداوەیە کە تووشی بێ هیوایی ئەبێ و ئەگەرچی بەدوای خەمێکیشدا ئەگەڕێت کە بیکاتە خۆراکی شیعرەکانی بەڵام هەر نییە! بەو مەبەستەش ئەگەر بڵێین خەم شۆڕشە. خەم بیر و لێکدانەوەی بەجێ و یاخیبوونە هێشتا شاعیر هەر ئەچێتە بەرەی ورە بەردان و ڕەشبینی مەسەلەکەوە سیفەتی جوانناسی لە بۆچوونەکەی دائەبڕێ و ئەم دەستەوستان دائەنیشێ و شتێکی پێ ئەنجام نادرێ:

– شیعرەکانم چاویان هەموو
پڕ لە تەمە –خەمە– تەمە
– شێوەی ونی یارەکەمم
هێشتا بەخەویش نەدیوە.

کاتێ شاعیر کە ئەم شیعرانەی خۆی بەند و بنج بەستی کێشەیەك بوو کە بیری نەتەوایەتی لە دەمارەکانیا تین و تەوژمی خوێنی بوو، بەپێچەوانەی گەلێ ڕوانینی شاعیرەوە لە زەمینەی خۆیدا هەڵ ئەچوو وە پەخش و بلاو ئەبوەوە. ئەو نەك هەر یارەکەی خۆی سەدان جار دیوە هەر لە سەرەتاوە دەستنیشانی کردووە و شێت و شەیدای ماچێکی بووە بەڵکو خەرمانی شیعری بۆ هەڵداوەتەوە و لەو ساتە ڕەشبینانەدا نەبێ کە وەهای زانیوە تەواو لێی بزر بووە ئیتر هەتاهەتایە لە جێ ژوانێکدا خۆی نابێتەوە دەست بکاتەوە ملی و لێوی تێر هەڵمژێ ئەوە لە یاد ئەکات کە هەر ئەو ئەم گۆرانییە پڕ سۆزە خۆشەویستییەی بۆ وتووە لە ئامێزی گەرمی خەمەکانیا پەروەردەی کردووە:

تۆ ئاگری ماڵە کوردێکی کۆچەری بووی
– لە دوورەوە گەش گەش دیار بووی
ڕووم لە تۆ بوو هۆگرت بووم
هۆگری تۆم– چۆن هۆگری شەقەی باڵی
ئێوارانی مەلەکانم
هۆگری تۆم چۆن هۆگرێ
گۆرانی شەوانی شوانم– هۆگری تۆم

لێرەدا پەیوەندی نێوان تێشکانی عاتیفی شاعیر و بەئاشکرا ڕەنگدانەوەی لە کۆچی شازادەدا و هەموو ئاهە قووڵ و حەسرەتییەکانی تێکەڵ بەبارێکی ناهەمواری کۆمەڵایەتی و حەزە نەتەوەیییەکانی شاعیر ئەبێت جۆرێکی تر لە پەنجەرەیەکی ترەوە تەماشای جیهان و ڕووداوەکانی ئەکات. لە هەندێ جێگادا بەرەو جۆرە ڕەشبینییەك ڕای ئەکێشێ و لە هەمان کاتدا ئەو حاڵەتی یەئس و ڕەشبینییە وەك دەربڕین و هونەرە تەکنیکییەکانی شیعر داهێنانی سەرکەوتووی پێ ئەنجام ئەدەن:–

ئەبێ دووریی زەوی و ئاسمان
وەکو بەڵگە بۆ نێوانی خۆم و شیرین بهێنمەوە
ئەبێ باسی ئاوارەیی شۆڕە سواری گوندەکەمان
بۆ جاری هەزار و یەکەم
بگێڕمەوە–بیڵێمەوە

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە لایەنەکانی ستاتیك لە ڕێڕەوی ناسینی جوانی

ئافرەتەوە چەند تیشکێکن کتوپڕ وەك برووسکە لە مرۆڤدا کاریگەری خۆیان ئەنوێنن. وە ئەمەش پەیوەندی بەهەڵکەوتنی دیوی دەرەوەی ئافرەتەکەوە هەیە و لەم شتانەدا کۆ ئەبێتەوە باڵای پێستی- نەرم و شلی و پتەوی لەشی -ئای ڕوومەت و چاوی گەش و پڕ لە بریسکی تاڵە تیشکەکانی جوانی- قژی پەخش و خاو -قسەکردن و چاوتررووکاندن و خەندە و شێوەی پێکەنین- جۆری ڕۆیشتن یاخود وەستان- دانیشتن و جۆری دانیشتنەکە- ڕوانین و... هتد. واتە بوونی تەناسوبێکی تەواو لە دیوی دەرەوە و ئەندامەکانی لەشیدا. ئەم تەناسوبە کە بریتییە لە -الجزء- کە سەراپا جوانن کۆ ئەبنەوە و هەموو -الکل- دروست ئەکەن بۆیە ناشێ چەند -جزء-ێکی ڕێك و جوان پێك بهێنن. زۆر لە فەیلەسووفە جوانناسەکان لەم بارەیەوە جوانی دیوی دەرەوە و ماهیەتی جوانییان ڕوون کردووەتەوە وەك ئیفلاتون و ئەفلۆتین ئیفلاتونیەتی نوێ بەڵام لای ئیفلاتون جوانی ڕەوتێکی سێگۆشەیی وەرئەگرێ و تەمەنی ئەبەدی و هەمیشەیی نابێت. لە سەرەتادا دروست ئەبێ و گەشە ئەکات پەرە ئەسێنێ و ئەگاتە دوا پلەی جوانی و بەرزی خۆی بەڵام لە پاشدا وەك گوڵ ئەژاکێ و نامێنێ و شوێنەوارێك لەو شێوە جوانە بەجێ نامێنێ. بەڵام کاتێکیش جوانی و خۆشەویستی لە یەکترا بتوێنەوە و ئەبنە یەك پارچە لە هەست و بیری شاعیر و وێنەی جۆر بەجۆر دروست ئەکەن، ئەویش لە ڕادەی هۆشیاری و سەلیقەی خۆیدا ئەیکاتە شیعر لەو تەناسوبەی باسمان کرد لە ئەندامەکانی جوانیدا چ لە ئافرەتێکدا یان لە باخچەیەکدا لە ئاست ڕوانینی خۆشەویستیدا جیاوازی هەیە ئەشێ تین و پڕشنگی جووتێ چاو- پەڕەی گوڵێك سەرسامی بکا و هەموو بەشەکانی تری جوانی و خۆشەویستی تیادا ببینێ شێت و شەیدای ئەبێت و هۆگری بینین و هاوسەرێتی ئەبێ وەك بولبولێك بەدیار گوڵێ جوانییەکەوە ئەخوێنێ و هێلانەکەی خۆی دائەمەزرێنێ. واتە جوانییەکان ئەبنە خۆشەویستی، ئەم خۆشەویستییەش پەرە ئەسێنێ و لە سنووری شتە بچووکەکانی تێ ئەپەڕێ و بابەت و مەسەلەی فراوان و گەورە ئەگرێتەوە و خەریکیان ئەبێ -لامارتین- ئەڵێت ئەزانم ئەوەی قسە ئەکا و ئەناڵێنێ دڵە وە کاتێکیش دەست ئەنووسێ ئەوا هەر دڵە کە ئەتوێتەوە(٧) بەم شێوەیە دڵ فەرمان ڕەوایە و دڵ نیشانە و جێگای عاتیفە و کانگای خورپە و ئیلهامی خۆشەویستییە. هەر لە کۆنەوە ئەو ڕایە هەر وا هاتووە و چەسپیوە کە دڵ جێگای عاتیفەیە و سەر یا مێشك جێگای عەقڵە. لە هاوشانی کردنەوەی ئەو دوو دیاردەیەدا و زاڵ نەکردنی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا شیعری باش دروست ئەبێ ئێمە ناڵێین شیعر ئەبێ کارێکی عەقڵی بێت چونکە شیعر عاتیفە و ڕاچەنین و فرمێسك و پێکەنینە. دەلالەتی ئەو

وشانەش هەریەك مانای فەلسەفی خۆی هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە ناوەڕۆك خۆی هەر لەو عاتیفە و ڕاچەنینانەدا ئەبێتە بابەت و فیکری شیعرەکە. ئەنوەر لە کۆچی شازادە کە حەز و خۆشەویستی خۆی پێوە بەستبووەوە ئەویش بووە ئەستێرەیەکی پرشنگدار و بەئاسماندا هەڵخزاو کشاو لە چاو ون بوو بەڵام بیرەوەری و خۆشەویستییەکی لای ئەو نەماوەتەوە بەردەوام کەم و زۆر دێنە شیعرەکانیەوە لایەنەکانی جوانی فەرامۆش ناکات و لەوپەڕی عاتیفەیەکی گەرمی شاعیرانەدا بیرکردن و بیرەوەرییەکان هەڵئەچن:

وەك مراوی سەر و باڵ سەوز
لە کەناری ڕووباری بیرەوەریتا
ئەڵئەنیشتیت، هەڵئەلەرزیت، بەکوڵ ئەگریت
ئەڵێی جاران شاعیرێ بوو
دڵی ڕەق بوو ڕەقیش نەبوو
لەبەر کزەی ساردی خەما
هەڵئەچوو سەمای ئەکرد
ئەڵێ جاران شاعیرێ بوو
دڵی بەرد بوو، جۆگەلەش بوو

ئەنوەر- لە ڕوویەکی شاعیرانەوە جوانی دێنێتە شیعرەکانیەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەکات. کە ئەڵێم ڕوویەکی شاعیرانە واتە وەرگرتنی ئیحا لە جوانی و لە بابەت و شێوەی دەرەوەی جوانییەکە و چوونە ناو ناوەڕۆك و بەستنەوەی بەجوانییەکانی تری دەرەوەی جوانی ئافرەت لە سروشت و جووڵانەوەی مرۆڤ کاری بیر و لێکدانەوەی هۆ و ئەنجامی ڕووداو و کارەساتەکان لە بچووك گەورە -لە دوور و نزیکیان- ئا بەم شێوەیە جوانی ئەچەسپی و نرخی تەواوی خۆی وەرئەگرێ. مامەڵە کردنی ئەنوەر لە شیعرێکدا هەتا یەکێکی تر بەپێی پێشکەوتنی بیری شۆڕشگێڕی پەیدا بوونی وەعیەکی تەواو تیایدا لەگەڵ دەستەی منالانی دێیەکەی کە نموونەی منالانی بێ بەش و دواکەوتووی کوردستانن گەلێ جەمسەری مەسەلەی گەورە سەبارەت بەخاك و خۆشەویستی و باران- وەرە خوارێ ئەی خواکەی غەریبان -گولسوخی- نموونەی ڕووی پاك و بێ گەردی مامەڵەی شاعیرە لەگەڵ منال و جیهانە خاوێنە بێ تاوانەکەیاندا.

-ئەبێ باسی ئاوارەیی
شۆڕەسواری گوندەکەمان

بۆ جاری هەزار و یەکەم
بگێڕمەوە

دووبارە بۆ ئەوەی هەزار و یەکەمجاری گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئاوارەیی شۆرە سواری دێیەکەمان بۆ منالآن دیوی تاریکی بیری جوانناسی شاعیرە و لە ژوورێکی بچووکی بێ سەرەوە پارچەیەك لە ئاسمان ئەبینێ و بڕیار بەسەر هەموو ئاسماندا ئەدات. ئەگەر وەك بەراوردێك تەماشای ئەم شیعرە و شیعری خەنجەر و خۆشەویستی بکەین، ورد بڕوانی بۆ هەڵوێستی شاعیر بەرامبەر کێشەی نەتەوەیی خۆی و کێشە سەختەکانی جیهان جیاوازییەکی تەواو دەدۆزێنەوە و هەست بە کەم نەفەسی و تەنگی بیر و ڕوانینی شاعیرانەی ئەکەین لە هەمان کاتیشدا ئەتوانین لەو پێشکەوتنە بگەین کە لە هۆنراوەی دووەم و خەنجەر و خۆشەویستیشدا هاتۆتە دی. بگرە هەر لەو ساڵەشدا -١٩٧٣- شاعیر لە بەخۆدا چوونەوە و بیرکردنەوەیدا لە خۆی و لە دژوارییەکان. لەو کاتەدا شیعرێکی وەك نوقلآنەی خۆشەویستی و باران ئەنووسێ. ئەم شیعرە وەك ئەوەی پێشوو جیهانی منالآنی دێتە ناو و بەوانەوە ئەبەسترێ و ڕەوتی لەگەڵ ئەکات. بڕوانە تینی برووسکەی ئەو بیرەی بە گەشی بۆ وردیلەکان و دواڕۆژی مرۆڤ تەواو بوونی خۆی لەم دێرانەدا ئەتوێنێتەوە.

- هۆنراوەکەم کلۆمێکە
دەروازەی شاری گریانتان
بۆ دائەخا
کلیلێکە
دەرگای شاری
نان و گوڵ و بەهارتان بۆ ئەکاتەوە.
وردیلەینە
هۆنراوەکەم بارانێکە
تەپ و تۆزی
سەر ڕوومەتی دێیەکەمان
ئەشواتەوە-

ئێستا پێویستە بێینە سەر ئەوەی بزانین ئاخۆ ئەو جوانییانەی دیاردە و کێشەی سەختی ژیانن چۆن دێتە شیعرەکانی ئەنوەرەوە؟ وە چۆن ڕێگای خۆیان ئەدۆزنەوە و تێکەڵ

بەژیانی مرۆڤ ئەبن؟ خۆ ئەگەر ئەو جوانییانە کە خۆیان ڕواڵەت وە ناوەڕۆکیشن بریتی بوونایە لە کۆمەڵێ کاریگەری کاتی و هەڵچوونی دەروونی و بنج بەست بوونایە بەکاتێکی دیاریکراوەوە وەك هەمان پێناسەی –ئیفلاتون– بۆ جوانی ئەمانەوە. کە دروست ئەبێ و گەشە ئەکات و لە پاشدا ئەژاکێت. تەنانەت پێشبینیی ئێمە لە هەندێ جێگەی ئەم نووسینەدا ئەوە بوو کە شاعیر هەر لە چوارچێوەی دەست پێکردن و گۆڕانە وردەکانی خۆیدا نامێنێتەوە و پێش ئەکەوێ. بگرە هەندێ لەو بیروڕا ئایدیالیستانەش کە لەملاو لەولاوە خۆیان لە شیعرەکانی ئەودا و گەلێ جاریش هۆی پێکهێنانی جۆرە ڕوانینێکی ڕەشبینانە بوون ئەبینین لەو بەرەوپێش چوونەدا لە خەنجەر و خۆشەویستیدا ئەبێ و هۆنراوەیەکی چەپڕەوانە و خەست چڕ ئەبنەوە. بۆ ئاسمانی پان و بەرین و ئەستیرەکانی ئاوات و دوا ڕۆژی نان و گوڵ باڵ ئەکەنەوە

– دڵی پاکی شاعیرێ درابوە بەر خەنجەر
زامەکانی بووبوونە هۆنراوەی چەپڕەوانە

وە نەبێ تەنها شاهێدی بوونی ئەم ڕاستییە لە (خەنجەر و خۆشەویستیدا دەربکەوێ بەڵکو لە – گوڵسورخی– پێش ئەویشدا و لەگەلێ شیعری تریشدا ئەنوەر ئەیەوێ کانیاوی هۆنراوەی چەپڕەوانە لە ناخی توانای شاعیرانەیدا بتەقێتەوە. لە گوڵسورخیدا جوانی ئەبێ بەدوو بەشەوە دوو دەنگ وتووێژێك لە نێوانیاندا دروست ئەکەن. کێ پرسیار ئەکات و ڕائەمینێ کێ هەقیقەت شی ئەکاتەوە، لە هەلومەرجی تێکۆشان و بیری پێشکەوتنخوازانەوە تەقینەوەی نوێ و جوانییەکانی دنیای شۆڕشگێڕی ئاگاداری ئەکاتەوە. لە پاش ئەمە ئەتوانین بڵێین لە سەراپای شیعرەکانی ئەنوەردا جوانی وەك مەوزووعێکی تایبەتی و تێهەڵکێش بە کۆمەڵێ ڕواڵەت و بابەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و بیری نەتەوایەتی و پێشکەوتنخوازانە دەرئەکەون. لە یەك جێگەدا ناوەستن و باوەشی هەقیقەت بۆ بەسەرهات و لێکدانەوە وردەکان و مرۆڤایەتی ئەگرنەوەو قووڵتر لە مەسەلەی نەتەوایەتی خۆی و کێشەی فراوانەکانی جیهان ئەڕوانێت:

–بەناو سنگی ئەوانەدا پەخش ئەبمەوە
مردنیان ئەکردە پێیان
کۆچی زەرد لە تەمی دڵیانا ئەخەم
کێڵگە و کۆخت و گولاڵە و کەژ

بۆ خەوی زڕاویان ئەبەم
ئەبمە باران و سبەینێ
بەسەر لوتکەدا دائەکەم

جوانی لای شاعیر خاك و خۆشەویستی و مرۆڤە- تیشکی ئاڵتوونی و ئافرەت و خەم فرمێسکە- وردیلانی دێیەکەی و مەرگ و ئاوازەکانی -پۆل ڕۆبسن-ە- جوانی لە مانا فەلسەفەیەکەی نزیك ئەکاتەوە. ئەم پەیڕەوکار و شوێن پێ هەڵگرییە لە خۆیەوە دەست پێ ئەکات و لە پاشدا ئەچێتە ناو کۆمەڵ و کێشە ورد و گەورەکانییەوە. هەوڵی تێپەڕین ئەدات چ لە واقیعێکدا کە یاخیبوون و تێپەڕین هەروا کارێکی ئاسان نییە و ئامادەیی تەواوی ئەوێ- لە خوێندنەوەی زریاندا هەست ئەکەیت بەداهێنانی زۆر و تیشکەکانی جوانی لە هەموو ڕەنگ و سەرچاوەیەکی خاوێن. هەر لەم ڕێگایەوە لە زریاندا ئامادەبوون و دروستبوون دێتە پێشەوە و تیشکی هەقپەرستی و یاسای مرۆڤایەتی پەخش ئەبن و ئازایانە وەك شاعیرێکی هاوچەرخی ئەو بەسەرهاتانەی هەموومان ئەگرێتەوە و زۆربەیان لە ناخەوە ئەمان هەژێنن و بەرەو زۆر جێگای دیار و نادیار ئەمان بەن لەوێدا جارێکی تریش بەژیاندا ئەچینەوە بەرەو گەلێ هەڵوێستی نوێ ئەبێتەوە. ئەمەیە نرخ و چۆنیەتی لەو شیعرانەدا کە ئێمە لەم سەردەمەدا لە هەستی ناسك و لێکدانەوەی هۆشیارانەی ئەواندا پێویستمانە.

تێبینی:

شیعرەکان کە بەنموونە لە نووسینەکەدا هێنراوەتەوە لە -زریان- دا هەن.

سەرچاوەکان:

١- الازهار تورق داخل الصاعقة -حسين مردان-

٢- موجز تاريخ النظريات الجمالية-م. اوفسيانيكوف

٣- بەهەشت و یادگار و فرمێسك و هونەر -گۆران- ز- سمير نوفا ص٤٢

٤- لاوك و پەیام -گۆران-

٥- المادية التاريخية- ص٥١٧

٦- رسالة ذات بعد واحد -حسين مردان

٧- بحث في علم الجمال -جان برنتلمي -ترجمة- الدكتور انور عبدالعزيز-ص٤٤٩.

ونبوون و دۆزینەوە لە گێژاوی -زریان- دا

(لە ناو شانەی شیعرەکانما

هەنگوینێکی سپی وەها ئەپڕژێنن

ڕووناکترە لە ئاوێنەی ئاسمان

ئەستێرە شایی تیا ئەکا و فرمێسك ئەیکا بەچراخان)

(لە ناحیەی عەربەتی نزیك سلێمانی لە تەمووزی ١٩٤٨دا لە خێزانێکی ئاینی لە دایك بووم، جیهانی منالّیم جیهانێکی جوان بوو- پڕبوو لە خۆشی و خەم و هەستکردنی سەیر، لە بیری سۆفییانەی باوکمەوە پاکی و بێ تاوانی فێربووم، وە لە هەڵوێستی کۆمەڵاتیشەوە خۆشەویستی وڵات و خۆشەویستی هەژارەکان و وەستان لەبەرەی زۆرلێکراواندا فێربووم)(١). لە پاش ئەمە ئەنوەر باسی سەردەمی منداڵی خۆی و چۆنێتی مەزاج و هەڵکەوتنی سایکۆلۆژیی خۆی ئەکات. جیاوازییەك نیشان ئەدات لە نێوان ژیان لە عەربەت و ژیان لە سلێمانیدا بەمانا ناوچەیی و بچووکەکە، بەڵام ئەمە لە پەنجەرەیەکی ترەوە تەماشای ئەکرێ حیسابێکی وردتر لەو حەز کردنەی ئەوی بۆ ئەکرێ. وەك خۆی وتی سەرەتای پەروەردەبوون و شارەزایی یەکەمی لە ژیان لە خێزانێکی ئاینییەوە دەست پێ دەکات و تێکەڵ بەلێکدانەوەیەکی ڕۆمانتیکی ئەبێت – واتە تەماشاکردنی ژیان بەچاوی (سۆفییەکی ڕۆمانتیکییەوە) ئەمە هیچ سەیر نییە چونکە ئەگەر لە هیچ ڕوویەکی ترەوە سۆفیگەری لەگەڵ ڕۆمانتیکییەتدا یەك نەگرێتەوە ئەوا لە شیعردا ئەبن بەیەك و چەندەها وێنەی جوان و پەلکە زێڕینە دەنەخشێنن... تیشکە وردەکان نزیك ئەبنەوە لەگەڵ خۆیاندا فەیز و نووری خوا ئەڕژێننە دڵەوە. لە جوانی ڕووی ئازیز و کاڵای ڕەنگین و شاگوڵی باخە سەوزەکانی دنیاوە کەژاوەی ڕەحمەت و خۆ بەدەستەوەدانی سۆفییانە ئەبێت بە چۆلەکەیەکی نوورانی فڕە فڕ بەدەوری ڕۆحی ئەو عاشقە بێ پەروایەدا ئەکەوێتە هەڵفڕودافڕ:

(ئەو دڵەی وێنەی پەڕی گوڵ بێ گەرد
هەی خەم هەی نامەرد چەنیت مەلول کەرد
ئەوسا ئیستغنا و قین وەهەم ماوەرد
ئینسان بێ پەروا گیان تەسلیم مەکەرد

ئیسه بۆ ئەوی تاو هەرس چۆن سەیلە
ئەی ئیلتیفاتەو ئەی وەفا مەیلە
ئەی دڵەی نازك خەستەی خەمانە
گۆشت دەرو بژنە و ئەمجا بمانە)(٢)

بۆیە سەرەتا نموونەم بە(مەولەوی) هێنایەوە چونکی ئەو یەکدگیرییەی لە نێوان هەندێك بابەتی شیعری ئەنوەر و کێشەی سۆفیگەری بەرچاو ئەکەوێت- هەر لە ڕۆژەکانی هەڵچوونی گیانی ئەو وە سەراپای ژیانی شاعیریەتی ئەو. ئەگەرچی من لای خۆمەوە هەر لەم نووسینەدا ڕوونی ئەکەمەوە کە هەستی سۆفینزمانە لە شیعری ئەنوەردا تەنها تاڵە تیشکێکی باریك و تیژڕەوە لە ساتە شیعرییەکانیدا خۆیان لە نەمامی سەوزی تازە هەڵچووی واتا شیعرییەکانی ئەپێچن و هێندە نابات ئەو گرژی و توند خۆ ئاڵاندنەیان خاو ئەبێتەوە تیشکەکە ون ئەبێتەوە، هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکە ئەوە ئەسەلمێنین کە دیاریکردنی هێڵی ڕێبازی سۆفینزمی تەنها لەبەرەی خەیاڵ و باری واقیعە تاڵەکانی ناو شیعری شاعیردا ئەوەستن و هەر هەموویان لەسەر زەمینەیەکی ڕۆمانتیکی وەستاون و ڕێچکەیان بەستووە. خوێنەریش لەوە ئاگادار ئەکەمەوە کە ناونیشانی باسەکەی من لە ونبوون و ئینجا دۆزینەوەدا نییە یاخۆ دۆزینەوە ئینجا ونبوون.

چونکە هەندێك دیاردە و ناوەڕۆکی ژیان هەیە ناتوانرێت بە هێڵێکی زەق لە نێوان لەشیاندا کەرت و پارچە جوێ بکرێتەوە. یەکێك لە دیاردە و ناوەڕۆکەکانی ژیانیش کە بەتەعبیر لێکردنێکی ویژدانی و بیرێکی تایبەتی دێتەدی بریتییە لە شیعر. ئەمەش بەهەرحاڵ – بەڵام کام شیعر؟ شیعر بەواتا پڕ بەپڕی شیعر یاخود شتی تر- چونکە شیعر هەیە و شتی تریش هەیە زۆرجار ناوی شیعری لێ ئەنێن. بۆ نزیککردنەوەی مەبەستەکانمان کە باس لە شیعری ئەنوەر دەکرێت، ئەبێت بوترێت خوێنەری تایبەتی شیعری ئەنوەر چونکە لەوەدا کە شیعری باش لە دەست هەموو کەس نایەت، تێگەیشتنیشی وەك پێویست کاری هەموو خوێنەرێك نییە.

ئینجا ونبوون و دۆزینەوەکە لای من یەکن -جوێ نین- ئەویش مانای زانستی خۆی لە گەردووندا ئەبەخشێت – چونکە ونبوونی هیچ شتێك نەمانی نییە بەڵکو گۆڕینێتی لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر. هەروەها دۆزینەوەیش مانای خەڵقکردن نییە بەڵکو بارێکی نوێ و ئەنجامی ڕێکەوت یاخود تێکۆشانی بەردەوامە لێرەدا ئەو شتانەی لای ئەنوەر ون ئەبن مانای لەناوچوونیان نییە – ئەشێت لە هەر ساتێکدا لە تێپەڕینی شیعریی ئەودا چەند

ونبوون و دۆزینەوە ڕوویدات. دژوارییەکان خەست ئەبنەوە تەمەکان چڕ ئەبن، ژیانیش گەلێك ڕواڵەت و ناوەڕۆك بەسەریەکدا ئەشێوێنێت گەلێکی تریش ڕێك ئەخاتەوە بۆ هەنگاوی پاش نوێکردنەوەکە ئامادەی ئەکات. هەیە هەر زوو ئەبێت بە شاعیر! نەك بەدیوانێك و دووان بگرە بە شیعرێك بە دوو شیعر! هی واش هەیە هەتا ئەمرێت هەر بە شاعیر نابێت -گۆران- تەنیا جوانی بێ ناو و زیندانی ئەژدەهاك و شەهیدی بوتایە ئەگەریش نەبوایەتە ئەم -گۆران-ەی ئێستا هەر ئەبوو بە شاعیر و جێگەی خۆی لە شیعری کوردیدا ئەگرت.

لەو کاتەوە بەتایبەتی هەر لە سەرەتای حەفتاوە شیعر وەك لێزمەی بارانێکی بەهاریی شەستە و ڕەهێڵەی بەسەر خاکی لە نوێ ژیاوەی وڵاتدا بەرپا ئەکرد.

گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بەتایبەتی -هاوکاری- بووبووە مینبەرێکی ئەو بەخۆدا هاتن و لێشاوە ئەدەبییە. وەك دیاریشە شیعر لە ڕیزەکانی پێشەوە دابوو. ئەم شەپۆلە ئەنجام لە کەنارێکدا ئارام بووەوە. بەجۆرێك توانرا شیعری باش و خراپ لەو مەیدانی گوڕهاتنە پێشەوەیەدا جوێ بکرێتەوە هەندێك هەبوون پێشتر شیعریان خۆی فەرز کردبوو. هەر بەڕاستیش شاعیربوون لەو تەقینەوەیەشدا هەر بەشاعیری مانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ -شیعر لە دوای شیعر قووڵ ئەبوونەوە بەناخی دەروونی ڕەسەنیەتی و تەکنیکی هاوچەرخانەدا ڕۆ ئەچوون شتی باشیان پێشکەش بەو خەڵکە و بەئەدەبی کوردی ئەکرد. لەوانە - حەمە ساڵح دیلان و کامەران موکری و ع.ح.ب و شێرکۆ بێ کەس و جەمال شاربازێڕی و عەبدوڵڵا پەشێو. بەڵام لە پاشدا هەندێکیان نەیانتوانی هاوشانی پێشەوەچوونی تەکنیکی نوێ و باری واقیعی شیعر و ژیانی واقی میللەتەکە ڕێگە بگرنەبەر. بۆیە لە جێگەی خۆیان وەستان ئەوەش کە ئەیان نووسی بەهیچ جۆرێك تێپەڕینێکی تێدا نەبوو، چ لە شیعری خۆیان و شاعیریەتیان، چ لە ناوچەیی و عالەمی شیعردا. کەچی هەندێکی کەیان وەك شێرکۆ و جەمال و عەبدوڵڵا پەشێو- بەردەوامییان مسۆگەر کردو لە تاقیکردنەوەکانی خۆیان و ئەدەبی گەلانی کەوە دنیایەکی نوێی شیعری کوردییان دروست کرد.

ئەنجا لەو گەرمەی بەخۆدا هاتنەوە شیعرییەی پاش حەفتاوە ئەنوەر یەکێك بوو لەو شاعیرانە، لە ساڵی ١٩٧٢ بە ساڵی- بەرهەم بڵاوکردنەوە و ناسینی ئەنوەر دائەنرێت. هەر لە شیعری -پشکۆکانی ناخمەوە- هەتا ئەگاتە -بمدەرە دەست سەرما و سۆڵە- زیاتر ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوون و دیاریکردنی دەنگی تایبەتی بۆ شاعیر مسۆگەر ئەکەن.

لەوێوە ئەتوانین پەنجە لەسەر لایەنە سەرکەوتووەکانی شیعرەکانی دانێین و بڵێین – ئەم شیعرەی لەو دیاردەیەدا بریتییە لە تێپەڕین– و لەو لایەنەشەوە زیرەکانە کێشەکانی بەپێی مۆسیقایەکی هێمن یان تووڕە دابەش کراو– یاخود فلان تەکنیکی شیعری و ڕەمز و قناع– بەموڵکی خۆی و لێ هاتوویی و سەلیقەی شیعریی خۆی دائەنرێت. دنیای شیعری ئەنوەر بەوە دێتە پێش چاوم کە لە دوورەوە تەمێکی ڕەنگا و ڕەنگ دەرئەکەوێت وردە وردە نزیك ئەبێتەوە، لەگەڵ نزیکبوونەوەکەشیدا خەست و چڕ ببێتەوە منیش لە بەرانبەری پێ دەشتێکی بەریندا وەستابم. کات بەرەبەیان بێت و تەمە خەستەکە ڕەنگێکی سپی شیری بگرێتە خۆ و بەسەراپای دەشتەکەوە پەخش بێت، ناو بەناو لە هەندێك جێگەدا تەمە هەرە سپییەکە تەنك ئەبێتەوە و هێندەی ئەو دەلاقەیە دەشتەکەم لێوە دەرکەوێت. ببینم لەو ئاستەدا بزووتن و جووڵەیەك هەیە – گرنگ ئەوەیە هەموو شتێکی جووڵە و بزواندنەکە ئەبینم تەنیا هەست بکەم هەیە. ئەم حاڵەت و بینینەش ئەگەر لە یەکەم شیعریەوە نەیەتە دی ئەوا ئەتوانین بڵێین شیعری – زیندە خەو و تارماییەکان – بریتییە لە سەرەتاکەی.

(هێندە ڕوانیم هێندە ڕوانیم
هەموو جیهان لەناو چاوما ئەخولێتەوە
بوونم تۆپەڵە بەفرێکە
لەناو لەپی کرێوەدا
هەموو ڕۆژێ بەسەدان جار
ئەیبەستێت و ئەتوێتەوە)

ئەم هەڵچوون و داچوونە ئەبنە پێشەکیی دۆزینەوە و ونبوون، ئینجا دۆزینەوە – کەچی پێش ئەم شیعرە لای ئەنوەر شیعر نابێتە کشانی تیشکە ڕۆحی و باڵندە سپی و نوورانییەکانی فریشتەکان.

خاك تێکەڵ بەخۆشەویستی ئەبێت و شتە گشتی و کەرەسە تەقلیدییەکانی ئەو شەپۆلە شیعرییەوە کاری دنیا شیعرییەکەی دەوروپشتی لەمیشدا دەرئەکەوێت. ئەو شیعرەی چەند ڕستەیەکم لە سەرەوە بەنموونە هێناوە ئەوەندە جیاوازە لەگەڵ شیعری – پشکۆکانی ناخم –و لە جانتای پۆستەرێکی شاری گریانا – و گیانەلاوی گەشتێکدا – کە ئەشێت بڵێین هەتا ئەوێ دەنگی ئەنوەر دەنگێکی خەڵکی تر و شتە عادەتی و باوەکانی تریش بوون. بەلام لەو شیعرەوە – زیندەخەو– ئەگەر سنوور بێت ئەوا شاعیر بەدوای دەنگی

خۆیدا ئەگەڕێت و لە ونبوون و دۆزینەوەکاندا مامەڵە لەگەڵ شیعری ڕەسەنی دەست و سەلیقە و وەستایەتی شاعیرانەی خۆی ئەکات.

لە –پشکۆکانی ناخم–دا وەك وتم شتی (عادەتی و مەئلووف) و دەنگی باو و خەڵکی تریش تێکەڵ دەبن – ئەویش لەگەڵ (باو)ەکاندا ئەڵێت:

(کزەبای کێوی ژانی تاڵ
گەڵای زەردی وەریوی گیان
ئەورووژێنێ
تەمی چاوی هۆنراوەکانی
پڕشنگی سوور ئەتاسێنێ)

بەم جۆرە قافیەکان دێنە خوارەوە (ئەورووژێنێ، ئەتاسێنێ – ئەمرێنێ، ئەبارێنێ، ئەپچڕێنێ)، شیعری –لە جانتای پۆستەرێکی شاری گریاندا–و گیانەڵاوی گەشتێکدا– هەمان دووبارەبوونەوەی تێدایە (هێلانەمە، هەناسەمە، هەوارمە، مەراممە، ئەسووتێنم، ئەخولقێنم)، (شەیدایەکم، لاوێکم، گریانە، بارانە، بتارێنێ، بشڵەقێنێ، ئەتوێتەوە، ئەکوژێتەوە، ئەپژێنێ، ئەنەخشێنێ) ئەمە وەك عادەت و تەقلیدی بەکارهێنانی قافیە و هێشتا شارەزا نەبوونی لە بەکارهێنانی مۆسیقا و ئیقاعی ناوەوەی شیعر–هی وشەکان– لەو شیعرانەدا ئەتوانین بڵێین:– کزەبا گەڵا ناووروژێنێ بەڵکو ڕەشەبا گەڵا ئەوەرێنێ بەڵکو سروشتی ئاسایی پاییز و گۆڕانی دۆخی وەرزەکە ئەمە ئەکات.

نازانم مەبەست لەم واتایانە چییە (پشکۆی چاوەکانم نەمەییون، بەرەو وڵاتی نەبوونتان هەنگاو ئەنێم، لە خەو و خەیاڵی مردووم، گیان و بوونم ئەخولقێنم، باوەشی چڵکنی شار، جەرگی جەستەی چاوەڕوانی، بەفری تینوو، چاوی مەییوی ئاسمان چاوی هۆنراوەکان، کزە بای کێوی ژانی تاڵ، دڕکی خەم، کفنی گۆڕستانی تاری ناو دڵم، چاوی مردن تێر خەو ئەکەم، دەنووکی واشەی ژانی تاڵ، شەو ئەمرێ،) ئەم واتایانەی سەردەمێکی زۆر لە شیعری کوردیی ئەو کاتە بووبووە باو، گەلێك جار شاعیر خۆی بەدەلالاتی جیا و مەبەستی ناوەوەی خۆی ئەمەی ئەکرد.

ئەشێت هەندێکیان هەر بەڕاست وەك چاو بەستێك و مۆدەی شیعر ئەو واتایانەیان دانابێت: خۆشیان نەیانزانیبێت چی دەبەخشێت و، لە پێناوی کام مەبەستا بەکاریان هێناوە. بۆیە ئێمە لە بەرامبەر ئەم کێشەیەدا بەگومانەوە ئەوەستین. ئەو جۆرە مۆدەیەش

لە سەرەتاوە تۆوی مەرگی خۆی هەڵگرتبوو. گەر وەها نەبووایە وا بەزوویی نەئەبووە هەڵم و لە چاو ون نەئەبوو. هەروەها وەك هەمان دەستووری زۆربەی شیعرەکان بەوشەی خۆشەویستم دەستی پیٚ ئەکرد. ئەنوەریش ئەو دەستوورەی ڕەچاو کردووە و لیٚی تەریك نەبووە:

(خۆشەویستم
دڵمان هەر چوار وەرزەکەی زستانە)
(خۆشەویستم
کاسەی سووری چاوانی من...)
(خۆشەویستم
زۆر دەمێکە دەنووکی واشەی ژانی تاڵ)
(خۆشەویستم
کاتی لێوی بەفری سپی شەیدا لە دوور...)

لە کۆتایی شیعری (هەموو دڵداری بەیان و نانین)دا شاعیر بەپەراوێزی ڕوونکردنەوەیەك لە بارەی شیعرەکەیەوە ئەنووسێت (هەوڵێکە بۆ بەکارهێنانی دوو جۆر کێشی تازە لە شیعری نوێدا) ئەو بڕیارە پێویستی بە لیٚ وردبوونەوە و شیکردنەوە هەیە. شاعیر ئەڵێت: هەوڵێکە – واتە هێشتا هەر هەوڵە و لە تاقیکردنەوەدایە بەڵام دەبووا لە پاش هەوڵی ئەو شیعرەوە زیاتر هەوڵەکە چەسپ بووایە و کێشەکە لە تاقیکردنەوە تێپەڕییایە. دیارە لە ڕێچکەی شیعرەکاندا ئەو شیعرە شازە و لەوانی کەدا هیچ هەوڵێك بۆ دۆزینەوە و بەکارهێنانی هیچ کێشێك نەدراوە.

ئەگەر بەم پێیە بووایە پێویست بوو شیعری (بمدەرە دەست سەرما و سۆڵە و سۆناتەی تینوویەتی و وەرە خواریٚ)یش زیاتر پەراوێزی بۆ دروست بکرایە و بڕیاری لەو جۆرەی بەسەردا بدرایە.

تەنانەت وەك تەکنیك و گوڕ و هێزی شیعریش ئەو شیعرە – هەموو دڵداری بەیان و نانین – ناگاتە ئەو سیٚ شیعرەی ناوم هێنان. جگە لە دابەشکردنی مۆسیقاکەی و گرنگی و گوێدان بکەین ئەم ١٩٧٣یە و ئەوانیش، ١٩٧٥، ١٩٧٦، ١٩٧٧ ئەبن بە ساڵی نووسینیان واتە ئەو چەند ساڵەی ئەکەوێتە ئەو نێوانەوە هی پێشەوە چوون و خەستبوونەوە و تاقیکردنەوەیەکی کەی تیادا نەبووە؟!

بەشی یەکەمی شیعرەکە بەواتایەکی چوار بڕگەیی دەست پیٚ ئەکاتەوە. سەگ وەڕ

گەرمە –لە دێری یەکەم و دووەم و سێیەمدا کێشی (١٤) بڕگە بەکار هاتووە.٧+٧=١٤، دێڕی چوارەم کێشی حەوت بڕگە دووبارە ئەبێتەوە جگە لە ئوسلووبی تەقلیدیی– جووت قافیە– وەك –ونبوونن، دەروونن، هەتا دەگاتە نایهەژێنیٚ، ئەیپڕژێنیٚ، لە بەشی دووەمی شیعرەکەشدا هەردوو دێری– جێگای سارد تەزیوما نوقمی دەریای دڕکەزیم–و جێگای سارد و تەزیوما بەندەریٚ هەیە بیبینم) کێشی هەشت بڕگەیین بەهەردوو ئەبن بە ٨+٨=١٦ واتە هەردوو کێشەکە ١٤ بڕگەیی و ١٦ بڕگەیین و لە زۆر شیعری کوردیدا بەکارهاتووە.

بەڵام سەرەڕای ئەم ڕووە کلاسیکی و دووبارەبوونەوەی دەنگە شیعرییانەی تێکەڵ بە کەسانی تریش ئەبن، شاعیر توانیویەتی لە لایەکی کەوە خۆی بگرێتەوە و لەم کۆسپە دەرباز بێت و بەهەوڵێکی شاعیرانە و گەشبینییەکی مرۆڤانەوە وەك کوردێکی خاوەن باوەڕ ورەی بەرز لە ژیان و دوا ڕۆژی میللەتەکەی ئەڕوانێت – زۆر لەو شەپۆلە ڕەشبین و بێز لێکەرەوە و کەم نەفەسانەی بەسەر دەنگەکانی کەدا ئەهاتن زۆر بەدەگمەن ئەم ئەگرێتەوە – ئەو کاتەش دژوارییەکانی ڕووی کۆمەڵایەتی گردبوونەوەی لە کێشەی نەتەوایەتیدا بەجۆرێك بوو کە مرۆڤ ئەگەر ئاگاداری خۆی نەبوایە و بەچاوێکی گەش و بیرێکی زانستییانەوە تەماشای گۆڕانکارییەکانی نەتەوەکەی نەکردایە بیٚ گومان تووشی ڕەشبینی و خۆ لە دەستچوون ئەبوو – نموونەی ئەو ڕووناکییە تەنانەت لەو چەند پارچە شیعرە سەرەتاییەشدا دەرئەکەون:

(لەجێی خوڕەی ڕووبارێکی شین و هێمن
شەپۆلی دەریایەکی شێت و شەیدا بێنیٚ)
(وەکو هیوام، شەوی ژان و نا ئومێدیم
ئەسووتێنم)
(من پەیامی خۆشەویستم)
(وێنەی من بەخامەی قوڵنگ کێشراوە
ڕووبارێکە کە ئەڕژێتە دەشتی تینوویەتی دنیاوە)
(فەرهاد زوو کە
تەمی خەستی گلێنەمان بڕەوێنە
قوڵنگەکەت بوەشێنە
تاوێری بێستوون بڕمێنە)

(حەمدی) دەڵێت:

«سوبــح پــێ نــاکــەنــێ تــابــی نــەوایــێ شەو بــەدڵ نــەگــری
گــوڵــێ نــاپشکــوێ تــا بــولــبــولــی سوبــحــێ بــەکــوڵ نــەگــری
بــەری نــابــێ درەخــتــی بــاخــی عــالــەم هــەتــا هــەمــوو وەك
یەك بەیەك سۆز و بەیەك شۆڕ و بەیەك دەم چــڵ بەچــڵ نەگرێ»(٣)

لـە حـەمـدیش نـزیکتر بڕوانین (گۆران) لـە هـەمـووان بـە سەلـیقـە و وەستـایـانـەتر بـۆ بەکارهێنانی گریان چووە. لە –هەوری پایز–دا ئەمەی (گۆران) و ئەوی حەمدی و ئەوی ئەنوەر هەرسێکیان یەك ئەگرنەوە یەك مەبەستیان هەیە لە ڕووکردنە بەکارهێنانی گریان وەك ئەنجامی ئازارێکی سەخت و دەربڕینی قین و ئەو نیازە خاوێنانەی لە دەروونی مرۆڤدا پەنگیان خواردووەتەوە و تاساون.

(بەســـەر پـــایزی زەردا بـا بەخوڕ بگری بەکوڵ بگری
لەسەر ئـــــاخر گەڵا ئــاخر چڵی تەنیایی گوڵ بگری
بەخوڕ بگری بەکوڵ بگری بەسەر دەشت و دەری وشکا
بەســەر داری گەڵا زەردا، بەســـەر پووشا بەسەر دڕکا)

هەتا ئەڵێت:

«بەڵێ بگــری هەور بـــارانی پـــایز بێ وچـــان بگـــری
لەســـەر باخچەی گوڵێ وا سیس ئەبێ ئاخر چڵی عومــری(٤))

هاوکێشەکان لە هەر سێ نموونەدا بەم جۆرەن: (سوبح پێ ناکەنێ –گوڵ ناپشکوێ– بەری نابێ درەختی باخی عالەم– هەتا بێ نەوایەك و بولبولێك و ئەوانی تریش هەموو وەك یەك نەگرین.)

لای (گۆران)یش (بەسەر پایزی زەردا– بەسەر دەشت و دەری وشکا – بەسەر داری گەڵازەردا – بەسەر پووشا، بەسەر دڕکا... هتد. هەوری پایز با بەخوڕ بەکوڵ بەسەر هەموو ئەوانە و زۆری کەشدا بگری گریان لای گۆران ئەوەیە هاوین و وشکایی تەواوی خستووەتە سروشتەوە. سروشت کە ڕەمزی زیندوویێتی و جوانییە تینووە و چاوەڕێی بارانێکە – هەوری پایز نموونەی خێرە لە باراندا دا ئەکات. ژیان و بووژانەوە سەرلەنوێ بەسروشت ئەبەخشێتەوە، کاریگەری (حەمدی) یان (گۆران)ی لەسەرە، تەنانەت زۆرجار هەندێك شت لە –لاشعور–دا دێنە پێشەوە و ڕوو ئەدەن یاخود گەرمی و گێژەنی خودە

شیعری و ساتە گەرمەکانی هێندە کەم دەرفەت و کاریگەرن، ماوە نادەن بەشاعیر هەندێك لەسەریان بووەستێت و یەکلایان بکاتەوە. هەر ئەمەشە بوو هۆی بەسەردا تێپەڕینی ئەنوەر بەسەر تەئسیری (حەمدی) و (گۆران)دا. سەرەڕای ئەمەش هەر ئەبووایە خوێنەری ئاگادار بکردایەوە لە پاش پێداچوونەوەی شیعرەکەی. شاعیر گریانەکەی بۆ لە دایکبوونێکی وەها ئەوێت کە بتوانێت بەرەنگارییەکی ئازایانەی ئەو هەموو دژواری و شتە بێهوودەیی و ڕەشبینی و تێشکانی شاعیر لە هەندێك شیعریدا ئەم جۆرە هەڵوێستانەی لە وێنەی تری شیعرەکانیدا وەك –خاك و زریان–ە بەدی ئەکرێت توانیویەتی تیشکێك بهاوێتە ئەو تاریکیانەوە.

گەلێك جار فۆلکلۆر ئەبێتە مایەی دروستبوون و پەیدابوونی گەلێك بەرهەمی هاوچەرخ و سەرکەوتوو، ئەمەش پەیوەندیی بەویژدانی مێژوویی هەموو نەتەوەیەکەوە هەیە و سیفات و خاسیەتی– فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوایەتی هەر نەتەوەیەك تەعبیر لە هەڵکەوتنی باری مێژوویی و قۆناغی گۆڕانی ئەکات. لە سەراپای ڕۆژهەلاتدا بەسەرهاتی عەشقی شیرین و فەرهاد لە ناو هەر سێ نەتەوەی کورد و تورك و فارسیدا دەنگی داوەتەوە. هەندێك جاریش بەشیرین و خەسرەو ناو ئەبرێت. شاعیرانی کۆنی ڕۆژهەلات لە کۆنەوە ئەو کارەساتە دراميیەیان بەشیعر هۆنیوەتەوە. وەك (فیردەوسی) فارس و (شەیخی) عوسمانی و (خانای قوبادی)ی کورد. هەتا ئەگاتە (نازم حیکمەت)ی شاعیر و پێشکەوتنخوازی ئەو چەرخە، لای نازم حیکمەت پاڵەوانەکان، کارەساتەکان جۆرێکی تر دروست ئەبنەوە. لای نازم حیکمەت فەرهاد تەنیا عاشقێکی سادە و مولکی شیرین نییە، فەرهاد کوڕی ڕەنج و تێکۆشانی میللەتێکە، کریکارێکی وشیارە و ئەوەندەی هی شیرینە، لەوە زیاتر مولکی خەڵکە برسی و چەوساوەکەیە. (نازم حیکمەت بڕوای بەوە هەیە دراما تەنیا و تەنیا کارێکی هونەری ڕووت نییە کە بەتەنیا دنیا و هەست و هۆشی خۆی بگرێتەوە. ئەو نووسەرە فێرکەر و دەرس دادەر نییە کە زۆر بابەتی شانۆیی کەدا ئەیبینین. هاوکێشەیەکی لە باری بابەتەکەی بەشێوەیەکی یەك لە دوای یەکی پێشکەوتوو هەتا کۆتاییەکەی داناوە)(٥)

لای ئەنوەر – وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد – ئەبێتە وێنەیەکی هاوچەرخی شیرین و فەرهادی فۆلکلۆری بەلام لێرەدا کۆمەڵێك حیواری یاخود دەنگی وەك یەك و مەبەست و دەنگێکی جیاواز و دژ بەوان ئەبیسترێت. سێ دەنگەکە کە نوێنەری هێزی خێرن کۆرس و شیرین و فەرهادە، دەنگی بەرەنگاربوونەوەکەش پیرەژنە. ئەگەر کاتی خۆی شاعیر هەر

لەسەر ئەو مەیلە شیعرییە بیری لە نووسینی شانۆگەری شیعری بکردایەوە و هەمان بابەتی هەڵبژاردایە گەلێك ئەچووە پێشەوە لایەکی ئەو بۆشاییە گەورەیەی پڕ ئەکردەوە کە هەتا ئێستا لە شانۆگەریی شیعری کوردیدا هەیە. بگرە لە چەند هەوڵێکی (شێرکۆ بێ کەس) زیاتر هیچمان لەبەر دەستدا نییە. کەواتە داڕشتنەکەی ئەنوەر زیاتر شیعرێکی درێژە و چوار دەنگ پێکی ئەهێنێنن، شاعیر لە پەراوێزی دوا لاپەڕەی شیعرەکەدا دەربارەی ڕەمزەکان: (تەئسیری شیرین و فەرهادەکەی نازم حیکمەتیشی تیادایە بەڵام لای خۆم چ ناوەڕۆك و چ ڕوخسارەکەی جیاوازە - ئەم ڕەمزانەش وەك قناعێك لە تاقیکردنەوەیەکی تازەدا بەکارم هێناوە[٦]). لە پێشدا ئەڵێم ڕەمزیش هەر خۆی ڕەمزە و نابێتە قناع، کە بووە ئەم ئەبێتە شتێکی تر و بارودۆخێکی تر لە بەکارهێنانیدا وەرئەگرێت. نازانم شاعیر مەبەستی لە تاقیکردنەوەیەکی تازە -چییە؟. لە بارەی ناوەڕۆکەوە باسی بکەین ئەبینین شاعیر هیچ خستنە سەرێکی (اضافە) حەددی- لە کارەکەیدا نەکردووە. هەروەها جگە لە پیرەژن کە وەك بەرەمزی بەڵا و دوو زمانی و شەڕ دایناوە ئیتر هەمان بابەتی (نازم حیکمەت)ی دووبارە کردووەتەوە.

فەرهادی کرێکاری نازم لە فەرهادی تێکۆشەری ئەنوەرە لە هیچ ڕوویەکەوە جیا نابێتەوە. ئەگەر بمانەوێت خاڵەکانی جیاوازیی هەردوو دەقەکە نیشانە بکەین تەنیا ئەتوانین بڵێین:

کارەکەی نازم شانۆگەرییە و ئەوەی ئەنوەر کۆمەڵێك وتووێژ و ڕادەربڕینی چوار کەسە بە شیعر. تایبەتی هەردوو کۆپلەی کۆرس کە دووبارەی ئەکەنەوە تەواو لە قسەی ئەو پاڵەوانانە ئەچێت کە لە شانۆگەرییەکەی نازمدا فەرهاد هان ئەدەن بۆ کارکردن و ماندوو نەبوون و کۆڵ نەدان. هێزی ئەنێنە بەر و هەموو هیوا و دواڕۆژی خۆیان لە نووکی قوڵنگ و بازووی فەرهاد-دا ئەبیننەوە.

(ئافرەتە خاوەن منداڵەکە - منداڵەکەی بەرز دەکاتەوە: ڕۆڵەکەم گوێ بۆ دەنگی قوڵنگەکە ڕاگرە.

خەڵکەکە: -بوەشێنە فەرهاد- قوڵنگەکەت بوەشێنە - تۆش ئەی ئاوی چیای ئاسن خێراکە وەرە دەرەوە گۆزەکانمان پڕکە، بوەشێنە ئەی فەرهاد- قوڵنگەکەت بوەشێنە[٧]).

لە (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد)دا بەهەمان شێوە خەڵکەکەی نازم ئەبنە کۆرس لای ئەنوەر:

(فەرهاد، فەرهاد
قوڵنگەکەت بوەشێنە
لە دڵی ڕەقی بێستوونا
بۆ شارێکی برسی و تینوو
ئاو دەربێنە- گوڵ بڕوێنە
فەرهاد، فەرهاد)

شیرین لە کارەکەی ئەنوەرا وێنەیەکی نوێیە بەڵام پیرەژن هەر کەسە فۆلکلۆرییەکەیە. شیرین لە پاڵ دەنگی کۆرسدا هاوبیر و خۆشەویستی فەرهادە بەڵام لای نازم شیرینێکی ئەنانییە، بۆ دواجار بانگهێشتنی فەرهاد ئەکات بۆ وازهێنان لە کارەکەی و گەڕانەوە بۆ کۆشکی ئەمیرە (مەهمەنە)ی خوشکە گەورەی. فەرهاد ڕازی نابێت و قوربانی بەعیشقی خۆی ئەدات، بۆ عەشقی خەڵکی- ئەنوەر هاتووە کۆرس و شیرین و پیرەژن و فەرهادی وەك چوار ڕووپۆش (قناع) بەکارهێناوە. کۆرس بەرەی خەڵکی ڕەش و ڕووت و مرۆڤەکانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵن، سەرفرازی و ئامانجی خۆیان لە دەست و بازووی فەرهاددا ئەبیننەوە. فەرهاد نموونەی بیرێکی تایبەتی و مرۆڤانەیە. کەسێکی دڵسۆز بە نەتەوەکەیەتی، تینی بازوو تەمەنی خۆی، عیشقی گەورەی خۆی، ئەکاتە موڵکی ئەوان:

(باخی زڕی لێوی زەردی مناڵەکان
زەردەخەنەی شیرین ئەگرێ
ڕووباری ئاو بۆ گەرووی شار ڕێگا ئەگرێ).

پیرەژنیش نوێنەری دوو دەنگە، دەنگی کەسانی ئینتهازی و خۆفرۆش و بێ ویژدانەکانی میللەتن، هەروەها هێزی شەڕی داگیرکردن و گرتن و کوشتنە، ئەو هێزەی هەمیشە بەخوێن تینوویەتیی خۆی ئەشکێنێت و تەورێکی گەورەی بەدەستەوەیە لە دوو فەرهاد ئەگەڕێت، زۆرانبازیی لەگەڵ ئەکات. لە گەردنی بەرزی زۆر -شیرین-ی عاشق و مناڵی بێ تاوان ئەدات.

ئەنوەر هەروەك نازم ڕەنگی دوا ڕۆژێکی گەش و پڕ لە دەستکەوت بۆ میللەت زاڵ ئەکات بەسەر ڕەنگەکانی کەدا. لە پێشکەوتنی بەردەوامی خۆیدا ناوەستێت و لە وەرزی سەرهەڵدانەوە ئەگاتە -کولسورخی-و مرا ببوس بەیەك دەنگ ئەڵێنەوە.

ئەو شیعرەی گولسورخییە لای من لە پێشەنگی سەرکەوتنە فیکری و هونەرییەکانی

ئەنوەردا جێگای خۆی ئەکاتەوە. دەست لە دەستی –ئای تاتیانا–ی شەنگ–ئەنێن و لە –زریان–دا هەرگیز لە یاد ناکرێن و خۆڕاگرتنی زەمەنی شیعری و بەخۆهاتنی فیکری شیعریی شاعیر لە زەمینەیەکی فراوانتردا بنج بەست ئەکەن. ئێمە مادام باسمان لە ڕووپۆشەکان، ڕەمزی شیعری (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد) کرد ئەبێت ئەو ڕەمز و ڕووپۆشانەی کەش کە شاعیر بەکاری هێناون دیاری بکەین، ئەوانەش هەریەك بەپێی دەلالەتی کاتی و جێگەیی لێکدانەوە و مەبەستی تایبەتیی خۆیان هەیە (خانی، مەم، زین، عەربەت، مەرگ، خاك، زریان، مەولەوی عەنبەر خاتوون، نووری خوا، گۆلاوە شینەکەی عەربەت، بێستوون، بەمۆ، پەلە گەنم، کۆتر، گمەی کۆتر، سیروان، نازم حیکمەت، گوڵسورخی، ڤان کوخ، پۆل ڕۆبسن، مەشخەڵان، حسەین، زرێبار، قومری سپی.) هەموو ئەو ناوانە لای ئەنوەر نیشانە و نموونەی بەرزی و خاوێنی و خۆشەویستین، هەندێك جار زیاتر لە یەکێکیان لە شیعرێکدا کۆ ئەبنەوە.

هەندێك لەو ناوانە لای زۆربەی شاعیرانی هاوچەرخی ئەم بەکارهاتوون. کەچی ئەو زیندوویێتی و بارە سروشتییەی بەکارهێنانی ئەمی تیا نابینرێن، واتە ئاوێتەی خوێنی ناو دەمارەکان ئەبن. ئەگەنە دڵ و لەوێشەوە بەهەموو ئەندامەکانی شیعرەکەدا بڵاوئەبنەوە. هەست بەپێوەلکاندن و بەئەنقەست دانانیان ناکەین بەتایبەتی، لە (گوڵسورخی)دا دەنگی شیعری ئەو و گۆرانیی (مرابوس) دێتە گوێ بەشێك لە مێژوو کۆ ئەکاتەوە و ڕووە تاریك و ڕۆشنەکانی دیار ئەکات، زیرەکانە لەو حاڵەتەدا ئەژیەتەوە، کاتێك ڕۆژبێهیان بۆ دادگا ئەبرد و زیندانییەکان بە(مرابوس) بەرێیان ئەکرد:

(مردن ڕێیەو ئەی پەری گیان
ئەی دامۆن گیان
دڵگیر مەبن پیایا ئەڕۆم
تا لە دوورگەی دووری بەیان
گوڵاڵە و نان بۆ ملیۆنان –دامۆن– بێنم
مردن ڕێیە و ئەچم نەخشەی شەنگ و تازەی
نیشتمانی غەریبانی لێ ئەهێنم).

بینین و هەستکردن بەتارمایی مەرگ لە نزیکبوونەوەی شاعیردا هەست پێ ئەکرێت لە ئەدەبیاتی فارسی. بەتایبەتی (فەروخی فەروخزاد). لایەنەکانی ڕەشبینی و ورەبەردان، پەنا بردن بۆ شەو و تەنیایی لەو ئەدەبەدا توانیویەتی دەوری ڕەشبینیی خۆی لە

شیعرەکانیدا بنوێنێت. ئەگەرچی ئەو ڕەشبینی و هەست بە لەدەستچوون و بەجێ هێشتنە نەك بۆ ئەم بەڵگە بۆ زۆر شاعیری تریش ئەبنە مایەی داهێنان و پێزی شیعریان. بەڵام بەگشتی لە ڕادەی (شیعر لە پێناوی مرۆڤ)دا شیعر دێننە خوارەوە و تووشی کەند و کۆسپی ئەکەن. شاعیری وا هەیە هەموو مەینەتی و تاریکییەکانی ژیانی خۆی بۆ ئەبێتە مایەی گەشبینی و تەماشا کردنی جیهان و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانی بەوپەڕی بڕوابوون و هیوای گۆڕینی بۆ بارێکی باشتر. من لەوە دڵنیام ئەگەر فارسی زانێکی باش بوومایە و شارەزاییم لە ئەدەبیاتی نوێی فارسی بووبووایە باشتر و قووڵتر ئەمتوانی بۆ هەندێك لایەنەکانی شیعری ئەنوەر بچم. ئەمەش ئێستا لێی بەئاگاین ئەنجامی ئەو چەند گۆڕینانەن لە جاروبار شاعیر خۆی هەندێك برادەری تر ئەیکەن. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو حاڵەتە تاریکییە مەرجی سەرەکی، کە بڕبڕەی پشتی بەردەوامی و گەشبینییە بوونی فەلسەفەیەکی گەشبین و گەشبینییەکەیە بوونی فەلسەفەیەکی گەشبین و فراوان و قووڵە لە ژیاندا. لەم ڕووەوە ئەتوانین ژیانی (نازم حیکمەت) و هێزی پڕ لە هیوای ئەو بەراورد بکەین. کە دەبووایە بەپێی ژیانی زاتیی خۆی و ئەو هەموو بەندی و دەرکردن و نامۆیی و کارەساتە دڵتەزێنان ڕۆژێك لە ڕۆژان شیعرێکی نەوتایە کە هێندەی تاریکایی لە زیندانەکانی جیهاندا هەیە ئەوەندەش ڕووناکی لە دڵی ئەمدا مژدەی بەئامانج گەیشتنی بدەنێ بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر شاعیرێك هەندێك جاریش لە ژێر تەئیسری (نیتشە و شۆپنهاوەر)دا خۆی ببینێتەوە، ئەمە بەتەنیا مانای تاقیکردنەوەی زاتی و تاریکایی حاڵەتی زاتیی شاعیرەکە نییە بەڵکو مانای نەبوونی فەلسەفەیەکی نوێی گەشبین و نەڕاونینە لە ژیان بەچاوی هێز و بیرێکی پێشکەوتنخوازانەوە.

(هاوڕێی هەموو هەورێ بووم
وەختێ ئەبارین
دوو سێ دڵۆپ بارانیان
بەسەر دەوەنی تینوویەتیما
نەئەباری جارێ)
(گەر شێت نەبم من لە کوێ و دەست لە ملی وڵات
کردن لە کوێ)
گەر شێت نەبم من لە کوێ و هەڵمژینی هەڵاڵەی

لێوی –کابوول–ی یار لە کوێ)
(شەپۆلێ بووم باڵم گرت و شێت بووم
دەمم نەنایە دەمی کەنارێ)

لەو گێژاوە فیکرییەی شاعیر تیایدا ئەسووڕێتەوە، گەلێك هەست و بیرکردنەوە و بۆچوونی ئایدیالستانە دێتە شیعرەکانییەوە ئەو لە دەستچوونەش لە (کۆچی شازادە)دا تووشی هاتووە ڕەنگدانەوە و تەقینەوەی ئەو خەمناکی و کپی و بێ ئارامییەی ناخییێتی کە ئەشێت ئەنجامی پەنگ خواردنەوەیەکی کاتی ڕۆژ و دووان نەبێت:

(سەر هەڵئەگرم لە وڵاتی غەریبیدا
دوور دوور لە تۆ ئەچمەوە باوەشی خاك)

چوونەوە باوەشی خاك ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەم لەسەر ئەو ڕایە بێت مرۆڤ لە خاك دروست کراوە و ئینجا گیانی کراوە بەبەردا و ئادەم و حەواش باوك و دایکی هەموو کەسن. ئەو سەر هەڵگرتن و تەسلیم بوونە و بڕوابوونی بەچوونەوە بۆ ئەو خاکەی لێوەی دروست کراوە تێکەڵ بە(کۆچی شازادە) دەبنەوە. سەرهەڵدانی ئەو ئیحایەش هەر لە کۆچی چاوەڕوان نەکراو و ئەبەدیی ئەوەوە بووە. گیانی خۆی بەدارێکی زڕ ئەزانێت و ئەویش هۆزارێکی شەنگ و خەمناك:

(هۆزارێ بووی شەنگ و خەمناك
لەسەر داری زڕی گیانی سووتاوی ئەنوەر هەڵنیشتی و
هەڵیش فڕیت
تۆ لەلای من مناڵ نەبووی– زۆر گەورە بووی).

لای ئەنوەر سەرکەوتنێك هەیە ئەویش لە بەرانبەر ئەم کەوتن و تەسلیم نەبوونە بەستنەوەی بەهێزی بنچینەی پەیوەندیی ئافرەت و خاکە کە ئەمە خۆی لە ڕاستیدا ئافرەت و مەسەلەیەك ئەگرێتەوە. لای ئەویش لە ڕووە نەتەوایەتییەکەوە تێکەڵ بەبیرکردنەوە و تایبەتیی شیعرەکانی ئەبێتەوە.

لە سەرەتای نووسینەکەدا بڕیارێکی وەهام دا کە شیعرەکانی ئەنوەر لە زەمینەیەکی ڕۆمانتیکییانەدا هەڵئەچن. خورپەیەکی ناوەخت و هەندێك هەستی تیژڕەون، ئەبنە خەڵفە چنارێکی شەنگ، لق و پۆ دەرئەکەن. بەرەو ڕیالیزم ئەڕۆن و هەندێك جار شیعری وەکو (گوڵسورخی) و (ئێوارەیە و کۆچ ئاگرە) پێکدێنن. بەڵام ئەمە هەمووکات لای ئەنوەر

ڕووو نادات بەرانبەر ئەمانەش تێشکان و وێنەی سریالی و بەزین و گەڕانەوە بۆ کەم دەستەڵاتی و بێبەرێتی ژیانی منداڵی دێنە پێشەوە، ڕۆمانتیکییەکان بەوە پاساوی هەڵویستی خۆیان ئەکەن کە پەنابردنی ئەمان بۆ گۆشەگیری و سروشت و دوور لە خەڵك و ژیانی شارەکان ئەوەیە کە نایانەوێت بەشداریی لەو تاوان و کردارە ناڕەوایانە بکەن کە لە شارەکاندا ڕوو ئەدەن، دێهاتەکان ئارامن، هەوا و ئاو و خاك، مرۆڤ و خۆشەویستی خاوێن، هەموو خاوێنن، گەلێك جار مرۆڤ کە سنگی قوڕس ئەبێت وا هەست ئەکات لە ژێر باری خەمێکی قوڕسدا تێك ئەشکێت، پەنا ئەباتە بەر ئارامی و کپی و سروشتی جوان، لاپاڵی چیای بەرز و پێدەشتی بەرین و ڕەنگین. ئەوە ئەو هەستە ڕۆمانتیکییە نییە کە مرۆڤ ئیتر لاوازە و ناتوانێت بەرەنگاری خەمە قوڕسەکەی ببێتەوە. ئەمە مەرج نییە. هەندێك کەس هەن لەززەتێکی ڕۆحی لە سروشت و ئارامی وەرئەگرن. کەسێکی ڕووخاو و پاشکەوتووش نین. بەڵام ئاوات خواستن لە هەر گەڕانێك بەدوای ماندوویێتیدا ئەبنە هەردوو لایەنە سلبی و مایەی ڕەخنە لەسەر شاعیریەتیی ئەو.

خاوێنیی سۆفیەتی و خاوێنیی منداڵی لەملا و لەولاوە دێنە شیعرەکانییەوە چاوەڕێی تۆزێك لە نووری خوا ئەکات، لە هەورێك ڕائەمێنێت ئاخۆ بباریێت یان نەبارێت، مەلێکی نوورانی، قومرییەکی سپی سپی ئەبنە هەموو بوون و دۆزینەوە و ونبوونی، ئەبنە خاوەنی پەیامێك لە خواوە بۆ مەبەستی سۆفییانەی ئەم: (ئەو شێوە لە باوەشی سروشدا مۆرکی ڕۆمانتیکییەکانە، بیر و باوەڕیان خەڵوەتگەریی و دوورە پەرێزییە لە خەڵك، چونکە کۆمەڵ نەخۆشە، سەرچاوەی گیروگرفتە، بارێکی قوڕسە بەسەر شانی کەسە هەست ناسك و دەروون کەیلەکان[٨]).

خۆشەویستی سەرنەکەوتوو، هەندێك بیرکردنەوەی سۆفییانە تێنەگەیشتنێکی قووڵ لە بنەڕەتەکانی تیئۆری پێشکەوتنخوازانە، تێشکانی هەندێك هیوا و ئامانجی لە ناکۆکی و تێشکانی ئاوات و خواستی نەتەوەکەی. لە ماوەیەکی درێژی مێژوویيدا ئەمانە کۆ ئەبنەوە و ئەیخەنە زۆر دژواری و ڕوانینی تەنگ و ڕەشبینەوە.

ئافرەت لە ژیانی هەرچی شاعیرێکدا بێت ئەگەر هەموو شتێکی نەبێت ئەوا کەمیشی نییە، زۆر شت هەر بەئاشکراش دیارە ئەنوەر چەندە ئەسیرێکی بێ دەرەتانی ئەو عیشقە بووە، ناوی لێ ناوە شازادە و خۆشی ویستووە، شیعری بۆ وتووە:

«تۆ لەلای من مناڵ نەبووی زۆر گەورەبووی
گەورەییەك نەمئەتوانی بەزار بیلێم»

بەم جۆرە خەیاڵی ڕۆمانتیکی و بێ هیوایی و ماڵئاوایی ئەو ئافرەتە لە بازنەیەکی تەسکدا گیری ئەدەن –دەرفەتی نادەن– بواری لێ ئەتەنن، پردەکانی لە بەردەمدا، لە بەرپێیدا ئەڕووخێنن، دەریا بەرینەکانی وشك ئەکات، زریان هەموو شت خوول ئەدات و نوغرۆی ئەکات، باڵندە و هێلانە، مرۆڤ و نیاز، چیا بەسەر ئەکاتەوە ڕەشماڵی ماڵێکی کۆچەری هەڵئەگرێت، گەلە گورگێکی برسی ئەباتە سەر ڕانە مەڕێکی ئاوارە، خاك و خۆشەویستی لە بەرامبەریدا واق وڕماو دڵۆپێك فرمێسك لەسەر گۆنای نامێنێت و ئەبێت بەهەڵم، ئەستێرەکان مەداریان تێك ئەچێت و ڕووی ڕۆژ وەك چاوێکی خوێن تێزاو، سوور سوور دائەگیرسێت. چرای سەر قافڵەی کاروانێك ئەکوژێتەوە، ڕێگایان لێ ئەگۆڕێت و هەر ئەڕۆن، ڕێ دەرناکەن، پەی بەنهێنیی تاریکی شەو نابەن.

کچێك ئەمی بەجێهێشت و شیعرێکی بەئەمانەت لە دڵیدا دانا هەتا بەسەر یەکتردا سۆز بکەن، ئەم بەسەر ئەودا و ئەویش بەسەر ئەمدا هەر بگرین، گریانێکی بێ ئامان بگرین. خۆشەویستییەکەی ئەنوەر هەموو جار خەڵك ناگرێتەوە. بگرە بەکەناری مەرگ و ژانە بەسوێکانیشدا تێ ناپەڕێت. تەنیا خۆی و ئەون، ئەبێت بەوێنەی ڕۆمانتیکی و کلاسی و ئەگەڕێتەوە.

(لە کن من با وجودی ناس و ئەجناس
کەســـی تێدا نییە ئەم شـــارە بـێ تۆ
هـەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمـــــەننای مـــردنی پێرارە بــێ تۆ)(٩).

هەر ئەو تاکپەرستی و دڵدارییە ئەبنە هەوێنی عیشقی لایەنە کزە سۆفییانەکەی و زۆرجار هەمووی لە نووری خوا و قومرییە سپییەکاندا ئەتوێنێتەوە. بێ دەسەڵات گۆشەگیر دائەنیشێت وەك بڵێت خوایە بەزەییەك، تیشکە ئایدیالییەکانی بەسەردا پەخش ئەبن و تەواو خۆی ئەدات بەدەستەوە، ئەبێتە مرۆڤێکی ئایدیالیستی لەوێدا ئەوەستێت و بەو تیشکە ئایدیالییە ئەیەوێت ڕووناکییەك بخاتە ناو:

(بمدەرە دەس سەرما و سۆڵە
گشت پەنجەرە و دەرگاکانم لەسەر داخە
لێت دڵگیر نیم
تەنیا جارێك وەکوو جاران

وەرە وەرە بەپیرمەوە»
«تۆش بێزراوی
دەها چاوم دەها دڵی بیابانم
دەها وڵاتی بەرین و بێ هەتاوی
شیعری بێ بارانم.)
(پل و پووشی هێلانەکەت لەسەر داری ڕووت و قووتی وەرزی من
لەسەر داری ڕووت و قووتی وەرزی من
بەجێ هێشت و بۆ خۆشت دات لە شەقەی باڵ»

مرۆڤی شاعیر هەندێك جار ئەکەوێتە حاڵەتی سەیرەوە، ئەیەوێت هەر بۆ خۆی بژیت، خۆی و ئەو، ئیتر ئەوانی تر، خەڵك ئەبنە گۆمێکی وەستاو و هەر زوو بەتیشکێکی کوتوپڕ بەشێوەی هەڵم بەرز ئەبنەوە. ئەگەر شاعیر لەم ڕۆژگارەدا بەرپرسیار نەبووایە ڕەنگە وەك خەڵکە سادەکەی گەلێك ڕواڵەت و حاڵەتی لاوەکی لێ وەرگیرایە و ئاسایی تێ بپەڕیایە.

بەڵام ئەم لە پێش ئەوانەوەیە، کەم و زۆر هۆشیارانە و زووتر لە کارەساتە جیاوازە چینایەتی و کێشە نەتەوەییەکە ئەگات و شیکردنەوەی خۆی هەیە.

مەبەستیشم لەو جۆرە بیرکردنەوەیە نییە خەڵك هەمووی ببنە خاوەنی مەبەستی خۆیان و بگەنە جێ، بەڵام شاعیرەکە کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە لەو سامانی دەستکەوت و تێکۆشانە هیچی پێ نابڕێت.

بەڵکو ئەم حیسابە وشکە لە هەندێك تیئوری خۆکرد و قسەی زلدا دێتە پێش کە فڕی بەسەر فەلسەفەی شیعر و ساتە ناسکەکانی شیعر و مەدای مێژوویی و بڕکردنی دەنگی شیعرەوە نییە. ڕوانینێك بۆ ئەم کێشەیە کە پێچەوانەی ئەوەی تر بێت خۆشەویستییە بەمانا فراوانەکەی خۆشەویستییەك لە ئەنانییەت و زاتییەت و خۆ تەرخانکردن بۆ تاکە کەسێك، دوور بێت، لەو عەشقەی تاك و کۆ پێکەوە گرێ بدات. جوانی لە چۆنیەتی و (چەند)یدا، بەدی بکات. (هەمەکی)ش هەرگیز قەناعەتی بەوە نییە بەشێکی لێ داببڕێت نیگاری تەواوی خۆی کەموکورت دەرکەوێت. لەبەرئەوەی پارچە بەشێکە لە هەموو، ئێمە کە خاوەنی ڕاستی کێشەکەین هەموومان دەدۆزییەوە، زۆر نارەوایە پارچە جوێ بکەینەوە و بەدیوێکی مەوزووعەکەدا هێمای بۆ بکەین.

(لە جیهانێکدا کە ڕووی جوانت نەخشینترە لە وێنەی گوڵ لە ئاوێنەدا، لێرەدا، لەو

جێگـایـەدا نـوقـمـبـوونـی تـەواوە هـەمـوو بـوونـم ئـەبـێت بـەسۆزێکی بـەلـێشاو ئـەوەش خۆشەویستییە، ئەو خۆشەویستییەی هەموو کەس ئەگرێتەوە(١٠)). لای من تـایبەتیەتیی دژواری و هـەندێك تێشکانەی ئەنوەر ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی فەلسەفەیەکی نەگۆڕاوی بنج بەستی شیعری، ڕەنگە (گوڵسورخی) و (تاتیانای شەنگ) و (پۆل ڕۆبسن) تەواو دژوار بووەستنەوە لەگەڵ گەلێك شیعری دیوانەکەدا، بەتایبەتی لە ڕووی ڕێبازی فیکری و هەڵسەنگاندنی چەند کێشەیەك. شیعرەکان یەك ڕێچکەیان نەگرتووە، ڕێگاکەیان پڕە لە بەرزی و نزمی، کۆسپ و قۆرتی گەورە، هەندێك جار هەموو شت لای شاعیر لە تۆزە نوورێکی سەوزی خواییدا کۆ ئەبێتەوە، کە شاعیر تەواو تەسلیمی ئەو بیرە ئایدیالییە ئەبێت و هەتا دێت دیوارەکانی ژوورەکەی دێنە پێشەوە و ماوە و دەرفەتی تەنگ و تەسك ئەبێتەوە، ناچار ئەخنکێت و خۆی بەمردن ئەسپێرێت. ئەیەوێت جارێکی تر نەیەتەوە ژیان، دوور دوور بڕوات و خەونەکان فەرامۆش بکات. ئەمە حسابی گشتیی دیوانەکە نییە بەڵکو تەنیا وەستانە لەسەر ئەو لایەنە زەقانەی کە زیاتر دژوارییەکان لە نێوان ڕەوتی فیکری شیعرەکاندا پەرە پێ ئەدەن، زیاتر لە پێویست سەریان پێ هەڵ ئەدات، مۆرکی ڕۆمانتیکی و هەندێك تیشکی ڕۆمانتیکی و میتافیزیکی شیعری فارسی دێتە شیـعرەکـانـەوە. ئـەکـەوێتـە ژێر تـەئسیریـانـەوە. بـەدەگـمـەن وەك یـەك نـموونـەی شیـعریـی گوڵسورخی و دەنگی مراببوس دێتە گوێ. لە چاوی ئەو دیاردانەوە تەماشای ژیان و خۆشەویستی ئەکات لە هەمان کاتیشدا ئەو دیاردەیە بەلایەنە ئایدیالییەکەیدا کەرتبوون و پەرشی فیکری شاعیر کۆ ئەکەنەوە و ئامادەی ئەکەن بۆ گرتنەبەری ڕێگایەکی نزیکتر لە خواو چۆنیەتی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی سروشت. سەردەمی منالّی و گەشەکردنی هەستی منداڵیی ئەو لە خێزانێکی ئاینییەوە هاتووەتە دی و هەڵچووە.

بـەشیـعری مـەولـەوی گـوێی زرنـگـاوەتـەوە و ئـەشێت هـەر لـەو دەنگـەوە عـەشقی بـیر لێکردنەوە و حاڵەتی سۆفیەتی بووبێت، بەڵام ئایا ئەنوەر چۆن مامەڵەی لەگەڵ کێشەی سۆفیەتی کردووە؟ ئایا ئەو تیشکانە لە سەراپای شاعیرییەتی ئەنوەردا چۆن دەرئەکەون؟ پێشەکی ئەڵێم ئەو تیشکانە تەنیا وەك شتێکی لاوەکی و لا تەریك، کەم نەفەس و تیژڕەو بەشیعری ئەنوەردا تێئەپەڕن:

(تیشکی وێنەی ڕوخساری خوا لە ئاسمانی
پاکی دڵیا لە پڕ دەرکەوت و ونیش بوو)
(گەر نیهالی هەڵچوونی ئازار

بەتەوری وەردی ببڕم
گزرەیەکی وای تیا ئەبێ، گەر داگیرسێ
تین و هانای مەشقەڵانی بەرزی ئاگر
بەڕووی دووری پڕ لە نووری خوادا ئەچێ).

مەولەوی کاریگەری تەواوی خۆی لە شیعری ئەنوەردا نواندووە. بەڵام زیاتر لە ڕووی وێنەی شیعری و ئەو نەغمە فۆلکلۆرییەی هەیەتی دەنا وەك بیر و هەستی سۆفییانە بەدەگمەن بەلایدا ئەچێت.

زۆرجاریش دوورە پەرێز لێی ئەوەستێت، ئەمەش بەپێی لێکدانەوە زانستییەکە و مەفهوومی سۆفیەتی ئەتوانین دیار و ئاشکرا بەڕواڵەت و ناوەڕۆك دەستنیشانی بکەین.

لەم شیعرانەدا تارمایی (مەولەوی) ئەبینرێت لە ڕووی ناوهێنانی مەولەوی ئەوا نموونەی پەیوەندیداری نزیکبوون بەمەولەوییەوە شیعرەکانی وەك (زیندە خەو و تارماییەکان، ئێوە ئەو بایەن کێو لە بن دێنن، زریان، وەرە خوارێ ئەی خواکەی غەریبان، سۆناتەی تینوویەتی، ساماڵ، خاك و زریان و خۆشەویستی، بمدەرە دەس سەرما و سۆڵە) لەو شیعرانەدا تەئسیرەکان ڕووکەشن، ناوهێنان و وێنەی شیعری و کێشە شیعرییە دە بڕگەییەکەیە. هەروەها سۆفیەتی فەلسەفە نییە، بەڵکو ڕێبازە، تاقیکردنەوەیەکی گیانییە، گەڕان و ماندووبوونە بەشوێن هەقیقەت و شتە هەرە خاوێن و بێ گەرد و بەرزەکاندا.

لە حاڵەتی سۆفیەتیدا ئەوەی پیرۆز و شایەنی ڕێز و کڕنووش بۆ بردن و بەرزێتییە تەنیا خوایە و بەس. (خوا و هەموو شتەکانی ئەڵێم هەموو شت لە خوادا زیندووە و ئەبزوێ، پەنهان و نهێنییە[١١]). (ئیرادەی خوا و یاساکانی سروشت دوو ناون بۆ یەك ڕاستی بەکاردێن[١٢]).

کەواتە هەموو شتەکان لە خوادا کۆ ئەبنەوە، لە هێزێکدا کە تواناو تینی هێزەکانی کەیە. سۆفی ئەم بۆچوون و بیرکردنەوەیەی هەیە. سروشت، یاساکانی گۆڕانی، بەپێی نیاز و ئارەزووی خوا ئەجوولێت، هەولی هەمیشەیی ئەو بۆ نزیکبوونەوەیە لە خوا، لە ساتە هەرە سەخت و ناهەموارەکانیدا، ناوی خوا دووبارە ئەکاتەوە و داوای بەخشینی لێ ئەکات، ساتێك ئەگەر لەو زیکرە غافڵ بێت بەناتەواوی و بێ ئاگایی ئەزانێت دەرهەق بەخۆی. ئەنوەر شاعیرێکی سۆفی نییە، هیچ شیعرێکیشی نییە حاڵەتی سۆفیەتی و

باوەڕی سۆفیانەی تیادا بێت. بەڵکو هەندێك دەلالەتی هەیە وەك تیشكێك گوزەر ئەكات زۆرجار كە حاڵەتی تەسلیمبوون وەرئەگرێت نەبوونی بەدیلێكی فیكریی مادییە، هەر بۆیە شتە ڕووحییەكان لای ئەو جێگای خۆیان ئەگرن.

دووەم هۆی بۆ ئەو دیاردەیە گەڕانی شاعیرە بەدوای ئەوپەڕی خاوێنی و بێ گەردیی شتێكدا كە دەستی مرۆڤ پێی نەگەیشتبێ، ئەم خاوێنی و خاسیەت و جەوهەری عیشقی خۆی لەودا بەدی ئەكا ئەمەش مەزاجێكی ئەفلاتوونی دروست ئەكات، كە مەزاجی فەلسەفەی شیعرە، بەتێكەڵبوون بەڕێبازێكی ئاینی، ئەم ڕێبازە لای (ئەفلۆتین) هەبووە و لە نەوەی تازەش وەك (سپێنۆزا) ئەم ڕێگەیەیان گرتووە (جەوهەری سۆفیەتی حاڵەتێكی یاخود تاقیكردنەوەیەكی گیانییە، كە سۆفی تووشی دێت. فەلسەفەش نییە بەو مەبەستەی فەلسەفە هەیەتی كە بریتییە لە وردبوونەوەیەكی عەقڵی و تیئووری لە سروشتی بوون سۆفی فەلسەفەی ئەوە لێ نادات كە تاقیكردنەوە ڕووحییەكەی بكات بەبناغەی تیئورێكی میتافیزیكی لە سروشتی بوون دا[١٣])

لە ئاستی شیعرەكانی ئەنوەر گەلێك شت خۆ نادەن بەدەستەوە، نهێنیی شیعری باش لەوەدایە، لە خوێندنەوەدا هەست ئەكەی بەشەقامێكدا ئەڕۆیت یەك دەنگ گۆرانییەكی مەنگ و لەسەرخۆت بۆ ئەڵێت، ئەو كەرەساتەی لای ئەم دەست ئەكەون لای كەسانی تر دەگمەنن یاخود هەر نین. ئەگەرچی هەندێك جار كەرتبوون و (ضیاع)ێكی تایبەتی لە شیعرەكانیدا هەست پێ ئەكرێت بەڵام ئەو ڕاستەقینەی ناخی خۆی ئەنووسێتەوە، واتە ونبوون و دۆزینەوەكە هاوشانی یەك ئەبنەوە، ئەگەر شیعری سەركەوتوو هەموو گەردوونیش لە دڵی خۆیدا كۆنەكاتەوە ئەتوانێت شاهیدی دروستبوون و حەقیقەتی ڕووداوە سامناك و خۆش و ناخۆشەكانی تەنیا ئەستێرەیەك بێت لە گەردووندا. لە (زریان)دا چەند شارێك وێران ئەبن ئەكەونە بەرەی ونبوون و ئەم بەمێژوویان ئەسپێرێت، چەند شارێكی تریش، لە تەنیشت یەكدا پڕ لە تیشكی خۆرن، لە سۆناتەی تینوویەتی ئەمدا، تیشكی هەتاو مەقەستێكە هەموو داوێك ئەقرتێنێت، فەروخی فەروخزاد ئەڵێت: «هەندێك شیعر هەیە نە دەرگایان كراوەتەوە نەداخراون، چوارچێوەیان هەر نییە، شەقامێكن كورت یا درێژ، /ئینسان هەیە ئەڕوا و ناگەڕێتەوە هەیە ئەڕوا و ئەگەڕێتەوە[١٤].» شیعری ئەنوەر لە ئەنجامدا كۆمەڵێك نهێنی ئەهێڵنەوە، خورپەیەكی كاتی و ساتێكی شیعریی لای خوێنەر نابێت بەتەنیا لە بیربوونی كاتی خوێندنەوەكە لە پاشدا ونبوونی لە شیعرەكانیدا زۆر نیاز و هەقیقەتی بیری پێشكەوتنخوازانە ون ئەبن،

جۆره بیرێکی ئایدیالی و تیشکی سۆفیەتی دەرئەکەون، ئەم بەهەنگاوێك لە بۆچوونیدا لە هەستی نەتەوایەتی خۆیدا ئەیان دۆزێتەوە. ئەگەریش زیاتر بەناخی (گوڵسورخی) و (نان و گوڵەکەی)دا ڕۆبچیت، هەڵبەت هەنگاوێك ئەبێت ئەو بەهرە و شاعیریەتەش وەك چراخانێك دێتە بوون ئیتر ئەمیش هەمیشە شیعرێکی تێدا ئەنووسێتەوە، هەر وشەیەکی ئەوەندەی فرمێسکێك لە چاویدا مات بووبێت، ئەوەندەی خەندەکیش تەمەنی ئازادی هەموو سەر زەوی لە تەمەنی ئەمدا بتوێنێتەوە!

سەرچاوەکان

تێبینی:

ئەو شیعرانەی بەشێك یاخود واتایەکم لە لێکۆڵینەوەدا بەنموونە هێناوە هەموو لە (زریان)دا هەیە. بەپێویستم نەزانی ناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکانیان بنووسمەوە.

(١) چاو پێکەوتنێك لەگەڵ ئەنوەر قادر محەمەد ڕۆژنامەی (العراق) ١٣-٩-١٩٧٦.

(٢) دیوانی مەولەوی -ل ٥١٥- کۆکردنەوە و لێکدانەوەی- مەلا عەبدولکەریمی مدرس.

(٣) دیوانی حەمەدی-ل١٣٤

(٤) سروشت و دەروون -گۆران- شیعری (هەوری پایز).

(٥) پێشەکی شانۆگەری -شیرین و فەرهاد-ی نازم حیکمەت. گۆڕینی -أکمل الدین أحسان.

(٦) زریان -ل١٤

(٧) شیرین و فەرهاد - نووسینی نازم حیکمەت.

(٨) الرومانتیکیة -محمد غنیمي هلال- ل١٦٩

(٩) دیوانی نالی-د. مارف خەزنەدا- ل٩١

(١٠) الازهار تورق داخل الصاعقة-حسین مردان-ل١٩٨

(١١) قصة الفلسفة-اول دیوارنت-ل١٥

(١٢) هەمان سەرچاوە.

(١٣) التصوف- الثورة الروحیة في الاسلام-د. ابو العلاء عفیفي.

(١٤) فەروخی فەروغزاد- شیعر و ژیانی- گۆڕینی -ئەنوەر قادر محەمەد- ڕۆژی کوردستان ژمارە (٤) ساڵی ١٩٧٦.

شیعرەکانی کامەران و ئیستاتیکا

لە پێش ئەوەدا باس و پێناسەی وشە، یاخود واتای ئیستاتیکا بکەین و پەیوەندی ئەم زانستە بە شیعرەکانی کامەرانەوە ڕوون بکەینەوە، دەڵێین -ئیستاتیکا زانستێکی نوێی هەڵقوڵاوی کێشەکانی ئەم چەرخە نییە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە هەر لە جیهانە گەورەکەی فەلسەفەی یۆنانییەوەدا هاتووە و دیالۆگی -هیگلس-ی ئەفلاتوون بەکۆنترین سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی جوانناسی دادەنرێت. بەڵام وەك چەسپبوونی ناوێکی زانستی و قووڵبوونەوەی چەمك -مفهوم-ی ئەم زانستە لە ساڵی (١٧٣٥)ی زاینیدا لە لایەن زانای ئەڵمان -جومگارتن-ەوە دامەرزا[١]، ئیتر لەو کاتەوە و لە پەرەسەندنی کێشەی نێوان بیروبۆچوونی ئایدیالیستی و ماتریالیستییەوە، لێکۆڵینەوە و بیروڕا و تاقیکردنەوە و دۆزینەوەی نوێی لە بارەوە ئەنجام دراوە.

ئەم زانستەش لەبەرئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەجیهانی مرۆڤەوە هەیە ئەوا دیارە مرۆڤ نەك هەر لێی بێ ئاگا نییە، بەڵکو بەهۆی نزیکی و ئاگاداری تەواویەوە لە کارتێکردنی ئەم فەلسەفەیە لە ژیانی هەمیشە دەیهێنێتە ناو کۆڕی باس و لێ وردبوونەوە و تاقیکردنەوەی نوێوە.

ئیستاتێکا چییە؟!

ئیستاتسکا زانستێکی فەلسەفییە لە سەرەتا گشتییەکانی هەڵوێستی ئێستاتیکی ئادەمیزاد بەرامبەر واقیع دەکۆڵێتەوە و هەروەکو فەلسەفە زانستێکی ئایدۆلۆژییە هەوڵ دەدات کە چارەسەری گیروگرفتی پەیوەندی هۆشمەندی ئیستاتیکی و هونەرەکان بەبوونی کۆمەڵایەتی واتە ژیانی ئینسانییەوە بکات[٢].

ئیستاتیك- بریتییە لە مێژووی فەلسەفەی هونەری و دانانی پێودانێك بۆ جیاکردنەوەی جوانی لە ناشیرنی و بایەخ پێدانی و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی هونەر، پەیکەر، نیگار، وێنە، شیعر، مۆسیقا[٣].

وەك وتمان کۆنترین سەرچاوە کە باسی جوانناسی، واتا ئیستاتیکا-ی کردبێ دیالۆگی -هیباس-ی ئەفلاتوونە، ئەفلاتوون هونەر و جوانییەکانی هونەر بەرەوشتەوە دەبەستێتەوە. وە پەیوەندی هەردووکیان بەخوڵقێنەری جیهانەوە باس دەکات. هەروەها

-بومگارتن-ی ئەڵمانی لە (١٧٣٥)دا باسی چێژی هونەری و ئەو کەرەستانە دەکات کە چێژی هونەری لە شیعر و مۆسیقا و وێنە و پەیکەر و شانۆ و گەلێ بابەتی هونەریدا دروست دەکات.

لێرەدا دەپرسین، ئایا جوانی و فەلسەفەی جوانی چییە؟ بۆ ئەم مەبەستە چەند بیروڕایەك هەیە کە پێویستە ئەگەر زۆر بەکورتیش بێت ڕوونی بکەینەوە.

١- جوانی دیاردەیەك نییە کە لە ناو شت خۆیدا هەبێت، واتە سیفەتێکی موتڵەقی ئەو شتانە نییە کە پێیان دەڵێن جوان، بەڵکو بریتییە لە کارکردنی ئەو شتانە لە مێشکی ئێمە، لەو سۆز و هەڵچوونە دەروونییەی ئێمە بەرامبەریان دەری دەبڕن[٤].

٢- هیگل دەڵێت: «ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ هەندێ شت جوانە بەڵام ئەم جوانییە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت واتە دیاردەیەکی نیسبییە»[٥]

ئینجا بەرامبەر ئەم بیروڕایانە و لە ڕۆشنایی فەلسەفەکە خۆیدا ئەگەر تەماشای یەکێك لە بابەتەکانی جوانی بکەین کە ئیستاتیکا بە بەشێك لە خۆی دەزانێت کە شیعرە دەڵێین، جوانی لە هێزەکانی خۆشەویستی و چاکە و خێر و برایەتی و مرۆڤایەتی دروست دەبێت، ئەمانەش هەموویان لای شاعیر کۆدەبنەوە و دەبن بەڕاستی واتا هەقیقەت، شاعیر هەمیشە هەوڵ دەدات کە لە ڕێگەی جوانییەوە بەدوای هەقیقەتی شتەکاندا بگەڕێ بیاندۆزێتەوە لە ڕۆشنایی ئەم ڕستەیەدا دوو خاڵی سەرەکی هەیە دەبێت بیخەینە پێش چاو ئەوانیش چێژ لێ وەرگرتن و سوود پێ بەخشینە.

ئێمە لە یەکێ لە پەنجەرەکانی ئەم زانستەوە، کە شیعرە تەماشای شیعرەکانی کامەران دەکەین.

کامەرانی شاعیر هەردوو دیاردەی جوانی و سروشت پێکەوە ئاوێتەی تابلۆیەکی مرۆڤانە دەکات. جوانی مرۆڤ، جوانی سروشت لە کارەساتێکدا دەژاکێت، هەستی ئیستاتیکی دەهەژێت و نیشان دانی وێنەی جوانییە ڕاستەقینەکەمان بۆ بدۆزێتەوە.

ئێــــوارە بـــوو، پرشنگی خـــۆر
دوور کـــــەوتەوە لە شـــار بـــەزۆر
هــەوری پـــــایـــزی ڕەش و زەرد
چین چین ئەنیشتە سەر ڕووی هەرد
گۆیـــــژە گریـــــــا بـــەخـــــوڕڕ

لافـــاو هەستا بە تین و گوڕ
ئاسمان بەرگێکی پۆشی ڕەش
مەرگ ناو شاری گرتە باوەش
خـوێناوی شاخی مات، تەزیو
خانووی رائەدا بۆ نـــاو شیو[٩]

کامەران تەنها ئەوە دەرنابڕێت کە سروشت بەو جۆرە لە حاڵەتی ئاسایی خۆی دەرچووە و جوانییەکان گۆڕاون بەڵکو ئەمە بەحاڵەتی ئینسانییەوە دەبەستێتەوە ئەوەی شاعیر لە ڕوانینیدا بۆ جوانییە ژاکاوەکانی سروشت نرخ و بەهای ئەو سروشتە بۆ مرۆڤ دەستنیشان دەکات، ئەو سروشتە کە نیشتمانی ئەوە، کە خاکێکە لە چاوکردنەوەدا هاوڕاز و هاوناڵەی یەکترین بەم جۆرە کە دەڵێت:

«من دایکی تۆم، بەڵام گیانە
ئەم وڵاتی کوردستانە
تۆی پەروەردە کرد بە جوانی
تۆش سا ببە بە قوربانی»[٦]

شاعیر لەو پارچە شیعرە بچووکەدا حاڵەتێکی مرۆڤانە پێکدەهێنێت وەك وتمان دیاردەی جوانی بەهەموو شێوەکانییەوە چێژ لێوەرگرتن و سوود بەخشینە، واتا لایەنی یەکەمی ئەوەیە کە ئەو سروشتە ئەو وڵاتە ئەمی پەروەردە کردووە فێری خۆشەویستی کردووە. زەوق و چێژی پێ بەخشیوە، ئەمیش بەهەموو هەست و هۆشی ئیستاتیکی خۆیەوە دەبێت شتێك هەر شتێك بێت خێر و چاکە و خۆشەویستی پێشکەشی ئەوی بکاتەوە. کامەرانی شاعیر تەنها قوربانیدان و خۆ بەخت کردن بدۆزێتەوە.

وتمان لە کارەساتی یەکەم و ژاکانی سروشتدا قوربانی دانی دۆزییەوە لێرەشدا لە پارچە شیعری کەمانچەدا هەستانەوە، دروست کردنەوە. ژیانەوە، دەدۆزێتەوە، ئەم سیفەتانە لای ئەو دەبنە مامەڵە کردنی لەگەڵ جوانیدا، چونکە ژیانەوە حاڵەتێکی مرۆڤانەیە و لەپێناوی چاکە و خۆشەویستیدایە لە شیعری کەمانچەدا دەنووسێت.

شکـــانیان کەمانچەی دەستم
بەڵام زوو فریا کەوت هەستم
دروســتی کــرد لە پەڕەی دڵ

تەلەکـــانی لە تـــاڵی گـــوڵ
دەنگـــی بڵنـدە وەك ژیــــــان
بەسۆزە وەك قـاســپەی بــەیان

لای کامەران کەرەستەکانی شیعری جوان هەمووی ئامادە دەبن هەتا شیعرێکی جوان دروست بکەن، نەك تەنها جوانی لەپێناوی جوانیدا، بەڵکو شیعری جوان لە پێناوی ژیاندا. لە پێناوی شیعری گەشدا وەك پشکۆ، کامەران لەو شیعرەدا جۆرە هێمایەك دەکات کە شیعری پشکۆیە ئەمە دەبێتە ڕەمزێك لەپێناوی دەرخستنی مەفهوومێکی جوانیدا، کە جوانی خۆشەویستەکەیەتی. جوانی مرۆڤێکە:

چیم زانی لە وردەکاری
لە وەسفی جوانی دڵداری
هەمووم کرد بە شیعر بۆ تۆ
بە هۆنراوەی گەش وەك پشکۆ(٩)

کامەران وەك شاعیرە ڕۆمانتیکییەکان باسی سروشت ناکات، جوانییەکانی سروشت بۆ داڵدەدان و پەنا بردنە بەر چێژ و زەوقێکی ڕۆمانتیکی و دوورکەوتنەوە لە خەڵکی نییە بەڵکە دروستکردنەوەیە واتا -حالة البناء والارتقاء-ە کە تەنها دروستکردنەوە نییە بەڵکە گۆڕینی ژیانە لە کاتی دروستکردنەوەدا. لەو بەڵێنەدا کە ئەو سوێندی خۆشەویستی خۆی ئەخوات دێتە دی لە دیمەنی ئافرەتێکی چەوساوەدا. کە زیرەکی شاعیر نیشان دەدات لە وێنەگرتنی ئەو دیمەنەدا:

مەمکی ژێر کراسی دڕاو
لە شەرما ئەلەرزێ بەتاو
شتیاڵی وەك هەوری زل
تیا دەرئەکەوێت لاڕانی شل(١٠)

یاخود ئەم پارچەیە کە دەڵێت:

لەم دیارییانە لای من کە ڕەنگینتر بێ
یا لەمانە جوانتر، نازەنین تربێ
بەڵێنێکە کە شیرازەی ژیانی
من و تۆیە، هۆنیمەوە بە جوانی(١١)

وەك لە یەكێ لە پێناسەكانی ئیستاتیكدا نووسیمان، زانستی ئیستاتیك دیاریكردنی هەڵوێستی مرۆڤە، هەڵوێستی جوانناسی و مرۆڤایەتی و مرۆڤ بەژیانەوە. واتا بەواقیعەوە. ئەو واقیعەی یەكەم مامۆستا و ڕابەری شاعیرە، لێوەی فێر دەبێت و بەهەمان شێوە ئەویش دەیەوێت ڕووناكییەك چەندە كەمیش بێت بكاتە دیاری و نیشانەی هەستی مرۆڤانەی خۆی بۆ سروشت بۆ واقیع. بەڵام لەپڕ وەك برووسكە بەچەند دێرێكی كەم دەچێتە ناو دڵی واقیعەوە، واتاكانی، جوانی سروشت جوانی ئافرەت، دەژاكێن و، حاڵەتیان دەگۆڕڕێت.

جوانی سروشت و هی ئافرەت
لە عەزرەت ئازاری میللەت
ژاكابوو وەك گوڵی پایز(١٢)

بەم چەند نموونە كەم و خێرایە ناتوانیت هەموو سووچەكانی بابەتی كامەران و ئیستاتیكیا پشكنین، بەڵام وەك چەند هێمایەكی خێرا بەلایدا گوزەرمان كرد ئەم باسەمان هەتا ئێرە بەبابەتی دروستبوونەوە و گەشەسەندن لە هەستی ئیستاتیكی كامەراندا. بەڵام نابێت لایەنێكی گرنگ كە هەقیقەتێكی نكۆڵی لێ نەكراوە لە هەستی ئیستاتیكی كامەراندا فەرامۆش بكەین ئەویش زەرد بوونی ڕەنگە ئاڵەكان و تەماوی بوونی دیمەنە ساف و گەشەكانە. ئەمە نابێتە بەڵگەی ورەبەردان وەستاندنی هەستی ئیستاتیكی كامەران چونكە ئێمە وتمان ئیستاتیكی هەر فەلسەفە و زانستێك جوێ كردنەوەی لە ڕواڵەت و شتە ناشیرینەكان واتا هەستی ئیستاتیكی و فەلسەفەی جوانناسی و هونەر و هەستی خۆشەویستی باوەش كردنە بەهەموو ژیاندا. بەخۆشی و ناخۆشییەوە بەهاودەمی و بەتەنیاییيەوە. واتا مامەلەكردنێكی ڕاستە لەگەڵ واقیعدا، وە ڕاستگۆیی و دیاریكردنی هەڵوێستیش یەكێكە لەو سیفەتە مرۆڤانەیەی كە بەدەستخستن و بوونە خاوەنی هەروا ئاسان نییە. جیهانی هەر شیعرێكیش ئەگەرچی جیهانێكی تایبەتییە بەڵام دیسان بەشێكە لە ژیانە گشتییەكەی ئەو كۆمەڵەی كە تیایدایە بەدرێژایی مێژووی فەلسەفی بەپێی گوڕانی هەر سیستەم و كۆمەڵ و ڕاونینی جیاواز و پێناسە و تێگەیشتنی جیاواز و پێویستتر بۆ فەلسەفەی ئیستاتیكیا كراوە. تێگەیشتنی ئیفلاتون لە ئیستاتیكیا و پێناسەكردنی جیاوازە لە بۆچوونەكانی هیگل یاخود دیكارت و شارل لالو، كروتشیە هەتا دەگاتە لێكدانەوەكانی بلێنسكی و چرنشیفسكی، لە هەر قۆناغێكدا بەچەند جۆر پێناسە و تەفسیری ئیستاتیكا كراوە. لە زۆربەی ئەو ڕوانینانەدا هەموو حاڵەتە

ئـاسایـی و نـائـاسایـییـەکـانـی مرۆڤ دەستنیشان کراوە. هـەروەك چۆن و لـە سروشتدا درەختێك لە بەهـاردا سەوز دەبێت و گەڵا دەکات و بەرهـەمی دەبێت هـەر هـەمـان درەخت لە پایزدا دەگۆڕێت و گەڵای دەوەرێت بەڵام ئەوەیە درەختە و ژیانی تێدایە و بنج بەستی زەوی خۆیەتی. بەهـار دێتەوە دەژیەتەوە ئینجا ئەو بەشە لە شیعرەکانی کامەران کە هـەستی ئیستاتیکی بەبارێکی جیاوازدا شکاوەتەوە هـەر ڕەنگدانەوەی دڵسۆزی حاڵەتی مرۆڤانەی ئەوە لە هـەڵسەنگاندنێکی جوانییەکاندا، ڕوانینی کامەران بۆ سروشت و بۆ کـۆمـەڵـی دەوروپشتـی لـەو ڕوانـگـەیـەوە سەر هـەڵدەدات کـە سروشت و کـۆمـەڵ جـوانـەوە هـەقیقـەتـە و واقیعـە، بـەڵام وەك مـەنتیقی فـەلسەفەی ئیستـاتیك ڕوانینـەکـان نیسبییـە نـەك لـە کەسێکەوە بۆ کامەران. بەڵکو لە سەردەمێکی ژیانی ئەوەوە بۆ سەردەمێکی ژیان خۆی دەپارێزێت و نامرێت بەڵام ڕوانینەکان دەگۆڕڕین. واتاکانی –ئەوسا– و –ئێستا– سەرهـەڵئەدەن و جیاوازی لە ڕوانینی ئیستاتیکی ئەودا دروست دەکەن لە تەماشاکردنی تەنیا شیعرێکدا ئەم حاڵەتە دیار دەدات، کە دەڵێت:

ئەوســـا دنیا لەلای دڵـــم خـۆش و بـــــەرین بوو
بـاخـــی هـەستم گوڵزارێکی گـــــەش و ڕەنـــگین بوو
بەهـــاری گیان هـەمیشە تەڕ، جـــوان و پـــاراو بوو
لە دەروونا خوڕەی تاڤـــگە و قەڵبەزەی ئـاو بـــوو (١٣)

شاعیر لێرەدا ئەم وێنانە دەنێتە لاوە و واتا ئەوسا دەکات بەئێستا و سەردەم و ڕۆژگارەکە، واقیعەکەی خۆی، هـەستە ئیستاتیکییەکانی خۆی بۆ ئێستا دەگوێزێتەوە و دەڵێت:

ئێستە هـەرچــــی ئەندێشیەك پـــاراوی خـــەمە
لەنـــــاو دڵ و لـــــە دەروونی تاریکـــا هـــەمە
هـــەرچی خونچەی ئـاوات هـەیە هـەموو هـەڵوەرین
هـەرچــــی چاوی یادم هـەیە هـەموویـان ئەگرین
چـــاو لێڵاویی و دڵ نـاســـۆری تـاریکی داهـات
خەفەت لەگەڵ جـــەهـەننەمی دەروونــــم ڕاهـات(١٤)

بـەم شێوەیـە جـیـاوازی ئـیـستـاتـیکی دروست دەبێت لـەگەڵ گۆڕانی واقیعی دیاردەکان ئاڵوگۆڕی زیاتری مەسەلەکاندا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەواقیعی ئیستاتیکی و ڕوانینی شاعـیرەوە هـەیـە بـۆ کـۆمـەڵ بـۆ سروشت بـەتـایـبـەتی لـە دوا دیوانیدا –دیوانی زەبری

هۆنراوه‌-دا زیاتر ڕه‌نگ ئه‌داته‌وه‌، به‌لای منه‌وه‌ له‌و جۆره‌ گۆڕانه‌شدا کامه‌ران هه‌ر ڕاستگۆ و شاعیر بوو، ئینجا بڕوانه‌ وشه‌کانی، ڕاستگۆ، شاعیر. که‌ هه‌رچۆن بێت ئه‌و ژاکانی جوانییه‌کان و به‌ساخته‌کردنی هه‌قیقه‌ته‌کانی به‌ڕه‌وا و به‌هه‌ق نه‌ده‌زانی، ده‌بوا هه‌ڵوێستی هه‌بێ واتا شیعری هه‌بێ، کامه‌ران ته‌نها به‌یه‌ك به‌یت شیعر کێشه‌که‌ ده‌کاته‌وه‌ و ده‌ڵێت:

له‌لای ئێوه‌، گڵ مه‌یل بڕ شه‌هید ناو ون بوو

کێ ئه‌سووتێ، با بسووتێ، ببێ به‌سووتوو(١٥)

به‌ڵام کامه‌ران هه‌ر له‌و دیوانه‌ شیعره‌دا و له‌ شیعره‌کانی ئه‌م دواییه‌دا ئه‌گه‌ر به‌وردی سه‌رنج بده‌ین ده‌بینین که‌ تێگه‌یشتن و هه‌سته‌ ئیستاتیکییه‌که‌ی ئه‌و زیاتر به‌لای هه‌ستی جوانی نزیکبوونه‌وه‌ له‌ ژیان و کاره‌ساته‌کانی ژیاندا ڕۆچووه‌ و تیایدا قووڵ بۆته‌وه‌.

ڕاستییه‌کان گه‌شتر خۆیان ده‌نوێنن و وه‌ك له‌ پێناسه‌ی فه‌لسه‌فه‌ی ئیستاتیکدا وتمان ئیستاتیکا فه‌لسه‌فه‌یه‌که‌ باوه‌ش ده‌کات به‌ژیاندا، ئه‌وا له‌و شیعرانه‌دا هه‌ست ده‌که‌ین که‌ باوه‌شی کامه‌ران چه‌نده‌ باوه‌شێکی گه‌رم و پڕ ئاسووده‌ بوو ئه‌و ژیانه‌ تاڵ و پڕ له‌ چه‌رمه‌سه‌ری و دڵشکانه‌ی، بۆیه‌ لایه‌نی دووه‌می کێشه‌که‌ ساخ ده‌کاته‌وه‌ و به‌ره‌نگاری ڕه‌شه‌با ده‌بێته‌وه‌ له‌ جاران جوانتر ده‌ڵێت:

«ئه‌و دڵه‌ی وه‌ك دڵان نییه‌

ترسنۆك و نیان نییه‌

دڵه‌ گه‌شه‌که‌ی جارانه‌

دڵی پاکی تێکۆشانه‌»

سەرچاوەکان:

١– فلسفة الجمال و نشأة الفنون الجميلة. محمد علي ابو ريان–ل٣٢.

٢– مباديء علم الجمال –شارل لال. ترجمة– مصطفي ماهر.

٣– الموسوعة الفلسفية المختصرة –ل٢٠–.

٤– سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی– ئای. ئەی. ریتشاردز.

٥– موجز تأريخ النظريات الجماليه. م. أوفسيانيكوف– ص ٣٢٢,٣٢١.

٦– دیوانی –دیاری– ل ٧٧– کامەران.

٧– دیوانی–ئاگر و ژیلە– ل ٨٤– کامەران.

٨– دیوانی –گوڵ ئەستێرە– ل ٦٠– کامەران.

٩– دیوانی –گوڵ ئەستێرە– ل٨٣.

١٠– ئاگر و ژیلە –ل٦٠.

١١– دیاری –کامەران–ل ٥٧–

١٢– ئاگر و ژیلە ل٨٤ –کامەران.

١٣– زەبری هۆنراوە –کامەران ل ٦٢٨.

١٤– زەبری هۆنراوە –کامەران ل ٦٨.

١٥– زەبری هۆنراوە –کامەران ل ٦٩.

سبەینێ و دووبارەبوونەوە

ئەم نووسینە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی شیعرێکی شاعیر –دڵشادی عومەر کاکی– بەناوی: سبەینێ و دووبارەبوونەوە

بەشی یەکەم

ڕەنگە ناونیشانی ئەم شیعرە لای خوێنەر جێگەی پرسیار، ڕامان بێت کە داهێنان پێچەوانەی دووبارەبوونەوەیە و ئایا لێرەدا چۆن ئاوێتەی یەکتری بوون؟! بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە واتایەکی –هیرا کلیتس–ی فەیلەسووف دەکەینە سەرەتای باسەکە وتوویە «یاسای گۆڕان پوختە و گەوهەری هەموو شتێکە. هەموو شتێك ئەگۆڕێ تەنها یاسای گۆڕان خۆی نەبێ»(١)

واتا گۆڕان پێچەوانەی دووبارەبوونەوەیە. چونکە دیارە لەو دووبارەبوونەوەیەدا گۆڕان نییە. لەم یاسا فەلسەفییەوە ئەگەر بێینە سەر باسی شیعر و دنیا فراوان و پڕ نهێنییەکەی. هەمیشە کە شیعرێك دەبینین ڕەنگە بپرسین هەتا چەند سەرنجی ڕاکێشاوین ئەگەریش گۆڕانی تیایە لە چاو شیعری شاعیرانی کەدا. ئایا گۆڕانەکە داهێنانە یان نا؟

چونکە هەموو گۆڕانێك لە ناوەڕۆك و ڕواڵەت و دیاردەکاندا نابێت بە داهێنان. بگرە دووبارەبوونەوەیە هەندێ جاریش بەرەو پاشەوە گەڕانەوەیە، شیعریش کە یەکێکە لە هونەرە بەرزە مرۆڤایەتییەکان دەتوانین داهێنانە شیعرییەکانی پێ بسەلمێنین. یەکێك لەوانە شاعیر –دڵشادی عومەر کاکی–یە، ئینجا بەلای منەوە –دڵشاد و هەموو هاوڕێ شاعیرەکانی بەتایبەتی ئەوانەی کە دواڕۆژێکی گەشی شاعیریەتیان تێدا ببینرێت ئەرك و کارە هونەرییەکان گەلێك دژوار و قورسترە لە شاعیرانی پێش خۆیان. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە ئاسۆی ڕۆشنبیری فراوانتر بووە بەهۆی وەرگێڕانی کتێب لە هەموو زمانەکانی دنیاوە هۆیەکانی گەیاندن وەك گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆن – ڤیدیۆ و – سەتەلایت و ...هتد ئەمە جگە لەوەی کە شاعیرێکی وەکو دڵشادی عومەری کاکی بە بڵاوکردنەوەی چەند شیعرێك کە ترووسکەی دواڕۆژێکی گەشیان تیایە زیاتر بەر پرسیارە ئەرکەکەی قورسترە لەلایەك دەبینێ دەنگی ئەوەندە بەهێز و گەورە بێت بتوانێت لە دەنگی شاعیرەکانی پێش خۆی –نەوەی پێشوو–تێپەڕێنێ. لەلایەکی کەوە هەر لە

سەردەمەکەی خۆیدا گەلێك دەنگی وەك خۆی یاخود لە ئاستی خۆیدا هەیە و دەبینێت لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە چۆن هەنگاوی لەوان گەورەتر بنێت. ئەو چەند شیعرەی دڵشاد کە لەم دواییەدا بڵاوی کردنەوە ئەوە دەهێنێت ئەوەندەی پێویست بێت چەند تیشکێکیان بخەینە سەر لە پێش ئەم نووسینەی مندا مامۆستا حسێن عارف لە گۆشە تایبەتییەکەی خۆیدا چەند سەرنجێکی لەبار و شیاوی سەبارەت بەشیعری –کزەی شیعری ئەم شاعیرە نووسیوە. شیعرەکەی سەرنجی مامۆستا حسێن عارفی چیرۆکنووسی ڕاکێشابوو بەتایبەتی لە ڕووی زمان و مۆسیقای شیعرەکەوە ئەمە بووە هۆی ئەوەی منیش دووبارە تەماشای ئەو شیعرە و چوار پێنج شیعری بڵاوکراوەی تری بکەمەوە. لە ڕاستیدا شیعرێکی وەکو –سبەینێ و دووبارەبوونەوە– توانیویەتی تەئکیدی حاڵەتێکی زۆر مرۆڤانە بکات کە هەرگیز لە خۆشەویستیدا دووبارەبوونەوەی لە نرخ و بەهای ئەم خۆشەویستییە کەم ناکاتەوە، ئەوەی کە زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوەبوو کە بەیەکجار خوێندنەوە ئەگەر سەبارەت بەناوەڕۆکی شیعرەکەش بێت لە هەموو لایەن و سووچێکی دنیای شیعرەکە بەڵەد نەبووم و هەستم کرد دەبێ چەند جار بیخوێنمەوە. لە سەرەتادا دەنگی شاعیر دەبێتە دوو دەنگ. ئەو دوو دەنگە یەکتر تەواو دەکەن و دەبنە یەك دەنگ پێشتریش بەرامبەر دیاردەی دووبارەبوونەوەکە تووشی ترس و سام و ڕامان دەبێت هێڵێکیان دەنگەکەیە و ئەوی کەیان حاڵەتی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکەیە کە دەنگەکە لێوەی خوڵقاوە.

دەترسم!
لە ترسی
دووبارەبوونەوە
بپرسی!
دووبارەبوونەوە
بپرسی
یەکجارە، بۆچوینە
دەستی گەردوونەوە؟!
گەر
لەسەر چاوەکەی هەر

ئازاریٚ ڕاوەستم
من نیوەی
دەنگی تۆم(٢)

زۆربەی شیعرەکانی دڵشاد و هاوتەمەنە شیعرییەکانی بریتین لە شیعری لیریکی –غنائی– ئەو شیعرانەی کە تۆخترین ڕەگ تیایاندا واتا خاسیەتی بنەڕەتی ئەوەی کە یەك دەنگی تیادایە ئەویش دەنگی شاعیرە هەمیشە بانگ یاخود– مخاطبەی– بەرامبەرەکەی دەکات کە بۆتە کەسی دووەم لە هەمان کاتدا سەرچاوەی ئیلهام و هەژانی دەروونی لەلای شاعیر دڵشاد– کە هەردوو لای کێشەکەی بەدوو دەنگ داناوە لە ڕاستیدا کێشەکە هەمووی هەر دەنگی خۆیەتی و ئیتر خۆشی دەبیٚ بەنوێنەر و خوڵقێنەری دەنگی دووەم نابیٚ ئەوەشمان لە یاد بچێت کە لم سەردەمەدا بەچەشنیٚ ئەم جۆرە شیعرانە زۆربوون خەریکە مەترسییەکی کوشندە بۆ کاروانە مەزنەکەی شیعر دروست دەکات. شیعری لیریکی هەرچەندە سۆز و هەژانێکی دەروونی و بانگی خۆشەویستی و بەیەك گەیشتن و دواڕۆژی گەشی تیایە بەڵام لەبەرئەوەی سیفەتەکانی– زاتی ڕۆمانسی هەناسە کورتی و کورتە شیعری تیایە و بەگشتی سوود لە ئەفسانە و داستان و ڕەمز و دەمامك وەرناگیریٚ ئیشارەتدان بۆ هونەری گەورە و ڕووداوی گەورەی تێدا نییە و درامای تیادا لاواز. لەبەر ئەم هۆیانە ئەم جۆرە شیعرانە پێویستییان بەخەرجکردن و دابینکردنی ڕۆشنبیرییەکی باش و پتەو نییە زیاتر هەڵچوونی کاتی و خودی کەم خایانە.

لێرەدا لە ڕوانگەی ئەم شیعرانەی دڵشاد تکای ئەوە دەکەم کە ئەم دەنگانە گوڕ و توانایان هەیە و ئەو توانایانە ئەگەر لە بابەتی گەورەدا خەرج بکریٚ باشترە و زەمینەیەکی فیکری توانای ڕۆشنبیرییەکی فراوان بۆ شاعیرەکە دروست دەکات و لە هەمان کاتدا ماوە و جێگایەکی فراوان و بیٚ سنوور بۆ ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە ساز دەکات هەتا زیاتریان لە بارەوە بنووسێت و زیاتر کەشفی توانا و داهێنانەکانیان بکات کە دەگەڕێینەوە لای شاعیر دەبینین دوو وێنەی بەرانبەر یەك ڕاگرتووە. خۆی و ئەو –خۆی.

(پرشنگی نێو چنگی
ئازاری هەر شەویٚ
نەبێتە ئاونگی
سەر سنگم خەوی لیٚ ناکەویٚ)

ئەو: کەلای شاعیر دەبێ بە -تۆ-
(تۆش لەبەر دەرگای هەر ساڵێکدا ڕاوەستی
نەخەونی بەر خۆری
ڕۆژانی مناڵی
دەگاتە نێو دەستی سبەینێ
نەتەونی خەیاڵی
دەرگای ژەنگ لێ نیشتوو
دەبێ بەبرووسکەی ساڵێ کە دەیگەیێنێ

شیعرەکەش بەوپەڕی توند و تۆڵی یەکێتی بابەت- یاخود یەکدگیریە وە بەنەرمە ڕەوتی خۆی دەڕوا و گەلێ دیمەنی شار و تابلۆی ڕەنگینمان نیشان دەدات لەو شارە دیمەن و تابلۆیانە دەنگ و مرۆڤ و شتەکان بەیەکدا دێن و دەچن. ئەبێ بەکارەساتێکی تراژیدی. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانەدا شاعیر شەقڵ و سیمای (سبەینێ) دەدۆزێتەوە ئەوە ئیسپات دەکا کە دەبێت یا بمرین و لە بیر ڕۆژگار بچینەوە یاخود- ورشەی دەروون-مان ببەخشینە ناو جەرگەی ئەو تاریکییە و نەهێڵین دێوە ترسناك و تاوانبارەکان لەو تاریکییە زیاتر سوودمەند ببن بڕوانە.

سبەینێ
ئەو ڕۆژەی بەتەنها
سبەینێ دەیگەینێ
دەبێ هەر
لاشەی مردوومان
یا ورشەی دەروونمانی بەینێ

لە سەرەتای ئەم نووسینەدا باسی دووبارەبوونەوەمان کرد و ئێستا شاعیر چۆن مامەڵەی لەگەڵ دووبارەبوونەوەدا کردووە.

لای شاعیر هەر دووبارەبوونەوەیەکی ئەو حاڵەتەدا بەخشین و دابینکردنی زیاتر خۆشەویستی هەیە بگرە هەر دووبارەبوونەوەیەك لای ئەو بارێکی ئیجابی و گۆڕانە ئینجا کە گۆڕانەکە تەواو پێداویستییەکانی گۆڕان و بەرەو پێشەوەچوونی خۆی دابین بکات ئەوا دەبێتە داهێنان چونکە گۆڕانەکە دووبارەبوونەوەی یەك حاڵەت نییە. ئەگەر

وەها بوایە نەك هەر ئەسوار ڕەنگی كاڵ دەبووە بەڵكو هەر تەواو دەمرد.

ئەوانەی دووبارە خۆشمەویٚ
یەكجارەی مردنەو
دووبارەی ژیانەو
چەند جارەی ئەوەندەی لە دامێنی تاڵی سبەی دا.
(كە تۆ هەی
وەك سبەی دیسان تۆ
جوانترین دووبارەبوونەوەی)

لە پێش ئەمەشدا دڵشادی شاعیر هیوای بەو دواڕۆژەی هەردووكیان بەڕاشكاوی دەربڕیوە و سیفەتەكانی خاوەنی ئەو هیوا گەورەیەی لە دوو وشەی –نەمردن –نەمری –نەسرەوتن –تێكۆشان–دا بەرجەستە كردووە دواڕۆژی گەشی كردووە بە موڵكی ئەوانەی هەردەم هەنگاو دەنێن و لەسەر دوێنیٚ و یادگارەكانی ناژین. ئێستا هەردووكیان –من و تۆ– وەك –ڕەنگ و دەنگ– لە دووبارەبوونەوەدان لە گۆڕان و لە چاوەڕوانی ئەو –سبەینیٚ–یەدان. كە نەخشێكی لەمڕۆ باشتر و ژیانێكی ئارام و مسۆگەر بۆ هەموولا بخووڵقێنیٚ. ئەمە زیاتر ناوەڕۆكی شیعرەكە بەهێز دەكات و سەرجەمی شیعرەكە دەبێتە هۆ وەسیلە– بەهەموو مانایەك دەبێتە هادف– بۆ مەسەلە و مەبەستێك. یەكیٚ لە خاسێتەكانی بنەڕەتی و سەركەوتووانەی شیعری كوردی لە مڕۆماندا دەبیٚ هۆ بێت بۆ بەئەنجام گەیشتنێك شاعیر شتێكمان پیٚ دەڵێت كە هەیە و زۆركەس ئەو بوونە نابینن تەنانەت پێویستی بوونیشی ناسەلمێنن. بەبیٚ ناوەڕۆك بیٚ فیكر و ڕێباز ڕێگای نەگرتووەتەبەر. دەیەویٚ هەموو شتێك بەسەلیقەی وردی شاعیرانە لە یەك شتدا كۆبكاتەوە و ئێمە و ئەو باشتر لە یەك بگەین. بەلای منەوە شیعر پەیامێكی خۆی پیٚ نەبوو وەك مرۆڤێك وایە بیٚ جیهان و بیٚ چاو و بیٚ دڵ بیٚ ناو و ناسنامە.

لێرەدا دیسانەوە دووبارەبوونەوەی دەنگ و ڕەنگ و نەسرەوتنەكە ئیسپات دەكات و دەبێتە خاوەنی پەیام.

(من و تۆ
دووبارەبوونەوەی
دەنگین

ڕەگێکین چوونەوەی
گرانە و دووبارە
ئەوەی کە چاوەڕێی ڕۆژگارە
نامرێ و ناسرەوێ
ئەوانەی دووبارە خۆشمەوێ)

بەشی دووەم

لە چەند شیعرێکی ئەم دواییەی شاعیردا و بەتایبەتی لەم شیعرەدا کە ئێمە لە بارەیەوە دەنووسین. تەواو هەست بە-یەکێتی بابەت- دەکەین لە شیعرەکەدا. بەپێچەوانەی گەلێ لەو شیعرە -لیرکی-یانەی ئەم سەردەمە کە دەیانخوێنینەوە وە هەست بەپچڕان و لاوازی یەکێتی بابەتەکە دەکەین تەنانەت لە هەندێکیاندا ئەگەر کۆپلەیەك و دووانیش دەربێنین لە ناو مەساری شیعرەکە ناگۆڕێ و تێکی نادات. لای دڵشاد بەجۆرێك واتاکان باوەشیان بەیەکدا کردووە و ئاوێتەی یەکتر بوون کە هەرگیز ناتوانین لە یەکتریان دابڕین و لێی دەرهاوێژین. بەلای منەوە ئەوەی زیاتر توندوتۆڵی بابەتی شیعرەکە و یەکدگیرییەکەی پاراستووە ئەو ئیقاعە مۆسیقییە نەرم وە لەسەرخۆ و نەپچڕاوەیە کە لە ناوەوەی شیعرەکەدا بەئاسانی دێتە گوێ دیارە کە مۆسیقای ناوەوەی شیعر چەندە گرنگە و چۆن لەلایەن شاعیرە گەورەکانەوە گرنگی تەواوی پێدراوە تەنانەت ئەم مۆسیقای ناوەوەیە کارێکی وەهای کردووە بوونی -قافیە- بەهیچ جۆرێك لەو شیعرانەدا پێویست نەبێت و هەر هارمۆنییەتێ کە وشەو واتاکان دروستی دەکەن خۆیان دەبن بە کێش بۆ شیعرەکە و قافیە بوون و نەبوونی وەك یەکی لێ دێت ئەوەی لەم شیعرەدا سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کە سەراپای شیعرەکە -سێ هەنگاوییە. ئەم جۆرە کێشە خۆماڵییە کە بنەڕەتەکەی کێشێکی سادە و لەباری فۆلکلۆری کوردییە توانیویەتی بەشێوەیەکی زۆر سروشتی ئەو ئیقاعە یاخود ئەو مۆسیقا هێمنەی ناوەوە ببەخشێتە شیعرەکە بڕوانە ئەو چەند بڕگەیە:

گەر١-١
لەسەر=٢,١+٢=٣
چاوگەی هەر =٣
ئازارێ ڕاوەستم=٣٠٣
من نیوەی=٣

دەنگی تۆم=٣
مەبەستم=٣
هێندەیە=٣
لە دامێنی تالّی=٤+٢=٦ ٦÷٢=٣
سبەی دا کە تۆ هەی=٣٠٣
دیسان تۆ=٣
جوانترین=٣
دووبارە=٣
بوونەوی=٣

ئەم کێشەی سێ برگەییە کە بەتەشکیل بوونی هونەری ئەو مۆسیقانا و خۆییەی بەخشیوە بە شیعرەکە ڕەنگە ئەگەر پارسەنگی یاخود لەنگەری قافیەکانیشی لە تەکدا نەبوایە هەر دەوری خۆی ببینیایە و هیچی لێ کەم نەبووایەتەوە بەلاّم شاعیر بەو لەنگەرانە واتا بەو قافیانە گەلێ وشەی سادە و خۆش باودا دروستی کردوون نەیتوانیوە چوارچێوەیەکی یاخود بلّێین نەخشەیەکی ڕەنگین لەسەر تەختی شیعرەکە دامەزرێنێ لێرە دەگەینە ئەوەی کە ئیقاعەکە بەهۆی مۆسیقا ناوخۆی و لەنگەری قافیەکانەوە دروست بووە چونکە (ئیقاع بەتەنها لە خۆیەوە دروست نابێت ئەگەر هۆکارێکی گۆڕانی ئامێز یاخود مۆسیقایی نەچێتە پالّ و تەبایی و گونجاندنەکە دروست نەکات)[٣] لەلایەکی تریشەوە تەماشا دەکەی ئەم مۆسیقای ناوخۆیی و کێشە ئاسانە لە وشەی زۆر سادە و ساکار و خۆمالّی سەر زمانی خەلّکی دروست بووە. کە ئەمەش خۆی یەکێکە لە سیفاتەکانی شیعری لیریکی. لەم بارەیەوە هەر لە سەردەمی شاعیرە ڕۆمانسییەکانەوە بەتایبەتی-وردزورس و کولرج- بیروڕای وەك یەك و جیاواز پەیدابووە هەتا دەگاتە شاعیرە گەورەکانی ئەم دواییە و وەك ئەلیوت و نەزراباوند-(تەنانەت -ئەلیوت- لە یەکێ لە بەشەکانی وێرانە خاك-دا هەر بەو زمانە سادەیە شیعرەکەی داڕشتووە[٤] لە هەمان کاتیشدا (نرخ و بەهایەکی هونەری وەهای داوەتێ کە هەر لەو زمانە ئاساییەی خەلّك بژارەی کردووە و بەرەو بەرزی بردوویەتی[٥].

لێرەشدا خالّێکی گرنگتریش هەیە کە بریتییە (لە چڕکردنەوەی مانای ئەو شەو واتایانە)[٦] و دەست بلاّوی نەکردن لە بەکارهێنانیاندا بڕوانە لەنگەری قافیەکان و سادەیی وشەکان و چڕکردنەوەی مەبەستەکانیان لەم چەند نموونەیەدا. ئەبێ ئەوەش

بزانین ئەم شیعرەی دڵشادی عومەر کاکی یەکێکە لەو شیعرە دەگمەنانەی ئەمڕۆکە -تدویر-ی مۆسیقای تیا بەکارهێناوە. شیعری -مدور- مودەوەر کە حاڵەتە کپ و هەڵچووەکان تیایدا تەواو -هارمۆنی-دەبن. زیاتر بەڵگەی توندی بابەت لەناو ئەو شیعرەدا ساخ دەکەنەوە.

(سبەینێ ئەو ڕۆژەی بەتەنها
سبەینێ دەیگەینێ
دەبێ هەر
یالاشەی مردوومان
یاورشەی دەروونمانی بەینێ گەر
لەسەر
چاوگەی هەر
ئازارێ ڕاوەستم
من نیوەی دەنگی تۆم
مەبەستم. هێندەیە
پڕشنگی
نێوچنگی
ئازاری هەر شەوێ
ئەبێتە ئاورنگی
سەرسنگم. خەوم لێ ناکەوێ

بەشی سێیەم

وێنە شیعرییەکانی سبەینێ و دووبارەبوونەوە

لە کاتێکدا کە باسی بنەما و ستوونە سەرەکی و بەهێزەکانی شیعری نوێ دەکرێت. سێ بنەما و ستوونی سەرەکی خۆیان دەنوێنن، یەکەم -زمان، دووەم-مۆسیقا، -سێیەم- وێنەی شیعری و ئەوندەی کە لە ناوەڕۆکی هەتر شیعرێکەوە نزیکە ئەوا دوو ئەوەندە پەیوەستە بەفۆڕمی شیعرەکەوە و، بەشێکی گەورەیە لەلایەنی جوانکاری و وردەکاری و ڕازاندنەوەی سیمای شیعرەکە وێنەی شیعری فریای دەربڕینی زۆر حاڵەتی هەڵچوونی دەروونی شاعیر دەکەوێت و لە گرفتێکی دژوار ڕزگاری دەکات، وێنەی شیعری لەم

شیعری دڵشادی عومەر کاکی دا فریای ئەو هەست و هەژانە پەنگ خواردوانەی دەروونی کەوتووە و لەسەر لاپەڕەکەی بەردەمیدا نەخشی خۆی داناوە. شاعیرە گەورەکانی جیهان و لای خۆشمان بەتایبەتی لای گۆران. وێنەی شیعری لە سەرووی گەلێ لە هونەرکاریەکانیەوە دەردەکەوێت. بۆ نموونە ئەگەر شیعرەکانی بەدر شاکر سەیاب بخوێنینەوە دەبینن کە سەیاب (سوودێکی زۆری لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە وەرگرتووە لە شاعیر گەورە جیهانییەکان. لە شیعرەکانیدا یا کاریگەری ئەلیوت ئەدۆنیس و ستویل و ناظم حکمت و کارسیا لۆرکا و شکسپیر و بابلو نیروداو گۆتییە دەدۆزیتەوە تەنانەت لە وێنەی شیعردا سوودی لە هونەرمەندە گەورەکانیش وەرگرتووە وەك نەخشاندنی وێنەی –دون کیشوت– کە لە ڕۆمانی –دون کیخوتە–ی سرڤانتسیە–ەوە وەری گرتووە[٧] لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا کە هەموو لیریکی و کورتە شیعرەدا وێنەکان زۆر یارمەتی دەربڕین و بەرجەستەکردنی خەیاڵی شاعیریان داوە و شاعیریش توانیویەتی ئەو وێنە شیعرییە (زهنیانە)ی هەیبووە بەرجەستەی بکات و وێنەی جوانی لێ پێك بهێنێ هەندێ بەم کارە دەڵێن ڕاوکردنی وێنەی یاخود وێنەکردنەوەی وێنەی سروشت و دیاردەکان کە تابلۆ شیعرییەکەی خۆیدا بەپێی زەوقی شیعر و توانا و چێژ و فەلسەفەی ژیانی دووبارە نەخشە دەکێشێتەوە لێرەدا توانای هونەری خۆی دەنوێنێ چونکە هونەر وەرگرتنی وێنەکان نییە. بەڵکو هونەر چۆنێتی وەرگرتن و بەکارهێنان و دروستکردنەوەی سەرلەنوێی وێنەکانە:

من و تۆ
دووبارەبوونەوەی
ئەو تەمەی
گرانە چوونەوەی
ئەو غەمەی
ئاسمانی ساماڵی
لێ گرتین
وردە خۆری شەوی
چەند ساڵی
گوڵ چنی ئاسمانی ڕاماڵی
بەینێ

نە تەونی خەیاڵ
دەرگای ژەنگ لێ نیشتوو
دەبێ بە برووسکەی
ساڵێ کە دەیگەینێ
سبەینێ
ئەو ڕۆژەی بەتەنها
دەبێ هەر یا لاشەی مردوومان
یا ورشەی دەروونمانی بەینێ

لەم شیعرەوە ئەوەی لە بارەیەوە ڕوونمان کردەوە دەگەینە ئەنجامێك کە ئەم شاعیرە لاوە ئێستا وەك دەنگێك کە لە دەنگە زوڵاڵ و ڕەسەنەکانی شیعری ئەمرۆی کوردی ئەگەر لە ڕووی خوێندنەوە و خۆ خەریك کردنەوە وەك هەوڵێکی سەرەتاییش بێت ڕەنگە کارێکی باش دەرهەق بەجێگاو توانای شیعری خۆی ئەنجام بدات چونکە توانایەکی گورج و گوڕ و خەیاڵێکی شاعیرانەی وردی هەیە. ئەمڕۆ لە ئەدەبی کوردیدا کورتە شیعر و شیعری لیرکی و یەك دەنگی و یەك مەبەست زیاتر لە پێویست بەژیانی سەردەمەوە زۆر بووە. دەنگی شیعریی باش کە زۆر کەمە و لەو جەنجاڵی بازاڕە گەرم و قەڵەباڵغەدا ون بوون بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر ئەم شاعیرە و هاوتەمەن و هاو ئەزموونەکانی پێویستییان بەخۆ پەروەردەکردنێکی زۆرە و دیارە ئەمەش لە توانا و تاقەتی زۆریاندا نییە و دوور نییە زۆریان یا لە سەرەتا یا لە نیوەی ڕێگادا بکەون. بۆیە بەلای منەوە ڕووکردنە شیعری درێژ و درامی و سوود وەرگرتن لە کەلەپوور و ئەفسانەی کوردی کارێکی لە هەموو کات زیاتر پێویستە.

سەرچاوەکان:

١- شیعری سبەینێ و دووبارەبوونەوە دڵشاد عومەر کاکی هاوکاری ژمارە ١٠٢٦

٢- هەموو ئەو کۆپلە شیعرانە لە هەمان شیعرەوە وەرگیراون

٣- فلسفة الادب والفن-د. کمال عبد ص ٥٥

٤- التجربة الخلاقة س. بورا ص٢١٥

٥- الشعر والتجربة ارشیبالدمالکش، ترجمة سلمي خضراء الجیوسي.

٦- الرؤیا الابداعیة: هاسکل.

شێوە لە شیعری نوێی کوردی-دا

هەنگاوی یەکەم:

فۆرمی شیعر بزووتن و گۆڕانە، لە دایکبوونێکی هەمیشەییە، فۆڕمی شیعری زیندوو ئەوەیە هەمیشە لە تەشکیل بوونێکی بەردەوامدا بێت،[١] لەو کاتەوەی کە پەیوەندی مرۆڤ و شیعر پەیدابووە هەتا ئێستا شیعر و شێوەی شیعر قاڵبی شیعری و کەرەستە جۆر بەجۆرەکانی لە گۆڕان و پێشکەوتنێکی بەردەوامدان، وەستانیان نییە، ڕەنگە لای شاعیرێك، سەراپا، یاخود بەزۆری یەك شێوە، قاڵبە شیعرێك خۆی دووبارە بکاتەوە، چەند مەبەستی جیاواز بەشێوەیەکی لە یەکچوو- وەك یەك- دووبارە ببێتەوە، بەڵام یاسای گشتی شێوە وەك یاسای گشتی ژیانە، لە شێوەیەك و قاڵبێکدا نامێنێتەوە، هەمیشە دەگۆڕێت و پێش دەکەوێت. لێرەدا مەبەستمان لە گۆڕان و پێشکەوتنی شیعری نوێی کوردییە کە ئەمەش دەڵێین ناتوانین ڕاستەوخۆ بێینە سەر شێوەی دارشتن و شیعر نووسینی ئەمڕۆ چونکە ئەم قاڵبە شیعری و شێوەی شیعر نووسینەی ئەمڕۆ لەپڕێکا و بێ ڕابوردووییەکی دوور دروست نەبووە، یاخود ئەتوانین بڵێین زادەی چەند قۆناغ گۆڕانکارییە لە شێوەدا. هەر قۆناغێك تاقیکردنەوەیەکی نوێیە وە هەرگیز شێوەی یاخود زمانێکی کۆن ناتوانێت تەعبیر لە تاقیکردنەوەیەکی نوێ بکات لەبەرئەمە دەبێت شاعیر هەوڵ بدات زمانێکی نوێ، ڕوخسارێکی نوێ قاڵبە شیعرێکی نوێ بدۆزێتەوە هەتا لە دوو لایەنەوە بتوانێ جێگەی خۆی لە ڕیزی شاعیرەکانی سەردەمەکەی خۆیدا بکاتەوە و بگرە هەوڵیش بدات لەوانیش تێپەڕێ و خاوەن دەنگ و تاقیکردنەوەی خۆی بێت. ئەو دوو لایەنەش بریتییە لە:

یەکەم: کەرەستەکانی شێوە لای ئەو کەرەستەی کارکراو و پاشماوەی شاعیرێکی تر نەبێت. واتە لە حاڵەتی هەمیشەیی داهێناندا بێت. بچێتە دنیای نوێ و هاوچەرخێتییەوە چونکە، هاوچەرخییەتی بریتییە لە توانای هونەرمەند لە هەنگاونان و تێپەڕیندا.[١]

دووەم: شێوە ببێتە هۆی نزیککردنەوە و ڕوونکردنەوە و بەهێز و پێزکردنی ناوەڕۆك لای شاعیرەکە. شێوە بەرجەستەی ناوەڕۆك بکات بەڵام خۆی وەك سەرپۆش یاخود

تارایەکی ناسك و ڕووپۆشێکی زۆر تەنکی بووکێك بێت، وەك ناظم حکمت دەڵێت، «من بەش بەحاڵی خۆم دەمەوێ شێوە بەجۆرێ لەگەڵ ناوەڕۆك و خۆیەتیدا بگونجێنم و جۆشیان بدەم کە ناوەڕۆك و خۆیەتییەکە دوو هێندەی دیکە ڕوون بکاتەوە، بەڵام شکڵەکە خۆی ڕوون نەبێ.

هەنگاوی دووەم:-

شێوەی باوی شیعری کوردی لە کۆنەوە شێوەی کێشەکانی هیجا -فۆلکلۆر-بووە، بەتایبەتی ئەو گەنجینە گەورەیەی شاعیرانی ناوچەی هەورامان و زەنگەنە بۆیان بەجێ هێشتووین هەموو لە شێوەدا ئەو کێشانەن و دیارە کە جووت قافیە -مەسنەوی-ن. بەڵام بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بەتایبەتی ڕۆشنبیری ئیسلامی و تاوسەندنی بەحرەکانی شیعری عەرەبی -عروزی عەرەبی- لەلایەك و هەڵکەوتنی زۆربەی شاعیرە کلاسیکییە کوردەکان لەو جیهانە ئاینییەدا. بووە هۆی ئەوەی شێوەی شیعری کلاسیکی کوردی یەك قاڵب وەربگرێت. بەڵام لە سەرەتای چەرخی بیستەم و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار بەزمانی کوردی وە پەیوەندی پەیداکردن لەگەڵ ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ بووە هۆی گۆڕانی قاڵبی شیعری کلاسیکی کوردی، زۆر لە شاعیرەکان گەڕانەوە سەر کێشی خۆماڵی کوردی. لە گۆڤاری -ژین-ی ئەستەموڵ دا کە ساڵی -١٩١٨-١٩١٩- دەرچووە، چەند شاعیرێکی کورد لەوێدا یەکەم تاقیکردنەوەی خۆیان دەست پێکرد وەك -عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری- کە ئەمە نموونەی یەکێ لەو شیعرانەیەتی کە جۆرە هەوڵێکی لە گۆڕانی قاڵبە شیعرییەکەدا بەدی هێناوە:

(طبیعت صامت و لاڵە...

ژخملان، ڕوح، جان والە

تنێ، دەنگەك

عجائب بلبلە دکاڵە؟...

تەگوو بلبل دگت ئەفغان

نەخێر

ئەو نعرەیا لاوان)

لە ساڵی -١٩٢٠- بەرەو ژوور کۆمەڵێ شاعیر و ڕۆشنبیری کورد ویستیان شیعری دەقگرتووی کوردی لە قاڵبی کۆنی چەند ساڵەی بێننە دەرەوە و گیانێکی نوێی بکەن

بەبەردا کە شیاوی سەردەم و تەکنیکی نوێی بەدیهاتوو لە ئەدەبیات و شیعری ئەورووپاوە بێت. کۆمەڵێ شاعیری لاوی ئەو سەردەمە کە زمانی تورکی یاخود ئینگلیزیان دەزانی بەتایبەتی گۆران و ڕەشید نەجیب و شێخ نووری ئاگاداری شێوەی نوێی شیعری تورکی و ئەورووپی بووبوون بارودۆخێکی نوێیان بۆ شیعری کوردی سازکرد. شیعری کوردی ئەوەندەی لە ناوەڕۆکدا نوێ بووەوە ئەوەندەش لە شێوەدا هاتە پێشەوە. ئەگەرچی تەواو دەستبەرداری کێشی پارسەنگی دوو نیوە دێر و جووت قافیە نەبوون بەڵام جۆرە هەناسە و دابەشکردنێکی نوێیان خستە نێوان دێر و نیوە دێرەکانی شیعرەکەوە هەروەها قافیەکانیش کەمێك لە یەکتری دوورکەوتنەوە و هەناسە و ئیقاعی تێ هەڵکێش کەوتە نێوانیانەوە، ئەگەرچی پاش ئەو هەناسە و ئیقاعانە دەچوونەوە سەر یەکتری، لێرەدا بەشێك لە شیعرێکی -ڕەشید نەجیب- لەم ڕووەوە دێنێتەوە کە ساڵی -١٩٢٦- نووسیویە:

(ئەوقاتێ ئەبێ، ڕوحم ئەکا تەرکی مەکانی
وەك تەیری جینانی
هەروەك، کە، وەڕس بووبێ،
لە دیداری حەقیقەت،
یەعنی، کە، لە، زات
تەسلیمی خەیالاتی ئەکا
دەستی عەنانی
قەسدەن ئەیەوێ دەرچێ لە دونیاو لە خەلیقەت
ئەو وەختە، لەسەر باڵی، دلاوێزی، خەیالات
هێندە دەفڕم، تاکو دەبم خارجی عالەم)(٠)
...هتد

ساڵانی سییەکان، ساڵانی شۆڕشی نوێی شیعرەکانی -گۆران-بوو. لە پەنجاکاندا -کامەران و دیلان هەردی و -ع.ح.ب- هەریەك بەشێواز -ئوسلوب-ی نوێی خۆیەوە هاتە پێشەوە. کامەران و دیلان لە سەرەتادا شیعری سەربەست-یان دەنووسی و بگرە لە پەنجاکان و شەستەکانیشدا من گەلێك لە بەرهەمی بڵاوکراوەیانم، بەتایبەتی -لە ڕۆژنامەی ژین-دا بینیوە، بەڵام ئەمان وردە وردە دەستبەرداری ئەو شێوە زۆر نوێیە بوون و چوونەوە سەر شیعری جووت قافیە و کێشدار -موزون و مقفی- وەك کامەران لە یەکێ لە نووسینەکانیدا باسی ئەم ڕاستییەی کردووە.

هەنگاوی سێیەم:-

بەپێی ئەو بارودۆخەی لە کوردستانی عێراقدا بەدەرچوونی بەیانی یانزەی ئازاری -١٩٧٠-هاتە پێشەوە، دەبوا بارودۆخێکی نوێ لە شیعردا، لە جۆری دەربڕینی شیعردا، لە کەرەستەی بەکارنەهاتوودا، واتا -لە شێوەدا- بێتە پێشەوە. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ئەو بارودۆخە درێژبوونەوە و پەرەپێدانی باری زاتی و مەوزووعی شیعری کوردی بوو لە پێش ساڵی -١٩٧٠-دا. ئەو بارە نوێیە دەبوا شیعری نوێی خۆی هەبێت هەتا بتوانێت زمانێکی نوێ -کە تاقیکردنەوەیەکی نوێ بوو- تەعبیر لەو دیاردە و ڕووداو و بارە نوێیە بکات. شاعیرەکان هەستیان بەهاوار و بانگەوازێکی نوێ دەکرد لە ناخیاندا. لە ناوەوەیاندا گەلێ مەسەلە هەبوو هەندێکیان پێویستییان بەوە بوو کە بتەقنەوە قەوارەی خۆیان لە تابلۆکەدا جێگە بکەنەوە ببنە ڕەنگێکی نوێی زاڵبوو بە سەرانسەرییەوە چونکە ئەو کەسانەی لە ناو نەتەوەدا بزووتنەوەی نوێخوازی بەرپا دەکەن و شێوەی نوێ دروست دەکەن ئەوانە کە هەست بەدەنگ و داخوازییەکی ڕۆحی دەکەن لە ناخیاندا بانگیان لێدەکات هەتا ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە هەستی پێ دەکەن[٦] ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە شیعری نوێی کوردی لەسەر دەستی کۆمەڵێ شۆڕەسواری ڕابەردا بێتە ناو کۆڕی ژیانەوە و شیعرەکان زیاتر پەل بهاون بۆ ناخی نهێنییەکان و ڕووناکی بخەنە سەر تاریکییەکان ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە مەودای دەربڕین و تەعبیر کردن لە شتەکان فراوانتر بوو، واتە بزووتنەوەکە -شۆڕشە نوێیەکە- تەنها لەوەدا نەبوو کە دەنگ و چەند ئیقاع و خاڵبەندی و چەند ناوێکی نوێ بێتە پێشەوە و دێری جووت قافیەی نەمێنێ و نیوە دێڕەکانیش بەرانبەر یەکتری کێشەکانیان بگۆڕێن، بەڵکو بزووتنەوەکە شۆڕشە نوێیەکە لە شێوە و جۆری دەربڕیندا بوو، وەك -عەبدولوهاب بەیاتی- لە تاقیکردنەوەی شیعری خۆیدا نووسیویە، جیاوازی بیروڕا سەبارەت بەفۆڕمی شیعر لە ئارادا نەماوە چونکە نوێکردنەوە لە شیعردا شۆڕشێك نییە بەسەر عەرووز و کێش و قافیەدا وەك هەندێك لایان وایە ئەوەندەی کە شۆڕشێکە لە تەعبیردا[٧]. ئینجا شێوەی نوێ لە شیعری کوردیدا کە لە دوای ساڵی -١٩٧٠-وە هەتا ئێستا بەردەوامە وە ئەبێت لە ڕووی ئەوەوە کە گۆڕانکارییە لە شێوەداو تەعبیرێکی زاتی و مەوزووعییە لە ڕووداوەکان و لە شتە جۆربەجۆرەکان هەمووی بەشێوەیەکی گونجاو پڕ بەپڕی قۆناغە مێژووییەکە هاتبێتە پێشەوە و جێ دەستی قەڵەمی لاواز و سەرنەکەوتووی تیا نەبێت، بەڵکو لەو لێشاوی تەقینەوەیەدا کە زۆر بەگوڕ هات.

گەلێکیان تۆوی مردن و نەمانی خۆی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو بۆیە هەر زوو لە سەرەتا یاخود نیوەی ڕێگادا چراکانیان کوژایەوە بەپێچەوانەی ئەمەشەوە هەندێکیان کە ژمارەیان کەمە پەیامی خۆیان گەیاندووبوونە شاعیر و کوڕی سەردەمە جەنجاڵەکەی خۆیان. ئەو یاسا شیعریانەی کە لە شێوەدا بووبوونە پێوەند و چەندین ساڵ ڕێگای گەلێ دەربڕین و پەلوپۆ هاویشتنیان لە شاعیری کورد بەستبوو ئەمان نەبوونە کۆیلەی ئەو قاڵبانەو لەو سنوورەیان تێپەڕاند. ئەو یاساو نەریتە شیعریانە شاعیر دەکەنە کۆیلەی خۆیان و ناهێڵن ئەو تین و توانای داهێنانەی لە ناخیاندایە خۆی دەربخات(٨).

هەنگاوی چوارەم:

شێوە لە شیعری نوێی کوردیدا بەو پێیەی کە مەودایەکی فراوان و پەڵ هاویشتنی زیاتر هەیە ناکاتە ئەوەی کە بزووتنەوەی داهێنان تیایدا ئاسانتر بێت لەو شیعرانەی مەودای فۆڕمەکانیان کەمتر بەرفراوانە، بەڵکو ئەم جۆرە بەرفراوانی و پەل هاویشتنە زیاتر خۆ ماندووکردن و تاقیکردنەوە و ڕۆشنبیرییەکی قووڵتری دەوێت. گومانیش لەوەدا نییە کە توانا و ڕادەی ڕۆشنبیری هەر شاعیرێك لە شیعرەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئایا ئەو شاعیرە هەتا چ ڕادەیەك توانیویە لە داڕشتنی شیعرەکەیدا شێوەیەکی یەکانگیر و توندوتۆڵ بدۆزێتەوە و ئەوەی مەبەستییەتی دەری بڕێت. ئەو تەکنیکەی لە سەراپای شیعرەکەیدا لە بەرچاوی گرتووە دیارە تەکنیکیش لە چوارچێوەی شێوەدایە هەتا چەند سەرکەوتنی داوەتێ و زاڵ بووە بەسەریا؟ شێوەی نوێی شیعری کوردی لای هەر شاعیرە جیهانێکی تایبەتە وەك ئەوەی کە بچیتە پێشانگای هونەرمەندێکی تەشکیلییەوە و بتەوێ لە جیهانی هونەرمەندەکە بگەیت، بەڵێ ڕاستە کە هەموو ئەو تابلۆیانەی کە هونەرمەندەکە نیشانمان دەدات یەك بابەت و یەك ڕەنگ نییە بەڵام ئێمە ئەگەر بەوردی تەماشای هەموو تابلۆکان بکەین یەك شێوە، یەك ئوسلوب و ڕێباز بەگشتی لە هەموو تابلۆکاندا دەدۆزینەوە و ئەمەش شێوەی تایبەتی –ڕێبازی هونەری– هونەرمەندەکە دەستنیشان دەکات، لە شێوەی نوێی شیعری کوردیدا بەکارهێنان و سوود لێ وەرگرتنی داستان و ئەفسانە چ خۆماڵی بێت یاخود هی هەر نەتەوەیەکی کە بێت. ناوهێنانی پاڵەوانەکانی ئەو داستان و ئەفسانەیە یاخود ئاماژەکردن بۆ کەسێکی مەزن، شاعیرێك یاخود هونەرمەندێك یاخود بەکارهێنانی بەیت یا چەند ڕستەیەکی شیعر و داستانێك، بووە بەیەکێك لە لایەنەکانی بەرەو پێشەوەچوونی شێوە. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ئایا

ئەو شاعیرە لە خواستنی ئەو کەرەستانەدا هەتا چەند سەرکەوتووە، چونکە بەتەنها خواستنی ئەو کەرەستانە بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێین فلانە شاعیر زیاتر دەزانێ و ئەوەندە بابەتی گەورەی هێناوە و لەگەڵ شێوەی شیعری خۆیدا گونجاندوویەتی، بەڵکو دەبێت بزانین بۆچی ئەو باسانەی هێناوەتە ناوەوە و هەتا چەند لەگەڵ شێوەی بابەتەکەیدا دەگونجێت. شیعر لە هەموو بابەتەکانی دیکە پتر فۆڕمێکی بەرجەستەی هەیە. مەبەست لە وشەی بەرجەستە ئەوە نییە کە فۆڕم تەنها لایەنی ماتریالی دەرەکی –مادی– هەبێ و بەس، چونکە ئەگەر وابێ فەرهەنگێك لە دیوانی شیعرێك لاپەڕەی زۆرترە و قەوارەشی گەورەتر، نەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی هەست و نەستەوە فۆڕمی شیعر ببینین. بۆ نموونە چاوە گوێچکە لەم بوارەدا یارمەتییەکی زۆرمان دەدەن[٩]. لەم ڕووەوە شاعیر –حەسیب قەرەداغی– لە شیعری –کەژاڵی جوان–دا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی نێوان خۆی و خەمی مەولەوی و گۆران دەدۆزێتەوە. شێوەکە دەبێتە ڕەنگێکی ئاوێتەبووی گونجاو لە نێوان ئەو سێ خەمە، یاخود ئەو سێ کۆستە. ناوەڕۆك شێوەیەکی قەشەنگ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و پەل دەهاوێت بۆ ناو جیهانێکی فراوانتر. ئەو تێهەڵکێش –تضمین–ە کە شاعیر کردوویەتی و شیعرێکی مەولەوی هێناوە و لە شێوەی شیعرەکەی خۆیدا شوێنی بۆ دیاری کردووە و ئەوەی کە لە سنووری خەمەکەی ئەودا جێی بۆتەوە و بەجۆرێك گونجاوە وەك ئەوەی کە بۆ ئەو جێگەیە دانرابێت و زیاتر شێوەی شیعرەکەی پێ بڕازێتەوە. ئەمە ئەو خاڵە گرنگە بوو کە پێشتر باسمان کرد. ئایا چۆن شاعیر ئەو کەرەستە هونەرییانە وەردەگرێت و چۆن بەکاری دەهێنێت؟

(کەژاڵی جوان هەر بێ دەنگە
کەژاڵی جوان زۆر بێ دەنگە
ڕووباری شێتی سۆزی من
لە ترسانا هێجگار مەنگە
دایك دەستی لەسەر دڵە
خەڵك و خوا دێن دەڕۆنەوە
هەرچی بەیتی سەبووریە
تۆزقاڵێ ترس

لە سیپالی هەناوی من ناشۆنەوە
شەو هاتەوە
ئەمشەو ئێجگار بێ ئامانە
لە دیوانی مەولەوییەوە شیعرێك هاتە خەستەخانە
ئەمشەو وە هەر حاڵ شەو وە ڕۆژ بە ڕوون
خوا، سا مەرگێ، سەحەر چێشکەڕوون)(١٠)

هەر لە هەمان شیعردا خەمەکانی گۆران و مەولەوی دێنەوە لای ئەم و لە کۆستی -کەژاڵ-دا زیندوو دەبنەوە. لەلایەك شاعیر دەبێتە دەروێشی مەولەوی و لەلایەکی تریشەوە دەبێتە شەیدای شیوەنەکەی گۆران ئەم بەکارهێنانەی شاعیر بۆ مەولەوی و گۆران گرنگییەکی تریشی هەیە کە ئیقاعی شیعرەکەی ئەم، جۆرە دابەشکردنی کێشەکان و هەناسە و دانانی قافیەی دێر و نیوە دێرەکان نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەوەندەی شێوەی شیعرەکە بڕازێنێتەوە لە دەربڕینی مەبەستی تەواوی شاعیر تۆزێك کەم بکەنەوە بیهێننە خوارەوە، لای ئەم تەکنیك، شێوەی نوێ، بۆ هەستانەوە و زیاتر هاوار و دەربڕینە، زیاتر قووڵبوونەوەیە بەناخی خەمەکەدا، واتا بەناخی بابەت و مەسەلەکەدا. هەریەك لە ناوەکانی -مەولەوی، گۆران، عەنبەرخان، گولاڵە، لە یەك جێگەدا کۆدەبنەوە. هیچ جیاوازی نییە کە لەو ئازارە ڕۆحییەدا لەو قاڵبە نوێیە شیعرییەدا ئەم بانگی ماتەمی نەوتراوی ئەوان تەواو بکات یاخود ئەوان لە فرمێسکی ئەمدا دوو وشەی ئازاری ڕۆح- پاش چەندین ساڵ بۆ ئەم دنیا ماتەم پۆشە بهێننەوە، بڕوانە چۆن شاعیر وشەکان لەناو دێرەکانی خۆیدا جێگا دەکاتەوە و دەبنە یەك ئیقاع.

من دەروێشی -مەولەوی-م و
شەیدای شێوەنی -گۆران-م
کەچی ڕۆڵەم، کەژاڵی جوان، وا کۆلیلی گەرمەشینت
مەرگی (گولاڵە و عەنبەریش) دێنێتەوە بەرچاوانم
هەموو ئەبن بەئێشێك و ئەڕۆن هەتا سەر ئێسقانم
ئەی هۆنراوەی ماتەمینی ئەم دنیایە،
خەڵکە ئێوە لۆمەم مەکەن، کۆستەکەی من زۆر گرانە!
تەنها خاکی خەم و خوێنە وەکو دڵی من وێرانە)(١١)

شاعیری نوێی کورد لە گەڕان و پشکنینا بەدوای سەرچاوەی ڕوون و بەفەڕدا بۆ دۆزینەوەی شێوەی نوێ و دەرخستنی دەنگی تایبەتی خۆی لە فەرهەنگی ئەفسانەکانی جیهان، ڕۆمانە گەورەکان، تاقیکردنەوەی شاعیرە گەورەکان سوود وەردەگرێ و قسە لەوێدا بۆ مەسەلەیەکی گەورەیە کە شاعیر نەك لە دوورەوە هێمای بۆ دەکات بەڵکە لە نزیکەوە ئاگاداریەتی و ڕووداوەکانی ئەو مەسەلەیە کە زۆر شاعیرانە قفل بەشێوەی شیعرەکەی شاعیر دەدەن. وەك نموونە ڕۆمانی –ئینجە مەمەد– یاخود بڵێین –حەمەدۆك–ی یەشار کەمال واتا یاسایەکی تایبەتی –دەق گرتوو– وەك بەرنامەیەك نەخراوەتە پێش چاوی هەتا پەیڕەوی بکات و نەتوانێت لەو یاسایانە لابدات. بۆنموونە شاعیری کلاسیکی کورد بەپێی دابەشبوونی شێوەکانی شیعر دەبوا لەسەر یەکێك لەم شێوانە شیعرەکەی خۆی دابڕێژێت: دوو تاکی –مەسنەوی–غەزەل، قەسیدە، یەك تاکی –فەرد، چوار خشتەکی، تەرجیع بەند و تەرکیب بەند، موسەممەت، موستەزاد، مولەممەع، موەشەح.

هەر لە بارەی کۆت و پێوەندی شێوەوە دەبوا شاعیری کلاسیکی کورد بۆ دەرخستنی شارەزایی و توانا و دەسەڵاتی شاعیری و داهێنانی خۆی لە داڕشتنی شێوەکەدا پەیڕەوی هونەری جوانکارییەکان –الفنون الکلامیە– بکات کە بەلاغەتیشی پێ دەوترێت: وەك (استعارە، مەجاز، تعقید، تضمین، تلمیع، توریە،...هتد.) بەڵام لە شێوەی نوێدا شاعیر لە دنیای خۆیدا هەر جارە شیعرێکی، جۆری داڕشتن و هونەرکاریەکەی دەبێتە یاسا لە دنیایەکی تایبەتیدا کە شاعیر پەیڕەوی ئەو یاسا بەربڵاوە فراوان و بێ کۆت و پێوەندە ئەکات. ئەم مەسەلەی سەربەستی نواندنە لە داڕشتن و ئارەزوومەندی تایبەتی شاعیر خۆیەوە هەر دەبوا بهاتایە پێشەوە و پەیڕەوی یاسای گۆڕان و پێشکەوتن بکات کە هەموو شت دەگۆڕێ و دنیا لە بارێکدا نامێنێتەوە و پێش دەکەوێت واتاو تەنانەت فەرهەنگی نوێی شیعریی دێتە پێشەوە ئەویش کە شاعیر لەو فەرهەنگەوە سوودمەند دەبێت و وەك هەوێریك کە چەندەها جۆر شێوەی جیاوازی لێ پێکدێ ئەویش واتا و وشەکان دێنێ و فۆڕمی شیعری خۆی لەسەر دادەمەزرێنێ، ئەگەرچی ئەو فەرهەنگەش دەبێتە تاقیکردنەوەیەك و لە ئەنجامدا سەقامگیر دەبێت بەڵام دروستبوون و هاتنە پێشەوەی شتێکی حەتمییە ئەوەندەی کە گۆڕان و پێشکەوتن یاسای سروشتە و حەتمییە و هەقیقەتە، هەر لەم بارەیەوە –گۆران–ی شاعیر نووسیویە (بوێژی تازە ئەوەندەی بوێژی کۆن لە هونەری یەکخستنی وشە و سفت چنینی وتەدا وەستا نییە بەتایبەتی بوێژەکانی

ئێستامان هێشتا لە دەوری تاقیکردنەوە تێنەپەڕیون لە سەردەمێکیشا ئەژین کە تەنانەت ئەو فەرهەنگەی وشەی لێ هەڵئەبژێرن بۆ بەرهەمیان هێشتا لە قاڵبا نەمەییوە ئەم هۆیە دەستی زۆرە لەوەدا کە شتی تازە زوو ئەتوانێ شوێن پێ پتەو کا لە مەیدانی هونەرەکەی خۆیا بەڵام لەبەرئەوەی هێزێکی تازەیە و ئەو شەقامەی گرتووە کە کاروانی مێژووی بەسەرا پێش ئەکەوێ لە ئەنجامدا گرەو هەر ئەو ئەیباتەوە(١٣).) هەر لە بارەی هەمان مەسەلەی شێوە و دەربڕین و فەرهەنگەوە -گۆران- بەزمانێکی سادە و ئاسان بیروڕایەکی قووڵ دەربارەی شێوەی شیعر دەردەبڕێت و دەڵێت(ئەگەر پێویستی وەزن و قافیە لە کایەدا نەبوایە نیاز و مەبەستی دڵ زۆر بەئاسانتر وە ڕەوانتر ئەدرکا)(١٤). لەم بۆچوونەوە شێوەی نوێی شیعری کوردی بەجۆرێك دەگاتە هاناو فریای بەرزبوونەوەی ناوەڕۆك، کە وێنەی شیعری جوان، داب و نەریتی نەتەوەیی، فۆلکلۆر، تێکەڵ بەخواست و ئارەزووی خۆی دەکات، شاعیر -محەمەد ئەمین پێنجوێنی- لە شیعری -کۆتەڵی کامەران-دا، کۆچی کامەران، لەو پلەیەدا دادەنێت کە دەبێت بەپێی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری کۆتەڵی بۆ بکرێت، چونکە لە ناو -جاف-دا بەتایبەتی بۆ پیاوی گەورە، لە ماتەمیا کۆتەڵ دەکرا. شیعرەکە هەر لە سەرەتاوە -هارمۆنیەتی- مۆسیقایەکی ماتەمی تایبەتی تێدایە، ڕستەکان، واتا کێشەکانی سەراپای شیعرەکە کورت و ڕەوانن، لەم کێشە ئاسان و سووکانە شاعیر وێنەی جوانی دروست کردووە، کە دیارە- وێنەی شیعریی-ش یەکێکە لە خاسیەتە گرنگەکانی شێوە، جگە لەوەی کۆك و لە باریی و نزیکی قافیەکان زیاتر یارمەتی ئەوەیان داوە کە مۆسیقای شیعرەکە نەشاز و قۆرت و هەناسەتەنگی تێ نەکەوێت، لە یەکێ لە وێنەکانی -کۆتەڵی کامەران-دا دەڵێت:

«نەمدی ژنان پرچیان ببڕن
پەلکەیان بکەن بە بازن
تا حەو ڕۆژە
پیاوان شانیان لە قوڕ نابێ
زین و کەلپۆزی سوارەیان
بە عورفی ناو خێڵاتی جاف
بەئاوەژوو
لەبەر ڕۆژا
لەسەر پشتی ئەسپ نابێ»(١٥)

لە شێوەی نوێی شیعری کوردییا هەردوو بابەتی مەنەلۆژ و دیالۆژ جێگای تایبەتی خۆیان هەیە، شاعیری نوێی کورد لەو سەربەستییەدا کە شێوەی نوێ پێی بەخشیوە گفتوگۆ ساز دەکا کە ئاخاوتنی نێوان دوو کەس یاخود زیاترە.

لەمەدا زۆر شت کە شاعیر باش بۆی دەست ئەدات بەشێوە ئاساییەکەی شیعر-مەبەستمان تەنها شیعری نوێیە، دابڕێژێت ئەوا سەربەستانە بەڵام بەوریاییەوە، ئەو چەند ڕێگایە دەگرێتە پێش لە ڕابوردوویەکی نزیکدا -کامەران-ی شاعیر چەند تاقیکردنەوەیەکی لە دیالۆگدا هەیە، لێرەدا تەنها یەك نموونەی لێ دەنووسین ئەو دیالۆگەش لە نێوان دوو لایەندایە، لایەنێکیان تەنها شاعیر خۆیەتی و لایەنەکەی تریان دوژمنانی گەل و نیازەکانی شاعیرن:

(وتیان ئەو ڕێیە کە تۆی لەسەری
مانای ئەوەیە بەلاوی ئەمری
منیش پێم وتن ئەم ڕێیە نەگرم
بەگەردن کەچی و کەساسی ئەمرم)

لەو دوو بەیتییەدا واتاکانی، -وتیان-پێم وتن- حاڵەتی ئەو دیالۆگەیە کە باسمان کرد، شێوەیەکی لەمە نوێتر کە دیالۆگە لە نێوان دوو دڵداردا کە قەدەر و ڕێکەوتێکی کورت و لەپڕ دروستی کردووە.

لە شێوەی داڕشتنی نوێدا خاوبوونەوە و کەرتبوونی دەنگەکان دەبیستریێت، ئەم دیاردەیە لە هەمان کاتدا لای گەلێ لە شاعیرانی عەرەب دەبینرێت، کە ئەوانیش بەتایبەتی لە کۆتایی شیعرەکانیانەوە وشەی قفڵی شیعرەکە لەت دەکەن و دەیگەڕێننەوە بۆ ئەو تیپانەی کە وشەکەی لێ پێکهاتووە. -جەلال بەرزنجی- کە شاعیرێکی ئەم ڕۆژگارەمانە و شێواز -اسلوب-ی تایبەتی خۆی هەیە و زیاتر گرنگی دەدات بەمۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی، ئیقاعەکانی لە ناوەوە تەشکیل دەبن و دەردەکەون شاعیر لە یەکێ لە تاقیکردنەوەکانیدا، کە دیارە مۆرکی کاریگەری شێوەی لەتبوون و خاوبوونەوەی دەنگەکانی یەك وشەی تیایە دەڵێت:

«دەمخرۆشێنێ
بینینم لا دروست دەکا
بینینێك دەڕوا

وەك سەوزایی
دەشگەڕێتەوە
وەك مەرگ
دەم خرۆشێنێ
د
ە
م
خ
ر
ۆ
ش
ێـ
ن
ێ»(١٩)

ئەمە جگە لەوەی هەوڵێکی وەك ئەم تاقیکردنەوەیەی شاعیر لە چەند شیعرێکی -نازم حیکمەت-دا دەبینرێت.

هەر لە شێوەی نوێی شیعری کوردیدا چوارین وەك یەکێك لە جۆرەکانی شیعر زیندوو دەبێتەوە و دێتە ناو کۆڕی شیعری کوردییەوە، جگە لە -کامەران موکری- کە ماوەیەك بە نووسینی چوارینەوە خەریك بووە. لەم دواییانەدا چەند شاعیرێك بەڵام بە سەربەستی زیاترەوە چوارین دەنووسن وەك -ع.ح.ب- و -ئەحمەد تاقانە- و -غەریب پشدەری- کە دەڵێین چوارین مەبەستمان تەنها یاسا باو و گشتییەکەی نییە کە قافیەی یەکەم و دووەم و چوارەم وەك یەك بن و تەنها سێیەم جیاواز بێت، بەڵکو ئەم شاعیرانە چەند گۆڕانکارییەکیان لە قافیەکاندا کردووە، هەندێ جار بووە بەدوو بەیتی، یاخود قافیەی یەکەم و سێیەم وە قافیەی دووەم و چوارەم یەکێکن یاخود یەکەم و چوارەم یەکێك بووە و دووەم و، سێیەم یەکێك بوون، بۆ نموونە لە هەندێ چوارینی -غەریب پشدەری-دا نیوە دێری دووەم و چوارەم جووت قافیەن بەڵام یەکەم و سێیەم سەربەستن، ئەم سەربەستییە جۆرە مەودا و دەرفەتێکی هەناسە دەدەن بە شاعیر کە بتوانێت زیاتر مەبەست بپێکێ و قووڵتر بیر بکاتەوە:

(هەرچەندە هێمای عیشقێکی زەردی
دواڕۆژەکـــانـــی وەرزی تـــەمـــەنـــم
لـــەبـــەردەم تـــۆف و زریـــانـــی دزێو
وەك ڕەگ و ڕیشەی دارودەوەنـــــــــم)[٢٠]

هەروەها پۆستەری شیعریی کە ئەمیش بەشێك لە هەوڵەکانی شاعیری نوێ لە دروستکردنی شێوەی نوێدا دەچێتە بارێکی تەکنیکی وەهاوە کە شاعیر ڕووداوێك دەهێنێت و دەیکاتە نموونە بۆ مەسەلەیەکی لەو گەورەتر وە لە شێوەدا پۆستەر پەرەپێدان و پێشکەوتنێکی گەورە و باڵای چوارینە چونکە چوارین هەمان لێدان و کۆتایی دوایی تێدایە و زۆرجاریش باسێك یاخود گێڕانەوەیەکی هونەری کارەساتێکە و هێمایە بۆ باس و مەسەلەیەکی لە خۆی گەورەتر، جگە لەوەی کە قەوارەی بابەتە نووسراوەکە لە هەردوو جۆردا نزیکن لە یەکەوە. وە لە بواری زانستی ئیستاتیکادا شێوەی نوێ دەورێکی گەورەی هەیە، بەجۆرێك کە شێوە دەبێتە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ئیستاتیکا چونکە (لەوە دەچێ زۆربەی خەڵکی لەسەر ئەو ڕایە یەك بگرنەوە کە یەکێ لە ڕەگەزە سەرەکی و پێکهێنەرەکانی جوانی -فۆرم-ە واتا شێوە، کە دەڵێن شێواز یانی یەکێتی و بەیەکەوە گونجان و تێکەڵییەکی پڕ لە هارمۆنیەت واتا -ئیقاع[٢١]، هەیە کە دەتوانین لەوێوە زیاتر بچینە دنیای ئەو شێوازە نوێیانەوە کە ئەمڕۆ شاعیری کورد پێوەی خەریکە و ئێستا زۆریان لە دەوری تاقیکردنەوەدان.

سەرچاوەکان:

١- مقدمة للشعر العربي -أدونيس-.

٢- في الجذور الاجتماعية لحركة الشعر الحر -نازك الملائكة- الآداب العراقية -ص٧.

٣- هونەری نازم حیکمەت -ئەکبەر بابایف.

٤- گۆڤاری ژین ی ئەستەمول-ژ١٤ ساڵی ١٩١٩ی زایینی.

٥- ڕەشید نەجیب و نوێکردنەوەی شیعر و نووسینی کوردی، ئومێد ئاشنا -گۆڤاری بەیان- ژمارە-٢١ ساڵی ١٩٨٦.

٦- سەرچاوەی ژمارە دوو.

٧- تجربتي الشعرية- عبدالوهاب البياتي.

٨- حركات التجديد. س. مورية.

٩- بایەخی شێوە -خاتو مار جۆری بۆڵتن. کاروان -ژمارە ٥٧

١٠- کەژاڵی جوان -حەسیب قەرەداغی- کاروان ژمارە

١١- هەمان سەرچاوە

١٢- سەرنجێکی کورت لە شیعر، گۆران-

١٣- هەمان سەرچاوە

١٤- کۆتەڵی کامەران -کاروان- ژمارە ٥٨ ساڵی ١٩٨٧

١٥- گەرم نەبوونەوە -جەلال بەرزنجی

١٦- هەڵوێست -شیعری

١٧- سەرچاوەی ژمارە

شیعر و کێشەی داهێنان

بەشی یەکەم

هەموو لەگەڵ ئەو بڕوا بەخۆبوون و هەنگاونانەداین کە لە ئەنجامی هۆشیاری ڕۆشنبیری و شارەزاییەوە بەدی هاتبێ. ئەو نووسینانە خۆشەویست و کاریگەر نین دەیانەوێ ئامۆژگاری دابدەن ڕێگا و شوێنی دەستووری بۆ شاعیر دیاری بکەن، یاخود بیەوێ بڵێ ئەمەیە مەرجەکانی شیعر نووسین و بەم شێوەیە دەتوانی ببیە شاعیر!! ئەمە قسەیەکی پووچە! ڕاستە شاعیر ڕێنمایی دەکرێت بەڵام شیعر و بوون بەشاعیری سەرکەوتوو ئامێرێك نییە نموونەی بەرزی ئەدەبی و شیعری باش دروست بکات، بەڵکو لە سەرەتاییترین قۆناغی ئەم ئەرکە گەورەیەدا شیعر هەڵوێستێکە لەوەدا شاعیرەکە هەست دەکات کە خۆی بەشێکە لە ویژدانی نەتەوەکەی و لە ناو بۆتەی دژوارییەکانی کۆمەڵدا قاڵ دەبێت و پێ دەگات. خولیای جیهانە مەزنەکەی شیعریش ئەوەندەی سۆز و هەڵچوون و هەستی جوان پەرستییە ئەوەندەش پێویستی بەڕۆشنبیری پتەوە بۆ بەرەوپێش چوون و توانای داهێنان کە هەر لە چۆنیەتی داهێنان و گەورەیی و بچووکی ئەو داهێنانانەدا نەخشەی بوونی شاعیر و توانای قەڵەمەکەی دەکێشێ و لەلایەکی تریشەوە تێگەیشتنێکی زانستییانەیە لە باری واقیعی کۆمەڵ و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان. دراسەکردنی فەلسەفە و ڕێ و شوێنی پێشکەوتنی کۆمەڵە سەرەڕای ئەوەی کە توانا و دەسەڵاتێکی هونەرمەندانەیە بۆ بەکارهێنانی کەرەسەکانی شیعر و ئەدەب و مامەڵە پێکردنیان. شاعیری ڕاستەقینە ئیمڕۆ کون و کەلەبەری یاسا سروشتییەکان و گۆڕانە ماتریالییەکان دەپشکنێ و ئەوەندەی کە خۆی لە ژیانی وەردەگرێت دوو ئەوەندە بەژیان دەبەخشێتەوە. شاعیر تەنها بەهرەکەی خۆی و کۆمەڵێ دیوانی شیعری شاعیران دادی نادات و ناتوانێ لە سەردەمەکەی خۆیدا دەرکەوێ و نەمریی بۆ دواڕۆژی خۆی مسۆگەر بکات.

شاعیری گەورە مرۆڤێکی هونەرمەندە لە خامەکانی خۆیدا دەتوێتەوە و زاتێکی نوێ و جیاوازتر لەوەی دوێنێی لە خۆیدا دەخولقێنێ. من بە شتێکی خراپی نازانم پەنجە ڕاکێشم و بڵێم فلانە کەس بەڕاستی شاعیرە بەو مەرجەی بەتوانای داهێنان و باسی بەرهەمەکەی ئەم قەناعەتەی لای من دروست کردبێ. کە گوێم لە شیعرەکەی بوو ئەو

واتایەی –گۆران–م دێتەوە یاد کە دەڵێت: «هەموو جۆشی دڵم، هەموو نەشئەی کەللەم هەموو ڕووناکی ژیانم، هەموو تین و گەرمایی دڵداریم بەدوو ڕۆژ لە قاڵبی هەڵبەستێکدا داڕشتبوۆی»، شیعر ئەگەر ئەو ئازارە پڕ تام و خۆشە بێت خۆی بوون و نەمریی خۆی دەسەلمێنێ. خۆی بەرەنگاری چەرخەکانی داهاتوو دەبێتەوە لە بەرانبەریا دەوەستێ.

هەموو دەزانین لەو سەردەمەی کە گۆڤاری گەلاوێژ بەردەوام دەردەچوو سەدەها شاعیر شیعری تیادا بڵاوکردەوە، دوایش گۆڤارەکانی ڕۆژی نوێ و شەفەق و هیوا و... هتد، ئینجا لەو هەموو شاعیرەی کە لە ژمارە نایەن دوایی چەندیان مانەوە و گرەوی شاعیریەتیان بردەوە؟ بێ گومان چەند کەسێکیان کە بە پەنجەی دەست دەژمێرایێ وەك گۆران و پیرەمێرد و هەردی و دیلان و کامەران و دڵدار و ع.ح.ب و بەختیار زێوەر لەم سەردەمەشدا هەر بەهەمان شێوە دەنگێك دەمێنێتەوە کە شێوە و ڕێبازی تایبەتی خۆی هەبێ واتا دەنگی تایبەتیش بەلای منەوە بریتییە لە هونەرێکی ئیستاتیکی کە بنج بەستە بەکێشەیەکی فیکرییەوە بتوانێ لە ژیانی ڕۆژانەی کەسانی دەورویشتا جۆرە گۆڕان و هەستکردنێکی زیاتر پێك بهێنێ، سەرسامی ببەخشێ، فەرهەنگێکی تایبەتی زمانی شیعریی ئەو کەسە بێت زۆرجار ڕێکەوتووە کە چەند شاعیرێك شیعرەکانیان لە پێناوی پەرەسەندنی کێشەیەکدا وتووە، هەریەکەشیان دەنگ و خاسیەتی تایبەتی شیعریی خۆی هەبووە هەر یەك لە دەرگایەکەوە چووەتە ئەو شارەوە. لەم ڕۆژگارەشدا کە سەرچاوەی باش و دەوڵەمەند زۆرە و کۆمەڵ پێشکەوتووترە زیاتر زەمینە لەبارە بۆ خولقاندنی ڕۆشنبیرییەکی شیعری فراوان، ئەو کاتە سەردەمەکە خۆی پێوانەی هونەری و هەستی جەماوەر و سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی بزانێت کێ شاعیرە و کێ شاعیر نییە؟!

گرنگی مێژوو لەوەدایە هیچ کات بەسەر ئەو ڕووانەدا تێ ناپەرێ و بەوردی لێکیان دەداتەوە. شاعیر کاتێك نەمری بۆ دەنگی خۆی مسۆگەر دەکات کە هەڵچوونێکی کاتی و سۆزێکی تایبەتی لە قۆناغێکی کەم نەفەس و کورتا شیعری پێ نەڵێت بزانێ ئەوەی ئەیڵێ ئەبێ نەمری سبەینێ بۆ خۆی مسۆگەر بکات. ئایا شاعیر هەست بەوە ناکات کە بەشێکە لە ویژدانی نەتەوەکەی. شیعری کاتی و باو و کەم تەمەن ڕەنگە چەند هۆیەکی رازی کردنی خەڵکی بەدەست بێنێ بۆ ماوەیەك دەربکەوێ بەڵام لە ئەنجامدا هۆشیاری کەسانیی ئەو کۆمەڵە و گۆڕانی باری ئابووری و قۆناغی نوێی مێژوویی پەردەی لەسەر لا دەبات چونکە نەیتوانیوە دەوری پێشرەوی وریا کردنەوە ببینن، لە کاتێکدا پێویستە لەسەریان لە هەموو بارێکەوە لەسەر بیر و لێکدانەوەی خەڵکییەوە بن، واتا لەوان وریاتر

بن بۆ نەخشەکێشانی قۆناغی گۆڕان و پێشکەوتن. لەلایەکی تریشەوە... هیچ خاوەن تیورێك و فەلسەفیەکی شۆڕشگێڕی دژ بەجوانی سروشت و ئافرەت و سێکس نییە. ئەمان لە کاتێکدا دژ بەو ڕواڵەتانە دەوەستنەوە کە هۆیەك بێت بۆ خۆ دەربازکردن لە هەقیقەتی تێکۆشان و بەرەوپێش چوون، زۆرجار دیمەنێکی نازداری سروشت یاخود کارەساتێك یا ڕوانینی جوانێك بۆ شاعیرێك بوو بەسەرچاوەی داهێنان و ڕەوتی پێشکەوتنی شیعر و ژیانی وە دەبێ بزانین شیعری نەمر ئاوازێکی دڵفرێن و هێمنە، هەرچی گریان و پێکەنینی دنیا هەیە لە یەك ساتی تیژ تێپەڕدا دەری دەبڕێ و هەتا هەتایە لە گوێماندا دەنگ ئەداتەوە.

شیعر ئەگەر جێگەکەی تەنها ناو دوو بەرگی کتێب و ڕەفەی کتێبخانەکان بوو، ئەگەر شیعر نەکرا بەگۆرانی و سروودی دەم خەڵك، ئەگەر لە دایکبوون و مردن پێکەوە بوون، ئەگەر نەیگریاندین و یاخود ڕووناکی نەخستە دڵ و دەروونی تاریکمانەوە ئەوا هیچ پێویست نییە هەر ساتێك کاتی خۆمانی لەگەڵ بەفیرۆ بدەین. هەردەم کە –عەنبەر خاتوونی، مەولەوی و دەوریش عەبدوڵلا و زیندانی ئەژدەهاکی گۆران دەخوێنینەوە دەڵێی یەکەمجارە ئەو شیعرەمان خوێندبێتەوە! ئاخۆ ئەم شیعرانە چ سیحرێکیان تێدایە وەها نەمرن؟! لە وەڵامدا دەڵێین ئەوەندە بەسن کە شیعری جوانن و ئەو شیعرانەن کە گۆران– دەڵێت:

«شیعرێ گیانی تیابێ بژی و ببزوێ
زمانی دڵ بزانێ و باش پێی بدوێ»

مەبەستمان لە بوونی شیعر بەموڵکی جەماوەر ئەوە نییە شیعر هەموو کەس ڕازی بکات، کەس تووڕە نەکات و لە پێناوی هیچ بەرەیەدا نەبێ و دژی بەرژەوەندییەکانی بەرەیەکی تر نەبێت، ئەگەر وەها بوایە لە مێژووی ئەدەبدا، هەر لە دروستبوونیەوە هەتا ئەمڕۆ هیچ شاکارێك دروست نەدەبوو، شیعرەکانیش لەگەڵ بەسەرچوونی ئەو سەردەمەی تیا دروست بووە بەسەردەچوو.

ئێمە مەبەستمان لەم شیکردنەوەی باری داهێنانە ئەوەیە کە ئەدەبێکی باش و نەمر زیاتر بێتە ناوەوە و پەرە بسێنێ. ئەمەش ئەوە ناگەێنێ کە ئێستا نموونەی باشی ئەو ئەدەبەمان نییە. بەڵێ هەمانە و ئەگەر بێتو هەندێکیان بگۆڕینە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان دەتوانن بەو پێیەی تەعبیرێکی ڕاستەقینە و شاهێدی واقیعی نەتەوەکەیان بن

سەر بە تەکنیکی نوێی شیعر نووسین بەئاسانی دەچنە ڕیزی بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ئەو سەردەمەی گەلانی جیهانەوە. ئەمەش دیارە با وەهامان لێ نەکات کە چاومان لە داهێنانی گەورەتر نەبێت و لەسەر بەرهەمی دوێنێمان بژین، لە کاتێکدا پێویستە چاو لە سبەینێ و دوارۆژێکی گەشتر بین. ئینجا سەراپای ئەم کاری داهێنان و گەیشتن بەجەماوەرە دەبێ لەسەر بنچینە و یاسایەکی ئایدۆلۆژی سەر بەهەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا بێت. کە دەوترێ ئەدەبەکەمان ئەدەبێکی واقیعی و سەر بەجەماوەرە نابێ لەوەش بێ ئاگا بین کە ئەو سۆزی بەجەماوەر گەیشتنە لە هەندێ مەسەلەی زانستی ئەدەب و ڕێگا فەلسەفییەکەی دوورمان بخاتەوە و تووشی غەفڵەت و هێرشی عاتیفەیەکی ڕووتمان بکات لەلایەکی تریشەوە بۆمان هەیە کە بڵێین شیعر و ئەدەبیات لەگەڵ زانستا دژ بەیەك نین و بگرە لە هەندێ جێگادا بەیەك دەگەنەوە بەڵام ئەگەر لە هەندێ لایەنەوە ئەدەب ڕێگای تایبەتی خۆی هەبێ تەفسیری جیهان و دیاردەکانی کۆمەڵ مانای ئەوە نییە شیعر و ئەدەب شتێکی نازانستی نامەنتیقییە. زانست دەتوانێ پێناسەیەکی دەریا بکات و دەرگاکە دابخات، بەڵام دەریا لە ناو هەر شیعرێکدا دەریایەکی جیاوازە!. زانست دەتوانێ دووچاوی جوان پێناسە بکات و لە ژێر میکرۆسکۆب و کەرەستەکانی زانستا بەچەند ڕستەیەك تەواوی پێناسەی ئەو چاوانە بکات بەڵام بەژمارەی هەموو چاوە جوانەکانی دنیا شیعری بەرز و گەورە خولقاوی پرشنگەکانی چاوی جوان بووە. زانست دەفتەرێك بەکار دەهێنێت بۆ پێناسەی فرمێسك و شیعریش دەفتەرێکی جیاوازتر.

بەشی دووەم

هونەرەکانی داهێنان هەمیشە دەرگاکانیان کراوەیە لە داخستن و قفڵ و ژەنگ بەدوورە و لە پێشوازی هەوای خاوێن و بۆنی خۆش و جووڵان و بزواندنێکی بەردەوامدایە، کەچی هەندێ قەڵەم دەبنە هێزێکی نالەبار و کلیلی ئەم دەرگایانە دەدەن و ژمارە لەسەر دەرگاکان دادەنێن لێرەدا مەبەستم لە فراوانی و بەپێزی خەیاڵە، ئەو خەیاڵەی دیوی دووەمی واقیعێکی سەربەخۆیە بۆ هێنانەدی و وەرەخساندنی باشتر و باشتر، هەندێ خەیاڵیش هەیە جگە لەوەی لە چوار دیواری تەسك ناچێتە دەرەوە ناتوانێ یەکێك لە دەرگا داخراوەکان بکاتەوە لە سنووری دنیایەکدا کە بشێ بۆ گەورەیی خەیاڵی مرۆڤ پەرە بەژیانی خۆی بدا. خەیاڵی واش هەیە کۆت و پێوەند و خەت و خشتە دانان نازانێت. لە هونەری داهێناندا کات و شوێن سنووری نییە، باڵدارێکە، باڵێکی هەمیشە هێزێکی

ئەهرەمەن ئاسا بەردی بۆ دەهاوێ و مەقەستی بەدەستەوە گرتووە. بالّی دووەمیش هێزێکی سیحراوی نەغمەیەکی مرۆڤانەیە پڕە لە حەسرەت و ئاوات و ئازار وەك چرایەکی دوور مژدەی گەیشتنی کاروان دەهێنێ.

لە هونەری داهێناندا هەر دەرگایەی سەرەتای ڕێڕەوێکە بۆ جیهانێکی تایبەتی، هەندێك بەهۆی تێن گەیشتن لە دیوە ڕاستەکەی دەیانەوێت دەرگاکانی کەی قفڵ بدەن هونەر تەنها خاوەنی یەك دەرگا بێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بپرسین، بۆ هەموو ڕەنگەکان یەك ڕەنگ نەبوون؟ لە شیعردا هەزار پرسیار بەرەو ڕووی گەردوون و بوون و نەبوون دەبێتەوە، لە چیرۆکدا کام ڕووداو باس دەکرێ بۆ چ کەسێکی خاوەن کۆمەڵێ سیفاتی تایبەتی دەکرێت بەپاڵەوان و بۆ چ واز لە دوو کەسی تر دەهێنرێ و هونەرمەند ئاوڕیان لێ ناداتەوە. هەندێك خوازیاری جۆرە شیعر و ئەدەبێکن کە پڕ بەپڕی مەبەستی خۆیان بێت و نەچێتە سەر ڕێگایەك کە مل بەرەو جیهانێکی جیاوازتر بنێت. دەڵێن شیعر لە قۆناغ و دەسەڵات و ئیلتزام و پێ هەڵگرتنی هەندێ ڕێ و شوێنی ڕامیارییەوە دێتە دی گوێ نادەنە هەست و نەستی و ساتە گەرمەکانی شیعر و ئەدەب شیعر بە پێویستییەك نازانن کە دوو دەنگی تیا بێت، دەنگێك کە بەدەنگ هاتنەوەی بانگەوازی ناخی کەسێك بێت.

دەنگێکیش کە پرسیار بێت و گومان لە هەموو دیاردەکانی سروشتا نەهێڵێتەوە و ڕوونی بکاتەوە پاڵ پێوەنەرە ڕاستییەکانی یەك دەگرێ و گیان و کەرتبوونی زاتی مرۆڤ لە کوێوە بن و بۆ چ دێن؟ دەبێ بزانین لە پەیوەندییە هونەرییەکاندا نەخشەیەکی ئەوتۆ نییە کە خۆی لە خۆیدا ناوی هونەری فلانە مەسەلە بێت و بەپێی فلانە یاسا و لەو مەسەلەیە بدوێت بیخاتە پێش چاو. مرۆڤ بەهەناسە و خواردن و بزواندن دەژی، کەواتە بۆ ئیلتزام کردن بەژیانەوە پێویست یاساکانی هەناسە و خواردن و بزواندن بەجێ بگەیێنرێت، هونەریش هەروەها، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە هونەر گەورترە لە کۆمەڵێ کار و بزواندنی میکانیکی بۆ بەردەوامی ژیان. کەسێکی بێ هیچ هەست و دەروونێکی هونەری مولتەزیمە بەیاسا میکانیکییەکانی ژیانی خۆیەوە، وە نەبێ هونەرمەندیش لەو یاسایانەدا بەدەر بێت بەڵام ئەم هەمیشە بەدوای هەوای نوێ و بۆنی خۆش و هەناسەی قووڵترا دەگەڕێت و ئەمە بەلاوە مەبەستە، بۆیە هونەری داهێنان دژی یەك دەرگایی و یەك ڕێگەیی و جۆری ژیانە.

بەشی سێیەم

لە پەیوەندی توندی مرۆڤ و سروشتەوە هەموو دیاردەکان – ئەو دیاردانەی بەردەوامی ژیانی مرۆڤن، سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن بۆیە لە لێکۆڵینەوەی خاسیەتی جۆرە تایبەتییەکانی هەر نەتەوەیەکدا دەبێ بەوەدا تێبپەڕن کە بنەمای ئەو خاسیەتانە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ژیان و بەرفراوانی هەموو تاقیکردنەوەکانی ژیانی مرۆڤ. لە مێژوودا بەگشتی و لە ئەدەبی نەتەوەکانی جیهاندا بەتایبەتی ئەوە دیار و ئاشکرایە کە هەریەك لە شاکارەکان و ئەفسانە و داستانەکان مۆرك و تاقیکردنەوەی سەرلەبەری خۆی لە ڕەگەزی نەتەوەیی و دیاردەکانییەوە وەرگرتووە. بەمەدا دەزانین کە خوێنی شادەماری مێژوو هەوڵی بێ پشووی مرۆڤە بۆ بەربەرەکانی ناتەباییەکانی سروشت و خستنە ژێر دەسەڵاتی نەمری خۆیەوە. لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ بۆتە خاوەن نیشتەجێ بووی وڵاتی خۆی و سڵی لەوە نەکردۆتەوە کە ئاوەدان و جوانی بکات وە هەموو خۆشەویستی خۆی پێ ببەخشێت. جگە لەوەی کە ئامادە بووە ژیانی خۆی بۆ بەخت بکات. ئینجا لەم پەیوەندییە گەورەیەوە دەتوانرێ تیشك بخرێتە سەر گشت کارە مەزنەکانی مرۆڤ لە داستانەکانی پاڵەوانێتی خستنە ناو قاڵب و چوارچێوەی هونەرییەوە و ئەدەب و مێژووی ئەدەبی لێ پەیدا بووە نابێت خواست و مەبەستە تاکە کەسییەکانی مرۆڤە هونەرمەندەکانیش بخرێتە لاوە کە لایەنی زاتی پەرە پێدراوی ئەو سامانە گەورەیە پێکدەهێنن. خوێنەری باش و وریا هەمیشە لە خوێندنەوەیدا هەست بەوە دەکات کە ئەو دیاردە نەتەوەییانە بڕبڕەی پشت و پاڵپشتی تەواوی ئەو ئەدەبە بوون. چونکە ئەوە ئاشکرایە کە نەبوونی مۆرکی نەتەوەیی و دەرنەکەوتنی ئەو دیاردانە لە ئەدەبدا جگە لەوەی نەمری خۆی لێ دەسێنێتەوە ئەوا وەك منداڵێکی بێ ناونیشان و بێ دایك و باوکی لێ دێ کە ئەمیشی ون کرد ئەوا مۆرکی جیهانی خۆشی لێ زەوت دەکات و ئاکامێکی خراپی بۆ بەجێ دەهێڵێ. لێرەدا دەپرسین ئایا ئەو دیاردە نەتەوەییانە چین؟

وە تاوەکو چەند پەیوەندیدارن بەزیندوویەتی ئەدەبەوە؟، هۆی یەکەم یاخود دیاردەی یەکەم بەلای مێژوونووسانی ئەدەبەوە زمانی دەربڕینە. زمانی توندوتۆڵی بەپێز و شارەزابوون لە ڕەسەنایەتی و نەجوینەوە و دووبارە نەکردنەوە نرخی تەواو نابێت. بۆ نموونە بڕوانە دوو چیرۆکی فۆلکلۆری کە بەیت بێژێك و کەسێکی ئاسایی بێ بەهرە

بیخەنە ڕوو. شێوەی زمان هەر هەمان شێوەیە و بەسەرهات هەر هەمان بەسەرهاتە و کەچی دوو تام و بۆ و دوو کاریگەری جیاوازی هەیە. وەك ئەو چیرۆکەی کاتێ کابرایەك هاتبووە دێیەکەی- حەمزاتۆفەوە گێڕابوویەوە. هەموو خەڵکی ئاوایی بەسەرهاتەکەیان بیستبوو کەچی دەتوت نەیان بیستووە یەکەمجارە گوێی بۆ هەڵئەخەن. ئەمە تەنها لەبەرئەوەی کابرا زمانی گێڕانەوەی هونەرییانە و بەبڕشت بوو. بۆیە لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە چیرۆك و شیعر و داستانەدا کە بەزمانی زگماکی خۆ بێت و وەرگیراو نەبێت هەست بەدیاردەیەکی جیاواز و کەش و سروشتێکی تایبەت دەکەین.

دووەم دیاردە بەلای منەوە لەو ئەدەبە نەتەوەیییەدا کە دەنگی مرۆڤانەی خۆی پێ بگەێنیتە نەتەوەکانی دوور و نزیك سروشتی هەڵکەوتوو خۆیەتی سەبارەت بەئاو و هەواو کەش و وەرز و زەوییەکەی. لە ناوچە شاخاوییەکاندا هەڵدێر و دارو بەردی سەخت و بەفر و مەترسی دڕندە و ئاژاڵداری و گیانلەبەری و باڵداری هەمە ڕەنگ دیاردەی بەرچاون لە بیابان و دەشتە بەرینەکاندا تینی نەبڕاوی گەرما یاخود ڕووباری درێژ و کێڵگەی فراوان و فەرشی سروشتی ڕەنگین.

لە ئەدەبی فەلەستینییەکاندا تامی زەیتوون و پرتەقاڵ، لە دێهاتی بنار و قەد چیاکاندا چیرۆکی گوێ ئاگردان و شاڵ و بەرگی زبر و مرۆڤی گورج و تیژڕەو ئەو دیاردانە بەکاری وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەبنە شاهێد بۆ ڕاستەقینەی سروشتی ژیان و گوزەرانی خەڵکی و لەخۆ دەرخستنیاندا لە کارە هونەرییەکەدا نەمری پێ دەبەخشن.

لقی سێیەمیش بۆ دەرخستنی دیاردە نەتەوەیییەکە ڕۆڵی مێژوویی نەتەوەکە خۆیەتی، چونکە ئەمڕۆمان لە ئەنجامی گۆڕانە لە مێژوویەکانی دوێنێوە بەدیهاتووە. مێژووی هەر نەتەوەیەکیش جگە لەوەی سەرجەمی تاقیکردنەوەی ژیانیەتی لە کات و سەردەمی جۆربەجۆردا ئەویشی تێدایە کە مێژووی هونەر و ئەدەب و کەسانی خاوەن بەهرەی شارەزای سەربەخۆیەتی. خۆ ئەگەر ئێمە لە مێژوودا جۆرە شارەزاییەك بەکاری هونەر و کاری بەسەرهاتی دوێنێ و ئەمڕۆ موتوربە بکەین ئەوا لە ئەدەبەکەماندا دوو هێزی نەمرمان کۆکردەوە و کردمانە دڵ و ژیانی نەتەوەیمان. لقی چوارەم لایەنی سایکۆلۆژییە، چونکە هەر خوێنەرێك لە هەر جێگایەکی ئەم زەوییەدا -ئەحمەد-ی پاڵەوانی چیای ئاگری یەشار کەمال و - حەمە عەلی کورد-ی پاڵەوانی چیرۆکی -تەنەکە-ی هەمان نووسەر بخوێنێتەوە ئەوا لە سایکۆلۆژییەتی کەسێکی چیا نشین

ئەگات و ئەو سروشتەشی دێتە بەرچاو کە ئەو چیاییيەی لە باوەشدا پەروەردە بووە.

پێنجەم شتێك لەم باسەدا کە ئاوڕدانەوەیەکی هۆشمەندانەیە لە نەریت و خووڕەوشتی کەسانی نێو ئەو نەتەوەیە، وە قووڵ بوونەوەیە بەرەچەڵەکی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییانەدا، چونکە خاسیەتی ئەو ئێسکەی کە کۆمەڵی لەسەر دروست دەبێت ئەوەی کە کۆمەڵێ هەڵسوکەوت و نەریت و خووڕەوشت پێکی دەهێنن. دەشێ دوو نەتەوە لە نەریتێکدا یەك بن بەڵام لەسەر پاکی ئەوانی تردا ناچنەوە یەك جێگا و هونەر بەکاری لێهات و چالاکی خۆی دەزانێت چۆن نەریتە کۆن و بۆگەن و بێ کەڵکەکان بەلاوە دەنێت وە بە چ شێوەیەکیش بە بەرهەمەکەی ڕەچەڵەك و بنەمای ئەو عورف و نەریتانە تۆکمە و ڕەنگین دەکات و بەشداری دەکات لە ناساندنی کۆمەڵی خۆی بەکۆمەڵ و نەتەوەکانی جیهان. سەرچاوەی ئەم لقەش لە ئەدەبەکەماندا چەندەها بەیت و شێوەی ئەدەبی فۆلکلۆرییە، زۆربەی داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری تیادا ڕەنگ دەداتەوە وەك شایی و شین و سواری و تفەنگچێتی و ڕاو و شکار و میوانداری گەرمیان و کوێستان و مەقام و لاوك و حەیران و لاواندنەوە و...هتد.

لقی شەشەم پێشکەوتنی شارستانی ئەو گەلەیە کە لە ئەدەبەکەدا خۆیان دەنوێنن. ئایا شیعرەکە چەند توانای بەسەر دەربڕینی هەستی نەتەوەیی خۆیدا هەیە بەبێ ئەوەی بهێڵێ ببێتە کارێکی توخم پەرستی و خۆ بەباشتر زانین.

مەبەست لەم کورتە باسە تەنها ئەوە بووە کە ئایا ئەو دیاردە نەتەوەییيانە چەندە لە خزمەتی بەرزکردنەوەی ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدایە و چەندە لە گەیاندنی ئەو ئەدەبەدا بەجیهان لە کار و برەودان. دەستنیشان کردنی نموونە لەم ڕووەوە زۆرە. هەر لە ئەدەبی گریك و یۆنانی کۆن و چەرخەکانی ناوەڕاست و ئەم چەرخانەشدا کە زانست کارامەیی کاری زانستن و جیهانی وەك تاڵ و ڕێشاڵی تۆڕێك گەیاندووييەتییە یەك هیچ ئەدەبێکی زیندووش خاوەنی خۆی بزر نەکردووە و چێژی تایبەتییان پێ بەخشیوە. بۆ ئاگاداربوون لە مەبەستی ئەم جۆرە باسانە دەشێ بەئاگا هێنانەوەیەك بێ ئەمەش ئەرکی هەر نووسینێکە لە بواری مێژوویی خۆیدا کە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت.

گەرمبوونەوەی گیانێکی تەزیو

ئەم نووسینە بریتییە لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی شیعری –سەلاح محەمەد–ی شاعیر کە لە ژمارەکانی –٥٤، ٦٥، ٧٢ی ڕۆژنامەی عیراق بڵاوکرابوونەوە.

بەشی یەکەم

لە کاتێکدا دەچینە ناو جیهانی تایبەتی هەر شاعیرێکەوە، ئەویش بەسرنجدانی ورد لە شیعرەکانی، گەلێك پرسیار و بیروڕاو هەست و دەرك پێکردنی جۆراوجۆرمان لا دروست دەبێت شیعرەکان خۆیان کەم و زۆر دەرگای ئەم ئارەزووانەمان بۆ دەکەنەوە و شیعر یاخود کەسان و شتەکانی ناو دنیا شیعرەکەی دەکەونە گفتۆگۆ لە گەڵماندا و هەندێ جاریش کێشە و جیاوازی لە نێوانماندا بەرپا دەبێت و لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا دوایی دەگەینە زۆر ئەنجام ئەگەریش هەمووی نەبێت. بەتایبەتی کاتێك کە نووسەرێك بەچاوی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە شیعرەکان دەڕوانێت دەکەونە هەڵسەنگاندنیان. ئەوا لە سەرەتای چەند ڕێگایەکدا خۆی دەبینێتەوە و دەبێتە کەرەستە هونەری و فیکرییەکانی ڕێبوارێکی شارەزا و ڕێ نیشاندەر لەو ڕێگایانەدا، بۆ کەسێکی وەکو منیش کە لە یەکەم شیعری شاعیرەوە هاوڕێی سەفەر و ئیستگە و شارەزای قەڵەمی شاعیرانە و جیهانەکەیم، ڕەنگە کارە ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندنەکە باشتر نیشان پێکێ و لە هەمووان پتر لە ناخی شاعیرانە و هەست و نەست و هەڵچوون ئاراميیەکانیدا بچمە خوارەوە و باشتر بیانبینم. ئەم گەشتەی من ئەگەرچی تەنها بەجیهانی سێ شیعردایە بەڵام شار و شارۆچکەکانی جیهانی شاعیر ئەوەندە لە یەکترەوە دوورنین کە هەوا و کەش و تام و بۆی ئەو شیعرانەی تریشی لێوە هەست ئەکەین بۆیە لە یەکەم هەنگاوەوە دەتوانین زۆر بەئاسانی دەرك بەوە بکەین کە سەلاح محەمەد –شاعیرێکی– لیریکی غنائییە، ئەمە وەك خاسێتی گشتی شیعرەکانی، نەك وەکو هەندێك هەڵوێست وێنە و کارەساتی درامی بچووك بچووك لەملا و لەولاوە خۆیان دەنوێنن و زۆرجاریش پەل دەهاون بۆ مەسەلە گەورە و پیرۆزەکان، ئەمە جگە لەوەی کە وێنەی شیعری بۆتە یەکێك لە هەرە ڕەنگە تۆخ و گەشەکانی تابلۆی شیعرەکانی ئێمە وتمان، شاعیرێکی– لیریکی غنائییە، سەبارەت بەم بڕیارە ئایا چیمان بەدەستەوەیە هەتا ڕاستی بیروڕاکانمانی پێ بسەلمێنین؟ جگە لە سیفەتە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شیعرە و بەراورد کردنی لەگەڵ شیعرەکانی شاعیردا. لەم

ڕووەوە گەلێ بیروڕا هەن کە شیعری لیریکی بەشیعری ڕۆمانسی دادەنێن و هەمان حیسابی لەگەڵ ئەکەن بەلام لە ڕاستیدا حاڵەت و خاسێتەکانی شیعری و ڕۆمانتیکی یەکێکە لە ستوونەکانی شیعری لیریکی کەواتە بابزانین چۆن ئەم شیعرانە دەناسینەوە و پەنجەی لەسەر دادەنێین، شیعری لیریکی غنائی:

(١) ئەو جۆرە شیعرانەن کە مەودای هەناسەیان کورتە لەسەریەك ئیقاع داڕێژرێ و پشووی شاعیرکەم ماوەیە و زۆریان پارچە شیعر یاخود شیعری کورتن.

(٢) تایبەتمەندی خودی شاعیر زاڵە، هەندێ دەڵێن عاتیفی یا زاتی.

(٣) لایەنی درامی تیایدا کزو لاوازە و یاخود هەر نییە.

(٤) لەبەرئەوەی دراما وەك لە خاڵی سێیەمدا وتمان کزە شیعرەکە تەنها هەڵوێست و ڕامان و ڕوانینی یەك لایەنەی شاعیرە بەرانبەر ڕواڵەتەکان و خودی ڕواڵەتەکان.

(٥) شیعرەکان بێ گرێ و گۆڵ سادە و ڕەوان خۆیان دەنوێنن ئینجا وەك کارێکی پراکتیکی کاتێ تەماشای هەندێ نموونە لە شیعرەکانی شاعیر دەکەین ئەم ڕاستییانەش بەدیاردەکەون:

ئەم شەو لام بە مەڕۆڕەوە
بەفر کۆلانی گرتووە
هەرچی هەورە هێناویەتی
کۆچ و باری خۆی خستووە
چراکەی منیش لە جاران
بەکوڵتر جۆشی سەندووە
ئەوەی ماوە لە ئامێزە
دەنا چی تر لە کۆلانە
بەبێ دەنگی، خۆی مردووە![١]

شیعری لیریکی مێژوویەکی دێرینی هەیە، تەنانەت زۆر لە پێش شیعری درامی و مەلحەمیدا مرۆڤ خۆی پێوە خەریك کردووە، وەك چۆن مرۆڤ بۆ بەردەوامی ژیانی و دابینکردنی پێویستییەکانی لەش و گوزارەیی خۆی پێویستی بەخواردن و خواردنەوە جنس و خانوو کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی گیانلەبەران و مناڵ بوون زۆر شتی تر بووە بەرانبەر بەمەش ویستوویەتی پێداویستییە ڕوحییەکانی خۆی تێر بکات و دابینی بکات،

شیعر و مۆسیقاش لە یەکەم ڕۆژ و لە سادەترین شێوەدا هاوڕازی ئەم داخوازی حەزە ڕوحیانەی مرۆڤ بوون. ئەو شیعرە لیریکییانەی کە لەگەڵ ئامێزەکانی مۆسیقادا خوێندراونەتەوە وتراون ئاڵۆزی دەروونی ماندووێنی لەشی و جەنجاڵی مێشکی حەساندووەتەوە، هەر لەو کاتەشەوە مرۆڤ ئەم شیعرانەی لەسەر نەزم و ئیقاعێکی تایبەتی وتووە، ئەگەرچی نەیانزانیوە ئیقاع چییە؟

نووسین و خوێندنەوەش نەبووە، بەڵام لە شێوەی ڕێکخستن و دەنگی وشە و دەستەواژە و ڕستە کورتەکاندا ئەم ئیقاعە بەشێوەیەکی سروشتی پێکهاتووە لەم بارەیەوە دکتۆر کەمال عید لە کتێبەکەیدا (فلسفة الادب والفن) نووسیویە:

(هەروەك چۆن ئیقاع لە سەمادا بەجۆری جووڵانەوەی هونەرمەندەکەوە بەستراوە لە شیعریشدا بەدەنگی وشەکانەوە بەستراوە)[٢] لێرەدا پێویستە ئەوەش بزانین کە ئیقاع و شێوەی دابەشبوونی هارمۆنی شیعری لیریکدا زۆر ئاشکراتر و بەهێزترە لە ئیقاع و هارمۆنییەتی شیعری درامی و مەلحەمی چونکە خودی شیعری لیریکی چۆنییەتی دروستبوون و هەڵکەوتنی وەهای پێویستە کە تەرزێکی وەهای هەبێت، ئەوەش ئاشکرایە کە هەتا شیعر کورت بێ و ڕستەکان بچووك و وشەکان دەنگی تایبەتییان هەبێت ئەوا شاعیر زیاتر دەتوانێت گیانی ئەو ئیقاع و هارمۆنییەتە بەرزبکاتەوە، لە سەردەمێکدا زۆربەی هەرە زۆری شیعری لیریکی بۆ مەبەستی دڵداری و جوانی ئافرەت دەوترا. لە هەندێ شێوەی شیعری ڕۆمانسی نزیك بووبووەوە. هەروەك چۆن ئێستا لای ئەم شاعیرەمان واتە -سەلاح محەمەد- دەبینین کە شیعرە لیریکەکانی دوو دەنگە، دەنگێکی خۆی و دەنگێکی جیهانی عاتیفی و کارەساتە خۆش و ناخۆشەکانی ئەو چیرۆکانەی کە عەشقێکی پاك و ڕۆحی دروستی کردوون ئافرەت خاوەنی هەموو شتێکە تیایدا، ئینجا ئەم دوو دەنگە تێکەڵ دەبن و دەبنە ئەو شیعرانەی کە لەم باسەدا بەردەوام نموونەیان لێ دەبینین-هیگلی فەیلەسووف- دەڵێت:

(شیعری عاتیفی وەك مۆسیقا حاڵەتی ناوەوەی ڕۆح دەردەبڕێ) شاعیر خاوەنی پرۆسێسی تایبەتی خۆیەتی و لەو جیهانە عاتیفەدا کە زیاتر کەسەر و حەسرەت و کۆمەڵێ بیرەوەری تاڵ ماوەتەوە، گەلێ لەو شیعرانەش کە باکراوندی خۆیان هەیە تەعبیرن لەو کارەساتانە دیارە بەهەر جۆرێك بێت ئەمە ڕوویەکی گەشی جیهانی شیعری هەر شاعیرێکە کە پێی دەگوترێت ڕاستگۆیی بەپێزە ئەم شاعیرە وەك دەستکرد بۆ ڕازی بوونمان و فووکردنە خۆی نەهاتووە کۆمەڵێ قەسیدەی درێژ و درامی و کارەساتی

مەلحەمی بهۆنێتەوە بەڵام لە ناخی خۆیدا هەست بە نەبوونی ڕاستگۆیی بکات ئەو کات هەرچی هاواریشی بکردایە کارە، شیعرییەکان لەبەر لە دەستدانی ڕاستگۆیی گرەوی خۆیان نەدەبردەوە.

بەشی دووەم

لە بەشی یەکەمدا باسی لیریکی-مان کرد، هەر لەو شیعرانەدا هەست بەوە دەکەین کە شیعرەکانی سەلاح محەمەد بەڕاشکاوی مۆرکی ساتەکانی هەڵچوونی دەروون و هەژانێکی گەرمی پێوەیە، ئەمە خۆی خاسێتێکی باش و نیشانەی ڕاستگۆیی هەوێنی ئەو جۆرە شیعرانەن. بەڵام بەداخەوە هەندێ جار ئەم هەژان و هەڵچوونە بەجۆرێك بووە كە ماوەی ئارامبوونەوە و مۆنتاج و پێداچوونەوەی شیعرەکانی لێ بەربەست کردووە. بۆ نموونە لە شیعری واگۆن شەودا شاعیر یەکێك لە هەرە سیفاتە گرنگەکانی شیعری نوێی لە دەست داوە ئەویش یەکێتی بابەتە- واتا (وحدة الموضوع) ئەم شیعرە وا ڕێکەوتووە لە ڕۆژنامەکەدا بەدروستبوونی بەرانبەر یەك بڵاوبۆتەوە، کاتێ تەماشای ستوونی یەکەم دەکەین و دەیخوێنینەوە هیچ شتێك پاڵمان پێوە نانێت کە وەها بزانین هەست بکەین شیعرەکە لە ستوونی دووەمدا تەواو دەبێت بەڵکو بۆ خۆی شیعرێکە و ناونیشانی خۆی بۆ دابنێن. تەنانەت جیهانی هەردوو ستوونە شیعرییەکە جیاوازن و بۆ خۆیان سەربەخۆن، لە بەشی یەکەمدا یاخود بڵێین لە سەرەتا یاخود ناوەندی شیعرەکە پرسیارێك سەرسامییەك شتێك نییە کە لە دوایی شیعرەکەدا وەڵام درابێتەوە بەمەش تەواوی شیعرەکە وەك ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ پێکەوە بەسترابن یەك خوێن بەهەموو دەمارەکاندا بگەڕێت، بالێرەدا تەماشای هەردوو پارچە شیعرەکە بکەین:

دڵێکی شکاو هارەی دێ
ئەو منالێکی چەتوونە
بەکۆڵاندا ڕەت دەبێ
چاوەکانی
دوو دۆزەخی پان و بەرین و بێ بنە
بایەکی سارد
دڵم پەرە پەرە ئەکا
پووشی پەنجەکانم ئەبا

ئەمە ستوونی یەکەم، ئینجا با تەماشای ستوونی دووەم بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ یەکەمدا بزانین هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەیە؟

با ئیتر باران نەوەستێ
باران لە دڵی کەس نادا
ئیتر چۆن خۆشەویستی سەوز ئەبێ؟!

لەم شیعرەدا کە ئێمە بەدوو بەشی جیاوازمان دانا، لە بەشی یەکەمدا دڵی شکاوی شاعیر دەچێتە وێنەی منداڵێکەوە ڕەنگی قژی زەرد یا ڕەشە چونکە شاعیر وتوویە قژی ڕەنگی حەزی منە لە وێنەکانی دواییدا دیارە کە حەز و بەختی ئەم زەرد و ژاکاو یاخود ڕەشە چاوەکانی دۆزەخن و دەستەکانی پڕ لە خۆڵەمێش، ئەمە وەك تابلۆیەکی سریالی نیشان دەدات. حەز و ئارەزووەکانی شاعیر گۆرانی مەرگ بۆ خۆی دەڵێتەوە. جگە لەوەی کە ڕێگەی –مستحیل لە بەیەکگەیشتنی خۆی و خۆشەویستەکەی ڕەچاو دەکات و دەست گەیشتنە ئەو وەك دەست گەیشتنە هەوری لێ دێ کە دیارە ئەمەش نەگونجاوە و ناشێ ڕووبدات، لە بەشی یەکەمدا شاعیر ڕاستگۆیانە هەست و سۆز و ئازارەکانی دەروونی خۆی نیشان داوە هەرچەندە کە بریتییە لە چەند وێنەیەکی تاریك و ڕووخان و بێ هیوایی و مستحیل لە بەردەمی هەنگاوەکاندا دادەنێت منداڵێك دەبێتە دەمامك (قناع) mask شاعیر لە پشت ئەو تابلۆ سریالی–یەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژیاندا دەکات. بەڵام لە بەشی دووەمدا باران دەبێتە ڕەمزێکی بەهێزی شیعرەکە، شاعیر زۆر بەشارەزایی و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕەمزی باراندا کردووە جێگەی موناسیبی خۆی بۆ دۆزیوەتەوە و دەلالەتە ڕەمزییەکەی باران کە ڕەمزی خێرو پاکژکردنەوەی شتەکانە خۆی پێکاوە جگە لەوەی شاعیر دەیەوێ ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت باران هەر ببارێ هیچ شتێك نەمێنێ بەپیسی و خراپی هەموو شتێك پاك ببێتەوە شاعیر دەلالەتە ڕەمزییەکەی بەهێزتر بەکاردەهێنێ کاتێك دوای ئەوە.

با ئیتر باران نەوەستێ
باران لە دڵی کەس نادا
ئیتر چۆن خۆشەویستی سەوز ئەبێ؟!
یاخود ئەمرێ؟!
ئەویش واگۆنێکی تەڕە
تیشکێکی ڕەنگ مردووی تیایە

پڕە لە عیشقی ڕەنگاو ڕەنگ
مەلێکیشی دەنگی نایە

بەڵام نازانم بۆ شاعیر مۆنتاجی شیعرەکەی نەکردووە دەستەواژەی (یاخود ئەمرێ) بەنەشازی لە بن ئەو واتە جوانەی سەرەودا قوت بووەتەوە. ئەو دەیەوێ خۆشەویستی سەوز بێت، ئیتر چۆن دەیەوێ بمرێ، کە دەڵێت- چۆن ئەبێ یاخود ئەمرێ.

دوایش لە غەفڵەتا تووشی هەمان دژواری بۆتەوە کە دەڵێت:

«تیشکێکی ڕەنگ مردووی تیایە
پڕە لە عیشقی ڕەنگاوڕەنگ

کە تیشك ڕەنگ مردوو بێت چۆن عیشقی ڕەنگاوڕەنگی تیا دەبێت؟

دیسانەوە لە شیعری گیانێکی تەزیو-دا کەوتۆتەوە هەمان غەفلەت و تووشی دژوارییێکی زەق بووەتەوە. کاتێك لە سەرەتای پارچە شیعرەکەدا دەڵێت:- «ئەمشەو لام بە مەڕۆڕەوە، کەچی هێندە نابات دوای ئەو نووسینەوەیە من چاوەڕێتم تاکو بێی. ئینجا کە ئەو شەوە لای شاعیری بێت حەز دەکات نەڕوا و بەجێی نەهێڵێ چۆن دەبێ- چاوەڕێی بکات هەتا بێت بۆ لای؟! تەنانەت شاعیر جەخت لەسەر ئەو ژوانەش دەکات و تکا لە خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێت- بەم درەنگە مەڕۆڕەوە ئینجا بەمەدا دیارە کە نەك ئەو شەوە لای بووە بەڵکە ئەمەندە تامەزرۆی یەکتر بوون تا درەنگیش ماونەتەوە. لەلایەکی کەوە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد شاعیر خاسێتێکی باش و گەش و زیندووی داوە بە بەشێکی زۆری شیعرەکانی ئەویش خاسیەتی بەردەوامییە- (الاستمرارية) بەردەوامی لە حاڵەتە باش و ئیجابییەکاندا کە مایەی دڵخۆشییە و بەپێچەوانەی گەلێ شاعیرەوە کە بەداخەوە گۆشەنیگای ورە بەردان و ڕۆشنبیرییەوە بەردەوامی ئیجابی و بەرەو ڕووناکی و باش چوون لای ئەم شاعیرە.

(با ئەم عیشقە لەسەر ئەو شۆستەیە نەنوێ
ڕێبوارەکان دایناپۆشن
سەرمای ئەبێ)

شاعیر لێرەوە بەردەوامی ئەداتە حاڵەتە ئیجابییەکەو هەر تەنها ئێستای مەبەست نییە بەڵکە دەبێتە خەمخۆری هەنگاوی دواڕۆژ و بەچەند وێنە شیعریی جوان ئەو داهاتووە گەشەی دیاریی دەکات.

(ئەگەر ئەمجارە مانگ هەڵهات
لە ژێر تاڤگەیا خۆت بشۆ
بە دڵۆپەکانیا هەڵزنێی
گۆرانیت چریکەی تیشکی بێ و
بەجێی نەهێڵێ ڕەنگ و بۆی)

شاعیر لە کۆتایی شیعری- گیانێکی تەزیودا مامەڵەیەکی زیرەك لەگەڵ تابلۆیەکدا دەکات زوربەمان ئەو تابلۆیەمان بەدیواری ماڵان و دوکان و پێشانگاکانەوە دیوە، دێت حاڵەتی بەردەوامی بزواندن و جووڵە (حركة)- ئەخاتە ناو تابلۆ بێ جووڵەکەوە و ئەوە دیاری دەکات کە بێ جووڵەیە بەڵام جووڵە و بزواندن و بەردەوامییەکە دەبەخشێتە ئەو چەند دڵۆپە فرمێسکە بەچاو و ڕوومەتی مناڵەکەوە قەتیس ماون لە هەمان کاتیشدا ئەم حاڵەتی بزواندن و ژیان و بەردەوامییە دەبەستێتەوە بە عیشقێکەوە کە هەموو وجوودی بزوتن و ژیان و گەشەسەندنە:

(تابلۆیەك وا بەدیواری بەر دەممەوە
مناڵێکە فرمێسکی گڕ ئەکاتەوە
ئەڵێی عیشقی من و تۆیە
بێ جووڵەیە و
کەچی خۆشیش ناکاتەوە)

سەلاح محەمەدی شاعیر لە بەردەوامی گەشەسەندن و گیان کردن بەبەر تابلۆ و دیمەن و شتەکاندا جوانی دەبینێ، ئەمەش لە خۆیدا یەکێکە لە ستوونە بنەڕەتییەکانی شیعر، هێنانی دیمەنی جوان و مامەڵەکردنی شاعیر لە تەکیا و تەجسیدکردنی ئەو خەیاڵەی لە بیروهۆشی شاعیردا خوڵقاون ڕەنگێکی تایبەتی شاعیرێتی ڕەسەن لای شاعیر دروست دەکات، بزانە چۆن ئەم تابلۆیەی سروشتی گواستۆتەوە ناو تابلۆی شیعرەکەی چەندە شاعیرانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە

ئەوەتانێ
لە خەیاڵما
کەروێشکەی ئەو گیایە ئەڵێی
ئەو ئێوارە شەرمنەتە

لەژێر هەستما ئەبزوێ
درەنگانێ کە ماندوو بووم
پرچی هێوری پەخش ئەکا و
هێدی هێدی لێی ئەخەوێ)

لێرەدا دەپرسین ئایا جوانی چییە؟ لە کوێوە پەیدا دەبێ؟ شت هەیە خۆی جوان بێ یا لە چاوی ئێمەوە هەر کەس بەلای خۆیەوە جوانی دەخولقێ هەریەك ڕەنگێ، دیمەنی شتێ لای جوانە ڕەنگە لای یەکێکی کە جوان نەبێ و ئەو بەهایەی نەبێ، بەڵام هەنگاوێکی زۆر شاعیرانە و سەرکەوتووە کە شاعیرێکی وەکو سەلاح محەمەد- لە شیعرێکیدا جیهانێك ببەخشێنێ کە هەموو شت تیایدا نەك جوانی بێت بەڵکو جوانییەکانیش خاوێن بن، لەم بارەیەوە- (ئەلفریدی موسیە) لە وەڵامێکدا کە بۆ (بوالوی) نووسیوە دەڵێت (هیچ هەقیقەتێك نییە جگە لە جوانی، هیچ جوانییەکیش نییە بەبێ هەقیقەت)[٤] لە ڕۆشنایی ئەم واتایەوە دەڵێین ئایا، ئەو جوانییانەی لەم شیعرەی -سەلاح-دا خولقاوە هەقیقەتە، یاخود بڵێین هەقیقەتی شتەکان و مەسەلە ئاڵۆزەکانە یاخود ئایا توانیویە بەرجەستەی هەست و سۆز و عاتیفە هەژاو و هەڵچووەکەی دەروونی بکات و وێنەکان و هەقیقەتی شتەکان شاعیرانە ئاوێتە بکات و زۆر سیحرییانە لە تێکڕای ڕەنگەکان ڕەنگێکی تایبەتی و سەرنجڕاکێش دروست بکات، لە وەڵامدا دەڵێم، بەڵێ توانیویە، بەڵگەش بۆ ڕاستی ئەم ڕایە تەنها شیعرەکە خۆیەتی کە دەڵێت:

«تۆ ئەڵێی شیعری گۆرانی
لە بن ئەستێرەکانا دانیشتووی
لەگەڵ مانگدا لە جێ ژوانی
تۆ فریشتەی
تۆ نهێنی خۆشەویستی ئەو بەهەشتەی
هێشتا چۆڵە
هەتا ئێستاش چاوەڕێی
وەراندنی هەورەکانە بۆ ئەم خۆڵە»

بەشی سێیەم

سەلاح محەمەدی شاعیر زۆرجار بە شاعیری وێنە ناودەبرێت، ئەمەش لە خۆیەوە نەوتراوە و ئەنجامی ئەو بایەخدانەی شاعیرە بەوێنەی شیعریی. لە ڕاستیدا شیعرێکی نییە چەندین وێنەی شیعری جۆربەجۆری بەکارهێنابێ هەر خۆی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا لەم بارەیەوە وتوویە:

(حەز ئەکەم ئەو شیعرەی ئەینووسم لە کاتی خوێندنەوەیدا خوێنەر هەست بە جووڵەی وشەکان و مۆسیقای شیعرەکە بکات و لای خۆی وێنەیەك دروست بکات لە نێوانی خۆی و شیعرەکەدا هەروەها ئەو وێنە شیعرییانە دابین دەکەم وێنەی دیارن و لە ئاڵۆزی و داپچڕان و دابڕان دوورن) شاعیر لە ساتەکانی هەڵچوونی دەروونندا وێنە (غير مرئي) و نهێنییەکانی خەیاڵی دەهێنێ و بەشێوەیەکی مەحسوس و مەرئی دابینیان دەکات بەشێوەیەکی هونەری بەرجەستەیان دەکات. چونکە بەتەنها وێنەی شیعری لێرەدا مەرج و گرنگ نییە بەڵکو گرنگتر ئەوەیە کە ئایا چۆن و لە کوێدا شاعیر لە شوێنی موناسبی خۆیاندا دایان دەنێ و تەبایی لە نێوانیاندا دەدۆزێتەوە شاعیر بەچاوی هەست شتەکان دەبینێ، شاعیر گیان دەبەخشێتە ئەو ڕواڵەت و شتانەی بێ گیانن و لە دوو شتی جیاواز و سیفاتی تایبەتی جیاوازییەك شت دروست دەکات، یاخود بڵێین، ئیدیۆمەکان خۆیان مەبەستێك ببەخشن بەڵام لای شاعیر ڕەنگ و سیفاتی جیاوازتر وەردەگرن و ئەرك و کاری ئاساییان نائاسایی و لە قەوارەی سروشتی خۆیان دەردەچن لێرەدا ئەم چەند نموونەیە دەنووسین:

سەیری ئەو ئاوازە شیرینە
بۆ ئەوەندە قژی خاوە
چاوەکانی داگیرساون
سووراوی ڕووی
پەنجەکانی خۆرەتاوە
دەخیلتم کچە بەفرەکەی میوانم
بەم درەنگە مەڕۆرەوە
هێور داباریێ سە ڕۆحم

ئەو چرایە داگیرسێنە
ئەم بێدەنگیەش بدڕێنە
ئەوا نم نم سۆز دەڕژێتە
کلاورۆژنەی تەنیاییم
نەکەی ببیتە بەربەست و
یان نەوەستیٚ بۆ ساتێکیش ماڵئاواییم!
دڵێکی شکاو هاڕەی دیٚ
ئەوە مناڵێکی چەتوونە

لە بارەی وێنەی شیعری و گۆڕین و یاری پێکردنی وشە و ئیدیۆمەکانەوە شاعیر گەلیٚ واتای دروست کردووە کە مانا نادەن و گونجاویش نییە! بەڵام ئایا شاعیر بۆچی ئەمەی کردووە چۆن لای ئەو گونجاوە:

بۆ نموونە:

«خۆت نەخش کە بەسەر هەستی. بووکە شووشەی پێکەنین. شەوێکی ئیجگار داڕزاو، دەبێتە پاڵتۆیەکی کۆن باراناویش لەبەری ئەکا. ڕووبارەکان دەنێتە سەر نەڕەی شانی گۆشتی شەوگار کون کون دەکا. بە دلۆپەکانیا هەڵزنیی، ئەو بارانە توند دەکا شان و قۆڵم ئەوەریٚنیٚ، تۆ خەمێکی بە لەززەتی، خەمی تەنیاییمە نم نم لەسەر لێوانت باریوە، وا تێکەڵی یەکتربووین چاوەکانمان بووەتە هێشوو، ئەچێتە کاسەی سەرمەوە، ئەو چەمانە گڕ تێبەرە گەر هێمنی سەربڕیو، پەنجەکانی خۆرەتاوە» ئیتر بەم شێوەیە گەلیٚ لەو واتایانە دێنیٚ و هەم دەیانکاتە وێنە هەم سیفاتی بزواندن و ئەنجامدانیان پیٚ دەبەخشێت. لە بارەی وێنەی شیعرییەوە. دۆکتۆر (مجید عبدالحمید ناجي) لە لێکۆڵینەوە زانستییە بەرفراوانەکەیدا وێنە دەکات بە دوو بەشەوە (وێنەی ڕاستەوخۆ، وێنەی ناڕاستەوخۆ، (المباشر و غیر المباشر)، وە لە بارەی ئەو دوو جۆر وێنەیەوە دەڵێت: «ئەگەر بێت وێنەی ڕاستەوخۆ بەوێنەی فۆتۆگرافی دابنێین ئەوا وێنە یاخود وێنەگرتن یا وێنەکردنی ناڕاستەوخۆ وەها ببینین کە تابلۆیەك بێت هونەرمەندێکی داهێنەر دای هێنابیٚ ئەو تابلۆیە هەموو شتە هەست پێکراوەکانی دەوروبەر وەك خۆی چۆنە وەها نایگوێزێتەوە بۆ لای خۆی بەڵکو هونەرمەند لێی زیاد دەکات و دیسانەوە خۆی پێکی دەهێنێتەوە بەو شێوەیەی لەگەڵ هەست و هۆش و بەهرەکەیدا بگونجیٚ و تێکەڵ بێت. بەم جۆرە تابلۆکە دەبێتە ئاوێتەیەك لە واقیعی شتەکانی

دەوروبەر و واقیعی هونەرمەندە کە خۆی) دواجار کە تەماشای نەك ئەم چەند پارچە شیعرە بەڵکو ئەگەر گەشتێك بەشیعرەکانی شاعیردا بکەین دەبینین بەشێوەیەکی فراوان لەگەڵ وێنەی شیعریدا خەریکە مامەڵەیان لە تەکدا دەکات وێنە زهنی و خەیاڵییەکان بەرجەستە دەکات و لە حاڵەتی -غیر مرئي و غیر محسوس-ەوە واتا نەبینراو و هەست پێ نەکراوەوە دەیانکاتە بینراو هەست پێکراو ئەمە جگە لەوەی کە دەبێ بزانین وێنە شیعرییەکانی شاعیر بوونەتەوە هۆی نزیکبوونەوەی زیاتری شیعرەکان لە هەست و هۆشی خوێنەر و زیاتر چەسپاندنیان لە مێشك و دەرووندا شاعیر ئەگەر جوانترین وێنەی سروشت وەك خۆی بگوێزێتەوە ناو تابلۆکەی ئەوا ناتوانین بڵێین کارێکی هونەری کردووە بەڵکو کارە هونەرییەکە کە ئایا چۆن ڕوحی هونەری (سەلیقە و زەوقی هونەری خۆی تێکەڵ بەوێنە سروشتییەکە دەکات و چۆن ڕۆحی لەگەڵیا تێکەڵ دەبێ و دوایی کام وێنەی هونەریمان بۆ ئامادە دەکات؟!

لە کۆتایی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا دەبێ شاعیر و خوێنەر لەو واتا و تەعبیرانە ئاگادار بکەینەوە کە هەندێکیان شیعریی نین یاخود هەندێکیان لە کۆپلە شیعرییەکان بچڕاون یاخود لەنگ دێتە گوێ و کێش و ئاواز و هارمۆنییەتیان زیندوو نییە بۆ نموونە دەڵێت:

-نەجێگایەکم لەلای خۆی بۆ دائەنێت.

ئەو ڕووبارە
جێی کانییەکی کەی نابێ
ئەگەر ئەمشەو حەزی دەروێش
لە دەرگای ماڵی شێخ نەداو
ملی بۆ مەیلی نەدابی»
«لە ماڵی عیشقی گڵی سارد و سڕما
تا وەنەوزێکی تیا نییە»
گۆرانییەکی سۆز ئامێزی بۆ بڵێ؟

(گوێم لە جیڕەی درەختێکە) کە جیرە بۆ دەرگا یا شتێکی کە دەبێ و بۆ دەنگی درەخت دەوترێ گوێم لە ناڵەی درەختێکە «با هەست بەپەنجەیەکان نەکەین، سەریشمان ئەمشەو سپی بێ»

(ئەمە و خەیاڵی بەرزەفڕ

ئازیزەکەی هەڵواسیوی)

(دەنا دەکەویە سەر زەوی

دەزوولەکان دەتخەنە ناو سنگیانەوە)

شاعیر ئەگەر زیاتر خۆی ماندوو بکات و خۆی زیاتر لە جەنجاڵیی خوێندنەوەیەکی بەردەوامی قووڵدا ببینیٚ و بەگەرمی بتوانێت ئاوڕێك لە ئەدەبی میللی یا ئەدەبی فۆللکۆریمان بداتەوە و هەوڵ بدات کە گەلیٚ هەقیقەتی مێژوویی و داستان و ئەفسانەی نەتەوەییمان بەکاربێنیٚ و وێنە و پەیکەری شیعری بە سەلیقە شیعرییەکەی خۆی لیٚ دروست بکات ئەوا بیٚ گومانم کە دەچێتە ریزی پێشەوەس شاعیرەکانی سەردەمەکەی خۆی و هەمووشمان هیوامان بەو دواڕۆژەوە هەیە و شیعریش لەم ڕۆژگارەدا گۆشەگیر نییە و لەسەر زەویدا دەژی، بۆیە دەبیٚ شاهیدێکی ڕاستگۆی کارەساتەکانی ڕۆژگارەکەی خۆی بێت و ئەوەندەی لەباریا بێت ئاوێتەی ژیان بێت و ڕووناکی بەخش بێت.

سەرچاوەکان:

١- نموونەی شیعرەکان لەو سیٚ شیعرەوە وەرگیراون کە لە ڕۆژنامەی ژمارە-٥٤، ٦٥، ٧٢-ی عێراق-دا بلاوکراونەتەوە.

٢- فلسفة الادب و الفن-د. كمال عيد، ص٥٥

٣- فەلسفەی جوانی و هونەری لاپەڕە -٩٨-

٤- الرومانتيكية د محمد غنيمى هلال ص١٧

٥- ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە -٨٩١-ی ١٤، ٥، ١٩٨٧ العدد ٨- السنة ١٩٨٤-٦، ٧- صورة الشعرية، د. مجيد عبد الحميد ناجي-مجلة الاقلام العدد-٨- ١٩٨٤-

بەرخودانی هزر و دیمانەی خوێن

لە شەشەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی مووسا ئەنتەردا

شەوی ماتەم:

دەبوا شەوی ماتەم نەبوایە، چونکە ڤیستیڤاڵی کولتووری ساڵانەی شاری کوردپەروەری دیاربەکر بوو، پاش ئەوەی لەو بۆنە نەتەوەییەدا مووسا ئەنتەر وتاری ئاگرینی خۆی پێشکەش کرد، لە گەڕانەوەیدا لە گەڕەکی (سەیرانی تەپە)ی ئەو شارە کەوتە بەر شاڵاوی دڕندانەی دوژمنانی دێرینی گەلی کورد و بەچوار گوللە شەهیدیان کرد، هەرچەندە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی پرشنگدار و لە ڕەنگی ئاسایی خۆی گەش و جوانتر بوو، چونکە ڕۆژی ٢٠/٩/١٩٩٢ یادەوەری ساڵگەردی پەیڤی پیرۆزی کوردی بوو، بەڵام بەداخەوە دوژمنان ئەم ڕۆشناییەیان بەشەوی ماتەم گێڕاو مووسا ئەنتەر چووە کاروانی شەهیدانەوە.

ژیان و بەرهەم:

مووسا ئەنتەر ساڵی ١٩١٨ لە دێی (ئیستبلیلی) لە خوارووی تورکیا سەربە (نوسەیبین) لە دایك بووە، دوای تەواوکردنی کۆلێجی یاسا بووە بەپارێزەر و چەند ساڵێ بەم پیشەیەوە خەریك بووە، هەر لە سەرەتاوە بۆیە بیری لە کاری پارێزەری کردەوە چونکە ئەو بڕوانامەیە ڕێگەی پێ دەدات کە ئیمتیازی ڕۆژنامە یاخود گۆڤار وەرگرێت. لە ساڵی ١٩٨٤ ڕۆژنامەی دجلە کایناغی بڵاوکردەوە، ڕۆژنامەکە هێشتا چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووبوو کە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکە کەمالیستەکان قەدەغەیان ڕاگەیاندرو دایانخست، خاوەنەکەشی کە (مووسا ئەنتەر) بوو خرایە بەندیخانەوە. ساڵی ١٩٤٣ لەسەر ئەوەی شیعر و ئاوازێکی کوردی بۆ سروودی قوتابخانەیەکی دیاربەکر پێشکەش کردبوو دەسگیر کراو بگرە لەسەر ئەمە ئەشکەنجەش درا. ساڵی ١٩٥٩ یەکەم شیعری بەزمانی کوردی لە ڕۆژنامەی (وڵاتێ پێشکەفتی) بڵاوکردەوە، دیسانەوە ڕۆژنامەکە داخراو خۆیشی بەندکرایەوە. چونکە بەپێی بڕیاری ژمارە ٣٩٣٢ لە یاسا و دەستووری تورکیادا نووسین و گفتوگۆ کردن بەزمانی کوردی قەدەغەیە و بەتاوان دادەنرێت.

ساڵی ١٩٥٦ شانۆیی (برینا ڕەش)ی نووسی لە شاری ئەستەنبوڵ لەسەر شانۆ نمایش کرا. هەروەها ئەم بەرهەمانەی لە ژیانی خۆیدا بڵاو کردۆتەوە "ژووری مەرگ، بیرەوەریەکانم، فەرهەنگی کوردی- تورکی، ناوی کتێبەکانیشی بەم جۆرەیە: برینا ڕەش، حوجرا مرنی بیر هاتنێت من، قامۆسا کوردی. مووسا ئەنتەر پەیوەندی بەپارتی (H.E.P)ەوە هەبووە، جگە لەوەی کارگێڕی (ئەنستیتۆی کورد) بوو لە ئەستەمبووڵ. هاوڕێ و هاوکاری هەمیشەیی خەمخۆری کورد (ئیسماعیل بێشکچی) بوو، پێکەوە کاریان دەکرد، بەتایبەتی کە مووسا ئەنتەر نووسەرێکی بەردەوامی ڕۆژنامەی (OZGAR YENIULKE) و (DUNDEM) بوو، تیایدا گۆشەیەکی تایبەتی تەنزی سیاسی هەبوو، بەناونیشانی (مزاحیت سیاسی)، خۆی لە بارەی ئەم گۆشەیەوە دەڵێت: «ئەم گۆشەیە وەك کەلوپەل و کەرەسەی قاچاغ و قەدەغە وەهایە زوو دەگرێت و زوو دەفرۆشرێت هەتا مەبەستی خۆی بگەێنێت». مووسا ئەنتەر گرنگی و مەترسی ئەرکەکانی خۆی دەزانی و لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا شەهیدبوونی خۆی لە بەرچاو گرتبوو، بۆیە هەمیشە دەیگوت (کەلووی شەهید بوون بیە نەسیبی من ژی". هەواڵی شەهیدبوونی ئەم ڕۆژنامەوان و نووسەر و شاعیرە کورد پەروەرە هەر زوو بەکوردستانی تورکیا و جیهاندا بڵاوبووەوە، خۆپیشاندانی فراوان لەم شارانەی تورکیا ڕێکخراو پەنجەی تاوان بەرەو ڕووی ڕژێمی فاشستی تورك کرایەوە، وەك شارەکانی دیاربەکر، باتمان، بەتلیس، قولب، لبحە، نوسەیبین، لە شاری قولب داواکارییەکی گشتی کوژراو داوای دادگایی کردنی تاوانباران کرا.

حسامی لە مووسا ئەنتەر دەدوێ:

مامۆستای دوورە وڵات و کورد پەروەر (کەریمی حسامی) لە بارەی مووسا ئەنتەرەوە نووسیویە: مووسا ئەنتەر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە تا ڕۆژی شەهیدبوونی لەگەڵ دەرد و ژان و ئازاری نەتەوەکەی ژیاو ستەم و درندەیی ڕەگەزپەرستانی تورکی بەچاوی خۆی دەبینی و بەگۆشت و ئێسقان دەیچێشت. شەهید مووسا ئەنتەر هەر لە کاتی فامکردن و پێ گرتنیدا هەر لەگەڵ سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکومەتی ڕەشی ئەتاتورك بەرەو ڕوو بوو، کە بۆ تواندنەوە و لە بەینبردنی نەتەوەی کورد بەڕێوەی دەبرد، لە سەردەمێکدا فامی دەکردەوە کە زمانی کورد وەك ئێستای قەدەغە دەکرا، شوێنەواری کەلتووری کوردی کوێر دەکرایەوە، هەزاران خاو و خێزانی کوردی بەزۆری لەسەر زێد و نیشتمانی

خۆی هەڵدەکەنراو لە نێو شار و گوندی تورکەکاندا پەخش و بڵاو دەکران.

شەهید مووسا ئەنتەریش لەگەڵ بنەماڵەی خۆی کەوتە بەر ئەم پەلامارە دڕندانەیە و لە کوردستان ئاوارە کرا لە شاری ئەدەنە نیشتەجێ کران. لەو شارە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردو بۆ خوێندنی باڵا چووە ئەستەمبووڵ و لە زانکۆی حقوق زانستگای ئەستەمبول لیسانسی حوقی وەرگرت. شەهید مووسا ئەنتەر تا دوا ڕۆژی ژیانی چ وەك نووسەر چ وەك ڕۆژنامەنووس لە بەرامبەر مافی نەتەوەیی و کولتووری ئینسانی گەلی کورد لەگەڵ تورك خەباتی کرد لە بەرامبەر ملهوڕ و چەکمە ڕەقی ڕەگەزپەرستانی تورکدا لە چۆکا نەهات و کۆڵی نەدا(١).

یەشار کەمال لە شەهیدکردنی مووسا ئەنتەردا بەدەنگ دێت:

کاتێك مووسا ئەنتەر لە ١٩٩٢/٩/٢٠ لە دیاربەکر بەچوار گوللە تورك شەهید کرا (یەشار کەمال)ی ڕۆمانەنووس و هاوڕێی کاروانی تێکۆشانی ئەنتەر لە ڕۆژنامەی (جمهوریەت) لە (٢)ی ئوکتوبەری ١٩٩٢دا وتارێکی بەزمانی تورکی بڵاوکردەوە. وتارەکە زۆرە و ماوە نییە لێرەدا هەمووی بڵاوبکەینەوە، ئەمە تەنیا چەند برگەیەکە لە وەرگێڕدراوی کوردیی وتارەکەی یەشار کەمال- لە موناسەبەی شەهیدکردنی مووسا ئەنتەردا بەناونیشانی (کوردەکان داوای مافی ئینسانی خۆیان دەکەن).

یەشار کەمال نووسیویە:

" لەوانەیە بڕوایەکی سەیرم هەبێ ئەویش ئەوەیە من قەد بڕوام نەدەکرد کە هیچ ئینسانێك تەنانەت ئەگەر خوێنخۆر و پیاو کوژیش بێت سەدان کەسیشی کوشتبێ بتوانێ کەسانی وەك مووسا ئەنتەر پەلامار بدا و بکوژێ. من کاتێك مووسا ئەنتەرم ناسی کە تەمەنی ٣٢ ساڵ زیاتر نەبوو لەو کاتەوە ئێمە پەیوەندی دۆستایەتیمان هەبووە، ئەو مرۆڤێك بوو هەمیشە بەچاوی خۆشبینی سەیری جیهانی دەکرد، تەنانەت لە ڕۆژەکانی ڕەش و دژواریشدا هەر بەکەیف و پڕ لە هیوا و بڕوا پتەوبوو. بڕوای بەکەلتووری نەتەوەکەی هەبوو، هەروەها لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کەلتووری میللەتەکەی یارمەتی بەکولتووری جیهانییەوە کردووە و دەیکات، هەر بەتەواوی لەگەڵ ڕەگەزپەرستی بێگانە نەبوو، هەرگیز نەتەوەپەرستی لەگەڵ ڕەگەزپەرستی تێکەڵ نەکرد، تا دوا ڕۆژی تەمەنی هەر سۆسیالیست و دیموکرات مایەوە، کوردەکان گشتیان بە "ئاپۆ مووسا گازیان دەکرد، من لام وایە کە ڕێکەوتی نێوان تورك و کوردان ئەوەندە دژوار نییە، ئەوەی کە ئەم

مەسەلەیە تووشی تەنگ و چەڵەمە دەکات لە ڕاستییا بریتییە لە زوڵم و ستەمێك کە هەشتا ساڵە بەردەوامە. کورد ئەدەبیاتی تایبەتی خۆیان هەیە ئەم ئەدەبیاتە لە سەردەمی ڕابردوودا بڵێسەی داوە بەکۆمەڵی مرۆڤایەتی. ئەوان ناو و ناوبانگی جیهانییان هەیە، (ئەحمەدی خانی) شاعیری گەورەی سەدەی چواردەی زاینی یەکێ لەو بلیمەتانەیە. پاشان دەبێ شیعرەکانی سەدەی دوانزەی زاینی باس بکەین، مەلای جزیری، فەقێ تەیران لەوانەن، گوڵکۆی ئەو شاعیرانەی باسم کردن ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات، واتە کوردستانی تورکیایە. هەروەك گۆڵکۆی پێغەمبەر و پیاوچاکان جێگای زیارەتن و ساڵی سەدان هەزار دەچنە ئەو شوێنانەوە سەدان مەڕ دەکەنە قوربانی. ئەدەبیاتی نەناسراوی کوردەکان فرە دەوڵەمەندە، داستانبێژی حەماسی لە دنیای ئیمڕۆدا تەنیا لە نێو دوو میللەتدا ماوەتەوە، لە نێو کوردەکان و قیرقیزەکان (قەرقزیا). گۆرانی و شیعری پڕ ئاواز و شێوەی سکاڵا، میلۆدی و چیرۆك و ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردی ئەگەر لە فۆلکلۆری تورك دەوڵەمەندتر نەبن، لەو کەمتر نین. لە بواری کولتووریدا جیهان وە باخێك دەچێ بەهەزار گوڵەوە، هەر گوڵەی خاوەنی ڕەنگ و شکڵ و بۆنی خۆیەتی، ئەگەر لەم هەزار گوڵە یەکێکیان لە بەین بچێ کولتووری مرۆڤایەتی لە ڕەنگ و لە عەترێك بێ بەش دەبێ. داخوا ئێمە بەڕاستی دەتوانین بەقەدەرایی مووسا ئەنتەر ولاتەکەمان خۆش بووێ؟ من بڕوای تەواوم بە مووسا ئەنتەرەکانی ئەم ولاتە هەیە"(٢)

فەرهەنگا کوردی -تورکی (١٩٦٧)

لە مێژووی فەرهەنگ نووسی کوردیدا ئەمە یەکەم فەرهەنگە بەکوردی و تورکی. مووسا ئەنتەر ساڵی -١٩٦٣- لە دانانی ئەم فەرهەنگە بووەتەوە، بەڵام نەیتوانیوە چاپی بکات تا ساڵی ١٩٦٧، بەداخەوە ئەم فەرهەنگە بەنرخ و پڕ بەهایە ژمارەیەکی زۆر کەمی لە تورکیا هاتە دەرەوە، لەوێ پاش ماوەیەك قەدەغەکراو کۆکرایەوە. کتێبخانەی کوردی بەتایبەتی لای خۆمان لەم فەرهەنگە گرنگە بێ بەشە. بایەخی ئەم فەرهەنگە تەنها لەوەدا نییە کە (١٠) دە هەزار وشەی تێدایە، بەڵکو لەم خاڵانەدایە کە ئێمە دەستنیشانی دەکەین:

١- ئەم فەرهەنگە وەك ئینسکلوپیدیایەك وەهایە ناوی سەدان شار و شارۆچکە و دێهات و تیرە و چیا و ڕووباری کوردستانی مەزنی تێدایە.

٢- تەنیا فەرهەنگێکە بەکوردی و تورکی.

٣– چەندین ناوی کوڕ و کچی کوردی تێدایە.

٤– سەدان وشەی کوردی ڕەسەنی دۆزیوەتەوە.

٥– فەرهەنگەکە بەپیتی لاتینی نووسراوە. بەکوردی و بەتورکی.

پێشەکی (پێشگووتن)ێکی بۆ نووسیوە لە لاپەڕە شەست هەتا سەد و شەست و سێ دەقی تەواوی فەرهەنگەکەیە پێنج لاپەڕەی کۆتایی بۆ گرامەری کوردی تەرخان کردووە. نووسەر نووسیویە:(٣)

پیتی کوردی بریتین لە ٣٢ لە مانە هەشتیان بێ دەنگن. هەروەها ئەڵێت لەبەرئەوەی دوو دەنگی کوردی (فۆنەتیك)ی بۆ دانەنراوە نەمتوانی دەری ببرم. هەروەها لەو لاپەڕەیەدا (دیمەن) وێنەیەکی بڵاو کردووەتەوە بریتییە لەو پیتانەی کە کورد لە پێش ئیسلامدا بەکاریان هێناوە لەگەڵ پیتی ئیسلامی – عەرەبیدا هەردووکیان لە ناو یەکداو بەرامبەر یەکتر کردووە، دانەری فەرهەنگ شەهید مووسا ئەنتەر لە (پێشگووتن)دا بەکورتی نووسیویە:

"ئەم فەرهەنگەم لەساڵی ١٩٦٣دا لە ئەنقەرە نووسیوەتەوە. لە ڕاستکردنەوەی وشەکاندا هاوەڵێکی خەڵکی هەولێر (جەمال عەلەمدار) یارمەتی دام بۆیە سوپاسکردنی بەقەرزی سەرشانم دەزانم. هەرچەندە لە کاتی نووسینەوەی ئەم فەرهەنگەدا تووشی دەردەسەری هاتووم، بەلاّم کۆڵم نەدا هەتا توانیم بیهێنمە بەرهەم. فەرهەنگ نووسینەوە هەروا ئاسان نییە، جاری وا هەیە فەرهەنگێك دە پازدە جار بەدەستکارییەوە چاپ دەکرێتەوە، ئەوسا تەواو پوخت دەبێت و قاڵبی خۆی دەگرێتەوە، من ئێستا وا ئەم ئەرکەم خستە سەرشان ئەگەر نەمردم ئەوا بەپوختکراوی چاپی دەکەمەوە، یان پاش من کەسێکی تر دەبێت بتوانێت ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ"(٤) "فەرهەنگا کوردی–کوردی" لە ئەستەموڵ لە چاپخانەی ینی مطبعە بەقەوارەی ١٦٨ لاپەڕە چاپ کراوە لەسەر بەرگی کتێبەکە وێنەی کورد و تورکێك بە بەرگی نیشتمانی خۆیانەوە ڕازاوەتەوە". هەروەها لای خۆمان دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە کتێبی "وشەی زمانی کوردی"دا بەکورتی پێناسەیەکی ئەم کتێبەی کردووە. بەداخەوە دەستی ڕەشی تیرۆر ئەم نووسەر و کورد پەروەرەی شەهید کردو نەیانهێشت ئەم دوو بەرهەمەی خۆی بەچاپ بگەیێنێت.

١– گراماتیکی زمانی کوردی.

٢– فەرهەنگا تورکی–کوردی.

درووود بـۆ گـیـانـی خـاوێن و نـەمـری مـووسا ئـەنـتـەری ئـەدیب و فـەرهـەنگنووس و ڕۆژنامەوانی دڵسۆز بەخاك و نەتەوە.

سەرچاوە و پەراوێز:

١– گۆڤاری (وان) سوید، ستوکهۆڵم، ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٤، ل٥، یادێك لە مووسا ئەنتەر کەریمی حسامی.

٢– هەمان سەرچاوە –لاپەڕە (٦) ناونیشانی کوردەکان داوای مافی ئینسانی خۆیان دەکەن، یەشار کەمال، ڕۆژنامەی –جمهوریەت– ٢ی ئوکتۆبەری ١٩٩٢.

٣–مامۆستای خوالێخۆشبوو –مستەفا نەریمان– ئەم بڕگانەی لە تورکییەوە کردبوو بەکوردی. ئێمە لێرەدا سوودمان لێ وەرگرت.

٤– سەرچاوەی پێشوو (پێشگوتن) پێشەکی نووسەر.

تێبینی:

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەم ڕاستییە وە بیر بێنمەوە. لە "ساڵی **١٩٩٢** لە مانگی شوبات هەتا شەهیدکردنی مووسا ئەنتەر (**٩**) نۆ کاری تیرۆرکردن ڕووی دا، ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز لە **١١**ی ئوکتۆبەری **١٩٩٢**دا نووسیبووی– سەرۆکی ڕۆژنامەنووسانی تورك (ئوکتا تاشتی) ئەڵێت: «ئێستا دوای نۆ کاری تیرۆری ڕۆشنبیر و هونەرمەندی کورد ئەو ئاشکرایە کە دەوڵەتی تورك و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕاستەوخۆ دەستیان لەم کارانەدا هەبووە».

حەسەنی قزڵجی

لە تەنزی کۆمەڵایەتییەوە بۆ خوێندنەوەی دەقەکان و وەرگێڕان

ئەمساڵ، لە یادی کۆچی دوایی ئەم نووسەرە مەزنەدا کەوتینە خۆمان و لە بارەیەوە دەستمان دایە قەڵەم کە دەکاتە (٢٩/٩/ ١٩٩٨)، بۆ ئەوەی هەرچی دەتوانین لە یادەوەری ئەودا تۆماری بکەین، بەڵام دەبوا ئەم نەریتە بگۆڕین و لە یادەوەری ساڵڕۆژی لەدایکبوونیدا کە دەکاتە ١٥/٩/ ١٩١٤ وە بیرمان بهاتایەوە، بەهەرحاڵ حەسەنی قزڵجی لە ڕابەرانی تەنزی کۆمەڵایەتییە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، کۆمەڵە چیرۆکی (پێکەنینی گەدا) گەواهی ڕاست و دروستی ئەم ڕایەی ئێمەیە. لە مێژووی خوێندنەوە و توێژینەوەی ئەدەبیاتی کوردی نوێدا چەند خاڵێکی گەش بۆ ئەم نووسەرە تۆمار دەکرێت، وێڕای ئەوەی باسمان کرد لە بواری لێکدانەوە و ڕەخنەی تێکستە کوردییەکاندا خاوەن قەڵەمێکی بەبڕشت و سەرکەوتوو بوو. لەو ئیندێکسە گچکەیەی ئێمە دروستی دەکەین بەڕاشکاوی ئەمە دیارە. حەسەنی قزڵجی نزیك شاری بۆکان لە دایك بووە، خوێندنی یەکەمجاری لای مامۆستا (مەلا ئەحمەدی فەوزی) بووە، لەم بارەیەوە خاتوو (جۆیس بلسو) پرۆفیسۆری زمانی کوردی لە زانستگای پاریس، نووسیویە: (لە ناو شاگردەکانی مامۆستا فەوزیدا حەسەنی قزڵجی لە هەمووان وریاتر و زیرەکتر بوو، بۆیە مامۆستا فەوزی زۆری خۆش دەویست و زۆر لەگەڵیدا خەریك دەبوو). دوای ئەمە لای مەلا ئەحمەدی تورجانی مامی لەسەر خوێندن بەردەوام بوو، لێرەدا بەکورتی قۆناغەکانی ژیان و خەباتی سیاسی و ئەدەبی ئەم نووسەرە دیاری دەکەین.

١- ڕۆژگاری تێکۆشان و دروستکردنی کۆمەڵەیەکی نهێنی لە مەڵبەندی موکریاندا کە سیاسی و ڕووناکبیری بوو بۆ ژیانەوە و بەخۆدا هاتنەوەی زمان و مێژوو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. دیارە ئەمە پێش (ژ.ك ١٩٤٢) کە بریتی بوون لەم کەسانە (مەلا ئەحمەدی فەوزی، قازی محەمەد، شێخ ئەحمەدی سیریلاوا، مەلا محەمەد، حەسەنی قزڵجی). کارێکی گرنگی دیکەش لای ئەمان ئەوەبوو کە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامەی لە کوردستان عێراق و شام دەردەچوون وەدەستیان دەهێناو لە مەڵبەندی خۆیان پەخشیان دەکرد و خەڵکیان لێ هۆشیار دەکردەوە.

٢- پلەی دووەمی کاری خەبات و ژیانی قزڵجی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ك)ە وە دەست پێ دەکات، کە چالاکی ئەو لە بەرچاوان بوو.

٣- کاری ئەو لە ڕۆژگاری کۆماری میللی کوردستاندا لە مەهاباد کە هەم هەڵسووڕانێکی سیاسی بوو هەم نووسەرێکی (ڕۆژنامەی کوردستان) و گۆڤاری (هەلاڵە) بوو.

٤- لە دوای لە نێوچوونی کۆمار ئەویش وەك زۆربەی سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران پەڕوازە و ئاوارەی گەرمێن بوو، کە لە کوردستانی عێراق لە سیتەك شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر بوو بەخەمخۆر و داڵدەی دان و ئەوانی حەواندەوە، هەر لەو سەروبەندەدا ئەو گروپە کەوتنە خۆو ساڵی ١٩٤٨ (١٣٢٧ی هەتاوی) گۆڤاری (ڕێگا) یان چاپ کردو گەیاندیانە مەڵبەندی موکریان و بلاویان کردەوە، کە بریتی بوون لە (شەهید عەبدولڕەحمان زەبیحی، غەنی بلوریان، محەمەدی شاپەسەندی، حەسەنی قزڵجی).

٥- لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا عێراق لە پەنجاکاندا، بۆ خۆ حەشاردان ناچار بوو لە ناوچەی (بازیان) دەست بکات بەجووتیاری و کاری کشتوکاڵ، دوای چەند ساڵێك گەیشتە بەغداد، لەوێ هێندە نەماوە کە دەستگیر کراو لە تەك عەبدولڕەحمانی زەبیحیدا درانەوە بە ڕژێمی پاشایەتی ئێران و خزانە زیندانەوە، بەهەر هۆیەك بێت خۆی دەرباز دەکات دێتەوە کوردستانی عێراق و لە دوای شۆڕشی تەموزی (١٩٥٨) لە بەغدا دەمێنێتەوە هەتا ساڵی (١٩٦١) کە ڕاستی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم خۆی وە دەرخست و بەرەو دیکتاتۆریەت چوو، ناچار هەلات و هەلێکی بۆ ڕێکەوت خۆی گەیاندە (سۆفیا)ی پایتەختی بولگارستان و، لە بەشی فارسی ڕادیۆی سۆفیا بووە کارمەند و پەیوەندی گرت لە تەك حیزبی تودەی ئێران.

٦- لە ڕووخانی ڕژێمی شا کەڵکی وەرگرت و گەڕایەوە زێدی ڕۆژنامەی (دەنگی مەردوم)ی چاپ و بلاوکردەوە، هەتا ڕۆژی شەهیدبوونی لە ١٩٨٤/٩/٢٩.

بەرهەمە ئەدەبییەکانی قزڵجی

کارە ئەدەبییەکانی حەسەنی قزڵجی دەکرێن بە سێ بەشەوە:

١- تەنزی کۆمەلایەتی لە کورتە چیرۆکدا.

٢- خوێندنەوەی تێکستە کوردییەکان و سەرنجدانی ڕەخنەیی.

٣- وەرگێڕانەکانی لە زمانی (بولگاری) و فارسی و عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی. بەتایبەتی ئەو ساڵانەی کە لە وڵاتی بولگارستان بوو، لە (سۆفیا) دەژیا و بولگارییەکی باش بەئاخافتن و نووسین فێر بووبوو. کاتێ گەڕایەوە بۆ عێراق گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان هەتا ساڵی (١٩٨٤) لە بەرهەمە زیندووەکان و وەرگێڕاوەکانی قزڵجی بەهرەمەند بوون و بێ بەش نەبوون.

کۆکردنەوەی بەرهەمە پەرت و پەرەوازەکانی ئەم نووسەرە مەزنە بۆ دەربازکردنیان لە دەست لە ناوچوون و نەمری پێ بەخشینیان کاری هەموو دڵسۆزانە، من لای خۆمەوە لە ئەرشیفی تایبەتیمدا ئەم بەرهەمانەیم پاراستووە و نیازمەندم لە دەرفەتێکی نزیکدا چاپیان بکەم و خوێنەری کورد لێیان بێ بەش نەبێت.

دارستانی ئەو بنارە

١- گیروگرفتی تاقیکردنەوە:

لە تاقیکردنەوەی شیعری کلاسیدا شاعیری کلاسی خۆی و تاقیکردنەوەیەك بووە، گۆڕان و داهاتنێکی ئەوتۆ لە تاقیکردنەوەکەیدا لە قۆناغێکەوە بۆ ئەوی تر ڕووی نەداوە کە هێڵێکی بەیانیی لە ناوەندیاندا دابنرێت. خۆ ئەگەر سەبارەت بە ناوەڕۆك و قووڵبوونەوە و خەستبوونەوەیەکی لە لایەکی -غەزەل و بابەتەکانی کۆمەڵایەتی و سۆفینزمیدا- بەسەردا هاتبێ و لە ڕەوتی شیعرەکانیدا -لە دیوانەکەیدا- بسەلمێنێ ئەوا سەبارەت بەفۆرم و داڕشتن و تەکنیکیان لە سەریەك بنچینەو یاسا ڕۆیشتووە. ئەوە نەبێت کە ڕێکەوت وەهابوایە یاخود شاعیر بەئارەزووی خۆی ویستبێتی لە -بەحرێکی عەرووز-ەوە چووبێتە سەر -بەحرێکی تری هەمان عەرووز- لای ئەوانەش کێشی خۆماڵی فۆلکلۆریان لە ناوچەی هەورامان بەکارهێنا وەك -بێسارانی-و مەولەوی-و هەندێکی تریش زۆر کێشەکان یەك چەشنن و کێشی فۆلکۆری دە بڕگەییەکە زاڵە. (خوێنەر ئەبێ ئاگاداری ئەوە بێت من لێرەدا کاتێ باسی کلاسی م کردووە ڕۆمانسییەتی بێسارانی و - ڕۆمانسییەتی سۆفینزمانەی مەولەوی-م لە یاد نەچووە ئەمە نابێتە دژوار).

بەڵام کە لەو قۆناغە تێپەڕ بووین تاقیکردنەوە نوێیەکانی شیعری تورکی بەتایبەتی -

ئینگلیزیش هەر لە ڕێی تورکییەوە لە سالانی بیستەوە تێکەڵیی تەواویان لەگەڵ شیعری کوردی لەگەڵ شیعری کوردی بەتایبەتی لە ڕووی فۆرمەوە پەیدا کرد ئیتر قۆناغ چووە قۆناغی تاقیکردنەوەوە بۆ نوێکردنەوە و نوێکردنەوەی بەردەوام – گۆران و شێخ نووری کە شیعریان لە بەرچاوانە و ئەم دەست و ئەو دەست ئەڕۆن و دێنەوە لای خوێنەری کورد نموونەی گەش و زیاتری باری ئەم تاقیکردنەوەیەن. ئیتر لەوانە هەتا ئەگاتە دڵدار و بەختیار زێوەر و دیلان و کامەران و (ع. ح. ب)و کاکەی فەلاح و جەمال شارباژێڕی و شێرکۆ بێ کەس

...هتد. ئەم قۆناغی تاقیکردنەوانەن چ لەلای شاعیر خۆی چ لەلای سەرانسەری مێژووی نوێی ڕەوتی شیعری کوردییەوە بەگشتی.

بۆ نموونە– شێرکۆ بێ کەس– تاقیکردنەوەی خۆی هەیە و قۆناغە شیعرییەکان هەر بەدیوانەکان خۆیان ڕاستی قسەمان دەرئەخەن.

بڕوانە: تریفەی هەڵبەست –کەژاوەی گریان– من تینوێتیم –ئاسك–کازێوە– ئا لێرەدا و ڕۆشنایی ئەم کورتە باسەی سەرەوەمان بۆ قۆناغ ئەگێڕینەوە لای –نەوزاد ڕەفعەت– و دیوانەکەی.

لە دارستانی ئەو بنارەدا هەر لە شیعرە چوار دێرییەکەیەوە هەتا درێژترین شیعریان یەك تاقیکردنەوەن. ئێمە حیسابی ئەوە ناکەین کە مەرجە یەك دیوان یەك تاقیکردنەوە بێت. دوو بەرگی دیوانێك یەك تاقیکردنەوەی سەربەخۆی تەواو بێت. چونکە دیوانمان هەن لە تاقیکردنەوەیەکی شیعری زیاتریان تێدایە. وەك –بەهەشت و یادگار–ی گۆران –دیوانی دڵدار– زریان–ی ئەنوەر قادر... هتد.

ئەم تاکە تاقیکردنەوەیەی نەوزاد گیروگرفت ناخاتە ڕێگەی ئەوەی کە نەتوانرێ لێی بکۆڵرێتەوە و باسی لێوە بکرێ. بەلام گیروگرفتی قۆناغی شیعری و گۆڕانە هەمیشەییەکانی سەردەم یەك هەڵوێستی شاعیرانەی ئەومان بۆ دروست ئەکەن.

بەهەرحاڵ تەنیا لە تاقیکردنەوەکەی –نەوزاد–دا لایەنی بەرفراوان و زەمینەی لەبار و پتەو هەیە بۆ ڕاکێشانی قەڵەمی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە هەتا کاری تیادا بکات. هەندێ جار تێپەڕینی ساڵ و کارسازی لە پێشکەوتنی شیعردا یەك ناکەون هاوشان ناڕۆن. واتە وەها ڕێ ئەکەوێ کاری چوار پێنج ساڵی شاعیرێك یەك تاقیکردنەوە بێت لە هەموو ڕوویەکەوە. وەها ڕێ ئەکەوێ کاری لە چوار ساڵیش کەمتر دوو تاقیکردنەوە و دوو

هەنگاوی شاعیر بێت. ئەم حیساباتە پێوانەیەکی تیئۆری ماتماتیکی نین یاسا بن و هەر شاعیرێك خانەی خۆی تێدا گرتبێت. لە -دارستانی ئەو بنارەدا- دەربڕین -ئسلوبی شیعر وتنی شاعیر- فیکری شاعیر هەر لە -مەڕۆ-و مەرگ لە زامی مندا دەڕوێ- و سووتان لەسەر هێلێکی هاوشان سەر بەیەك تاقیکردنەوە لەگەڵ شیعرەکانی - مەرگی کەژ - و - چەمی بێ دار- و -دۆڵی کپ - و ئێواران هەور دەسووتێ-دا ئەڕۆن بەردەوام گوزارە لە خواست و مەبەستی شاعیرانەی شاعیر ئەکەن. مەبەست لەمە ئەوە نییە کە پێشکەوتن و داهێنانی نوێ و زیاتر گەش ڕوانینی شاعیر لە تاقیکردنەوەکەدا دەست ئەکەون بەڵکو بەپێچەوانەوە جیاوازی زۆر لە نێوان -مەرگ لە زامی مندا دەڕوێ- و -ئێواران هەور دەسووتێ-دا هەیە و جێ دەستی کارامەیی -نەوزاد-و هەڵچوونی شاعیرانە و خەستبوونەوەی موعانات و وردبینیی لە کێشە نەتەوەیەکەیدا دێنە پێش چاوی خوێنەر. ڕووداوێکی درامیی نەتەوەکەی کاری تێ ئەکەن و شیعری جوانی پێ ئەڵێن. جەمسەرەکانی بیروبۆچوونی خۆی ون ناکات و داناخزێتە ئاڵۆزی و دژوارییەکی وەهاوە کە -چەمی بێ دار-ی تاقیکردنەوە تەمەن کورتەکەی چوار پێنج ساڵی بوەستێنێ و لێڵ و بێ تامی بکات.

٢- وێنەی شیعریی و یەکێتی بابەت:

-نەوزاد ڕەفعەت- یەکێکە لەو شاعیرە لاوانەی لە شیعرەکانیدا وێنەی شیعری و وەرگرتنی دیمەنی ڕۆمانسییانە زۆر بەکار ئەهێنێ. ڕواڵەتەکانی سروشت - باران و بەفر - با و زریان و خوڕەی چەم و لەرەی گەڵا و دیمەنی دارستانی بنار چیا و ئاسمان و دەریا و لووتکەی چیا و هەور و تەم تێکڕا تێکەڵ بە جووڵە و بزواندنە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤ ئەبن و ئەبنە هێما و ڕێ نیشاندەری ناوەڕۆك و چۆنێتی بیرکردنەوەی شاعیر. جووڵە و بزواندنە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤیش بریتین لە هەموو ئەو هەست و نەست و کردەوانەی کە تیایدا ئاشکراو شاراوە دەرئەکەون وەك -فرمێسك و گریان- پێکەنین و خەندە- بیرکردنەوە و تێڕامان- یادکردن و کپی ئارامی گەشتی شەقامی تەنیایی و سەرنجی تۆخ لە پۆلە باڵدار درەخت و دەریا- بیرەوەری ڕۆژانی ڕابردوو چاوەڕوانی ئەو خۆشی و ناخۆشییانەی داهاتوو لەگەڵ خۆی ئەیان هێنێ. کەواتە هاوکێشەکە بەم جۆرەی لێ هات- ڕواڵەتەکانی سروشت، جووڵەی مرۆڤ- ئەبێتە شیعری نەوزاد.

هەندێ ڕەخنەگر لەو بڕوایەدان کە وێنە سروشتییەکان و خەیاڵە ڕۆمانسییەکان

ناتوانن بکرێتە کەرەستەی شیعری کۆمەڵایەتی تەنانەت شیعری سیاسی. هەرچەندە من لەگەڵ ئەم ناو لێنانی شیعرەشدا نیم بەکۆمەڵایەتی یاخود بە سیاسی -شیعر یەك جۆرە-. شیعر ئەو جیهانەیە لە هەموو لاوە خەمی مرۆڤ و خۆشییەکانی -کارەساتە درامییەکانی سروشت و هێمنی و ئاسایشی ئەو ئەبن بەڕووبار و ئەرژێنە دەریای شیعرەوە. لە -دارستانی ئەو بنارە-دا شیعرێکی تێدا نییە بۆ چێژی تاکە کەسێك وترابێت. وێنە ڕۆمانسییەکان ناچنە بەرەی شیعری ڕۆمانسییەوە بەواتای ڕۆمانسییەت بەڵکو شاعیر سوودێکی تەواوی لەم ڕێبازە وەرگرتووە لە ڕووی خەیاڵ و وێنە و بەکارامەیی توانیوێتی بیگونجێنێ لەگەڵ بیرکردنەوە و هەستی نەتەوەیی خۆیدا. سەراپا ئەدەبێکی واقیعی بەزمانێکی ڕۆمانسییانە دروست کردووە. لە وێنەکاندا یەکێتی و گورج و گۆڵی بابەتی کۆکردووەتەوە و کردوونی بە هەوێنی واتا و مەبەستی خۆی. ئەو مەبەستانەی ڕەنگدانەوەی کەسێك یاخود هەموو کەسانێ کۆمەڵێك بن و لەژێر دوو چەوسانەوەدا چاو هەڵبێنێ، تێ بکۆشێ و نەخشەی دواڕۆژ بکێشێ.

(من و تۆ ئەو شەوە فێری
عیشقی خاك و
ماڵ و دەواری خۆمان بووین
کە تا بەیان
لە دەشتەکاندا ماینەوە و باران لێی داین)

ئەنجامی عیشق و شەیداییەکەی نەوزاد وەك شاعیرێك و کەسێکی ئەم نەتەوەیە لە هەڵچوونی دەروونی خۆشەویستەکەی بێ پایانە و هاتووەتە بوون. باران-لای شاعیر زیاتر لە دەلالەتێکی شاعیرانە بۆ مەسەلەیەك ئەبەخشێ:

(ئەو شەوانەی پیرەداری یادەکانت چرۆ دەکا
بارانێکی خوڕ دادەکا
باران ناهێڵێ بێ چەتر بێمە دەرێ و
خەمی دووریت لە شەقامەکانا هەڵڕێژم)

بارانی شیعرەکانی نەوزاد لە کارەساتێکی درامی ئەچن. هێمن و لەسەرخۆ نابارێن، گەڵا و گوڵ ئەمرێنن، لق و چڵ ئەشکێننەوە. ئەبنە لافاو و تۆوی کێڵگەکان ڕائەماڵن. ئەبن بە زریان- و ڕێ لە ڕێبوارەکان ون ئەکەن. چەترێك لای دڵدارەکەی هەیە، کە زۆرداری

باران و تووڕەیی زریان زۆری بۆ دێنێ، ناچار پەنا دەباتە ژێری. تۆف و باران- دەرگاکەی دەهەژێنێ و ئەمیش دەرگاکەی دەکاتەوە دارستانێکی ڕەش دێتە بەرچاوی.

بەو پێیە باران لای شاعیر ڕواڵەتێکی سروشتی نییە بەڵکو کارەساتە بەسەر شاعیر و نیشتمانەکەیدا ئەبارێ. بەلای منەوە ئەبوایە نەوزاد- دەورێکی تری بەباران بسپاردایە و هەر هیچ نەبێ لە ڕەمزە ئاساییەکەی خۆیەوە بەکاری بهێنایە. کە باران ڕەمزی پیت و بەرەکەتە ڕەمزی خێر و سامانە بۆ مرۆڤ- چونکە خاکی مردوو ئەژێنێتەوە چەمی وشك پڕ لە ئاو ئەکاتەوە کانیاوەکان سەرلەنوێ ئەتەقێنێتەوە. لە هەندێ جاریشدا بارانی بەنیشانەی کەرتبوون و بڵاوبوونەوە و ونبوون بەکارهێناوە.

(نزیك دیارن و هەرچەند دەڕۆم نایانگەمێ
کە بانگیشیان ئەکەم دەنگم
وەك ڕەهێڵەی بارانێك هەڵئەوەرێ)

گۆڕینی دەلالەتی ئەم بارانە جۆرە گێژاوێکی دروست کردووە. لە بەکارهێنانیدا لەگەڵ ئەوەدا سیفەتی خێری نەداوەتێ بۆ کەرتبوون بەکاری هێناوە ڕەمزیش نین بۆ کارەساتێکی درامی وەك شۆڕش و تەقینەوە و ژیانەوە.

لە تێرامان و وردبینی شاعیردا پێویستە ئەو ڕواڵەتە سروشتییانەی بەکاریان ئەهێنێت دەلالەتێکی دیار و ئاشکرا وەربگرن. بۆ نموونە باران لە شیعری -هەوری پایز-ی گۆران-دا نیشانەی گریانێکی بێ ئامان و بە کوڵە، کە ئاسمان بۆ پایز و خاك ئەگری. ماتەمی پایز لای گۆران بە تنۆکە گەورەکانی پەڵەی پایزدا دەرئەکەون:

(تەبیعەت زەرد و ژاکاوە لە حاڵی گیان کەنشتایە
نیـشانەی ماتەمی پایز لە فرمێسکی درشـتایە)

هەروەها (باران لای-سەیاب- جارێك خەمە جارێکیش ڕەمزی شۆڕشگێڕێکی سروشتییە. شۆڕش لای بەدر کارێکی سروشتی و چاوەڕوانکراو بوو کە ئەبوایە ڕووی بدایە وەك چۆن باران دیاردەیەکی سروشتییە و هەموو ساڵ ئەبێ دابکا)(١). بڕوانە شیعری -المطر-ی سیاب...

(هەر لەو کاتەوە کە منداڵ بووین
هەور بەری ئاسمان ئەگرێت و
باران دائەکات-)

لـە وێنـەی شیـعـریـەکـانـی شاعـیـردا یـەکـێـتـی بـابـەت بـەدیـارتـرین شێوە بـوونـی خـۆی سەلـمـانـدووە- ئـێواران هــەور دەسووتـێ- و -مـەرگـی کـەژ- لـەگـەڵ -هـەڵگیرسان- و -چەمی بێ دار-دا ئەچنە سەر یەك ڕێگاو ڕوو لە وڵاتێك ئەکەن. باری کۆستی ئەم بۆ قورسە؟ چەمی ئەم بۆچی وەك ئەو چەمانە نین کە ئارام و لەسەرخۆ لەژێر شینایی ئاسمانی بەرین و لە کەنار درەختە سەوزەکاندا تێ ئەپەڕن و بۆچی ماسی تیادا سەرگەردان و بێ هێلانە نابێ؟ ئەمیش شەو هەتا بەیان ئێشکچی و عاشقی ڕووبارێکی وەهایە:

-ئەو ڕووبارەی خاك لافی پێوە لێ ئەدا
ئەو ڕووبارەی
مرۆڤ چۆکی بۆ دادەدا-

-باری کۆستی ئەم- ئەوەندەی واتای جوانە و شاعیرانەیە ئەوەندەش پرسیارکردنێکی گران و هێنانە پێشەوەی کێشەیەکی گەورەیە. هەندێ جار کە مرۆڤ تێك ئەشکێ و وێران ئەبێ. چرای ڕۆژ لەبەر چاویا ئەکوژێتەوە شیرینی ڕووبارە ئەبێت بەزووخاو و ئەڕژێتە دەروونیەوە. ئینجا هەست ئەکات- باری کۆستی ئەم گەورەیە- کابووس- چییە؟؟ هەوای پاك و پیس کامەیە؟ مرۆڤ بۆ هەندێ جار باخ و سەوزایی دونیای لێ ئەبێتە بیابان؟ بۆ هەست ئەکا هەرخۆیەتی و دەنگ هەڵ ئەبڕێ و هاوار ئەکا و هەر خۆیەتی؟ کەس نایەت بە دەنگیەوە!! کەس فرمێسکی دڵسۆزی بۆ ناڕێژێ.

(کـێ کـەرتـێکـی شاخـی کـۆڵـی مـن ئـەڵ ئـەگـرێ
تــا بــزانــێ بــاری ئــەم کــۆستــە چــەنــد قــورسە
تـا بـزانـێ بـۆ چـەمـی مـن تـا بـەرەبـەیـان بـێ دارە و
دەڕوا و دەگــرێ- دەگــرێ و ئــارام نــابــێتــەوە)

ئەم یەکێتی بابەتە لە تاکە شیعرێکدا بێت یاخود لە سەراپای شیعرەکانیدا یەکێکە لە هەرە مەسەلە گرنگەکانی شیعری ئەمڕۆی کوردیمان -لەناوچوونی- گەلێك گیروگرفتی بۆ لێکدانەوەی ڕەخنەگرەکان دروست کردووە. هەندێ جار نەبوونی- ڕاستەوخۆ- ئەبێتە هۆی دیاردەی دژواری لای شاعیر. بەڵام لای نەوزاد- لە ئێواران هەور دەسووتێ-وە هەتا شیعری- وێنەکان کۆ دەبنەوە خۆیان هەڵدەبژێرین. کامیان لە هەمووان جوانتر و هـۆشیـارتـرە دێتـە پـێشەوە و ئـەبـن بـەشیـعـر. لـەم سەردەمـەدا شیـعـر پـەل هـاویشتن و شمولیەتێکی گەورەی هەیە کە ناوی درەختێك دێتە شیعرەوە هەر لە باران و ئاسمان و

ڕووبار و مرۆڤ و باڵدار و پایز و زریان و خۆشەویستی و فرمێسك و بەیەك گەیشتن و دابڕان حەز لێکردن و تۆران و زۆر شتی تریشی پێوە بەند ئەبێ و لە دەوری کۆ ئەبنەوە.

(ئەمانە سەراپا شەفافیەتی شیعرێك ئەهێنن. شیعر هەیە تەنها جارێك ئارەزووتە بیخوێنیتەوە. لە پاش ئەو جارە ئارەزوویەك نییە پاڵت پێوە بنێ هەتا بچیتەوە سەری. شیعری وەهاش هەیە ئەگەر هەموو ڕۆژ بەسەریا بچیتەوە هێشتا تام و چێژی خۆی نادۆڕێنێ. لە شیعری کوردیدا نموونە بۆ ئەمانە زۆرن)

وەك- شیعرەکانی مەولەوی و گۆران و ئەنوەر جاف -نەوزاد-یش وەك تاقیکردنەوەی یەکەمی هەتا ڕادەیەکی باش توانیویەتی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێ:

(ئەی مرۆڤی بەفرستان نشین
تۆ فێر بووی پێش وەی
زریان ڕات پێچێ
خۆت بنووسێنی بە بەردێکەوە
پێش وەی ڕەهێڵەی باران داکا
خۆت بخزێنیتە ئەشکەوتێکەوە)

یاخود ئەم نموونەیە:

(من لەو دیو تەمو مژەوە
باوەشێك گڵۆپ دەبینم دادەگیرسێ
تۆ نەبی کەێ گوێ لە هەڵبەستی کڵۆڵ و
هەژاری وەك من دەگرێ؟؟)

- نازم حیکمەت ئەڵێ: «ماوەیەکی دوور و درێژ شەمەم لە شیعری دڵداری نەکردووە نەمنووسی تەنانەت وشەی -دەروون-م لە شیعرەکانم دا بەکار نەهێنا.

دەمگووت دەروون پێوار و ڕەمزی شوعور نییە هی ئیحساساتە)(٢).

بەم جۆرە نازم حیکمەت لە باسی تاقیکردنەوەکەی خۆیدا بڕوا بەوە ئەهێنێ کە مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ مەسەلە دەروونیەکان و عاتیفییەکان و ویژدانییەکاندا زۆر پێویستە.

لە -دارستانی ئەو بنارە- شدا -دەروون عاتیفە و ویژدان- کۆ ئەبنەوە بەوێنەی

شیعری و یەکێتی بابەت و مێژووی باری کۆستی قورسی کۆڵی ئەو ئەبنە شیعر. لە شیعرەکانی– مەڕۆ و دەریا شینە و سووتان و دۆڵی کپ و هەندێکی تریشیاندا ئەو ڕەنگانە ئاوێتە ئەبن بەیەك....

(ئەبێ ئاسمان ئەوەندەی چاوی تۆ جوان بێ؟
ئەبێ زەوی بەقەد چاوی تۆ فراوان بێ؟
کوا بژوێن و دەغڵ و زەنوێر
وەك نساری ژێر پەرچەم و
گۆی مەمکی تۆ تەڕ و سەوزن؟
کوا چناری ڕۆخ جۆگەی تێر
وەك گەردن و
وەك بەژن و بالای تۆ بەرزن؟)

لە کاتێکدا کە هەندێ شاعیر لەگەڵ مەسەلەی دڵداری و گیروگرفتەکانیدا یەکانگیر ئەبن و مامەڵەی لەگەڵ ئەکەن و شیعرەکانیان ئەبێتە یەك پارچە پشکۆی ئازار– ئەم پشکۆیە ناخیان ئەسووتێنێ و، سووتانەکە گەورە ئەبێت– هەتا داگیریان ئەکات و لە ئەنجامدا ئەیان ڕووخێنێ و ئەوەستن و ئەکەون. بەڵام هەندێ شاعیر هەن توانای ئەوەیان هەیە کە ئەو پشکۆی ئازارەی تەنها پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە بگۆڕن بەئاگرێك لە ژێر خۆڵەمێشێکەوە ئەگرێ کە ڕاستەوخۆ چۆنێتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە بار و زرووفێکی تایبەتیدا ئەیخولقێنن. شاعیر لەم کاتەدا هۆشیارانە بیر ئەکاتەوە بەوریایی پەنجە لەسەر هۆیەکانی دروستبوونی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەدا لە شیعرەکانیدا باسی ئەکات.

–غەسان کەنەفانی– ئەڵێت: «ئێمە دیاردەیەکی گرنگی گشتی هەست پێ ئەکەین ئەویش بوونی پلەیەکی پێشکەوتووە لە بەرانگاربوونەوەی هۆشیارانە کە توانای گۆڕینی ئازاری هەیە بۆ پاڵپشت و توانایەکی شۆڕشگێڕی)(٣).

–نەوزاد–یش توانیویەتی ئەم ئازارە عاتیفییە بگۆڕێ بە بەرهەڵست و توانایەکی گەورەی هەستانەوە. ئەمەش دەستکەوتێکی بەنرخە لە کاروانی شیعری هاوچەرخی ئەمرۆماندا چونکە بەمە شیعر لەگەڵ ڕەوتی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەماندا یەك ئەگرێتەوە و لە یەکترا ئەتوێنەوە.

٣- جیٚ پەنجەكانی -زریان-بە-دارستانی ئەو بنارەوە:

لە مێژووی ئەدەبدا شتێكی دیار و ئاشكرایە كە شاعیرە گەورەكان هەمیشە بەهۆی تواناوە داهێنان و پێشرەوێتی خۆیان و كاریگەری خۆیان لەسەر شاعیرانی دەوروپشت و نزیك خۆیانەوە ئەسەلمێنن.

لە لایەن ئەو شاعیرانەوە بەدوو شێوە كاریگەری شاعیرە گەورەكە دەرئەكەوێ، شێوەی یەكەم سوود لیٚ وەرگرتن و هاتنە ناوەوەی هەندێك ئوسلوبی شاعیرە گەورەكە لە واتای دەربڕین و مۆسیقاو بابەتەكاندا لەلایەن شاعیرانی ترەوە، ئەمە لای ئەوان نابێتە لاسایی و دزی ئەدەبی و شاردنەوەی. بەڵام لایەنی دووەم هەیە كە كۆمەڵێك شاعیر شوێن پێی شاعیرێك هەڵ ئەگرن و داهێنان و واتا شیعرییەكانی ئەو هەندێك رتووش ئەكەن و بەكاری ئەهێننەوە. ئەمەیان دزی ئەدەبی و كەم دەسەڵاتی ئەو شاعیرانە ڕوون ئەكاتەوە. لە ئەدەبی كوردیشدا ئەم دیاردەیە شاراوە نییە.

گۆران- بوو بە سەركردەی خاوەن قوتابخانەیەكی شیعری، زۆر شاعیری تر بەڕێگەكەی ئەودا ڕۆیشتن و دەنگی گۆران لە زۆر لایەنەوە لە شیعرەكانیدا ئەهاتە گویٚ. بەڵام ئەمە بەشێوەیەك بوو كە ئەو شاعیرانە لەسەر خوان و سفرەی گۆران نەژیاون خۆیان شاعیریەتی خۆیانیان دروست كردو پێشكەوتن.

لە دارستانی ئەو بنارەدا -نەوزاد- لاساییكەرەوە و شوێن پیٚ هەڵگری ئەنوەر-نییە لە زریان-دا بایەتی ئەوی وەرنەگرتووە و خۆی تێكی هەڵشێلێتەوە بیكات بەشیعری خۆی. بەڵام ناتوانین چاو لەوە بپۆشین كە لەو شاعیرانەی ئەم دواییەدا بەتایبەتی ساڵانی (١٩٧٦ -٧٧- ١٩٧٨) جاروبار لەو لاو لادا دەنگی ئەنوەر و ئوسلوبە شیعرییەكەی هەست پیٚ ئەكرێت.

بڕوانە ئەم شیعرانەی نەوزاد- (ئێواران هەور دەسووتیٚ، مەرگی كەژ، دۆڵی كپ، چەمی بێدار). شاعیر لە دیوانەكەیدا تەنها یەك ڕوونكردنەوەی نووسیوە ئەویش ئەمەیە كە ناونیشانی شیعرەكەی ئەنوەر- وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد-ی بەكارهێناوە. ئیتر لە شیعرەكانی تردا بیٚ دەنگی لەم كاریگەرییە كردووە و ناوی نەبردوون. لێرەدا هەندێك نموونەی ئەم كاریگەرییە ئەخەینە ڕوو:

-ئەنوەر:

(زریان لق و پۆپی دار ئەشكێنیٚ)

(زریان داری لەبن و بێخ هەڵکێشا)
(کۆتره شینکی ئێسك سووکی ژانی مەسیح
بەدەوری کەنیسەی دڵما خول ئەخوات و هەر ئەگمێنیٚ)
(تێر تێر ئەگریم
پیٚ ئەکەنم
ئەگریم
کۆچ ئەکەم و ئەپرسم)
(بۆ وامـاتی بۆ کویٚ ئەڕۆی)
(تۆ تەنیا بوویت منیش تەنیا
تۆ ئـاوابوویت من ئـاوا)
(لە خۆشییا بـاڵی گرت و هەر خەریك بوو
ڕووت ڕووت ببیٚ هـاواریەکرد)
(ئەگەر هـاتوو ئەو گڵۆپـانەش داگیرسان
لە خۆشییا لەدڵەوە
منیش دەست ئەکەم بەگریان)

نەوزاد:

(کە زریـانم دی نەدەسرەوت
زێم دی سەری دەدا لە بەرد و هـاواریەکرد
(کۆتره باسکە لە دەوری دڵدارەکەیدا
خول دەدات و دەگمێنیٚ)
(گەوڵە کۆتره شینکەی چاوەکانی
لا دەداتە کامە بنـار)
(بۆ وامـاتی، سبەی شەویش
شۆڕدەبیەوە دۆڵی قووڵ)
(نەیشگریـاوی؟
پێکەنیوم)
(خۆشت دەوێم؟
ئەوا تۆیشم لیٚ ئـاوابووی)

(من لەو دیو تەمومژەوە
باوەشێك گڵۆپ دەبینم دادەگیرسێ)

ئەم کاریگەریە شیعریە لەو جۆرەی یەکەمە کە باسمان کرد واتا شاعیربوون و دەسەڵات و ڕێچکەی شیعری خۆی سەلماندووە شیعرەکانی لە ناو شاعیراندا ئەناسرێتەوە. بەڵام کاتێکیش لە ژێر ئەم کاریگەرییەدا ئەبینرێتەوە ئەمە شتێکی ئاسایی و ڕووداوێکی ئەدەبی نوێیە لای ئێمە بەڵکو لە ڕەوتی ئەدەبی جیهاندا و لە مێژووی ئەدەبیاتیشدا ئەمە هەر بووە و بەردەوام دەبێت. بەو مەرجەی شاعیر ڕۆژ بەڕۆژ بتوانێ خۆی لەو کاریگەرییە ڕزگار بکات و دەسەڵاتی سەربەخۆیی خۆی بەدەست بهێنێ.

٤- پۆستەر و دارستانی ئەو بنارە:

یەکێك لە ڕووداوە دیارەکانی ساڵی ١٩٧٨ – دەرچوونی – کازیوە–کەی شێرکۆ بێ کەس– بوو. واتە شیعری پۆستەر. ئەم شیعرانە لە ڕووی ناوەڕۆك و پەرەپێدان چەمەکی بیرتیژی لەگەڵ ڕۆیشتنی کاری پێشڕەویەتی شاعیرانەی شێرکۆ بوو. کە وەك شاهیدێکی ڕاستگۆی سەردەمەکەی خۆی ئەدوێ. لێرەدا نامانەوێ بەدرێژی باسی – کازێوە– و شیعری پۆستەر بکەین ئەوەمان هەڵگرتووە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ. بەڵام ئەوەی پێویستە بووترێ ئەوەیە کە پێش شێرکۆ هیچ کەسێك ئەم داهێنانەی نەکردووە کازێوە یەکێکە لە کاری داهێنەرانەی شاعیر ئینجا لە هەر سەردەمێکدا کە شیعری بەتوانا و دەسەڵات دەرئەکەوێ شاعیرانی تر هەوڵ ئەدەن سوودی لێ وەرگرن و هەندێکیان ئەکەونە ژێر کاریگەری ئەوەوە. ئەم شیعری پۆستەرە بەجۆرێك ساڵی ١٩٧٨– پەرەی سەند پەخش و بڵاوبوونەوەوە کە زۆر لە شاعیرە باش و دەرکەوتووەکانیش کەوتنە ژێر کاریگەری و نووسینەوە. تەنانەت ئەمە– ڕەفیق سابیر– و –لەتیف هەڵمەت–یشی گرتەوە. کاتێکیش لە دارستانی ئەو بنارە ورد ئەبینەوە هەشت پۆستەر ئەبینین کە حەوتیانی ساڵی ١٩٧٨– نووسیوە و یەکێکیانی ساڵی ١٩٧٧ نووسیوە.

هەشت پۆستەرەکە ئەمانەن: خەون، کەرك، چۆلەکە، دار هەنار، شاعیر، کەپەنگر، کێو، هاتنەوە.

سێ پارچە شیعری کورتیشی تێدایە بەناوی –نامە، تۆ، پەنادان– کە ئەشێ شاعیر خۆی یان هەندێك خوێنەر بەپۆستەری دابنێ بەڵام ئەمانە چ لە ناوەڕۆك و چ لە تەکنیکدا پۆستەر نین و ناچنە ڕیزی هەشت پۆستەرەکەی شاعیرەوە.

ئەگەرچی هەشت پۆستەرەکە لە ڕووی شوێن پێ هەڵگرتن و کاریگەری -کازێوە- وە نووسراوە. بەڵام تایبەتیەت و دەنگی تایبەتی نەوزاد-ی بەئاسانی تیادا هەست پێ ئەکرێت و دێتە گوێ.

هەشت پۆستەرەکەی شاعیر پڕن لە خەون و هیوای دوا ڕۆژ و ڕاونانی شەو وەدەستهێنانی ڕۆژێکی ڕووناکی سەرفرازی کەسانی نەتەوەکەی. بەئاستەمێك ڕاوەستان و هیوا براوی خەیاڵێکی پەرتبوونی نییە. ئەمە یەکێکە لە نیشانە سەرکەوتووەکانی دیوانەکە شاعیر کە هەر لەم یەکەم تاقیکردنەوەیەوە سەرەتای دەسەڵات و وزەی شاعیرانەی خۆی سەلماند. لە نێو هاوڕێکانیدا- لە نێو شاعیرەکانی شارەکەیدا توانی لە هەمووان باشتر و زیاتر بچێتە پێشەوە دەنگی شاعیرانەی خۆی بەرز بکاتەوە. وێنە جوانەکانی شاعیر لە پۆستەرەکانیشدا ئوسلوبی شیعری -لیریك- غنائی. خۆی ون نەکردووە و لەسەر بەردەوامە:

(کە باخەوانی باخ سووتاو و
کەشتیەوانی
بەساڵاچوو کەشتی شکاو
خەمبار دەبن خەو دەبینن:
باخەوان دەشتێك دەبینێ دەژێتەوە
دارەکانی شین دەبنەوە
کەشتیەوانیش خۆی دەبینێ
تۆڕ هەڵداوێ و
بەدەستی پڕ ماسی و خەندەوە دێتەوە)

٥- نەوزاد و هەوڵێکی تەکنیکی لە دارستانی ئەو بنارە-دا:

لەو کاتەوەی شۆڕشی نوێبوونەوەی شیعری کوردی لە بیستەکان بەرەو ژوور دەستی پێکردوو گۆران بوو بە سەرکردەی ئەو شۆڕشە ڕابەر و پێشەوایەکی بلیمەتی لێ هاتە دی- لەو کاتەوە ئیتر بەردەوام تەکنیکی شیعری کوردی لە هەڵچوون و گەشەسەندنێکی بەردەوام و نەوەستاودایە. ئەو بارە تەکنیکییە لەم دواییەدا تەواو لە شیعری کوردی هاوچەرخماندا سەری هەڵداو چەسپی بڕوانە- تینوێتییەکەی شێرکۆ بێ کەس-و پشکۆکان ئەگەشێتەوە-ی ڕەفیق سابیر و- شیعرەکانی سامی شۆڕش و زریان-ی

ئەنوەر جاف و دڵدارەکەم-ی سەلاح شوان-و شیعرەکانی- محەمەد حەمەباقی- لای ئەم شاعیرانە هەریەك هەوڵێکی سەرکەوتووانە ئەنجام دراوە بۆ بەرەو پێش بردنی لایەنی کێش و قافیە و مۆسیقای ناوەوە و دەنگ و حیوار و مەنەلۆژ و یەکێتی بابەت و هۆشیاری وشەی موناسیب بووە بۆ تەعبیرکردن لە بابەتی -مناسب- لێرەشدا ئەگەر بەوردی دارستانی ئەو بنارە بخوێنینەوە هەموو ئەو لایەنە تەکنیکییانەی تیادا ئەبینین، وە بۆمان ئاشکرا ئەبێت کە شیعرەکانی نەوزاد پێویستی بە لەسەر وەستان و وردبوونەوە هەیە وەك کۆمەڵە شیعرێکی ئاسایی و زۆر لەو کۆمەڵە شیعرانەی ئەمڕۆ دێنە بەردەستمان خۆی نانوێنێ کارامەیی نەوزاد لەوەدایە کە توانیویەتی بەوێنەی شیعری مۆسیقای ناوەوە قافیەی هەمەچەشن یەکێتییەکی مەووزوعی لە هەر پارچە شیعرێکدا پێك بهێنێ بەو مەرجەش کە هەریەك سەربەخۆیی خۆی پاراستووە وە هەموو شیعرەکانیش یەك هێڵی بەیانی پێك دێنن و لێکدانەوە و بیرکردنەوەی شاعیر، لە دۆڵی کپ و ئێواران هەور ئەسووتێ و چەمی بێدار و هەڵگیرسان و دارستانی ئەو بنارە-دا ئەو هەوڵە تەکنیکییان شاعیرانە بەکار هاتوون.

ئەمانەش درێژبوونەوەی ئەو هەولانەی بوو کە لەوەوپێش لە -مەڕۆ- و دەریا شینە-و یادێکی شیرین-دا بەدەستی هێنابوو:

(دەریا شینە
ئەی ڕەنگی چاوەکانی تۆ؟
دیمەنی دووری بناری
هەردوو چیاکان شیرینە
ئەی دیمەنی ئێوارەی چاوەکانی تۆ؟

هەر لەو چەند ڕستەیەدا شاعیر ڕەنگی شینی دەریا و چاوی خۆشەویستەکەی و دیمەنی چیاکان لە یەکتریدا ئەتوێنێتەوە. (کات) وەك دیاردەیەکی زیندوو بەکاردێنێ، ئەویش کاتی ئێوارە و دیمەنی ئێوارانی چاوی خۆشەویستەکەیەتی نموونەی بەرەو پێشەوە چوونی ئەم هەوڵەش بەتایبەت لە -دۆڵی کپ- و هەڵگیرسان و دارستانی ئەو بنارەدا ئەبینرێ. لە هەڵگیرساندا ئەڵێت:

«ئەو گوندانە ڕۆژگارێکی ئێجگار دوور و
ماچی ژێر بەفر بارین و
چاوی تۆم بیر دەخەنەوە

ئەو ڕۆژەم بیر دەخەنەوە
دەواری بە بەیان و ئاوا بوونت بۆ هەڵدام
ئەوینێك بووی
سێبەرت بۆ ئەكردم و ئاوت ئەدام)

ئەگەرچی نموونەكانی ئێمە لە ناوەند یاخود هەر جێگەیەكی تری شیعرەكاندا دەرهاتووە بەڵام ئەبینین هێشتا زیندوویێتی خۆی پاراستووە و ئەو –گوندانە– لای شاعیر ئەبن بەدەلیل و فلیمی خەیاڵ و بیرەوەرییەكانی دێنە پێش چاو. ماچ و بەفرو چاو و دەوارو بەیان و ئاوابوون و عەشقی دێننەوە یاد. مۆركی كەرەسە و ڕواڵەتە سروشتییەكانی كوردەواری لە شیعرەكانا دروست ئەبن و هەر كەس بیخوێنێتەوە دیمەنی بەرەبەیان و ئێوارانی بەبەرچاودا تێپەڕ ئەبێ: لە بەفر و خێوەت و ڕەشماڵ و گوند و چرا و ڕووبار و بارانا و دارستانی و هێلانە و... هتد. كاتێكیش شاعیر ئەم وشانەی بۆ تەعبیر لێكردنی مەبەست و بیری خۆی بەكارهێناوە نەكەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ساتێكی شیعری كەم خەیانەوە و بەشێوەیەكی –لا شعور– مامەڵەی لەگەڵ وشەدا نەكردووە. وشەكانی وەستایانە چنیوە و مۆسیقای ناوەوەی پاراستووە چونكە –(مۆسیقا لێدانی دڵی شیعرە)[٤]. دڵی شیعرەكانی ئەمیش لە ڕاچەنین و داهێنانی بەردەوامدان. ئەگەرچی لە هەندێ كۆپلەی شیعرەكانی دیوانەكەدا جۆرە بیرێكی –ئایدیالی– ورەبەردان هەیە بەڵام ئەمانە نەیانتوانیوە هەمیشە و لە سەراپای شیعرەكاندا بیری نەتەوەپەرستی و مرۆڤانەی شاعیر داگیر بكەن، بۆیە لە كۆتاییدا ئەڵێم:

«دارستانی ئەو بنارە– سەر بەتاقیكردنەوەیەكی گشتی قۆناغی ئەمڕۆی شیعری هاوچەرخی كوردییە، توانی لە ڕیزی دیوانە سەركەوتووەكاندا جێگای خۆی بكاتەوە. وە لە تاقیكردنەوەی تایبەتی قۆناغی شیعریی شاعیر خۆیدا بنج داكوتان و زەمینەیەكی پتەوی پێكهێناو دیارە داهاتوویەكی باشتریش چاوەڕێیەتی».

سەرچاوەكان:

١– بين السياب واليوت –عبد الجبار عباس– مجلة الكلمة– عدد خاص.
٢– هونەری نازم حیكمەت – نووسینی– ئەكبەر بابائیف – گۆڕینی شوكور مستەفا – پاشكۆی عێراق ١٩٧٨.
٣– ادب المقاومة ابعادة، مواقفة– غسان كنفاني.
٤– حسين مردان– الازهار تورق، داخل الصائقة. ص ١٥٨

کۆدێتاو هەنگاو

لە سەرەتاوە دەیویست بمگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە دانی پێدابنێم ئەبێت نووسینەکە -کۆدێتایەکی- تەواو بێت لە هەموو ڕوویەکەوە. بەڵام من لە قسەکەی خۆیدا ڕەخنەیەکی بچووکم بەرەڕوو کردەوە. لە پاشدا ئەو ڕەخنەیە چەندە بچووك بوو هێندە بەرفراوان و گەورە بوو. ئەو خۆی قسەی کابرای ئیغریقی بەنموونە هێنایەوە کە دەڵێت:

«تۆ هەموو ڕۆژ دەچیت بۆ خۆشتن لە ڕووبارێك وا دەزانیت ئەو ئاوە هەر ئەو ئاوەیەو جێگەکەش هەر هەمان جێگەیە بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئاوەی تۆ خۆت لێ شتووە دوێنێ ئەوە نییە و جێگاکەش هەبێ و نەبێ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە ئەگەرچی کەمیش بێت»

ڕەخنەکەی من بۆ ئاوەکە نەبوو کە ناگۆڕێ بەڵکو بۆ گۆڕانە کەمەکە بوو.

سەری کلافەی باسەکە لێرەوە کرایەوە... ئەو دەیوت دەبێت نووسینەکە کۆدێتای تەواو بێت و پشتی تەواوی بەکاتەکە بەستبوو کەچی -جێگا-کەی ئەکرد بەژێر لێوەوە.

-نەت بیستووە - پاڵەپەستۆ تەقینەوە دروست دەکات؟!

* تۆ هەر ڕووی سەرەوەی قسەکەت گرتووە! گەر وا نەبێت کام پاڵەپەستۆ و کام تەقینەوە؟! ئەمە پێویستە دیوی ناوەوەشی بخوێندرێتەوە.

- گوایە تۆ مەبەستت لە چۆنیەتی پاڵەپەستۆکەیە؟! (ڕۆسۆ) و (ڤۆڵتێر) پاڵەپەستۆبوون... ڕووخاندنی (باستیل) تەقینەوەبوو.

* لام باشترە هێندە دوور نەڕۆین و لەم نزیکانەوە نموونە بێنینەوە.

- منیش هەروا

* لە هەنگاوی یەکەمدا چۆن پلانی کۆدێتا ئەدەبییەکە دەکێشرێت؟

- چاوکردنەوە و کارتێکردنی!!

* کەواتە پەیوەندی چاوکراوەیی جەماوەرەکە و ڕادەی وەرگرتنی بیرورا و ڕێبازی نووسەرانی هەندەران پەیوەندییەکی -طردی-یە تا ئەم زیاد بکات ئەویش زیاد دەکات؟

-ئەمە ڕای منیشە.

* (گۆران)ی نەمر لە ڕێگای زمانی ئینگلیزییەوە -شیلی- و -بیرون- و -کتیس-ی ناسی. ئیلهامی لێ وەرگرتن.

-بەڵام نابێ هۆشیاری و ڕادەی زانیاری و بۆچوونی -گۆران- بۆ ئەو ئیلهام وەرگرتنە فەرامۆش بکرێ

* لەم نزیکانەشەوە -عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی- ئیلهامی بەشێك لە کۆدێتاکەی لە -نازم حیکمەت- وەرگرتووە. زۆر هۆنراوەی شاهێدی ئەمەن.

- وەرگرتنەکە گرنگ نییە. چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی گرنگە. ئەمە بنەڕەتی کۆدێتاکەیە چونکە هەردوو تای تەرازووەکە دەبێت یەکسان بێت.

* دیارە دەتەوێ زۆر ورد بۆی بچیت بەڵام ئەمە کتێبێکی ئەستووری دەوێت؟!

- هەر چۆن بێ بتوانین بگەینە ئەنجامێك مەرجیش ئەوەیە وەك (بلینسکی) دەڵێت: هەقیقەت با وشەی سەرەتا و کۆتایی ئەو چەرخەمان بێت.

* لات وا نییە ڕاکردن لە هەقیقەت ترسنۆکی بێت؟

- لێرەدا مەسەلە نووسینەکەیە و هیچی تر

- تۆ دەڵێی دەبێت کۆدێتای تەواو بێت و من دەڵێم بەشێکی لێ دەمێنێتەوە کە نابێ یاسای کۆدێتاکە بیگۆڕێت و هەڵی گێڕێتەوە.

* بەڕای تۆ هەنگاوی یەکەم چۆنیەتی کێشانی نەخشەی پلانی کۆدێتا ئەدەبییەکەیە؟

- بەڵێ... لەسەر ئەمەش پێ دادەگرم و ئەوەی زیاتریش سوورم لەسەری دەرخستنی وێنەیەکی کاریگەری کارەکەیە واتە ئەدیب یان شاعیرەکە. وای ئەبینم ئەگەر ئەو هەموو شاعیرە لە سەرەتاوە لە مانای شیعر و هەڵبژاردنی شاعیرییەتی قووڵ ببوونایەتەوە ئێستا تەنها لە سەدا بیستی ئەو شاعیرانە دەبوون چونکە لەوانەیە شاعیر لە سەرەتاوە هەستێکی کاتی و سۆزێکی دەروونی هەڵچوو بێبزوێنی بەڵام ئایا بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی ئەوە دەینووسێت و پێش چاوی دەخات لەسەری حسێبە و هێندە نابات دەبێ ببێت بەخاوەنی ئایدۆلۆژییەتێکی تایبەتی و تا دەگاتە ئەوەی تەنها بۆ شیعر بژی؟!

* یا من پێم وایە بگاتە ئەوەی بڵێ ژیان شیعری تیا نەبێ نامەوێ!!

- زۆر کەمی دەگاتە ئەوە؟؟

* ڕێگای شیعریش سەختە!!

- لەوانەیە ئەو سەختییە هۆی نەخۆشی وشکبوونەوە و دەست کێشانەوە بێت.

* ڕێی تێ دەچێت

- کەوابێ کاروانەکە جۆرە سەردەمێك دروستی دەکات بەڵام چەندیان دەگەنە جێ؟؟

* ئەمە وەڵامی پاش تاقیکردنەوەیە... ئەی ئاخۆ گەیشتووەکان کامیان بەماندوویی و لاوازی دەگات؟؟

- ئەوەیان هۆشیاری و واتای شاعیرە کە خۆی دەزانێت من مافی ئەوەم نییە ڕێگای بۆ دابنێم... بەڵام...

* لە دڵتام... دەزانم دەتەوێ چی بڵێیت. نیازت وایە لە دەست پێکردنەکە بدوێیت...

- بۆی چوویت لەمەشەوە قسەی خاوەن تاقیکردنەوەکە و دان پێنانی خۆی دێنمەوە.

(حسێن عارف) دەڵێت:

«لە یەکەم جاردا پڕم کرد بەڕۆمان نووسیندا. ئەمەویست ڕۆمانێك لە بابەتی -دایك-ی گۆرگییا -ئاناکارنینا-ی تۆلستۆی یا -کلۆڵان-ی هۆگۆ بنووسم. دەستم پێکرد بەو لە هەموو شت ناوم ناو نووسیم -خێوی گەڕەك- کتومت نموونە- یەك لە کەسانی ڕۆمانەکەی گۆرگی و بەڵام دانیشتووی گەڕەکی -سەرشەقام- لە سلێمانی. لاپەڕەیەك و دە و پەنجام ڕەش کردووەو چەقیم.

لە بیرم نەماوە چۆن لە فەوتان دەربازی بووبوو تا دوای تەمموزی (١٩٥٨)یش هەرمابوو کە خوێندمەوە تەنانەت بە مستەوای ئەو وەختەشم پێکەنینم پێی هات و دڕاندم.

* ئاشکرایە نووسەر مەبەستی سەرەتای دەست پێکردنی و (خۆ دروستکرن)ە.

- ئەگەر شاعیر یان نووسەر پەلە نەکات و پاش دروستکردنی خۆی بەرهەمەکانی دروست بکات دەگاتە چی؟

* دەستێکی دەبێت لە کۆدێتاکەدا. درەنگ بێتە پێشەوە بۆ ئەوەی زوو نەکشێتەوە خۆ دروستکردنی وای لێ دەکات لە هاتنە پێشەوەکەیدا ئەگەر وەك کارزانێکی بەتواناش دەرنەکەوێ بتوانێ خۆی ڕاگرێ. تا هەر جارەی لە دروستبوونێکی نوێدا خۆی دەبینێتەوە. یان دەبێت بەو شاعیرەی کە -عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی- باسی دەکات و

دەڵێت:

«شاعیر ڕاست وەك ڕووبارێكی بەخوڕە لە چاو دەورەپشتەكەیدا. وەك كۆچەرییە لەو جێگەیەی بۆی ناشێ و كۆن بووە بارگە و بنەی بپێچێتەوە و لە جێگایەكی نوێی شیاودا هەڵبداو سەرلەنوێ پێویستی و كەلوپەلی بەرگری خۆی دروست بكاتەوە لە جێگەی ئەو پێویستی و كەلوپەلانەی كۆن بوون و بۆ ئەو سەردەمە ناشێن).

– كەواتە خۆ دروستكردنەكە ئەنجامی خۆی هەیە؟ بەو مەرجەی ژێر دەستەی –عاتیفە– سادەكەی خۆی نەبێت.

* لە قسەكانتا ئەوە هەست پێ دەكەم كە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ بەنووسینە كۆدێتایەكان و دروستبوونی نووسەرەكەوە هەیە بڵێم زۆر شاعیر و نووسەر ئەو عاتیفەیە بەهەڵەیدا دەبات. ئەوەش سەرچاوەكەی زۆرجار –جوانی–یە چونكە یۆنانییەكان هەموو بیرێكیان بەهۆی كارتێكردنی جوانییەوە كردووەتەوە.

– هێشتا هەموویت نەوت كە ئایا عاتیفە تەنها دەستكردی جوانییە؟ نەخێر عاتیفە زیاتر دیمەنی دڵتەزێن و كارەساتی جەرگبڕ دروستی دەكەن نەك جوانی. لەوانەیە لێرەدا بڵێیت –گۆران– لە ڕۆمانسیەتەكەی (شیللی و كیس)دا بەرامبەر دەم كردنەوەی گوڵێك و وەرینی گەڵایەك ئەوپەڕی عاتیفەی هەڵچووبێ. كەچی (تینوویێتی گۆران بۆ جوانی تینوویێتییە بۆ دۆزینەوەی ژیان و دەوری ئادەمیزاد تیایدا وە بۆ گەیشتن بەم جوانییە هەقیقەتە قۆناغ بەقۆناغ بەپێی بەرەوپێش چوونی فیكری و تەمەنی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێ). جگە لەمە پاڵەپەستۆێ ئازار توانای زیاترە بۆ تەقاندنەوەی عاتیفەی شاعیر نەك جوانییەكی كۆشی ئارامی. چونكە یاسای سروشت ناهێڵێ بووكی جوانی تاهەتایە چاو لە بەرامبەر ڕووناكییەوە هەڵبێنێ وەك گۆران دەڵێت:

«ئەمەیە دیمەنی پاش وەشتی نیسان
پێ شێلی ستەمە گشت شتێكی جوان»

* ئەی كارتێكردنەكە... بەلای تۆوە وێنەگرتنەوەیە یاخود مادەی كیمیاوییە بۆ بەهێز و پێزكردنی؟

– ناتوانم بڵێم كارتێكردنێك نییە لە ئەدەبدا كە وێنەگرتنەوە بێت ئەمە بەبارێكی تردایە چونكە ئەشێ –سارتەر– سوودی تەواوی لە –ئەراگۆن– و –مایكۆفسكی– وەرگرتبێ. یان –ستیڤن سبندر– هەندێ كەلوپەلی ئەدەبی خۆی لە –نیرودا– خواستبێ. وە

نواندنی وەستایەتی و جۆری بەکارهێنانی وەرگرتنەکە مەرجی بنەڕەتییە بۆ نموونە -یەفتەشینکۆ-ئەراگۆن- سەردەمێك دروستی کردن و لە کێشوەرێکدا دەژیان. بەزۆر تاقیکردنەوەی هاوبەشدا ڕۆیشتوون. کەچی هەریەك سەرگەرمی تاقیکردنەوە و داهێنانی خۆیەتی و جۆرێکی جیاوازتر ڕووداوەکان پێش چاو دەخەن.

* ئەی حسابێك بۆ بوونی یەك شارستانی و یەك دەوروپشت ناکەیت کە بەرهەمی وەك یەك لای شاعیر و ئەدیبەکان دەدەن بەدەستەوە؟

- نەخێر.

* چۆن؟

-وەك وتم جۆری بۆچوون و تیاقووڵبوونەوە و سایکۆلۆژیەتی زاتیی نووسەرەکە ئەمە دەگۆڕێ. ئایا شارستانێتی ئەوروپا چۆن لە بەرهەمەکانی -یەفتەشینکۆ-دا هەیە هەرواش لای -ئیلوار- دەرکەوتووە یان وەك لای ئەم دووانە هەیە؟ یان جۆری چارەسەرکردنەکەی جیاوازی هەیە؟ کە بەپێی ڕێبازی فەلسەفی بیر و نووسینی هەریەکەین دەگۆڕێن.

* بەلای منەوە وەرگرتنەکە دەبێت هەڵبژاردن بێت تا لەگەڵ سروشت و سایکۆلۆژییەتی زۆربەی جەماوەردا بگونجێت.

- ناتوانم بڵێم لە سەدا سەد دەبێت وا بێت. بەڵام ئاخۆ ئەدیب و شاعیرەکەش هەر لە ڕادەی وەعی جووتیار و کاسبکارەکەدا بن ئەی پێشڕەوی و هەنگاونان و کۆدێتاکردن چی بەسەر دێت؟ لە کام سندوقدا قایم بکرێت و بەکام قفڵی پۆلایین دابخرێت و کلیلەکەی لە کام کون و کەلەبەردا بشاردرێتەوە؟!

* ئێستا لەوە دڵنیام کە وەرگرتن و کارتێکردن ئەتوانن بەشێك بن لە هێزی کۆدێتاکە. سەبارەت بەم قسەیەشت ئەمەوێ بڵێم...

لەو کاتەدا کە گەرمەی مشتومڕ و ڕەخنەکاریمان بوو لەپڕ کارەبا کە بڕا و ژوورەکەم تاریك و نوتەك داهات. هەر چۆن بوو چرا نەوتییەکەم دۆزیەوە و لەسەر مێزەکەم دامناو شقارتەیەکم لێ دا، کە داگیرسا چەند لاپەڕەیەکی ڕەشکراوەم دی کە ئەم نووسینە بوو. ئینجا بۆم دەرکەوت بەرامبەرەکەشم کە هەندێ جار سەری بۆ لەقاندم و هەندێ جاریش پەرچی دادەمەوە و ڕەخنەی لێ دەگرتم تەنها زاتی دووەمی خۆم بووە و کەسێکی تر لە ژوورەکەمدا نەبووە.

سەرچاوەکان:

١- المؤثرات الاجنبية في للشعر العربي المعاصر- د. عبدالرحمن لؤلؤة.

٢- الكتابة عمل انقلابي - نزار قباني- الثقافة العربية - العدد (١٣) سنة ١٩٧٤

٣- كە چیرۆك ئەنووسم - حسێن عارف- گۆڤاری بەیان ژمارە (١٤)

٤- سروشت و جوانی لە شیعری گۆراندا- کەمال میراودەلی- نووسەری کورد- ژمارە -٩-

٥- الشكل والمضمون في الشعر العربي المعراصر -دكتور عناد غزوان اسماعيل.

زمانی دەربڕین و کێشەیەکی سەخت لە خوێندنەوەی

چیرۆکی -پەریخان-ی محەممەد فەریق حەسەن-دا

لە کاتێکدا هەر چیرۆکێك سەرسوڕمان و پرسیارت لا دروست بکات، هەست بە سەرکەوتوویی یا لاوازی بکەین بۆ ئەو هۆیانە دەگەڕێتەوە کە بوونەتە هۆی دروستکردنی ئەو حاڵەتانە. لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس دوای پێشەکییەکی کورت کە بەرکوڵ یاخود -استهلال-ی پێ دەڵێن دەیەوێ شپرزەیی و بێ ئارامی کەسەکان بەوێنەیەکی هونەری نیشان بدات نووسەر سوودی لە هونەرەکانی سینەما وەرگرتووە. دیالۆگی سەرەتا کە چوار کەس و باوکی پەریخان پێکی دەهێنن وەکو سیناریۆی فلیمێکی سینەماییە. ڕووداوەکان، دیمەنەکانیان مونتاژکراون، کامێرا لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی ڕووداوەکان پەرە پێ دەدەن. چیرۆکنووس زۆرجار سیناریۆی بەشێوەی دیالۆگ و مونتاژ بەکارهێناوە وەك پێشتر لە چیرۆکی – خاچ – و – بووك و زاوا – و – تێکەڵبوونی دیمەنەکان–دا هەیە.

یەکێ لە دیمەنەکانی کۆتایی چیرۆکی پەریخان چیرۆکنووس توانیویە بەشێوازێکی سادە و ساکار بێ گرێ و گۆڵ و لق و پۆی زۆر و لێکدانی چەندین کێشە، وەك کێشەیەك کە سەرچاوەی هەموو کێشەکانە ڕاست و ڕەوان وەك هونەر کارێکی هاوچەرخ بخاتە بەردەمی خوێنەر و حاڵەتی ڕامان و بیر لە خۆکردنەوەی تیادا دروست بکات کە دروستکردنی ئەو حاڵەتانەش لای خوێنەر نیشانەی سەرکەوتوویی چیرۆکنووسە لە کارەکەیدا، دەبێت لێرەدا ئەوەش بەخوێنەر بڵێم کە ئەمە مانای ئەوە نییە وەك چاوی ڕەخنەگر هیچ ناتەواوی و کەمی و کوریەك لە چیرۆکەکەیدا نەبینم. چیرۆکنووس وەك ئەندازیارێك نەخشە و پلان و پەیکەری چیرۆکەکەی خۆی لە پێش چاوی خۆیدا داناوە و زۆر بەکارامەیی کەوتووەتە دروستکردنی بینای چیرۆکەکە. هەموو شت لە دەوری کێشە گەورەکە دەسووڕێتەوە کێشەی شوانێتی ڕێبوار. لەو کێشەیەدا ململانێ -صراع-ێکی سەرەکی بەرپابوو لە نێوان دوو کەسدا کە نموونەی دوو بەرەی کۆمەڵن سمکۆ کە هەر لە سەرەتاوە گومان لە ڕێبوار دەکات و بەمرۆڤێکی ڕاست و دڵسۆزی نازانێت، سەرەتای دروستبوونی گومانەکەی لەوێوە دەست پێ دەکات کە سێیەم کەس دەڵێت: «هەموو گێل نەبووین، ئەوەبوو کە یەکەم مەڕی دێ خورا، سمکۆ گومانی لێ پەیدا کرد، هەر سمکۆمان

تیایە وریا بێ، ئەو نەبوایە ئێستاش هەر لە دنیای بێ ئاگاییدا تەراتێینان بوو! لێرەدا دیارە سمکۆ نوێنەری بەرەی ڕۆشنبیر و هۆشیاری کۆمەڵە، دەوری ئەو تێگەیاندن و وریاکردنەوەی ئەو خەڵکەیە کە بەسەرهاتەکەیان دەرك پێ ئەکرد وە ڕێبوار ئەگەرچی لەوەتەی شوانە لەو دێیەدا هیچی لە بارەی خۆیەوە بۆ کەس باس نەکردووە بەڵام لای سمکۆی هۆشیار نامۆ نییە و دیوی ناوەوە و ڕاستەقینەی ڕێبوار دەبینێ چیرۆکنووس کێشەی نەپساو ململانێی نێوان سمکۆ و ڕێبوار وەها بچووك ناکاتەوە کە ئەوەی پاڵی بەسمکۆوە نابێ بۆ ئەو هەوڵە مەزنانەی تەنها لەبەر عەشقی و خۆشەویستی پەریخانەوە بەس. بەڵکو لەو سنوورەی تێپەڕاندووە و هەر دووبارەی زاتی کە خۆشەویستی یەك لایی سمکۆیە بۆ پەریخان و باری مەوزووعی خۆشەویستی سمکۆ بۆ خەڵکی و سامانەکەیان کە ڕانە مەڕەکەیە پێکیەوە گرێ داوە و بەرژەوەندی کۆمەڵی لە پێناوی بەرژەوەندی تاکە کەسیدا نەخستووەتەوە لاوە. ئەرستۆی فەیلەسوف لە کتێبی –علم الطبيعة–دا دەڵێت: هەموو شتێك بەپێی ئەو هێزە شاراوانەی تیایدایە پەرە دەسێنێ، ئەو پەرەسندنەش گۆڕانە بەرەو کامڵبوون، لەم واتایەوە ئەگەر تەماشای گوزەرانی ڕێبوار بکەین لە یەکەم ڕۆژی چوونە ئەو دێیەوە هەتا ئەو کاتەی خەریکە خەڵکی لە دیوی ڕاستەقینەی بگەین بەرەو پەرەپێدان و بەردەوامبوونی ئەرکە ناپەسەندەکەی خۆی دەچێت کە ئەمەش بەرەو کامڵبوونی کارەکەی دەڕوات کە گەیشتنە بەگورگان خواردوو دانی خەڵکی لەسەر حسابی پێگەیشتن و دەوڵەمەندبوونی خۆی. کێشەی سەرەکی لە نێوان دوو هێزدایە، هێزی چاکە و هێزی خراپە. سمکۆ نموونەی کەسانی هۆشیار و ڕۆشنبیری کۆمەڵە، ڕێبواریش نموونە و نوێنەری ئەوانەن کە بە شوان و چاودێر و دڵسۆزی خەڵکی دانراون و قەدەری خەڵکی ئەوان دەستنیشان دەکەن، بەڵام لە دیوی دەرەوە پاك و عاشقی و دڵسۆزی خۆیان نیشان دەدەن و لە ناوەوە پیلانی گڵاو ساز دەدەن و نەخشەی ئەهریمەن دەکێشن. ئەم چیرۆکە دەتوانین بەچیرۆکێکی سەر بەڕێبازی ڕیالزمیی ڕەخنەگری دابنێین. لەلایەکی تریشەوە دەتوانین هەر خۆی بەچیرۆکێکی ڕەمزی بزانین چیرۆکنووس لە شوێنێکی بچووکی وەك دێیەکداو لە کاتێکی کەم خایاندا کێشەیەکی سەخت و بەرفراوان و بەشێکی گەورەی مێژوو دیاری دەکات و ڕانە مەڕەکەو پەریخان و سمکۆ ڕێبوار چواندنی ڕێبوار بەگورگ خۆی چەند ڕەمزێکی خاوەن دەلالەتی خۆیانن کە بۆ یەك کێشە بەکار هاتوون. ڕێبوار دەبێ پێش هەموو شت بۆ ئەوەی بەشوانێکی دڵسۆز و پاکی بزانن دەبێ چەند شتێك بکات و بەڵگە وەك عاشقبوونی پەریخان و خۆ گرتن و

ڕاهاتن لەگەڵ هونەردا بەوەی کە بەئاوازی جۆر بەجۆر سەرنجی خەڵکی بۆ پاکی و هەست ناسکی و هەستی مرۆڤانەی خۆی ڕابکێشێ، دیارە کاریگەری ئەو ئاوازی شمشاڵەی ڕێبوار بووە کە بەو جۆرە پەریخانی ڕاکێشاوە بۆ لای خۆی ئەوتا دەڵێت: «هەر کاتێك خەم شالاوی بۆ هێنابم خۆم داوەتە بەر شەپۆڵی شمشاڵەکەی ئەو» بەتایبەتی لەم بڕگانەدا کە بەئاشکرا وێنە هونەرییەکان دەچنە خزمەتکردنی هەر سێ بنەماً سەرەکییەکەیً چیرۆکەوە واتا وێنەی هونەری دەبێتە بناغە و یاریدەدەری کات و شوێن و ڕووداوی چیرۆکەکە: (سەرنجی قاچی خۆی داو لەرزی هاتێ، قاچەکانی بوون بەهی گورگ، کاتێك بەخۆی زانی لەسەر کوشنەکە هەڵتروشکاوە کە لە ئاوێنەکەوە سەرنجی خۆی دەدات سەرێکی درێژکۆڵەو لەموززێکی بارێکی پێوەیە، سەر لووتی ڕەش و کەڵبەکانی درێژ خێرا خێرا زمانی دەردەکێشێ و دەیباتەوە ناوەوە. لیك بەلمووزیدا دێتە خواروو، گورگێکی برسی سەدە تاریکەکان لە ناخیدا دەلووڕێنێ. چاوەکانی دەنووقێنێ و دیانکاتەوە، جارێکی دی لە ئاوێنەکەی بەرامبەریەوە سەرنجی خۆی دەدات گوێچکەکانی بەر بنمیچی ئۆتۆمبیلەکە دەکەون قووت و لیکن لە دواشەوە کلکێکی درێژی لێ ڕواوە، دەستەکانیشی بوونەتە دوو چنگی خۆڵەمێشی سەر سینگی بۆر و تیسکن، چاویان لێیە وا دەبێتە کەوە ڕۆژ پەڵە هەورێکی چڕ خۆر و سامال دەشارێتەوە پەز دەمیان ژەندووەتە پووش و سرووت لەپڕ گەلە گورگێك لەو دیو کێف و زۆنگەکانەوە سەردەکێشن.

زۆربەی زۆری چیرۆکی کوردی بریتییە لەو چیرۆکانەی کە کێشەی ژیانی دانیشتوانی دێهاتەکانی کوردستان دەخەنە پێش چاو ئەو کێشەیەی بەلای منەوە لە دوو لقی سەرەکی پێکهاتووە یەکەم پەیوەندی جووتیار و زەوی کە ئەمە خۆی کێشەی بنەڕەتییە، دووەمیان پەیوەندی کۆمەڵایەتی جووتیارەکە لە تەك دەوروبەریدا، لەو چیرۆکانەدا لە تێکڕایدا جووتیار -(هەروەك خۆیشی وەهابوو)- نەدار و کەم دەست و چەوساو نیشاندراوە، هەر سێ نەهامەتییە سەرسەختەکە، هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری پرزەی لێ بڕیوە. لێرەدا جێگای ئەوە نییە باسی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکەین لە ژێر سایەی ڕژێمی دەرەبەگی و نیمچە دەرەبەگیدا بەڵام ئەوەندە هەیە کە سەرچاوەی هەموو گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە چۆنیتی واتا لە شێوەی دروستبوون و کارتێکردنی ئەو ڕژێمەوە سەرچاوە دەگرێت، وتمان پەیوەندی جووتیار و خاك زۆر بەهێز و سەرەکی بووە، هەر ئەم پەیوەندییە بووەتە هۆی ئەوەی کە جووتیار هەست بەشوێنی چینایەتی و چەوسانەوەی خۆی بکات و هۆی ژیان و گوزەرانی کە زەوییەکەی بووە هی

خۆی نەبوو، واتا موڵکی ئاغا و کوێخا و بەگ بووە.

بەڵام لەم چیرۆکەی چیرۆکنووس –محەمەد فەریق حەسەن–دا کێشەکە بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو چیرۆکانەوە کێشەی ناو چیرۆکەکە واتا کارەسات و ڕووداوەکەی کە دیارە بریتییە لە ناوەڕۆکی چیرۆکی پەریخان فراوانتر دەبێت و پەلوپۆ دەهاوێ بۆ گەلێك کێشەی گەورەتر و هاوچەرخانەوە کێشەیەك تەنانەت ئەوەندە نوێیە نەوەی حەفتاکانی ئەم سەردەمە لە نزیکە و ئاگادارین و لەناو بووەتەی ئەو کێشەیەدا زۆریان سەریان ڕۆیوە و یاخود نەك دەستیان بەڵکە ڕۆحیشیان بەو ئاگرە چزاوە. بەلای منەوە چیرۆکنووسی زیرەك و ڕچەشکێن ئەوەیە کە خوێنەر زیاتر بەخۆی بناسێنێت، واتا خوێنەر هەست بەوە بکات کە چیرۆکنووس دەیەوێ پێی بڵێ تۆی خوێنەر کێی، کامەیە مێژووی دوور و نزیکت، ئەمە مێژووی ژیانتە و ئەمەش هەر هیچ نەبێ ژیانی بەسەرهاتەکانی دوێنێی نزیکتە، ئیتر خۆت بناسە!

کە سەرەتا نیشان دەدات و لای دەبات لەپڕ لەوێوە خوێنەر بە پەرۆشەو ئەکەوێتە مەراقی

ئەوەی تەواوی دیمەنی کۆتایی چیرۆکەکە ببینێ کە لە سەرەتادا کەمێکی لێ بینیوە. ئەمە جگە لەوەی کە نووسەر سەرەتای دەست پێکردنی چیرۆکەکەی پاش ئەو –استهلال– بەرکوڵە کورتە دەگۆڕێ بۆ هونەری دیالۆگ و سوود لەو جۆرە تەکنیکە وەردەگرێ ئەمەش بە بارێکی سەرکەوتوویی تێکرا بەرهەمەکانی ئەم چیرۆکنووسە دەژمێرێت و لەم ڕووەوە هەوڵی داهێنەرانی تایبەتی خۆی بەرچاو دەکەوێت. چیرۆکنووس بەڕادەیەك لایەنی هونەری لە چیرۆکی پەریخاندا ڕەچاو کردووە گرنگی داوەتێ کە بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین ئەم گرنگی پێدانی تەکنیکە جۆربەجۆرانەی لە شێوەدا بووەتە هۆی دەستگرتن و بەرزکردنەوەی ناوەڕۆك و وەها کاردەکاتە سەر خوێنەر کە نەتوانێ واز لە کرۆکی ڕووداوەکان و تێکچڕانی کێشەکانی بهێنێ و یەك بین لە چیرۆکەکە بوەستێتەوە و تا تەواو نەکا وازی لێ نەهێنێ. وەك پێشتریش وتم هونەری دیالۆگ و مونتاژ یاریدەدەرێکی باشن بۆ خوڵقاندنی ئەم حاڵەتە هونەرییە سوود وەرگرتن لە مونتاژی سینەمایی وەك هونەرێك یەکێکە لە ڕواڵەتە دیارەکانی گەلێ چیرۆکی ئەم چیرۆکنووسە. لە چیرۆکی پەریخاندا دوای سەرەتایەکی کورت چاوی کامێرا دەچێتە سەر وێنەی ئەو جێیەی کە لە دێکەوە بۆ شار دەکشێ و سەرنشینەکانی بریتین لە کۆمەڵێ لەو کەسانەی دەیانەوێ لە هەقیقەتی ڕێبوار بگەن (جێبە، سپییەکەی

دێ تەکان دەدات. لەبەر تیشکی خۆرەتاو دەبریسکێتەوە. بەدوای خوێدا گەرداوێك گەڵای وەریو و پەپوولە پایزە گێژ دەدات و پاشان بەئاسمانی بێ پەیدا بڵاویان دەکاتەوە. جێبەکە بێ وچان دەڕوات، هەندێ جار دەکەوێتە نەدیوی و دەرەوەو دۆڵەکان دەیگرنە ئامێزی. برێ جاریش دەشتە بەرینەکان دەینێتە سەر لەپی دەستیان). وێنەگرتنی ئەم دیمەنی بەرەو شار چوونە دەگوێزرێتەوە بۆ وێنەگرتنی دیمەنی دێیەکە گوندەکەیان نەوبووکێکە شانی داداوەتە سەر سینگی چیا و پاو و پووزی لەناو چۆم و سەرچاوەکانی لای پایندا هەڵکردووە، ئاوی سازگار و پاوەنی زۆر، وەك لە بنەڕەتەوە بۆ ماڵیات بەخێوکردن ڕسکابێ هەموو بەیانییەك خۆر بەپەنجەی زێڕینی خۆی دەیان تابلۆی ئاویی گرانبەها دەکاتە گەردنی کەژەکانی پشتی دێ و بەلاپاڵ و سەهەندەکانا هەڵیان دەواسێ). کاتێ چیرۆکنووس لە وێنەگرتنی سینەمایی ئەم دیمەنە دەبێتەوە دەچێتە ناو بەشێکی نوێی چیرۆکەکەوە ئەویش بە گرنگی پێدانی دیالۆگ. ئەم دیالۆگە لای چیرۆکنووس بەشێوەیەکی هونەری و بەزمانێکی توندوتۆڵ و کوردیەکی باش و جێگەی هونەری گێڕانەوەی گرتووە. ویستوویەتی ئەوەندەی بتوانێ لە شێوەی گێڕانەوە –سرد– دوور بکەوێتەوە و لە برێ ئەو دیالۆگ بەکاربێنێ. لە سەرەتای ئەم کارەیدا وەك زمانی شیعر و ڕاز و نیازی جووتە عاشقێکی بەپەرۆش و بۆ یەکتری سووتاو دەکاتە دیالۆگ لەمەش تێدەپەڕێ و مەودای دیلۆگەکەی فراوانتر دەبێت و دەچێتە نێوان ئەو چوار کەسەی کە چیرۆکنووس دیاری کردوون، یەکەم، دووەم، سێیەم، بەڵام چوارەم لای ئەم زیاتر مەبەستە چونکە دەرکی بەهەندێ شت کردووە و گومان لە ڕێبوار دەکات بەڵام تەواو دڵنیا نییە! و هەروەها ڕێبوار خۆی لە دوای یەکێ لە کارەساتی مەڕ نەمانەکەدا دەبێتە یەکێ لە لایەنەکانی ئەو دیالۆگە. لێرەدا دیسانەوە هونەری مۆنتاژ بەکاردێتەوە و دیالۆگەکە دەقرتێ و کامێرا دەچێتەوە سەر جێبەکە. ئینجا ڕۆیشتنی ئەم جێبە لە دێ وە بۆ شار وەك هێلی سەرەکی و خاڵی ناوەڕاستی بازنەیەك وایە کە هەموو ڕووداوەکان لە دەوری ئەو دەسووڕێنەوە جەوهەری مەبەستی سەرنشینەکانی ئەوەیە بەچاوی خۆیان دیوی ڕاستەقینەی شوانەکەیان ببینن کە ئێستا بەهۆی دزیەوە لە ماڵ و سامانی ئەمان چۆن ژیانێك دەژی: (جێبەکە بەڕێوەیە، سەرنشینەکانی، تامەزرۆن، تامەزرۆن شوانەکەیان لە هەوار و باردۆخی نوێدا ببینن سمکۆ لە هەموویان بەپەرۆشترە و دەیەوێ ڕوو ڕاستەقینەی ڕێبواریان نیشان بدات. جێبی ماندوو و برێ جار کە دادێتەوە و ڕووی لە نشێو دەکات و چۆم و چۆمەلان و کارێز دەستێکی تەڕی پێدا دەهێنن و فێنکی

دەکەنەوە. کە هەڵدەستیتەوە دار و شەخسێکی چڕە لەسەرە ڕێیدا بۆ پێشوازی دەستەو نەزەر هۆبەی دڵداوە).

چیرۆکنووس بە شارەزاییيەوە بۆ پتەوکردنی تەکنیکی چیرۆکەکەی سوودی هونەری –مونۆلۆژ– وەرگرتووە. لە دیمەنی خەیاڵ و داڵغە و لێکدانەوە دەروونییەکانی پەریخاندا چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ سوود لەم هونەرە وەردەگرێ. پەریخان دەیەوێ گومان و ترسی ناخی خۆی بکوژێ و کێشەکانی یەکلایی بکاتەوە لە باری گومانەوە و بچێتە باری دڵنیاییيەوە، بەڵام دەبینین کێشەکان ئەوەندە سەخت لە دەروونیا کاریگەر دەبن کە هەر لە باری دڵەڕاوکێ و دوودڵی و گوماندا دەمێنێتەوە!. چیرۆکنووس بەم شێوە هونەرییە دەچێتە ناو دیالۆگی شتە شاراوە و بەدگومانەکانی پەریخانەوە! پەریخان لێوەکانی وشك هەڵاتوون، بێ خوڵك و هێز بەدەم زیندە خەوەوە لەسەر جێگەکەی تل دەخوات، یادگارەکانی واڵا دەکاتەوە (لێم بە گومانی بەڵام وەك بیستوومە هەموو دڵدارێك تا دەگاتە دوڵبەرەکەی بەگومانە. پاشان وردە وردە تەمی خانە گومانی دەڕەوێتەوە. جا من کوا بەینم لەگەڵ کەسی دیکە هەبووە) هەتا دەڵێت: (ئێستاش ڕێبوار لێم بەگومانی بەڵام منیش گومانم هەیە، وەکو تریش کە ڕێی کەوتە ئێرە زوو جێی لە دڵما کردەوە. هەر کاتێك خەم شاڵاوی بۆ هێنام خۆم داوەتە بەر شەپۆلی شمشاڵەکەی ئەو، کەچی وا تاوانباری دەکەن، سمکۆیش چەند پشوو درێژە، چەند سوورە لەسەر ڕای خۆی) چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا ویستوویەتی لە شێوەدا هەموو هونەرەکانی تەکنیکی چیرۆکنووسی بەکار بهێنێ بۆیە فلاش باگ و هونەری تەداعی فەرامۆش نەکردووە، پەریخان بەبینینی سیما و ڕەنگ و حاڵەتی نوێی ڕێبوار سەری سوور دەمێنێ و وێنەکانی ڕابردوو دەبنە زنجیرەیەك ڕووداوی دڵتەزێن و دەکەوێتە باری گەڕانەوە لە وێنەی دزێو و تەڵخ و ژەنگاوی ئێستاوە بۆ خاوێنی و جیهانە پڕ لە خۆشەویستی و سیحرییەکەی ڕۆژانی پێشوو، ئەو وێنە دزێو و تەڵخەی ئێستای ڕێبوار و گێڕانەوە بۆ دوێنێی پەریخانەوە ئەم چەند بڕگەیە دروست دەکات جا نێرگز چییە پەریخان؟ ئەو دەشت و هەڵەتە بەتۆوە جوانن. نێرگزی ئاسمانت بۆ دادەگرم، بەنیازم ئەوەم زەماوەند بکەین پەریخان).

هەر لە باسی فۆرم و چیرۆکی پەریخانەوە پێویستە ئەوە فەرامۆش نەکەین کە زمان یەکێکە لەو هۆیانەی ڕادەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن هەر دەقێکی ئەدەبی دیاری دەکات، بەهۆی زمانەوە نووسەر کێشە و ڕووداوەکان دەچنێ ئەو فکرەی کە دەیەوێ بیگەیەنێ بەخوێنەر هەر لە قاڵبی ئەو زمانەدا دێتە دێ و دەخولقێ. ئەگەر بڵێین زمان

بەردی بناغە و ستوونی هەر کارێکی ئەدەبیە ڕەنگە تا ڕادەیەك ڕاست بێ، زمان هۆی دەربڕینە، بەرجەستە بیر و هۆش و خەیاڵ دەکات وێنەی هونەری بەهۆی زمانەوە پێك دێ، ئیقاعی ناوەوەی هەر کارێکی ئەدەبی بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لەنگەری هارمۆنیی خۆی ڕابگرێت، بۆیە دەبینین ئەگەر چیرۆکنووس بەتایبەتی باشترین بیری لەلابێت نزیکترین مەسەلە لە ناخ و وجودی ئێمە بخاتە ڕوو بەڵام ئەگەر زمانێکی توندوتۆڵ و پاراو و ڕەسەن و خاوێن نەکاتە قاڵبی ڕووداوەکە ئەو قاڵبە هەر خۆی لە ڕووداوەکاندا ئەتوێتەوە و شکڵێکی نوێی پێ دروست نەکات ئەوا ئەو چیرۆکە هەر لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە دەمرێت و لای خوێنەر تەئسیرێکی ڕۆحی و عەقڵی بەجێ ناهێڵێ. هەر شاکارێکی ئەدەبی لە جیهاندا بەزمانی هەر نەتەوەیەك نووسرابێت دەبینین لە ڕووی زمانەوە، یاخود لە دەرگای زمانەوە چووەتە ناو دنیای نەمرییەوە ئەگەر نووسەر لە نهێنی و چاك بێژی بنەڕەتی زمانەکەی خۆی شارەزابوو وە کاریگەری زمانێکی جیاوازی لەو زمانە لە کارەکەیدا نەبینرا و ئەگەر نووسەر گەڕایەوە بۆ سەرچاوە ڕوون و لێڵ نەکراوەکانی زمانەکەی خۆی ئەوا گرەوی یەکەم ئەو نووسەرە دەیباتەوە. (محەمەد فەریق حەسەن) یەکێکە لەو چیرۆکنووسە کوردانەی کە هەر لە سەرەتای هاتنە ناو کۆڕی چیرۆکنووسی کوردییەوە بە شەقڵ و مۆرکی گرنگی پێدانی زمانێکی تایبەت بە ڕەوتی چیرۆکنووسی خۆی هاتە پێشەوە، ئەگەر ڕادەی سەرکەوتنی چیرۆکەکانی بەدوو هۆی سەرەکی دابنێین بەلای منەوە هۆی یەکەمی ئەو زمانەیە کە بەکاری دێنێ ئینجا هۆی دووەم ئەو فکر و بۆچوونانەیە کە بەو زمانە بەرجەستەی دەکات. لای ئەم چیرۆکنووسە ئەم مەرجی زمانە لە چیرۆکێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێ و گۆڕانەکەش لە مەودای بەرەو پێش چووندایە. هەر خوێنەرێك بەوردی سەرنجی چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکی یەکەمی ئەم چیرۆکنووسە بدات کە ساڵی ١٩٧٨ بەناوی –سێبەری ئەسپەشێ– وە بڵاوی کردەوە و بەراوردی بکات لەگەڵ زمانی چیرۆکەکانی –ڕستێك زەنگیانەی ئاوی– و چیرۆکی –خۆرکەوتن– و –چیرۆکی پەریخان– هەست بەو ڕاستیە دەکات کە زمان لای چیرۆکنووس بایەخی یەکەمی دراوەتێ و زۆر خۆی پێوە خەریك دەکات. ئەو وێنە و دیمەنانەی بەوشە و واتای کوردیەکی پاك دروستیان دەکات. کە بنچینەکەی یاخود سەرچاوەکەی لە هەوای پاك و ئاسمان و زەوی بەربڵاوی دەشت و چیا و دێهاتەکانی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن و تێکەڵ بەیەکتری دەبن و تەنانەت هەندێ جاریش بەو زمانە وێنەی شیعری یاخود زمانی شیعر دەخولقێنێ. هەڵبەتە ئەم چەند نموونەیە گەواهێکی

پراکتیکی بێت بۆ سەلماندنی ئەو بیرورایانەمان- هەر لە چیرۆکی پەریخانەوە وێنەیان لێ دەهێنێن و سەرنجیان بەوردی ئاراستە دەکەین: (بێرییان سووسەیان کردووە ئێواران کاتێ دەچنە مەڕ دۆشین ڕێبواری شوان وەك پێشوازی لە ئازیزێك بکات هەڵدەکاتە بان بەردە بێری و ڕووە و ئاوایی ئەنگوست لە شمشاڵ دەبزێوێ بەلام هیچ کام لەو ئاوازانە ناگەنە ئەوەی کاتێك پەریخان دەردەکەوێ فووی پێدا دەکات و دەیلەقێنێتەوە ئەو ئاوازەیان تایبەت و دانسقەیە هەم ئاوازە و هەم هۆنراوە. پەریخان ئێواران کاتێك دەچێتە نێو پەزان ڕووی وەك مانگی چواردەی لێ دێ ئاڵ بەردەوریدا خەرمانەیەك نووری سپی پەرژێنێتی. ئەگەرچی پەریخان تازە دەگاتێ بەلام لەو ئافرەتانە دەچێت کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا ناویان دێت)، (کاتێکیش لە دۆشین دەبێتەوە تاریکی باڵ دەکێشێ هەر شتە و بەوادەی خۆی، هەرمێ کێویلە، قارچك، گورزەیەك ڕێواس پێشکەش بەپەریخان دەکات تەنانەت قسەی ئەوەیشی لێ دەکەن (پەریخان جامادانییەکەی بۆ هەڵدەیەستێت) لە شوێنێکی لاپەڕەکانی دوایی چیرۆکەکەیدا هەر بەو زمانە پاراو و شیعریەی خۆی بەجۆرێك ڕێبوار لە مرۆڤەوە دەکاتە گورگ هەروەك خوێنەر بەرامبەر فلیمێکی سینەمایی دانیشتبێ. ڕاستەوخۆ بیر و خەیاڵ و ڕوانینەکانی دەڕوات بۆ ئەو جێگەیە لەوێ بەچاوی خۆی هەموو ڕووداوێکی سەیر دەبینێ: ئێستا با بگەڕێینەوە لای ئەو چەند ڕەمزەی کە چیرۆکنووس بەکاری هێناوە ڕەمزەکان هەموو واقعین و هیچ ڕەمزێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی تێدا نییە ئەگەرچی لەگەڵی لە چیرۆکی کورتی ئەم سەردەمەدا ڕەمزی خەیاڵی و ئەفسانەیی بۆ مەبەستی تایبەتی چیرۆکنووس بەکاردێت بەلام لە چیرۆکی پەریخاندا پەنا براوەتە بەر خەیاڵ و ئەفسانە، هەموو شتەکان ڕوویان داوە و بەچاوی خۆمان بینیومانن، بەلام لێرەدا کۆ دەبنەوە و دەچنە قاڵبی چیرۆکەوە دەبێت ئەو ڕەمزانە کە تەعبیری هەرە ڕاستی ئەو کێشە و ڕووداوانەن بەجۆرێك بەکار بهێنرێت کە لە سنووری عەقڵ دەرنەچن و سنوور -مەعقولیەتی- خۆیان بپارێزن، ڕێبوار وەها لە چیرۆکەکەدا دەرکەوتووە کە بەڕاستی پاك و عاشق و هونەرمەندە چیرۆکنووس ڕادەی ڕاستگۆیی ڕێبوار و هونەرەکەی بەجۆرێك نیشان دەدات کە هەرگیز ناتوانین بڕوا بکەین کەسێتی ساختە و دەروون پیس بتوانێ بەو شێوەیە ئەوەندە هەست و خەیاڵی مرۆڤانە و هونەرکارانە بێت کە دڵی هەموو کەس بەتایبەتی پەریخان بەو جۆرە ڕابکێشێ و لە لایەکی تریشەوە کاتێك کە ڕێبوار ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە بەلاپاڵە تەشوێ تاشەکەدا هەڵدەزنێ هەتا چەپکێ لە گوڵی ئەوێی بۆ چەپك بکات و بۆی

بهێنێ گومانێك لای ئێمه نامێنێتەوە کە ئەوی بەڕاست عاشقی نەبێ بۆ چەپکە گوڵێك کە دیاری بێ بۆ خۆشەویستەکەی ژیانی خۆی ناخاتە مەترسییەوە، بڕوانە ئەم گفتوگۆیە لە نێوان ڕێبوار و پەریخاندا:

ڕێبوار: لەوێشەوە بەلاپاڵی تەشوێ تاشەکەدا هەڵزنام لای سەراورد توێژاڵێك بەفر بەچیاوەیە، چەپکێکم لەم گوڵە بۆ چنیت.

پەریخان: بەڵام ئەو شوێنە زۆر ئەستەمە ڕێبوار، خۆت خستووەتە مەترسییەوە ئادەی چەند جوانە!.) ئینجا چیرۆکنووس بەلای منەوە بۆ هەڵبژاردنی ناوێکی نوێی وەکو ناوی –ڕێبوار– کە بێتە شوانێك لە لادێدا و لە شارەوە بۆ لادێ. چووبێت ئەمەش دیسان جۆرە ساردییەك لە چیرۆکەکەدا دروست دەکات و ناچێتە عەقڵەوە لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان ئەوی کە ماوەیەکی زۆر لە دێهاتەکانی کوردستاندا ژیابێت دەزانێت کە هەتا ئەم ساڵانەی دوایش ناو ڕێبوار و شوانیش بێت لە کوردستاندا نەبوو شتی وەها ڕووی نەداوە. بەتایبەتی کەسێك نەبووە لە شارەوە بچێتە لادێ و ببێ بەشوان لە لادێ بەپێچەوانەوە شوان لە لادێوە هاتووە و لە شاردا لە دائیرەیەکدا دامەزراوە یا بۆ خۆی کاسبی کردووە. دووەمیش ئەوەیە ماوەیەکی زۆرە لە لادێ شوان نەماوە بەڵکو خەڵکی لە بری شوان بەنۆرە هەر ڕۆژەی چەند کەسێکیان دەبوونە شوانی مێگەل و مەڕ و وڵاخ و بەمەش دەوترا نۆرە شوانێ.

لێرەشدا ئەگەر بۆ مەعقولیەتی ئەوە بگەڕێینەوە کە ڕێبوار بەو چەند سەر مەڕە کە لەو دێیەوە دزیونی و بەپیکاپ بۆ شاری هێناون توانیبێتی کۆشکێك دروست بکات و سۆپەرێکی لێ بکرێت ئەمەش عەقڵ نایبڕێ، ئەگەر چیرۆکنووس ئەمەشی وەك ڕەمزێك بەکار هێنابێ هێشتا بەفریای ناکەوێ و ناتوانێ بەم ڕەمزە دەلالەتەکەیمان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئایا سمکۆ چۆن زانی ئەوە کۆشك و سەیارەی ڕێبوارە و چۆن هەر لە یەکەم ڕۆژەوە وەها ڕێبواری ناسی؟

چیرۆکی پەریخان یاخود بڵێین ئەو شوانەی کە بوو بەگورگ لەو جۆرە چیرۆکانەیە کە خوێنەری وریا هەست دەکات هەروا بەزۆر و دەستکرد چیرۆکنووس شوانێکی نەکردوو بەگورگ، بەڵکە بەشێوەیەکی ئاسایی و بەپێی گۆڕانی ڕووداوەکان و پێویستی حەتمی فکری ناو چیرۆکەکە بەشێوەیەکی هونەری و دوور لە داتاشین ڕێبواری تاوانبار لە بەردم کۆمەڵێ خەڵکی زۆر لێکراو و خەڵەتێنراودا لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا هەر کە

دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی دەکاتەوە و دەیەوێ لەو دەوروبەرەدا، لە بەرچاو ون بێت هێزێکی گەورەتر لە هێزی شەڕی ئەو خواستە گڵاوەکانی سەر هەڵدەدات و هەر لەوێدا لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا وردە وردە ئەندامەکانی لەشی لە مرۆڤەوە دەگۆڕێت بۆ گورگ، لە پێشەوە قاچەکانی ئینجا کەللەسەری و کلکی لێ دەڕوێ و ئینجا دەستەکانی دەبنە دوو چنگی خۆڵەمێشی. لێرەدا بەلای منەوە هێزی نهێنی سەرکەوتنی ئەم چیرۆکە لەم کۆتاییەدا خۆی دەنوێنێ کە چۆن لێ دەبێتە گورگ! بەڵام بۆ تەنها گورگ و نابێتە هیچ گیانلەبەرێکی دڕندە؟ ئەمەش هەر بۆ وریایی چیرۆکنووس دەگەڕێتەوە کە پێکەوە بەستنێکی لۆجیکی دروست دەکات لە نێوان کرۆکی ڕووداوەکەدا کە دزین و خواردنی مەڕەکانە لەلایەن گورگەکانەوە، بوونی ئەمیش بەگورگ هەر دەگەڕێتەوە بۆ باری حەقیقی و کرۆکی ڕووداوەکان. ئەگەر وای دابنێین ڕێبوار نەبوایە بە گورگ ئایا عەقل و لۆجیك قبوڵی دەکرد ببێتە چی؟! دیارە هەر گیانلەبەرێك بێت دەبێ دڕندە و بەکار و نیەت و خراپ بێت، لێرەشدا هەر لە جێگای موناسبی گورگەکە ئەو کارە بەڕێوە بەرێت. لە دیمەنەکانی کۆتایی چیرۆکەکەدا وەك فلیمێکی سینەمایی وێنەی مرۆڤێك دەبینین کە بەشێوەیەکی هونەری ئەندامەکانی لەشی دەبێتە گورگ، گورگ ڕەمزێکی لەبارە لەوێدا کە نووسەر هێمای زۆر شتی پێ بکات و لە لایەکی تریشەوە دیوی ناوەوە و ناخی ڕاستەقینەی ڕێبوارە: ئایا چیرۆکنووس هەر بەوەندە واز دێنێ کە مرۆڤێکە و ڕاستی خۆی دەدۆزێتەوە و ئاوێنەی هەقیقەتی خۆی دەبێت. قۆناغی یەکەم گۆڕانەکەیە لە مرۆڤەوە بۆ گورگ و چیرۆکنووس وێنەیەکی زۆر وردی گورگمان نیشان دەدات بەشێوەی گورگێکی برسی، گورگێکی سەردەمە تاریکەکانی مێژوو، ئەم گورگە دێنی و دیسان هەر لە ڕۆژگارە تاریکەکانی سووچێکی ئەم جیهانەدا نیشانمان دەداتەوە. تەنانەت چیرۆکنووس حاڵەتەکانی گورگی برسیشمان دێنێتە پێش چاو لەو کاتانەدا کە خەریکی هێرشبردن و خۆ ئامادەکردنن بۆ کەوتە ناو ڕانە مەڕ و کوشتن و تاڵان کردنی هەڵدەوەشێتەوە لەو حاڵەدا بۆ خەڵکەکە دەڕوانێت، بەلای منەوە لەو مەرجانەی کە دەبێت لە هەر چیرۆکێکدا هەبێت هەتا بتوانێ دەرهەق بەخۆی سەرکەوتن مسۆگەر بکات بریتین لە:

یەکەم: ئەوەی کە مەوزوعێکی هاوچەرخ هەوێنی چیرۆکەکە بێت و ئێمەش کە دەیخوێنینەوە کەم و زۆر خۆمانی تێدا ببینێتەوە، واتا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژیانماندا بێت وەك لە جێیەکی تردا نووسیم، ئەوەیە کە بەشێوەیەکی نوێ و قووڵتر و بەرفراوانتر بەژیانمانان بناسێنی و زیاتر خۆمان لە ڕاستەقینەکانی ناخمان

نزيك بكاتەوە واتا بەڕاستی بتوانین خۆمان بناسین.

دووەم: شت ئەوەیە ئەگەر هەموویشی نەبێ بەشێك لە ناكۆكییەكانی یەكلایی بكاتەوە ئەمەش توانای چیرۆكنووس دەردەخات بەسەر ئەو كێشانە و كە تا چەند دەتوانێت وەك ڕۆشنبیرێكی سەردەم چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

سێیەم: چیرۆكنووس تەنها بینەرێك نەبێت، یاخود لە دوورەوە تەماشای ڕووداوەكان نەكات، بگرە زۆرجار خۆی ببێتە یەكێك لە پاڵەوانەكان.

چوارەم: لەو چیرۆكەدا ئەگەر بەئاشكراش نەبێت چیرۆكنووس تێمان بگەیەنێ چۆن بیر دەكاتەوە و فكری چۆنەو دەیەوێ بڵێ چی و چۆن لە ڕۆشنایی ئەو فكرەو لە ڕووداوەكان دەڕوانێت.

پێنجەم: چیرۆكنووس بەكام زمان دەنووسێت! زمانێكی ئاسایی و بێ خۆماندووكردن یاخود زمانێكی توندوتۆڵ و تایبەتە بەزمانی ئەدەبی خۆی؟ لە هەموو بارێكدا كە تەماشای چیرۆكی پەریخان دەكەین، وە بەلێكدانەوەی هەموو دەلالەتە ڕەمزییەكان كە دەرگای گەلێ ڕاز و بۆچوون و بیر و لێكدانەوە دەكەنەوە دەگەینە ناسینی خۆمان و چیرۆكنووس بەچەند هێڵێكی درشت ڕەنگی كارەساتەكانمان بۆ دەڕێژێ و لەبارەی چارەسەریشەوە خۆی ناكاتە واعیز و نوقلانە لێدانی بێ هوودە و بۆش و لەسەر بناغە و بنەمایەك هەندێ كێشە یەكلایی دەبنەوە و ئەگەینە ئەو ئەنجامەی بمانەوێ هەندێ كێشە كە ڕاستەوخۆ بەژیانمانەوە بەندە هەروەك خۆیان دەمێننەوە ڕۆژگارەكانی داهاتوو وەڵامی گەلێ لەو پرسیارانە دەدەنەوە.

نووسەرەكانی ئەمەریكای لاتین بەتایبەتی –ماركیز– هەوڵێكی زۆریان داوە كە پەرەبدەن بە ڕێبازی –واقیعی سیحری– لە چیرۆك و ڕۆمانەكانیاندا ڕەنگە چیرۆكنووس ویستبێتی لە كۆتایی چیرۆكەكەیدا كە ڕێبوار دەبێت بە گورگ سوود لە واقیعی سیحری وەرگرتبێ و ئەگەریش وەها بێت ئەوا زۆر زیرەكانە دەستی بۆ بردووە و سوودی لێ وەرگرتووە هەروەك چۆن –عەبدولخالق ئەلركابی– لە چیرۆكی –مع الأعتذار– لماركیز–دا سوودی لێ وەرگرتووە لە كاتێكدا كە شێوە و سیمای گشتی هاوڕێكەی كە بووەتە بەڕێوەبەر دەگۆڕێن. لەو چیرۆكەدا بەشێوەیەكی هونەری چینێكی سفت و شارەزاییانە نووسەر ئاوڕ دەداتەوە بەلای هەندێ لە پاڵەوان و ڕووداوەكانی چەند

ڕۆمانێکی مارکیزدا و کێشەی ڕێبازی واقیعی سیحری دێنێتە گۆڕێ و لەو بارەیەوە دەدوێ. هاوڕێکەی سەری وردە وردە گەورە دەبێت و ددان و کەڵبەکانی درێژتر دەبن و دواجار قاچەکانی وەك بەرازیان لێ دێت. واتە پاڵەوان لای ئەو لە حاڵەتی گۆڕاندایە بەڵام لای ئەم، لە واقیعە سیحرییەکەی ئەمدا تەواو گۆڕاوە و بووە بەگورگ. دەبێت ئاگاداری ئەوەش بین کە ئەم چیرۆکەی نووسەری لەمەڕ خۆمان ساڵێك لە پێش بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکەی ئەو نووسەرە واتا –عەبدولخالق ئەلرکابی– نووسراوە. چونکە ئەم لە گۆڤاری –ئەسفار–دا ساڵی ١٩٨٨ بڵاوبووەتەوە و ئەو ساڵی (١٩٨٧)دا لە کۆڕێکدا خوێندییەوە. لە چیرۆکی پەریخاندا هەردوو بەرەی کێشە و ململانێکە کارەساتی قەڵاچۆکردن و هێرش بردنە سەر مەڕەکان دەبینن. ڕێبوار خۆی کە بووە بە گورگ کارەسات دەبینێ و هەروەك گورگ دەی بینێ و دوایش دەبێتە یەکێك لە گورگە برسی و دڕندە هێرشبەرەکان. بەرەی دووەمیش کە کۆمەڵێ لە خەڵکی دێی مەڕ دزراوە و ڕژاونەتە یەکێ لە شەقامەکانی شار بۆ دڵنیابوون لە ڕاستەقینەی –ڕێبوار– ئەوانیش لای دووەمی بینەران پێك دەهێنن. نووسەر بەوریایی وەك بەشێك لە کارەساتی فلیمێکی سینەمایی دیمەنی هێرش و تالانی و خوێن ڕشتنە کە دێنێتە پێش چاوی خەڵکەکە و زیاتر لە ڕاستی ئەو ڕووداوانەیان نزیك دەکاتەوە هەتا پلەی دڵنیابوون و بەچاوی خۆیان ڕاستەقینەی بەسەرهاتەکان دەبینن هەتا ئەم دیمەنە پڕ لەسەرسامی و ترسناکە و لەبەرچاویان کاڵ دەبێتەوە و ڕێبواریش دەبێتەوە بە مرۆڤەکەی جاران (بەڵام پاش ناسینی) دەخزێتە ئوتۆمبیلەکەی و بۆی دەردەچێ. لێرەدا بە واتاکەی سمکۆ قفڵ دەدات لە چیرۆکەکەی پاش ئەوەی وێنەیەکی سەرکەوتووی بەرهەمێکی ئەدەبی هاوچەرخمان نیشان دەدات.

-ڕەشید نەجیب - و
ماوەی نوێکردنەوەی شیعر و نووسینی کوردی

هەتا ئێستا لە زۆر بۆنە و نووسین و نموونە هێنانەوەدا ناوی -ڕەشید نەجیب- دەبیستین. بەڵام تەنها بیستنی! واتە دەنگەکە هەیە و ڕەنگی نییە! ئایا ڕەشید نەجیب کێ بووە؟ کە دەستی داوەتە شیعر نووسینی کوردی؟ جێ دەست و کاریگەری ئەدەبەکەی، لە ئەدەبیاتی کوردیدا چەندە؟ پەیوەندی شیعری لەگەڵ گۆران و شێخ نووری و پیرەمێرد و سەلام دا چۆن بووە؟ ئەمانە کۆمەڵێ پرسیارن و چەندەها ساڵە لە پێش چاومانن و تائێستا هەر بەڕاگوزاری و سەرپێیی نەبێ، هیچ لە بارەی ئەم شاعیر و ئەدیبەوە نەنووسراوە.

لەم ساڵانەی دواییدا، بەوردی گەڕام بەشوێن شیعر و نووسینەکانی -ڕەشید نەجیب-دا لە ئەنجامی کارکردنێکی بەردەوام، توانیم تەواو بەرهەمی ڕەشید نەجیب کۆبکەمەوە و ساخی بکەمەوە و لێکۆڵینەوە و پەڕاوێزی لەسەر بنووسم.

لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمەوێ بیروڕای چەند ئەدیب و شاعیرێکی بەناوبانگی خۆمان بنووسم کە سەبارەت بە -ڕەشید نەجیب- نووسیویانە و لەوێوە بچینە باسەکەمانەوە.

چی لە بارەی ڕەشید نەجیب-ەوە نووسراوە؟

١- یەکەمین جار لە بارەی ڕەشید نەجیبەوە لە ساڵی -١٩٣٩-دا عەلی باپیر ئاغا لە کتێبی -گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم-دا دەڵێت: «لە ئودەبا و شوعەرای -متفکرینی- ئەمڕۆی سلێمانییە. ئاساری زۆرە، تەنها بە زەکای خۆی -ممیز-ی وەزارەتی ئیشغالە. نەوجوانێکی پیر بیرە! لە -ژیان-دا (١) زنجیرەی مەلاقاتی دائر بە ئەدەبیاتی کوردی و ئەشعاری، بەناوی -فراموز-ەوە جوان و ڕەوان بەشێوەی -سۆنە-ی ئەشعار فرانسزی زۆرە. بەڵام ئێمە دوو مەنزوومەی دەنووسین یەکێ بەناوی -عەشقی بێ سوود-، دووەم -فریادی دووریی-».

٢- دووەم سەرچاوە بەرگی دووەمی -شیعر و ئەدەبیاتی کوردی- ڕەفیق حیلمی-ی لە باسی شاعیرێتی گۆران-دا دەڵێت: «شیعر دانانی ڕاستەقینە و بەدڵی گۆران لە ساڵەکانی

-١٩٢٩- ١٩٣٠-وە دەست پێ ئەکا. لە هاوینی -١٩٣٠-دا -ڕەشید نەجیب - چەند هەڵبەستێکی لە غەزەتەی -ژیان-دا بڵاو کردووەتەوە - تخلص-ی گۆران-یش هەر ئەو حەلە ڕەشید نەجیب بۆی داناوە» بەپێی ئەو بڕیارە دەبێ لەو سەردەمەدا جێگا و پلەی شاعیریی - ڕەشید نەجیب - لە گۆران پێشتر بووبێ ئەوی وەك مامۆستا و هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆی تەماشا کردبێ. بۆیە نازناوەکەی ئەوی وەرگرتووە بەپێی داوای ڕەشید نەجیب- عەبدوللا بەگی سلێمان بەگ - لە شیعردا دەبێتە گۆران.

٣- دوای بڵاوبوونەوەی شیعری -فریادی دووری - ڕەشید نەجیب- لە ساڵی -١٩٣٣-دا، پیرەمێردی نەمر دەنووسێت (فەرامەرز - فەرامۆشم نەکردووی هەرچیشت نووسیوە جێبەجێ - ژیان -ی بەستەزمان گرتوویە بەسنگەوە.

- بەڵام گوڵشەنم، چونکە پەشێوە
کەڵکی بولبولیم نەماوە پێوە
ئەو ئاتەش کەدەی، زێدەوانی بووی
دیم، ڕووخابوو، تۆیش، پاسەوانی بووی)[٤]

٤- پیرەمێرد جارێکی تریش لە ساڵی -١٩٣٩-دا، دەنووسێت (بەڕاستی دانا و هونەرمەندە، خوا یار بێ زۆری تری لە پێشە)[٥] هەروەها دوابەدوای ئەوەی -ڕەشید نەجیب- یاخود -فرارمز- ساڵی -١٩٣٢- شیعری -شاری بەدبەخت- بڵاو دەکاتەوە، کە بۆ شاری سلێمانی نووسیبوو لە لافاوێکی ناوەختا، پیرەمێرد لە جوانی و کارگەری ئەم شیعرەدا دەنووسێت.

(دوورکەوتەی وڵات فیداکاری ئێڵ
دڵ شکستەی دەرد، ئەو سەیل و ئەم سێڵ
لاواندنەوەی، بە دەنگی وا خۆش
دڵی دڵسۆزان، ئەهێنێتە جۆش
من نائومێدم، بۆ -ژیان- ئەژیم
بەسەر کاولەکەی، وەتەنا ئەگریم [٦])

٥- مامۆستا -گۆران- لەم ڕووەوە دەڵێت: «نووسەر و شاعیرانی ئەوسا بەتایبەتی شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و من، پێکەوە بەئەدەبی تورکیەوە موتەئەسیر و بووین و پێکەوە ئەمان نووسی».[٧]

٦- شێخ سەلامی شاعیر، بەپەرۆشەوە شیعرێکی زۆر جوانی هەیە کە لە دووری و یادکردنی ڕەشید نەجیب-دا نووسیوویەتی ڕێکەوتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی -١٩٣٤- لەوێدا سەلام بەم پێشەکییە ئەم شیعرەی پێشکەش فەرامەز کردووە (بەهارێکی زۆر ڕەنگین و دڵێکی زۆر خەمگین، تەماشای چوار دەوری خۆمم ئەکرد، ئەم هەڵبەستەم نووسی و بەهۆی ڕۆژنامەی -ژیان-ەوە ناردم بۆ - فەلامەرز - لە بەغدا شاعیر ڕوودەکاتە ئاوی سیروان و دەڵێت:

«بم کەرە دیجلە، بەخوڕ لەسەردا
مەئوای -فەرامەرز، لە شاری بەغدا»
«ئەپرسی ئازیز، لە جەستەی خەستە
بڵێ پێچ ئەخوا، وەك ماران گەستە»
«هەر کاتێ زانیت، ڕیزەی ئێسقانی
تۆز و گەردەلوول، بۆ لای تۆی هانی» (٨)

٧- عەلائەددین سوجادی دەنووسێت (ڕەشید نەجیب -١٩٠٦-١٩٦٨- لە سولەیمانی هاتووەتە دنیاوە و لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی - أعظمیە - نێژراوە. ڕەشید نەجیب- سەرباری شاعیریەکەی نووسەرێکی بەرزیش بووە، لە کاروباری میریدا بەهۆی زانایی لە سیاسەتەوە گەلێ پلە و مناصبی دیوە) (٩).

٨- کاکەی فەللاح دەربارەی سەر ئەنجامی شاعیریەتی - ڕەشید نەجیب- دەڵێت:

«بەرەبەرە، شاعیرەکانی وەکو شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و ڕەفیق حیلمی و ئەوڕەحمان بەگی نوفوس بەرێگای گۆڕین و داهێنانەکەدا بەرو دوا سستەڕۆ بوون و وەستان و بڵێسەی سەرگەرمی و خولیاکەیان وردە وردە ڕووی کردە کزی و کوژایەوە».(١٠)

٩- د. عزەددین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: «لەم بارەیەوە- واتە لە بارەی زمانی کوردییەوە هەریەك لە پیرەمێرد و ڕەشید نەجیب نووسیویانە هەروەها هەموو نووسینە زمانەوانییەکانی -تۆفیق وەهبی- لەم بارەیەوە ئەمە دەردەخەن».(١١)

١٠- عومەر مارف بەرزنجی، دەڵێت: «دوای گەڕان و بژارکردنێکی تێکڕای سەرجەم بەرهەمەکانی لەسەر ئەو ڕایە گیرساینەوە کە نووسەرە دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە- بلە، سجادی، شاکر فتاح، مستەفا سائیب، ڕەشید نەجیب».(١٢)

١١- ئازاد عەبدولواحید- لە کتێبی -شێخ نووری-دا دەڵێت: »ئەگەرچی لە سەرەتاوە-

عەبدولڕەحمان بەگی نفووس- و ڕەشید نەجیب-یش هەریەکەیان بەپێی توانا و دەسەڵات لەو تازەبوونەوەیەدا بەشدارییان کرد، بەشداربوونەکەیان هەرچەندێك بێت نابێ لە دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەی ئەو قۆناغە شیعرییەدا دەوری هیچ کامێکیان فەرامۆش بکرێت».[١٣]

ئەمە ئەو نووسین و بیروڕایانەیە کە بەئاشکرا دەیسەلمێنن کە -ڕەشید نەجیب- چ لە لایەنی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و چ لە لایەنی نووسینەکانییەوە، یەکێك بووە لە ڕابەر و پێگەیشتووانی سەردەمی تاقیکردنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵانی بیست و سیدا.

چەند پرسیارێك وەڵامیان دەوێت:

وەك وتمان هەتا ئێستا لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوە و کۆکردنەوە سەبارەت بەبەرهەمەکانی -ڕەشید نەجیب- نەکراوە. ئەم هەوڵەی ئێمە، دەبێتە هەوڵی یەکەم لەم بارەیەوە. ئینجا لێرەدا دەمەوێ چەند پرسیارێك بکەم کە هەریەکەیان وەڵامی خۆی دەوێتەوە!

یەکەم:- یەکەم هەوڵی سەرەتایی ئەگەرچی چەند ڕستەیەکیشە بۆ ناساندنی - ڕەشید نەجیب- لە لایەن -عەلی باپیر ئاغا-وە بوو. لە کتێبی -گوڵ دەستە-دا[١٤] کە ساڵی -١٩٣٩- پیرەمێرد بۆی لە چاپ دا... نووسەر دوو شیعری شاعیری بەنموونە هێناوەتەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێ لە ساڵی -١٩٦٩-دا بۆ جاری دووەم، ئەم کتێبەی چاپ کردووە سێ ناوی لە کتێبەکەدا سڕیوەتەوە و چاپی نەکردووەتەوە ئەویش هەریەك لە -ئەمین زەکی بەگ- و -ڕەشید نەجیب- و -عەبدولواحید نووری-یە-. بۆ هۆی ئەمەش -عەلی باپیر ئاغا- دەنووسێت (لە یەکەم چاپکردنی ئەم گوڵ دەستەیەدا- پیرەمێردی نەمر- وتی: «من تێ چێنی ئەکەم» ئەمین زەکی بەگ، ڕەشید نەجیب عەبدولواحید ئەنەفدی خستە ناو گوڵ دەستەکەمەوە، بەڵام من بۆ جاری دووەم نەمخستەوە ناوی چونکە ئەوان هیچ دیوانێکی شیعریان نییە، تا من لەم گوڵدەستەیەدا بەشاعیریان بدەمە قەڵەم» [١٥].

واتە لە کاتی خۆشیدا پیرەمێرد ئەم سێ ناوەی بە شاعیر داناوە، نەك ئەم، ئێستا ئێمە لەگەڵ بێ بڕوای -عەلی باپیر-داین کە ئەمین زەکی بەگ- شاعیر نەبووە و مێژوونووس بووجە. وا بزانم لە ژیانی خۆشیدا هەردوو پارچە شیعری هەیە و

ئەویش بەشیعر دانانرێ و زیاتر –نظم–ە و ڕوونکردنەوەوی پرسیارێکی مێژووییە.

سەبارەت بە –عەبدولواحید نووری–یش هەروەهایە، کە شاعیر نەبووە و نووسەر بووە بەڵام سەبارەت بە ڕەشید نەجیب– ئەوا کەوتووەتە هەڵەوە، کە بە شاعیری نەزانیوە. لە کاتێکدا ئەو دوو پارچە شیعرەی لە چاپی یەکەمدا –عەلی باپیر– نووسیویە بەسە بۆ ئەوەی کە ڕەشید نەجیب بکەشاعیر بزانێت. وە لە ناوەندە ئەدەبییەکەی ئەو سەردەمەی کوردیدا ناوی –ڕەشید نەجیب– فرامەرز– لە تەك ناوی شێخ نووری و گۆران و پیرەمێرد دا وتراوە.

دووەم:– لە بەرگی یەکەم و دووەمی شیعر و ئەدەبیاتی ڕەفیق حیلمی دا کە ساڵی –١٩٤١–١٩٥٦– دەچووە. بەراگوزاری و سەرپێیی نەبێ نووسەر باسی شاعیریەتی– ڕەشید نەجیب–ی نەکردووە. لە کاتێکدا نووسەر شیعری ئەوی لەبەر دەستا بووە و پلەی شاعیریەتی ئەویشی زانیوە و لە زۆر ناویش لەو ناوانە شاعیرتر بووە کە لە کتێبەکەیدا ناوی هێناون و بەشاعیری بەرزی نیشان داون!! نازانین هۆی ئەمە چی بووە؟

سێیەم:– لە کتێبی کاروانی نوێی شیعری کوردی–دا[١٦] کاکەی فەللاح دوو ناتەواوی بەدەستی ئەنقەست بۆ خۆی دروست کردووە. یەکەم: دەبوا پێش گۆران باسی بەرهەم و شیعری شێخ نووری بکردایە، ئەمە ڕاستییەکە ناتوانرێ لەلایەن هیچ ئەدیب و شاعیرێکی کوردەوە نکۆڵی لێ بکرێت. ناتەواوی دووەمیش ئەوەیە، دەبوا دوای شێخ نووری و پێش و گۆران باسی شیعر و بەرهەمی ڕەشید نەجیب–ی بکردایە!

جا نازانم ئاخۆ دەبێ کاکەی فەللاح شیعری ڕەشید نەجیب–ی لەلا نەبووبێت، یاخود ئەوی بەشاعیری نەزانیبێ. یاخود بەشاعیری زانیوە و مەبەستی نەبووە باسی بکات!!

چوارەم: لە کتێبی لێکۆڵینەوەی چیرۆکی هونەری کوردی[١٧] کاك حسێن عارف لە بەشی ڕێبوارەکاندا لە قۆناغێکی مێژوویی و سەردەمێکی چیرۆکی کوردیدا ناوی چەند چیرۆکنووسێکی نووسیوە کە تاقە چیرۆکێکیان نووسیوە، ئیتر بەرهەمیان نەبینراوە. لەو بەشەدا دەبوا نووسەر باسی ئەو دوو چیرۆکەی ڕەشید نەجیب–ی بکردایە کە لە کاتی خۆیدا لە گۆڤاری –گەلاوێژدا بڵاوی کردوونەتەوە

ڕەشید نەجیب- کێیە؟![18]

ڕەشید نەجیب ناوی تەواوی –ڕەشید نەجیب مەحموودە.

ساڵی–١٩٠٥– لە شاری سلێمانی لە دایك بووە. لە قوتابخانەی –اعدادی– ئەوکاتەی سلێمانی لە سەردەمی –تورکەکاندا– خوێندوویەتی.

لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی –١٩٢٠–دا بۆ جاری یەکەم دامەزراوە بە فەرمانبەر لە –نەخۆشخانەی مەلەکی لە سلێمانی و هەڵەبجە. جۆرەها کاروباری میری بینیوە لە –١٩٢٨–دا بووە بەمترجمی لیوای سلێمانی –دوای ئەمە چەند جار –قائمقام– بووە لە سلێمانی و هەولێر.

لە ساڵی –١٩٣٠–دا موتەرجمی ئیداری– کۆمەڵی زانستی–بوو. یەکێك بووە لەو مامۆستایانەی بەبێ پارە و بەخۆڕایی دەرسی قوتابیانی قوتابخانەی زانستی وتووەتەوە.

لە ساڵی –١٩٥٣–دا بووە بە متصرف–ی هەولێر.

لە ساڵی –١٩٥٤ بووە بە متصرف–ی کەرکووك.

ساڵی –١٩٥٥–١٩٥٦– متصرف–ی موسڵ بووە.

ساڵی –١٩٥٧–١٩٥٨– متصرفی شاری –بەسرە– بووە.

دوای ئەمە وازی لە کاروباری میری هێناوە و خانەنشین بووە. هەتا ساڵی –١٩٦٨– لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. وە یەکێك بووە لە ئەندامە دڵسۆزەکانی –کۆمەڵی زانستی کوردان– لە ساڵانی سیدا. لە ڕۆژنامەی ژیاندا ناوبەناو کاری کردووە و ماوەیەکیش سەرنووسەری بووە. شیعر و نووسینەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ–دا بڵاوکردووەتەوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٢٩–١٩٤٩) یەکێك بووە لە کادیرە چالاکەکیان و دامەزرێنەرانی گۆڤاری –گەلاوێژ–.

بەردەوام لەو ساڵەدا بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە. بەڵام بەداخەوە هەر لە ساڵی –١٩٤٩–ەوە کە گۆڤاری –گەلاوێژ– داخرا ئیتر ئەمیش نووسینی لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا نەبینراوە.

ڕەشید نەجیب– وەك گەلێ لەوانەی لە نزیکەوە ناسیویانە و ئێستا لە ژیاندان لە

یادیانە کە ئەم مرۆڤە لەگەڵ ئەوەشدا پلەی خوێندەواری و بڕوانامەی باڵای نەبووە، بەڵام بە نووسین و قسەکردن زۆر بەباشی ئەم سێ زمانەی زانیوە، ئینگلیزی، تورکی، فارسی،

زمانی ئینگلیزی وەك لە گۆڕینی – گەشتەکەی جیمس بیللی فرەیزەرەوە دیارە کە هەندێکی بەزنجیرە لە – گەلاوێژ –دا بڵاو کردەوە. وە زمانی تورکی کە زۆربەی کتێبەکانی ئێستا لەبەر دەستدان ڕادەی تورکی زانین و شارەزایی دەردەخەن. هەروەها ئەو شیعرانەش کە لاسایی ئەدەبی نوێی تورکی کردووەتەوە.

لە بارەی زمانی –فارسی – شەوە لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی – زەردەشت و دینی زەردەشتی – کە لە ساڵی – ١٩٣٤ –دا نووسی ڕاستی ئەمە دەسەلمێنن.

بۆ زمانی عەرەبیش، ئەوا دوو کتێبی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی.

١– فەرمانی ڕەوشتی و نیشتمانی.

نووسەر – هاشم الألوسي، عوني بكر صدقي.

لە لایەن – ڕەشید نەجیب –ە کراوە بەکوردی.

نووسینەکانی ڕەشید نەجیب دەکرێن بە پێنج بەشەوە واتە پێنج جۆر نووسینی هەیە.

١– شیعر.

٢– چیرۆك

٣– لێکۆڵینەوە و ڕەخنە.

٤– وتار و نووسینە کۆمەڵایەتییەکانی.

٥– وەرگێڕان لە ئینگلیزی و عەرەبییەوە.

دەبێت ئەو ڕاستییە لە یاد نەکەین کە سەرگەرمی و قاڵبوونی ڕەشید نەجیب لە سەرەتای ساڵانی پەنجاوە بەکاروباری میرییەوە، لە زۆریەی ئەو پلانەدا –متصرف– بووە کاری کردە سەر چەشە و توانا و مەیلی ئەدەبیاتی سارد بووەوە و وەك وتمان لە دوای داخستنی گۆڤاری گەلاوێژەوە –١٩٤٩– ئیتر هیچ نووسینێکی نەبینراوە.

ڕەشید نەجیب و هەوڵێك لە نوێکردنەوەی شیعردا:

مەبەستمان لە ماوەی نوێکردنەوەی شیعر و نووسینی کوردی ئەو ماوەیەیە کە لە ساڵی

-١٩٢٠-ەوە دەست پێ دەكات بەدەرچوون و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (پێشكەوتن) كە شاعیر و ڕۆژنامەنووس و ئەدیبی نەمر شێخ نووری شێخ ساڵح ئەركی زۆربەی شیعر و نووسینەكانی بەئاكام دەگەیاند و لەم كارەدا تاڕادەیەك -عەلی كەمال باپیر- هاوكار و یارمەتیدەری بوو. گوڕوتینی ئەم ماوەی نوێكردنەوەیە هەتا وەكو چەند ساڵێكی دوای ساڵی -١٩٣٠- هەر بەردەوام بوو. شێخ نووری بووە مامۆستا و ڕێبەرێكی ئەوتۆ، زۆربەی ئەو شاعیر و ئەدیبانی دوایی ناوبانگاین پەیداكرد، لە دەوری ئەو كۆبوونەوە. سەرچاوەكانی ئەدەبی توركی و فارسی بۆ ئەو كۆمەڵە لاوە قیبلەگاهێك بوو مەبەست و نیازی خۆیان تیادا دەبینیەوە و لە هەمان كاتدا هەوڵیان دەدا لاسایی بكەنەوە و لە بابەتێكی وەك ئەو جۆرە شیعر و نووسینانە بهێننە كۆڕی ئەدەبی كوردیەوە. ئەوانەی هەتا ئێستا دیارن، لە هەمووان كۆنتر و لە پێشتر -ڕەفیق حیلمی و عەبدولڕەحمان بەگی نفووس -بابان-. ڕەفیق حیلمی لە پێش شێخ نوورییەوە دەستی پێكرد و شیعری خۆی بەكوردی و بەتوركی بڵاوكردەوە بڕوانە ئەم شیعرە نوێییەی كە لە ساڵی -١٩٢٠-دا بڵاوی كردووەتەوە.

(بەم عیشقە ئەفروزەوە ئەی ماهی ئارا
باللە، ئومێدی لە دلا بێ سڕڕە خاڵی
وەختێ كە موشەڕەف بوو بەدیداری جەمیلت
نوتقی لەمن ئەڵبەتتە زیاتر دەبوو لاڵی
من وا كە پەرێشان ببم ئەی ئالیهەیی عەشق
تاقەت بەنیگاهت بگرێ، دڵ بە چ حاڵی
هەر قەترەیەكی خوێنم، ئەگەر ماوە بڕێژە
وەك چاوت و باڵی برۆی نیزگسی كاڵی (١٩))

هەروەها عەبدولڕەحمان بەگی نفووس -بابان-یش هاو ڕۆژگاری ڕەفیق حیلمی بوو. بەڵام ئەم دوانە نەیانتوانی وەك شێخ نووری و گۆران بەردەوام بن لەو كارەدا و ساردبوونەوە. لەم ڕووەوە -گۆران- دەنووسێت (ڕەنگبێ -ڕەفیق حیلمی- پێش -نووری-یش كەوتبێ، بەكوردی و توركی شیعری بڵاو كردووەتەوە. تەنانەت شاعیرێكی تر -عەبدولڕەحمان بەگی نفووس- لە سەرەتای ژیانی شاعیریەتیدا زۆر بەگوڕ دەستی دایە تازەكردنەوەی هەڵبەست وە لە نووری كۆنترە. بەڵام ئەو شیعرەكانی بڵاو نەئەكردەوە، ئەگەرچی عەبدولڕەحمان بەگ لە دوایی ژیانیا لە هەڵبەستەكانیا

-تطورێکی نەکردو وەستا).(٢٠) ئا لێرەدا پێویست بوو کاتی خۆی -گۆران- بەهەمان شێوەی عەبدولڕەحمان بەگ باسی ڕەفیق حیلمی و ڕەشید نەجیب-یشی بکردایە. چونکە دوا شیعری ڕەشید نەجیب لە ساڵی (١٩٣٣دا(٢١) بڵاوبووەتەوە. وە هەریەك لە ڕەشید نەجیب و ڕەفیق حیلمی ڕوویان کردە نووسین و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان. ئەگەرچی لە ساڵانی دوایی تەمەنیا ڕەفیق حیلمی کۆمەڵە شیعرێکی خۆی بەناوی -پاش تەموز-ەوە چاپ کرد بەڵام هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو کە لە ڕیزی شیعری نوێ ساڵانی پەنجاکاندا دابنرێت. لێرەدا نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کاتێ کە شێخ نووری و هاوەڵەکانی خەریکی ئەم نوێکردنەوەیە بوون پێرەمێرد لە تورکیا بووە لە ساڵی ١٩٢٥دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. ڕۆژنامەی (ژیانەوە) دەنووسێت (جەنابی تۆفیق بەگی مەحموود ئاغا کە ٢٣ ساڵە لە وەتەن دوورکەوتووەتەوە لە شەوی ٣٠ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ تەشرینی هاتەوە، بەناوی هەموو خۆولانییەکەوە بەخێرهاتنی دەکەین)(٢٢). وە پیرەمێرد لە سەرەتای ساڵی سییەوە بەرەو ژوور دەستی دایە بڵاوکردنەوەی شیعری کوردی، -کوردی پەتی- نووسین و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ژیاندا.

لەم بارەیەوە ڕەشید نەجیب زۆر بەگەرمی هاتە پێشەوە، لە ساڵی ١٩٢٧دا سێ پارچە شیعری خۆی بڵاوکردەوە بەناوی- (عەشق و خەیاڵ) و (ئالامی بەشەر)، (ئینتباعاتی هەورامان) وە لە ساڵی ١٩٣٢، ١٩٣٣، سێ پارچە شیعری تری بڵاوکردەوە بەناوی (عەشقی بێ سوود) کە بۆ گۆران-ی نووسییوو (فریادی دووری) وە شیعری (شاری بەدبەخت کە بۆ شاری سلێمانی نووسییوو، ئەم شاعیرە لە شیعری -عەشق و خەیاڵدا ساڵی ١٩٢٧ زۆر بەگەرمی و شاعیرانە دەستی دایە، شیعرەکە لە هەموو ڕوویەکەوە نوێیە. مەگەر شیعری ژیانی ئادەمیزادی شێخ نووری بتوانێ هاوشانی بێت. لە سەرەتادا خوێنەر وا دەزانێ شیعری عەشق و خەیاڵ موستەزادە کە دەنووسێت.

١١- (ئەوقاتێ ئەبێ، ڕوحم ئەکا تەرکی مەکانی وەك تەیری جنانی).

ئەو دێرە موستەزادە چواردە بڕگە و بەرانبەری شەش بڕگەیە بەڵام هەر دوای ئەم دێرە شاعیر سەربەستی خۆی دەنوێنێ، یاری بە کێش و وشەکانی دەکات و ناهێڵێ مۆسیقا و ئاوازی شیعرەکە بمرێت. دێری سێیەم دەکاتەوە چواردە و نیوەی موستەزادەکە دەبێتە پێنج بڕگە.

دێری حەوتەم دەبێتە سیانزە و دێرێکی چواردەیی بەدوایدا دێت و هتد.

بۆ وێنەی تەواوی ئەم شیعرە بڕوانە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە شیعری ژمارە-١-.

لە ڕاستیدا ئەم شیعرە هەوڵێکی پیرۆز و مەزنە وە هەنگاوێکی پڕ لە جورئەت و بڕوا بەخۆبوون بوو لە دنیای شیعری کوردیدا. ڕێی تێ دەچێت ئەم شیعرەی پێش مێژووی بڵاوکردنەوەشی نووسیبێت.

هەر چۆن بێت لەم شیعرەدا دابەشبوونی کێش و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە و سەروای وشەکانی دوایی ڕستەکان، سەرەڕای ئەو ئوسلوبە نوێیەی ئەو مانا بەرزەی خۆی پێ دەربڕیوە.

ڕەشید نەجیب ئەگەر لەم نموونە و جۆرە شیعرە کۆمەڵە شیعرێکی هەبوایە و هیچ نەبێ چەند ساڵێکی کەمیش لەسەر هەمان ئوسلوب بڕۆیشتایە دیار سەرنجێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. ئێمە لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی هەڵدەگرین بۆ دەرفەتێکی تر و هەوڵ دەدەین ئەو کاتە سەبارەت نووسینەکانیشی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەمێژە نووسیومانە بڵاوی بکەینەوە. ئێستا ئەو شەش پارچە شیعرە دەگمەن و نایابانەی ڕەشید نەجیب بڵاو دەکەینەوە و دەیکەینە پاشکۆی ئەم باسە شیعری ژمارە -١-

پەراوێزەکان:

١- مەبەستی لەو زنجیرە لێکۆڵینەوەیەیە کە ڕەشید نەجیب -لە ڕۆژنامەی- ژیاندا بەناوی ئەدەبی کوردییەوە بڵاوی دەکردنەوە لە ساڵانی سیدا.

٢- گوڵ دەستەی شوعەرا -عەلی باپیر ئاغا- ١٩٣٩.

٣- شیعر و ئەدەبیاتی ڕەفیق حیلمی، بەرگی دووەم ل١٥٢- ساڵی ١٩٥٦.

٤- ڕۆژنامەی ژیان ژ ٣٥٢ س١٩٣٣.

٥- ژین ژ ٥٥٦ س ١٩٣٩.

٦- ژیان ژ ٣٤٧ س ١٩٣٢.

٧- گۆڤاری بەیان شوباتی ١٩٧٠.

٨- دیوانی شێخ سەلام.

٩- مێژووی ئەدەبی کوردی -سجادی ل ٦٠٢ هەروەك لە دواترا دەرئەکەوێ کە من ساڵی لە دایکبوونی ڕەشید نەجیبم بە ١٩٠٥ داناوە.

١٠- کاروانی شیعری نوێی کوردی کاکەی فەللاح ل٣١.

١١- الواقعية في الآدب الكردي. د. عزالدين مصطفي رسول ص٥٥.

١٢- لێکۆڵینەوە و بیبیلۆگرافیای چیرۆکی کوردی. عومەر مارف بەرزنجی ل٤٥.

١٣- شێخ نووری شێخ ساڵح -لێکوڵینەوەی ئازاد عەبدولواحید حەوێزی ل١٦٧.

١٤- سەرچاوەی ژمارە دوو.

١٥- هەمان سەرچاوە -چاپی دووەم - ١٩٦٩- ل٣

١٦- سەرچاوەی ژمارە ١٠.

١٧- لێکۆڵینەوەی چیرۆکی هونەری کوردی. حسێن عارف ل٧٢.

١٨- لێرەدا پێویستە سوپاسی کاك ئازاد عەبدولواحید بکەم کە لە خەزێنەی ئیدارە محلی -سلێمانی- لەبارەی ژیان و پلەی وەزیفی ڕەشید نەجیب-ی بۆ هێنام و لەو بارەیەوە سوودم لێ وەرگرت.

١٩- پێشکەوتن ژمارە (٤) ساڵی ١٩٢٠.

٢٠- سەرچاوەی ژمارە حەوت.

٢١- دوا شیعری لە ساڵی ١٩٣٣دا بڵاوکردووەتەوە.

٢٢- ژیانەوە ژ١٤س ١٩٢٥.

شیعری ژمارە یەکەم

عەشق و خەیاڵ

ئەو قاتێ ئەبێ، ڕۆحم ئەکا، تەرکی مەکانی
وەك تەیری جینانی
هەروەك، کە، وەڕس بووبێ، لە دیداری هەقیقەت...!
یەعنی کە، لە، زات!
تەسلیمی خەیاڵاتی، ئەکا، دەستی عەنانی،
قەسدەن، ئەیەوێ دەرچێ، لە دنیا و لە خیلقەت.
ئەو وەختە، لەسەر باڵی، دڵ ئاوێزی، خەیاڵات
هێندە دەفڕم، تاکو دەبم، خارجی عالەم
ئەم عالەمە، مەعلومە، کەوا پڕیە لە ماتەم
بەو نەوعە، ئەکەم تەیی مەکان، قەتعی مەسافات!
ئەوساکە، موجەڕەد، لە هەموو بەند و عەلائق،
شوریدەو شاهق!
لەو بەرزیە، دنیادی ئەنێم، قەسری سەعادەت،
تیمسالی، لەتافەت.
کاشانەیەك، کە ئەترافی پڕبێ لە حەدائق!
تەنرابێ بە ئەزهاری موعەتەر، بە نەزاکەت.
لەو گوڵشەنەدا، خۆم و پرستیدەی حیسم،
تیمسال ئەکەین، عەشق و ژیانێکی موعەللا،
عەشقێکی موقەدەس، موتەنەویر، موتەبەسیم،
ژینێ، کە پڕی خەندە و گوڵبانگی، سروور بێ
عەشقێ، ئەبەدی بێ، لە عەدەم خەیلێ بەدوور بێ!

پارچە شیعری دووەم:

ئالامی بەشەر

١٩٢٧

لەوساوە کە من، مودریکی، ئەندوهی بەشەر بووم
مەعلوم بوو لەلام، هیچی و ئالامی نەهوفتەی
تەشریحی ئەکەم، مونقەبەی حاڵ و گوزەشتەی،
مەیئوس و ئەلەم بارو، ئەسەف ناکی کەدەر بووم.
ڕۆژێ نییە، ئەم شاهی نوجوومە بە جەلالی،
ئەڕوانێ بەسەد لەوحەیی خوێنینی بەشەردا!
شەوگار نییە، لەمعەی نەزەری شاهی لەیالی،
زەرد هەڵنەگەڕێ، هالەیی ئەنواری، لە دەردا!
بۆ دەفعی سەفالەت، وەکو ئەوتاری ڕوبابێ!
هەروەك تەلی، ئاڵندەیێ تاری کە شکابێ!
پڕ، ڕەعشە، ئەپاڕێتەوە، بۆ پارچە پەلاسێ!
بەعزەن، یەتە بەر دیدەی نمناکی حەزینم،
فاجیعەیی مەرگی موفاجات
ئانەن یەتە جۆشش غەزەبی کۆن و نوینم!
ئەم قەتعەیە، ئەوسا، ئەکەمە شیعری مەجازات!—
دنیا نە بەهەشتە، نە چەمە نزاری سەفایە
سەحنێکی بە ئاشوبە، ژیانیش جەفایە

پارچە شیعری سێیەم:

بۆ شێخ نووری شێخ سالّح

١٩٢٧

ئـەی کـێوی بـڵـندپـایـە، ئـایـا شاخـی مـەعـەلـلا
هـەر گاهـ، کە ئەکەی، جەزبی نەزەرگاهی حەزینم
بـەم بـەرزی و بـەم سەتـوەتـەوە، ئـەی کـەژی والّا
سروە و شنـەکـەت، دەفـعـی ئـەکا، ئـاهـو ئـەنـینـم
ئـەی کـێوی عـەسر دیـدە، ئـەتـۆی مـاچـی ئومـەت
تـەئـیـدی ئـەکـەی، خـاتـرەیـی شاهـی کوردان!
بـۆ شەوکـەتـی ڕابـوردوو، ئـەیـامـی سەفـامـان
بـڕژێتـە گـەواهـی حـەشم و قـودرەتـی مـیـلـلـەت!
گـاهـێ کـە ئـەپـۆشێ سەری تـۆ تـاجـی سەحـابی،
پـڕ قـەهـرو مـەرارەت، ئـەدەیـە پـرمـەی گریـان!
شوبـهـەی نـییـە، ئەی شاخی وەفـادار و قەدرزان،
بـۆ مـیـلـلـەتـەکـەت، وا پـەرۆش و بـە عـیـتـابـی،
ئـێستـا، کـەوا فـەسڵـی، زستـانـی هـەرەمـتـە،
بێ بەرگ و نەوا، ڕیش و سەرت گشتی سپی بوون!
مـەعلـومـە لـەلام، هـەر ئـەمـە ئـەسبـابی ئەلـەمتە
کوردانی حوکم ڕانت، کەوا ئێستە، نەوی بوون!
خۆزگـەم ئـەمـەیـە، قـودرەت، ئیعـجـازی تـەبیعەت،
ئەی مولهەمی ئەشعاری لەتیف، کێوی سەر ئازاد،
ئـەی کـێوی ئـەساتـیـری، ئـەیا شاخـی موتـەلسەم
تـۆشی وەکـو مـن، ئـێستـە، بـهـێنـایـە، خیـتـابـەت!!
دار و دەوەن و بـولـبـول و ئـەلـواحـی بـەدیـعـەت،
هـەریـەك وەکو شیـعرێکی بـەدیـعی بە فـەساحەت!
ئـەحـیـای بـکـەن، دەبـدەبـەی عـەهـدی کـەیـانـیی
یـەعـنـی، بـبـنـە، سەفـحـەی تـەئریـخی موجـەسەم!

پارچە شیعری چوارەم:

عەشقی بێ سوود

بۆ -گۆران-

دڵــی پــەشێواو، دەمــێ بــوو، ون بــووی
لــە مــەیـدانــی عــەشق، ئــالام و خــەمـدا
لــە نــاو ئــەحــلام و سەمــای پــڕ تــەمـدا
زۆر شوکور، دیسان، بەتیرێ کۆن بووی!
هــەرچــەنـد. ئـەزانـم، عـەشق بـێ سوودە،
نــەتـیـجــەی حــوزن و گــریــان و شیـنــە!
وەسڵــی فــیـراقــە، شادیــی ئــەنـیـنــە!
بـــەڵام لـــەلای دڵ، دڵـــەی فــەڕسوودە
عــەقـڵ و دووربـیـنـی ی، خــەوە، سەرابــە!
مــەنـتـیـق پـڕشنـگـی، دوو چـاوی کـاڵـە!
حـیـکـمـەت، پـڕیشگـی، کـوڵـمـێکی ئـاڵـە!
خــوێـنــاوی جـگــەر، مــەبــە، شەرابــە!
یـــەزدان شاهـــێدە، ئـــەی دڵـــی لاسار،
جـێگــەی نـزرگــەی خــەیـاڵــی دڵـدار،
گـەر نـەم زانـیـایـە، خـەڵـوەتـگـەی یـاری،
وە یـــا زامـــاری، چـــاوی بـــیـــمـــاری!
ئـێستـا، ئـەمـنـاردی بـۆ شاری عــەدەم!
نــەجـاتـم ئـەدای، لـە دەست دەردو خـەم.

پارچە شیعری پێنجەم:

دیجلە، هاوارە، بەرە بۆ وڵات،
وڵاتی پڕ دەرد، ئالام و ئاوات!
دەنگی دڵسۆزی، جگەر برینی،
فەریادی، یاری، دۆستی دێرینی،
بڵێ، بەندەکەی، خەم خۆری جاران!
شێتی جەمالتە، لە کووچەی شاران!
سیروان، کەوسەری بەهەشتی کوردان،
ئەکسیری زام و ئازار و دەردان،
وەختێ، پرشنگی نوورانیت وەك زیو
ڕووناکی ئەکا، دۆڵ و دەر و شیو
لە باتی منیش، بە ئەشکی ڕەوان
بشۆ، غوباری، کەژی هەورامان
نەسیم، گیان بەخشی، زیندوو جەمادەت
ڕۆحی (فەرامەرز)، ببێ بە فیدات
شنەیە، بایە، کزەی هەوایە!
لە شاخ و نزار، دەشت و چیایە!
بێنە دەخیلە، بۆ جەرگی سۆزان،
تۆزێ لە هەوای، شاخەکەی قەیوان،
هەوری سپی ڕەنگە، تۆ بێرە ڕەحمەت
تینێ بدە خۆت، پڕ گوڕو هەڵمەت!
بڕۆ لە زەڵم و تانجەڕۆ و قەشان
لە گشت ڕووبار و گۆمی کوردستان،
لەسەر شابالت، بارانێ بێنە،
تەنووری دڵمی، پێ دامرکێنە!

شیعری شەشەم:

شاری بەدبەخت

(بۆ لافاوەکەی ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی)

فـــەرتـــەنـــەوە بـــاو بـــروسکـــە، ئـــاهـــو واوەیـــلا و فـــوغـــان،
گـــرمـــە و نـــاڵـــەیـــی سەمـــا، شیـــن و شەپـــۆڕی سەر زەمـــیـــن!
دەنـــگـــی ئـــیستـــعـــدادی دایك و گـــریـــەی پـــیـــر و جـــوان،
هـــاڕەی لافـــاوو سەیـــل و نـــوحـــەی ئـــاخ و ئـــەنـــیـــن!
گـاهـ لـەتـاو تـیـفـلـی خـەواڵـو، دایـکـی بـێ چـارەو هـەژار!
بـــێ تـــەرەدود، بـــێ مـــحـــابـــا، خـــۆی ئـــەخستـــە ئـــاوەوە!
گـاهـ لـە تـاو مـەوتـی مـنـاڵـی، بـاوکـی بـەدبـەخت بـێ قـەرار،
هـــەروەکـــو مـــەل، بـــۆ ئـــومـــێدی، خـــۆی ئـــەکـــرد بـــەداوەوە!
شاری بـەدبـەخت، هـەر تـەبـیعـەت مـابـوو، لێت بێتە خرۆش!
وا ئـەویش پـڕ چـەك، موسەللەح، هـاتـە مـەیـدانـی هـوجـووم
با ئەمیش سەرباری دەرد بێ، با قەلیش، هەم دەنگی بووم!
بـا سەماش، جووت بێ لەگەڵ ئەرز، بەڵکو کوردان بێنە جۆش
جـۆشی وام نـاوێ، کـە بـگـریـن، یـاخـو سینـە چـاك بـکـەن،
جـۆشی پـڕ سۆزم ئـەوێ، کـیسەی حـەمـیـەت بـێنـنـە دەر!
بـــۆ ئـــیـــعـــانـــەی شاری بـــەدبـــەخت بـــۆ وڵاتـــی قـــوڕبـــەسەر،
بـــۆ بـــرای بـــێ نـــان و شێو، بـــۆ مـــردوانـــی بـــێ کـــەفـــەن!

شیعری -خەزان- لە تاقیکردنەوەیٚ تەنیایی-دا

مۆباسان لە چیرۆکی -تەنیا هەمیشە تەنیا-دا لە دەوری مەسەلەی تەنیایی ئەسوورێتەوە هونەرمەندانە تەنیایی و نیشانەکانی بوون و دروستبوون و چۆنیەتی تەنیایی دەرئەخات و ڕۆشنایی ئەخاتە سەر هەموو لایەنەکانی تەنیایی... بۆ دلێر و سادق هیدایەت و حسێن مەردان و سەیاب و ئەلیوت و ئەدگار ئالان پۆو تەنانەت نازم حیکمەتیش بەرهەمەکانیان کەم و زۆر هەست بەتەنیایی کردنی تیایدا ئەبینرێ جگە لە سەردەمی پێگەیشتنی قۆناغی ڕۆمانتیکییەت لە ئەدەبی فەرەنسی و ئینگلیزیدا کە زۆربەی شیعرەکان بەتایبەت تەنیایی و مردن ئەکاتە هەوێن و لایەنەکانی تری شیعرەکانی لەسەر دامەزراوە ڕۆژ بەڕۆژیش فەلسەفە و زانستی مەنتیق ئاسۆی فراوانتر بووە و زیاتر بە ناخی ماهیەتی تەنیاییدا چووەتە خوارەوە و لە نهێنییەکانی شارەزا کردووین. مانا و لێکدانەوەی زیرەکانەی تری بۆ تەنیایی و دروستبوونی داناوە هەندێك لەو بیروڕایانە ئەڵێن مرۆڤ هەتا دەمریٚ تەنیایە و کۆتایی بەتەنیایەکەی نایەت کەچی هەندێکی تر ئەڵێن هەلومەرج و هۆکاری وا هەیە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی هەست بە تەنیایی کردن ڕای سێیەمیش ئەڵێت گوایا مرۆڤ هەر ماوەیەك بۆ تەنیایی ئەژی و ئەشیٚ بارێکی وەها بێتە پێشەوە بۆی کە تەنیاییەکەی بکوژیٚ و نەیهێڵێت.. کۆمەڵێك گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ هەر تەنیایە و هەر کەس بریتییە لە کەسێتی خۆی و کەس نابیٚ بە کەس هەر کەس کەسێتی خۆیەتی و کۆمەڵێکی تر بەرپەرچی ئەمانە دەبنەوە دەڵێن کە مرۆڤ لەگەڵ کەسانی دەوروپشتیا ژیا و مامەڵەی کرد تەنیایی و نامۆیی هەستکردن بەنامۆیی و لەبیر ئەچێتەوە ئێمە لێرەدا (خەزان)مان کردووە بە نەخشەیەك و هەوڵ ئەدەین وێنەی ماهیەتی ئەو تەنیایی و غوربەتەی تیا بچەسپێنن و لەگەڵیٚ ئەنجامی نەخشەکەمان سوود وەرگرین بۆ پێوانەی شیعر و نووسینی لەم بابەتە و چۆنیەتی شیکردنەوەیان:

(کیٚ ئەوەندەی من و پایز تەنیا دەمریٚ)
(ڕووبار دڵی منی تەنیای لە مشتایە)
(شەو هەست بە غەریبی دەکەم)
(زەمەن خەمی من هەڵناگریٚ)

بە تەنیا خۆم دەخۆمەوە
زەمەن پیرە درەختێکی پایزییە
منیش گەڵای زەردی خەمم
تەنیایی بڕستم دەبڕێ..
هەڵدەوەریم..
– درەخت دەست ناداتە باڵم
زەوی لە ئامێزم ناگرێ
لە نێوان زەوی و درەختا
تەنیایی ئەمداتە دەست با.

ئەگەر بێت و ئێمە لە تاقیکردنەوە و بەرهەمەکانی پێشووی شاعیر ورد ببینەوە دەزانین کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەم دوایییە و ئێستایدا، ڕەنگە جیاوازی و ماوەکەی نێوانمان بگاتە ئەوەی کە دژ بەیەکتر بوەستن و هەریەك سەر بە بەرەیەکی فەلسەفی بوەستنەوە کە لایەنی گونجاو و هاوتایان نەبێت. ئێمە لەوە نادوێین کە کام ڕێگایان باشە و ئامۆژگاری شاعیر بکەین کە فلان ڕێگایان بەرەی جەماوەرە و ئەوەشیان بەرەی جەماوەر نییە!! بێین بڕیارێکی وشك دوور لە موعاناتی ڕاستەقینەی شاعیر بدەین بەسەریدا چونکە حەتمەن ئاشکرایە کە شاعیر لەوپەڕی قەناعەت و خۆ خواردنەوە و جەنجاڵی مێشکی خۆیەوە ئەم بەرهەمەی خوڵقاندووەو هەموو شتێکیش ئەگەر دەستکرد و هەوەسبازی و بێ ڕاستگۆیی تێدا بێت ئەوا شیعری ڕەسەن و هەڵکەوتوو بەمانای شیعر ئەو سیفاتانەی تێدا نییە و بابەتیش ئەم جۆرە شیعرانە کە خاڵی دوور و نزیکیان دیارە و خەم و غوربەت و تەنیاییەکەی کارێك دەکات کە خوێنەری سادەش لە چۆنیەتی حاڵەتی شاعیر بگات و دەرکی پێ بکات.

لێرەدا نامانەوێ بەراوردی بەرهەمی ساڵانی پێشووی و ئەم شیعرەی بکەین بەڵکو دۆزینەوەکانمان لە حاڵەتی شیعرەکەوە دەست پێ دەکات کە کەم و زۆر لە حاڵەتی کائینێکی زیندوو جوێ نابێتەوە تەماشای ئەم واتایانە بکە:

کێ ئەوەندەی من و پایز تەنیا دەمرێت
ڕووبار دڵی منی تەنیای لە مشتایە
(لە نێوان زەوی و درەختا
تەنیایی ئەمداتە دەست با)

ئەمی شاعیر و زیندوو- سروشتی خاوەن بزووتن و خەمناك- دەبنە یەك شت یەكبوون و بەردەوامی كەواتە ئیحساساتی ئەم بەقووڵی و سادەییەوە پەیوەندی بەسروشتەوە هەیە بەهەموو ڕواڵەتە زیندووەكانییەوە- پایز تەنیا دەمرێ- ئەمیش خۆی دەخاتە ڕیزی حاڵەتی مردنی پایزەوە و یەكێ لە كارەساتە گەورەكانی دواڕۆژی خۆی كە مردنە وەك شێوەی مردنی پایز دەبینێ.

واتاكەی تریش بەم جۆرە دەبێت (لە نێوان ماوەی زەمەنی زانستی و نێوان زەوی و درەختا بایەكی بەهێز وەك زریانێك دێت و ئەیبات بەڵام بۆ كوێی دەبات- ئەمەیان پەیوەندی هەیە بەڕۆیشتنی باوە بەرەو هەر شوێنێك كە نەزانراو بێت و پەیوەندی ئەم و زەوی و درەخت كە هەرسێكیان سێ دیاردەی سروشتین دیاردەیەكی مەحسوس زاڵ ئەبێت بەسەریاندا كە تەنیاییە نە درەختێكە بنبڕی بكەی وە نە پارچە زەوییەكیش كە ڕووت لێ وەرگیرا نە بینیت بەڵكو ئەمیش وەك خۆشەویستی و خەم و بیركردنەوە هەستكردن لە دەرەوەی سنووری گرتن و سەركوتانەوە بەسەرا زاڵبوونێكی ئەبەدین. وە جێگە و كاتیشیان ونە- واتە نەزانراون. وە كاتی تایبەتیشمان بۆ دیاری نەكراوە بۆهات و نەهاتنیان بۆ لای ناخی بیر و هەستی مرۆڤ. دیسانەوە ڕووبارەكە ئەڕواو دڵی لە مشتیایە حاڵەتی ئەگۆڕێ و بەلای ئەمەوە ئەگری. ئەم گریانەش لە سیفەتە سروشتییەكانی ڕووبارە نە ئەمیش واتە- شاعیر- سیفاتی كائینێكی تەواوی داوەتێ چونكە:

(نەچاوی هەیە نەگۆنا
بەڵام دەگری ئەویش دەگری)

ڕووبار دەگری- بەڵام گریانی ئەم وەك مرۆڤ نییە- فرمێسك لە چاویەوە بێت بەسەر گۆنایدا بێتە خوارەوە بێ چاو و بێ گۆنا ئەگری و كاتێكیش كە (هاڵاوی ڕۆحی پڕ لە كەسەری) شاعیر دەگاتە سەر دەریا ئەیبەستێ وەك چی؟ وەك لەشی كەسێك لە ناو بەفرێكی زۆر ئەنجامیش ئەوەیە كە ڕۆحی ئەم بۆ شتێكی مجرد وەك لەشێك بەستی ئیتر گەیشتنی بەو نەگونجاوە و هەرگیز نەگونجاوە ئالێرەدا هاوتای یەكەم شاعیر و درەخت و زەوی ڕووبار و پایز لەلایەك ئەوەستن (ئەویش) كە كەسێكەو لە مەبەستی شاعیر خۆیدا ئەژی ناگاتە ئەم و بە نەگەیشتنی ئەویش ڕەنگ و ڕواڵەتەكانی سروشت تێكڕا ئەگۆڕێن و لە یەك وەرزدا ئەبینرێنەوە هەتا ئەمیش نەگا بەو ئەنجامە هەر پایزی ئەنوێنن هەر لە وەرزی پایزدان بۆیە كە پارچە شیعرە درێژەكەشی هەمووی لە ژێر ناونیشانی پایزدا كۆ

ئەبنەوە وە ئیمای دروست بوونیان لە ڕەنگ و ڕواڵەتەکانی پایزەوە وەرئەگرن. ئینجا ئەگەینە ئەنجامی یەکەم و ئەڵێین حاڵەتی تەنیایی و ونی هەمیشەیی پایز لە ڕۆحی پڕ کەسەری ئەمدا – نەگەیشتنە – نەگەیشتین، واتە دووری و مەحاڵی – گەیشتن بە ئەو – ئەوێك کە لەگەڵ تاقیکردنەوەی شیعری و عاتیفیانەی خۆیدا بێت. بۆ جارێکی تریش و زیاتر پێ داگرتن لەسەر بوونی تەنیاییکە و پەیوەندی ئەو بە دیاردە سروشتییەکەوە لە شاعیر خۆیەوە مەبەستەکە وەرئەگرین ئەڵێت:

(زەمەن پیرە درەختێکی پایزییە
منیش گەڵای زەردی خەمم)

دەرختێکی پایز بەپیری –لەگەڵ گەڵایەکی زەردا کە تایبەت بێ بە–گەڵای خەم–و ڕەنگی وەك ڕەنگی ئەم زەرد بووبێت کەواتە هەموو بوونی ئەم لە گەڵایەکی زەردا کۆ ئەبێتەوە ئەبێت بەخەم دیارە لە پشت ئەمەشەوە تەنیایی و نەگەیشتن ئەبینرێت لەبەرئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری دروستبوونی شیعری –خەزان–م ئەڵێم ئەم شیعرە ئەگەرچی بەیەك ڕۆژ نەنووسراوە کاری تەنانەت مانگێکیش نییە و بەپێی ژمارەکان و ڕووداو و وێنەی دوور لە یەك و جوێی تێدا کۆبووەتەوە بەڵام یەك شت شادەمار و خوێنیان دەداتێ و پەرە بە ژیانیان ئەدات ئەویش مەسەلەی بنەڕەتی مەوزوعی شیعرەکەیە کە –تەنیایی–یە بڕوانە کۆپلەی ژمارە پێنج و ژمارە شەش چەندە جیاوازن کارێکی ڕۆحی لە پڕ ئەبێ بە کارێکی جنسی و لە پاشدا خامۆشی بەجێ دێڵێ –واتە ئەمیان– کارە جنسیەکە نەبووەتە کارێکی ئەبەدی و هەرگیز نەمر لای شاعیر لە کۆپلەی پێنجەمدا غوربەت کارێکی وەها ئەکات کە دڵی دڵۆپ... دڵۆپ بەسەر ڕۆحیا بتوێتەوە لە پارچەی شەشەمدا – تك تك بۆنی ماچ و عەتر و سوورا و بە گەروویا ڕۆئەچن... ئینجا پاش دروستبوونی کارە جنسییەکە ئەبینێ چراکان– ڕووناکیەکان هەر خامۆش و دیارە پێش ئەوەش هەر خامۆش بوون و هیچ گۆڕان و بزواندنێکی نەوعیان بەسەردا نەهاتووە واتە بەردەوامی خامۆشی چراکان –بەردەوام نەبوونی دامردنەوەی هەڵچوونە جنسییەکەی هیچی لە تەنیایی و غوربەتەکەی ئەم کەم نەکردەوە. شاعیر سەفەرێکی کرد بۆ فەرەنسا –ماوەیەك لە –پاریس– مایەوە گەڕایەوە بۆ –کوردستان– کاتێ لێم پرسی ئایا دنیای ئەورووپا بەتایبەتی پاریس هیچی پێ نووسیت؟ وەڵامی دامەوە کە دوو پارچە شیعری تری خستووەتە سەر خەزان و خەزان هێشتا درێژەی ئەبێ و تەوا نەبووە دوو

پارچەکەش لە شیعردا ژمارە (١٠) و ژمارە(١١)یان دراوەتێ بڕوانە نموونەیەك لە ژمارە (دە):

گیانم لە ژێر درەختێکی زەردا
بەدرێژایی شەقامی-شانزیلزیە-دا دەڕوانێ
لە جارانی غەریب ترە

لەو دیومەوە-
نهێنی ماچێکی تریش سەوز دەبێ
شانزلیزیە دەبێتە ماچ و راموسان
بەڵام گیانم لە جارانی غەریب ترە
بەڵام ئەشکەکانی گیانم لە جارانی گەرمترە

لە نزیك ئەمەوە حاڵەتی ماچێك ڕوو ئەدات و سەراپای شانزلیزیە -ئەبێتە ماچ کردن و باوەش پیا کردن و ئەمیش گیانی ئەبێتە باڵدارێك و لە ژێر درەختێکی بەرزا لە شەقام ئەڕوانێ و هەست ئەکات لە جاران- لەو کاتانەی لە نیشتمانی خۆی بوو غەریبترە و پاریس و جنس و ماچ و باوەش و سروشتی- جوان و مۆزەخانەی لۆڤەر و ناسینی گەلێ لە شاعیرە لاوەکانی پاریس نەبووە هۆی ئەوەی لە غوربەت و هەستکردن بە تەنیاییەکەی بێنێتە خوارەوە هەر تەنیاتر و غەریبترە، کەواتە دیاردەی تەنیاییەکەی باسمان کرد بە جنس بنەبڕ نەبووە ئاگری تەنیاییەکە جنس نەیکوژانەوە... بۆیە ئەبێت شتێکی تر هەبێت؟! لە پارچەی یازدەهەمدا دیسان وێنەی شەوێکی یەکێ لە کابارێەکان پێشان ئەدات:

گڵۆپی ناو کابارێەکە دەکوژێتەوە
چاوی خەڵکی دادەگیرسێن
شانۆکە دەبێتە ماڵت
شانۆکە دەبێتە ژانت
لەگەڵ نۆتەی سەماکەتا
ورد ورد سنوورەکان دەشکێن
لە پێش چاوی جیهانێکدا سەما دەکەی
بەڵام خەڵکی تەنیا بەژنەکەت دەبینن!

شاعیر ئەوەی داوە بەدەستەوە کە ئەوەندەی شانۆکە دەبێتە ماڵی ئافرەتە سەماکەرەکە ئەوەندەش دەبێتە مایەی ئازار و ژان بۆی و خەڵکی لە موعانات و زمانی بزووتنی سەمای ئافرەتەکە ناگەن بەڵکو تەنیا بەژن و باڵا و لەشی ئەبینن!! واتە کە ئەم خەڵکی ناو کاباریەکە وەها ببینێت و بیریان لێ بکاتەوە ئەبێ خۆی وەها نەبێ و جگە لە لەش و جنسی ئافرەتەکە شتی تریش ببینێ... بۆیە ئەڵێت:

«نامەیەك ئەدەیتە دەست خۆر

بەختەکەت ئەوەندە ڕەشە

خۆر دەتۆرێ»

ئەبێ نامەی ئەم ئافرەتە بۆ خۆر چی بێت: بێگومان ناردنی پەیامی هەقیقەتە هەقیقەتی مان و نەمان –هەقیقەتی سنوور لە نێوان ئەمی سەماکەر بۆ هەموو پیاوێك ئافرەتێکی سەماکەر بۆ تەنیا پیاوێك کە هاوسەرێتی شاعیر سیفەتی بێ بەختی ئەداتە پاڵ ئەم سەماکەرە و لە نائومێدیا بەجێی ئەهێڵێ خاڵی گرنگی ئەو دوو پارچە شیعرەی (پاریس) کە چووە سەر (خەزان) ئەوەیە کە شاعیر بەتەنیا ئافرەتەکەی بەرامبەر بەهەستی مرۆڤانە و شاعیرانەی خۆی ڕاگرت و خەڵکی کاباریەکە کە کەسانێکی کۆمەڵن لای ئەم ڕواڵەتی شتەکان ئەبینن و ئارەزووە جنسەیەکان پێش ئارەزووە ڕۆحی و مرۆڤانەکەیە و ئەوانیش خەتابار نین بەڵکو شارستانییەتی ئەم سەردەمەی جێگایەکی وەکو ئەورووپا بەگشتی و جێگایەکی وەکو پاریس بەتایبەتی زۆر لەو دیاردە بچووکە گەورەتری بەکۆمەڵ بەخشیوە و سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنیکی و ڕواڵەتی ڕازاوە و هۆیەکانی بەختەوەرکردن و کار ئاسان کردن بۆ مرۆڤ بەڵام لە هەمان کاتدا زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لەو شارستانییەتەدا ئەژین هەست بەتەنیایی و غوربەت ئەکەن بێگومان دیارە ئەمەش لە دەستدانی پەیوەندییە ڕۆحییەکانە و پەرەسەندنی پەیوەندی ماددییەکانە لە نێواندا... وێنە لەم جۆرە شیعرانە لەم دواییەدا لە ئەدەبەکەماندا پەرەی سەند هەریەك لەم شاعیرانە لە تاقیکردنەوەی خۆیدا خۆی پێوە خەریك کردووە – محەمەد حەمە باقی – سەلاح شوان – جەلال بەرزنجی – نەوزاد ڕەفعەت – عەبدولکەریم دەشتی – دڵشاد محەمەد ئەمین – عەبدوڵڵا عەباس سەعدوڵڵا پەرۆش– وە هەروەها شاعیری ئەم لێکۆڵینەوەیەشمان– عوسمان شەیدا– لەم جۆرە شیعرانەدا شتی ورد بەکاردێنێت تەودوویری شیعرەکان ئەبن بە گەشتێکی نەوەستاو بەناو سروشت و نهێنییەکانیدا واتاکانی تەنیایی و غوربەت و عەشق و درەخت و باڵندە و ڕۆح و ئافرەت و ئاسمان و

زەوی بەکاردێن. ڕەنگە لە یەکێ لەو شیعرانەدا -ئاگر- بەهیچ جۆرێك باس نەکرابێ- حەماسی شۆڕش و هیتافی شۆڕشگێڕی تیا نەبینرێ بەڵام نهێنی ئەم جۆرە شیعرانە لەوەدایە کە وشەی تەقینەوەی تیا نابینین و سەراپای باسی تەقینەوە ئەکات هەر لە تەقینەوەی هەست و وورووژاندنی بیری کەسێکەوە هەتا ئەگاتە شاعیرێك. ئەمان دێن لە پشت نهێنی تەنیاییەوە بۆ هۆیەکانی نەمانی پەیوەندی ڕۆحی لە نێوان کۆمەڵەوە دەرئەبرن وە بناغەکانی مادە و لە دەستچوونی عاتیفە و سۆز دەرئەخەن.

کە غوربەتی شاعیرانەی خۆی دێنێتە شیعرەکەیەوە مەبەستی گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا ئەو هەقیقەتانەی کە لەم سەردەمەدا ونن. تەواو ونن ئینجا لە بەکارهێنانی شتە بچووکەکانی سروشت و تێکەڵ کردنیان بە هەستە نائاسایی و پەستیە قووڵەکان ئەگەنە ئەم جۆرە شیعرانە کە خاوەنی ڕەگێکی ڕۆمانتیکی و تەکنیکی شەفاف و تەعبیرێکی پڕ تەنیایی و غوربەت ئاسایە. بەڵام خوێنەری وریا لە پشت جەنجاڵی و تەنیایی و هەست بەغوربەتی شاعیرەوە دنیایەکی واقیعی و پڕ ئازار و خەم و چەوسانەوە ئەبینێ کە شاعیرەکە خۆی یەکێکە لەو قوربانییانەی لە ڕێگەی زۆرداری و زوڵمی کۆمەڵایەتی و ونبوونی هەقیقەتەکاندا ژیانی خەمناکی خۆی ئەگوزەرێنێ چونکە ئەم زیاتر لە خەڵکە ئاساییەکە ئازار ئەچێژێ و هەست و بیری خێراتر بەرەو پیری ئەو گیروگرفتانە ئەچن زۆرانبازی خۆیانی لەگەڵدا دەست پێ ئەکەن لێرەدا ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم جۆرە شیعرانە شیعری پڕ لە ڕەشبینی و گۆشەگیری و ڕووخاندن نین وەك هەندێك بۆی ئەچن بەڵکو ڕەنگدانەوەی تێکچوونی شیرازە ڕاستەکانی کۆمەڵ نیشان ئەدەن و لە گەڕان بەدوای هەقیقەتەکانی تەنیایی و غوربەتدا بۆ خۆشەویستی کۆمەڵ ئەسووتێن شاعیر ئەڵێت:

(تیشکێ بگرنە ئەم ژوورە
بەتەنیا مۆمێ دەسووتێ
ئەوە ڕۆحی مرۆڤێکە
هێشتا بەهاری نەدیوە)

لێرەدا داواکردنی ڕووناکی و بەدەنگەوە هاتن بووەتە مەبەستی شاعیر ڕووی داواکەی لە کۆمەڵ و کۆمەڵی بۆ چارەسەکردنی تاریکییەکان دۆزیوەتەوە پەنای نەبردووەتە بەر هیچ هێزێکی خەیاڵی و نادیار ڕاستەوخۆ هانا بۆ کۆمەڵ ئەبات. وە سێ شتی

بەستووەتەوە بەیەکەوە یەکەم تیشك دووەم تاریکی ژوورەکە سێیەم سووتانی ڕۆحی مرۆڤێك. شاعیر لە نێوان ئەم سێ شتەدا یەکگیری و پاراستنێکی وەهای بەکارهێناوە کە حاڵەتی ژیانی زۆر کەس لە کۆمەڵ نیشان ئەداو باری چەوسانەوە و ئازارێکی ڕۆحییان دەرئەخات مەبەستی ئەوەیە ئەو ڕۆژانە ڕووناك بکرێنەوە و با ئیتر بەس ڕۆحی ئەو کلۆڵانە بەئاگر بسووتێ و کەمێکیش چاو بە بەهاردا بگێڕن. ئەم خۆی بەنموونەی ئەو کەسە داناوە و لە پاش ئەو هەر لەو شیعرەدا لە مەبەستەکانی گەڕان بەدوای هەقیقەتدا ئەکۆڵێتەوە لە ڕێگای بەکارهێنانی واتای –گۆڕ فرمێسك– خەڵوەت و دەروێش–ەوە بۆ ئەم مەبەستە چووە. کە خەڵکی بەدەنگیەوە نەهاتن و تەنیا مۆمی ژوورە تاریکەمە سوتاو تیشکی نەگیرایە ژوورەکەی ئیتر دنیای تەعبیر ئەگوێزێتەوە بۆ دوا هانا:

سەرت لەسەر گۆڕەکەمە
هەناسەکانت ئەبیستم
دە فرمێسکەکانت بسڕە
گۆڕ خەڵوەتی مرۆڤی تەنیا و عاشقە
گۆڕ خانەقای دەروێشانە
دەروێش ئەو تاکە نەفسەیە خوا نابینێت
بەڵام تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت...
لە سۆزدایە...
لە سۆزێکی تەنیا دایە.

پشت بەم مەسەلەی خەڵوەت و دەروێش و گۆڕە دیسان تەنیاییە کە ژیانەوەتەوە و قفڵی دەرگای ئەو دنیا ڕۆحییەی پێ–نەداوە و لەوەوە دیسان دەست پێ ئەکاتەوە سۆز ئەبێتەوە بەسۆزێکی تەنیا لەو تەنیاییەدا ئەگەرچی دەروێشی خەڵوەت کە مرۆڤێکی جوانپەرست و هەقیقەت پەروەرە لە سۆزی هەمیشەییدا بەڵام هەتا مردنی هەقیقەتی گەورەکە خوا نموونەیەتی ناچەسپێ و مرۆڤ بەدوایدا ئەگەڕێ و لە سۆزێکی تەنیادا ئەبێت... ئەگەر بەوردی لەو پارچەیە بڕوانین لقێکی تریشی لێ ئەبێتەوە کە ئەمان گەڕێنێتەوە بۆ سەرنجدان لە پارچەی سێیەمی شیعرەکە:

–وەکو سەهۆڵ
وەکو لەشی ناو بەفرێکی زۆر دەیبەستێ و ناگا بە تۆ...

کۆتایی پارچەی سێیەم و سەرەتای پارچەی دوانزەهەم دەبن بەیەك لەوێدا ئەگاتە ئەو ڕاستییەی کە ڕۆحی پڕ لە کەسەری ئەیبەستێ و ناگاتە ئەو. بەڵام هەر ئەو ئەمجارەیان لە پاش نەمانی ئەم دێتە سەر گۆڕەکەی و ئەمیش وەك ئەوەی بۆ ئەو زیندوو بووبێتەوە گوێی لە هەناسەکانی دەبێ و پارچەی دوانزەهەمی ئەبێتە دوا پەیام و ئەمی شاعیر دوور لە ئەوی هەقیقەت ئەمێنێتەوە ئەمیش بەزیندوویەتی و دوور لە خەڵوەتی دەروێشانە دوور لە قەبر و فرمێسك لە تەنیایی دەرباز بێ و بگاتە ئەو- ئەوی خۆشەویستی ئەوێك کە دووری لێی کپی ئەخاتە دنیای ئەمەوە و نزیکی لێی هەموو مافە مرۆڤییەکانی خۆی پێ ئەبەخشێتەوە وەك سروشت یاسای هەزارەها ساڵەی خۆی داناوە ئەمیش وەك مرۆڤ بەهار ببینێ و پێ بکەنێ و بتوانێت مانایەك بۆ ژیان بدۆزێتەوە.

دەلالەتی هەندێ وشەی شیعرەکە:

پاش ئەمە لە لایەنێکی ترەوە تەماشای شیعری – خەزان ئەکەین لە لایەنی وشە و بەکار هێنانی هۆشیاری وشەوە. هەتا بزانین هەتا چ ڕادەیەك ئەو وشانە لە جێگای موناسبی خۆیاندا بەکار هاتوون ئەم مەرجانە کامانەن کە وەهای لێ کردوون سیفەتی زیندوویەتی بەردەوامی لە دینامیکییەتی بزووتنەوەی بابەتی شیعرەکە وەرگرن.

بڕوانە ئەو وشانە کە گەلێکیان یەکیان گرتووە و بوونەتە واتا و مەبەستێك دەبەخشن:

خەزان. شەپۆل – ئەشك – ئەشکی کۆچ – باڵای پایز – تەم چاوانی داپۆشیەوە – شەپۆلی کۆچ – بن دەکەون – لە تاریکییا ون دەبن – سوێی شەپۆڵ – مردنی گەڵای پایز لە هەموو وەرزێکا پرسە دەگرێ – خەمی پایز – کێ ئەوەندەی من و پایز تەنیا دەمرێ و ڕووبار گریان – هاڵاوی ڕۆحی پڕ لە کەسەر، غەریبی، گڕەی ژووره چکۆلەکەم جووت بوون – دڵی چەتوون – دەشەکێتەوە – ڕۆح – گوناهـ – شەو – خامۆش – پشیلە چرا – بەناو قژە ئاڵۆسکاوەکەیان – بێ دەنگی – تیشکی براجکتەر – کاباری – هێرشی مۆسیقا – شانۆ – ئەستێرە – مانگ – نامە – خۆر – بەخت – تۆران – گۆڕ –دەروێش – خەڵوەت – خانەقای دەروێشان – سۆز – سۆزی تەنیا – سەما سنوور – گڵۆپ – هەناسە – دڵی گەرمی شیعر – هاڵاو – مەرگ – کفنی زەرد درەخت – زەرد – شێت – عیشق –شەقامی شانزلیزیە – کچە قژ زەردێکی شێت شۆستە – باران –چەخماخە – ماچ – زەمەن – هەڵوەرین – ئامێز –زەوی –ئاسمان با – زەروی شەو – خوێن – کەنارێکی سپی ئەم جیهانە. بەم جۆرە ئەم وشە و واتایانە لە شیعرەکەدا هاتوون و

بەکارهێنراون وە هەریەکەش پەیوەندی ڕاستەخۆی بەوی ترەوە هەیە... بڕوانە:

خامۆش. بێ دەنگی، سۆز – ئاسمان – ئەستێرە. زەوی – درەخت – گڵۆپ – چرا – شەو – پایز – گەڵا – تەم – تاریکی – ئەمانە یەك ئەگرن و لەگەڵ بەشەکانی تردا تێکەڵ ئەبن و کات و جێگایان دروست ئەکەن وە بەپێی دیاریکردنی ئەو کات و جێگایانەش ڕووداوەکان دیاری ئەکرێن ڕوو ئەدەن ئینجا ئەو ڕووداوانە چ ڕووداوێکی سروشتی بن و لە کار و ئارەزووی مرۆڤ بەدوور بن یاخود کەوتبێتنە ژێر مەرام و خواستنی مرۆڤەوە... ئەو بەشانەش ئەمانەن: سۆز تەنیا – دڵی گەرمی شیعر دەروێش – خەڵوەت – نامە– خۆر – ڕووبار – پشیلە – باران – چەخماخە – هەناسە شێتی – گریان – ڕۆح.

لە شیعرەکەدا زیاتر وێنەکانی سەرجەمی ژاکاوی تۆران و تەم و سووتان و تەنیایی و خوێن و غەریبی و گۆڕ و مردن خۆیان ئاشکرا ئەکەن... واتە شاعیر لە حاڵەتی بێزاری و دنیا بەدڵ نەبوون و ناچاری ژیان و گرێ و کۆسپ و نەهاتیدا ئەژی بۆیە لە تەواوی شیعرەکەدا مەسەلەی مردن و نەمان هەست پێ ئەکرێت و واتە مەسەلەی مردن و نەمان جۆرە ئیمایەکی شیعرەکەی شاعیرە ئەمەش لە ئەنجامی غەریبی تەنیاییەوە دروست بووە چونکە کاتێ ژیان ئەبێتە ژیان بۆ تەنیایی و هەست بەغەریبی کردن مرۆڤ ئەبێتە ڕێبوارێکی شارەزا و وریای ئەوتۆ کە بەدوای تەواوی هەقیقەتا بگەڕێ. وە هەر بۆ ئەوەی کەرەسەکانی ئەو بەدوا ڕۆیشتن و، وزە و توانای ژیان لەو پێناوەدا دروست بکات ئەو جۆرە واتا و وشانەی هێناوە کە خۆی پێوە خەریك بکات ئەگەریش نەگاتە هەموو هەقیقەت و مەبەستێ خۆی ئەوا بتوانێ لە ڕەنگ و ڕواڵەتەکان شارەزا بێت و هەر هیچ نەبێت ئەمە بکا بەتاقیکردنەوەیەك و بەهەنگاوێ یەکەمی خۆی دابنێ.

لە نێوان ئەو بەشوێندا گەڕانەدا ئەبینین شاعیر لە پارچەی پایزە و پارچەی دوانزەدا کەوتووەتە نێوان دوو دنیای جیاوازەوە ئیتر نازانن ئاخۆ چ شتێك بەم دوو پارچەیە لە یەك شیعردا کۆ دەکاتەوە... یەکەمیان دیمەنێکی هاوچەرخانەی سەر بەسێکس و شارستانیەتی پڕ لە مادە و دوور لە ڕۆح پەروەری مەسەلەی سۆز و سۆفیەتی دووەمیشیان تیشکێکی بەتین و ئەستووری میتافیزێکی تێدایە ئینجا ئاخۆ شاعیر شتێکی ئەوتۆی هێناوە کە ببێتە ڕێگایەك لە دوو جۆرە دنیایە ببەستێتەوە بەیەکەوە یاخود هەریەك بەجیا لە دنیای خۆیاندا دەژین لە ڕاستیدا ئێمە ناتوانین پەیوەندییەکی بە تین بدۆزینەوە جگە لە یەك دیاردە نەبێت ئەویش بەرەو ڕۆچوونی خاوێنی گیانە – طهارة الروح –.

لە پارچەی یانزەدا کە دیمەنی کاباری و ئافرەتە سەماکارەکە پیشان ئەدات مەبەست لێی تەنها بەرچاو خستن و پێشاندان نییە بەڵکو بەرگری کردنە لە ڕۆح و لەو ڕاستییەی کاتێك خەڵکی وەها دائەنێت کە ئەوان تەنها لەش و لەزەتە جنسییەکە وەرئەگرن پشت لە خۆشەویستی و لەزەتی ڕۆحی ئەو ماوەیە بەسەر ئەبەن ئەم ئەگەڕێ بۆ بەدیلێك... بەدیلێك کە لە پارچەی دوازدەهەمدا لای ئەو بریتییە لە تەنیایی و عیشق و سۆز و پەرستن بریتییە لە سۆزێکی هەمیشە درێژخایان و تەنیا... واتە لێرەدا استجابەی دنیا مادییەکەی لای ئەم دنیایەکی ڕۆحییەو نکۆڵی لەمە ناکرێ و ڕۆیشتنە بەرەو میتافیزیکییەت... لە گۆڕ و خانەقا و خەڵوەتەوە دەست پێ ئەکا و بەرەو ئەو دیوی کۆتاییەکان ئەڕوات– لە کۆتایشدا ئێمە ئەمە ناو نانێین گلەیی و ڕەخنە لە شاعیر ناتوانین بەشاعیر بڵێین خەتێك بەسەر ئەم شیعرەدا بهێنە و شیعرێك بنووسە تەواوی واقیعی ژیان بێت ئەم لە کاتێکدا بەو تەکنیك و وشە و خەیاڵە کە ئەمەی بۆ وتوین دیارە نەیتوانیوە لە دەرگایەکی ترەوە بچێتە دنیای شیعرەوە قەناعەتی تەواوی خۆی وەها بووە و با وازیش لە هەموو شاعیریکی بەمانا شاعیر بهێنرێ ڕاستەقینەی خۆی بنووسێتەوە... خۆی کە کەسێکە لەم کۆمەڵە و نموونەش لە کەسانی خاوەن هەست و بیرکردنەوەی وەك ئەو گەلێك زۆرە بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەم خاوەنی دەربڕین و توانای هونەرییەو ئەوان تەنها خاوەنی هەستکردنن بەڵام بەرامبەر ئەم کێشە سەختانە. تەعبیر و دەربڕینێکی بەم جۆرەیان لەلا نییە.

شیعری -خەزان-

١– شەپۆلەکان تێکەڵاوی یەکتر دەبن
شەپۆلەکان ڕێی گەشتی ئەبەدی دەبڕن
شەپۆلەکان دەڕۆن دەڕۆن هەتا دەمرن
ئاسمانیش بۆنی خەم و ئەشکی کۆچی لێ دێ
ئەوڕۆ ئاسمان فرمێسکەکانی دەبارێ
ئەوڕۆ ئاسمان کراسێکی ئاودامان ڕەش
بە باڵی پایزێ دەبڕێ
پایز ماتە و چاوانی داپۆشیوە
درەختەکان گەڵا گەڵایان زەرد دەبێ و

دەكەونە سەر شەپۆلی كۆچ
لوول دەخۆن... بن دەكەون
لە تاریكیا ون ئەبن
گەڵاكانیش لەگەڵ سوێی شەپۆلا دەمرن
پایز لە هەموو وەرزێكا پرسە دەگرێ
خەمی پایز لە خەمەكانی من دەچێ
چاوەكانی زوو كوێر دەبێ.
٢– كێ ئەوەندەی من و پایز تەنیا دەمرێ
٣– ڕووبار دڵی منی تەنیای لەمشت دایە
نەچاوی هەیە نەگۆنا
بەڵام دەگری... ئەویش دەگری
تۆش فریشتەی ناو تەمێكی دەریای شینی پایزی
كە هاڵاوی ئەم ڕۆحە پڕ لە كەسەرە
لە سییەكانمەوە دەێهێنێ
كاتێ دەگاتە سەر دەریا
وەكو سەهۆڵ
وەكو لەشی ناو بەفرێكی زۆر دەیبەستێ و ناگا بە تۆ!
٤– شەو هەست بەغەریبی دەكەم
كاتێ شەماڵ خۆی لە گرەی ژوورە چكۆلەكەم دەهاوێ
ئەوی سارد بێ وەكو جووت بوون، ماچی دەكەم
٥– ئاخ لەم دڵە چەتوونە بچكۆلانەیەم
شەوی دەجار دەتوێتەوە
شەوی دە جار بەسەر خۆیا دەشكێتەوە لێی تێ ناگەم!
ئەم غوربەتەش دڵم دەگوشێ
لێوم بەسەر پشكۆوەیە
ئەم غوربەتە یەخەم دەگرێ
وای لە دڵم
ئەوەندە ناسك بۆتەوە

دلۆپ...
دلۆپ...
بەسەر ڕۆحما دەتوێتەوە.
٦- (گوناهم کرد،
گوناهێکی ئێجگار بەتام)*
لە شەوێکا هەموو چراکان خامۆش بوون
پەنجە مەستەکانم نەبێ
وەك چاوی شینی پشیلە داگیرسابوون
بەناو قژە ئالۆسکاوەکەیا گەڕام
ئەو بێدەنگ بوو
ماچم کردو... هەر بێدەنگ بوو
وەك دوا قومی پەرداخی سەر مێزێکی چۆڵ تك...
تك... لە لێوەکانمەوە
بۆنی ماچ و عەتر و سوورا و
بە گەرووما... ڕۆچوون
ڕۆچوون
چراکانیش هەر خامۆش بوون
٧- زەمەن خەمی من هەڵ ناگرێ
بەتەنیا خۆم دەخۆمەوە
زەمەن پیرە درەختێکی پایزییە
منیش گەڵای زەردێ، هەڵدەوەرێم
درەخت دەست ناداتە باڵم
لە نێوان زەوی و درەختا
تەنیایی دەمداتە دەست با.
٨- دنیا وەك دڵم تاریکە
زەروی ئەم شەوەش لە خوێنم دەخواتەوە
ئێوەی مەزن، تیشکێ بگرنە ئەو ژوورە
پایزی عومری مرۆڤێ دەبیننەوە

هیواکانی مەلی کەنارێکی کپی ئەم جیهانەن
باڵی فڕینیان وەریوە
پایزی عومری مرۆڤێ دەبیننەوە
هیواکانی مەلی کەنارێکی کپی ئەم جیهانەن
باڵی فڕینیان وەریوە
پایزی عومری مرۆڤێ دەبیننەوە
قاچەکانی لە دووی نایەن
تیشکێ بگرنە ئەم ژوورە
بە تەنیا مۆمێ دەسووتێ
ئەوە ڕۆحی مرۆڤێکە
هێشتا بەهاری نەدیوە
٩- شەوێکی بێ ئەستێرە و هاژەی شەپۆڵە،
دەنگی نایێ
وا نزیکە شیعرەکانیشم کۆچ دەکەن
لەم شەوەدا تەنیا ناژیم
دوور لە بۆنی کەزیە ڕەشەکانی ئێستای
دوور لە نیگای ئەستێرەکان
دوور لە دڵی گەرمی شیعر
لە هالاوی گڕەی ژوورەکەمدا دەمرم
شنەی نەرمی گەڵاکانی چناری بەر پەنجەرەکەم
دەڵێی کفنی زەردی مەرگیان لەبەردایە
لە ڕووم نادەن
لەم شەوەدا، چنارەکەش تاوانبارە
دەیبڕمەوە
ئاخ چەند شێتم،
بالای عیشقێ دەبڕمەوە، خۆم گەورەم کرد
١٠- گیانم لە ژێر بالای درەختێکی زەردا
بەدرێژایی شەقامی - شانزلیزیە-دا دەڕوانێ

لە جارانی غەریبترە
ئەوە گوناهی کچە قژ زەردێکی شێتە
ئەو لێوەی مرۆڤێکی عەزرەتییە
دەبن بەیەك... لە تاریکی شۆستەکەدا ون دەبن و
ئاسمانیش چەخماخە ئەدا...
ورد ورد... بارانیش دەبارێ...
لەودیومەوە...
نهێنی ماچێکی تریش، سەوز دەبێ
«شانزلیزیە» دەبێتە ماچ و ڕاموسان
بەڵام گیانم لە جارانی غەریبترە
بەڵام ئەشکەکانی گیانم لە جارانی گەرمترە
١١- لەبەر تیشکی- براجکتەر-ێکی سووردای
دنیای ئەودیوی پەنجەرەی سەر کاباری سەماکردن
وەکو چاوەکانت سەوزە
وەکو باڵات کراسێکی پایزی لەبەرکردووە
یەکەم هێرشی مۆسیقا
گڵۆپی ناو کابارییەکە دەکوژێتەوە
چاوی خەڵکی دادەگیرسێن
شانۆکە دەبێتە ماڵت
شانۆکە دەبێتە ژانت
لەگەڵ نۆتەی سەماکەتا... ورد...ورد...
سنوورەکان دەشکێن
شانۆکە دەبێتە جیهان...
لە پێش چاوی جیهانێکا سەما دەکەی
بەڵام خەڵکی تەنیا بەژنەکەت دەبینن
ئەستێرە لە پێشوزیتا دەکوژێتەوە
مانگی پشتی پەنجەرەکان دەکەن بەدەزگیرانی خۆت
هێدی...

هێدی...
مانگەکەش لیخن دەبێت و
بەرەبەیانی لەگەڵ گەرمی سەماو فرمێسکی گۆناتا
نامەیە ئەدەیتە دەست خۆر
بەختەکەت ئەوەندە ڕەشە... خۆر دەتۆرێ
نائومێدیت دەخەینە بنی دەریاوە...
بۆ دووەم شەو...
گڵۆپی ناو کاباریەکە دەکوژێتەوە
چاوی خەڵکی دادەگیرسێن
شانۆکە دەبێتە ماڵت
شانۆکە دەبێتە ژانت
لەگەڵ نۆتەی سەماکەتا...
ورد... ورد... سنوورەکان دەشکێن
شانۆکە دەبێتە جیهان
لە پێش چاوی جیهانێکدا سەما دەکەی
بەڵام خەڵکی تەنیا بەژنەکەت ئەبینن
١١- سەرت لەسەر گۆڕەکەمە
هەناسەکانت دەبیستم
دە فرمێسکەکانت بسڕە...
گۆڕ خەڵوەتی مرۆڤێکی تەنیا و عاشقە و
گۆڕ خانەقای دەروێشانە
دەروێش ئەوتاکە نەفسەیە... خوا نابینێت
بەڵام تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت
لە سۆزدایە...
لە سۆزێکی تەنیا دایە.

ئەو زەنگە بۆچی زویری دێنێت؟

زۆر دەمێکە ئەم پرسیارە هەیە، ڕەنگە هۆی ئەمە ئەوە بێت کە هەردەم زڕەی ئەم زەنگە لە ناخمەوە بەرز ئەبێتەوە و کپ ئەبم!! بۆ چەند ساتێك تەنیا لە خۆم نەبێت لە هەموو شت جویێ ئەبمەوە!. لای من کار لەوە گەمژەیی تر نییە کە مرۆڤ ناخی خۆی بەئاوەژوو پیشانی خەڵك بدات. واتە گوێ لەو زەنگە نەگرێت. مەبەستم لەوە نییە کە دیوارێك لە نێوان بیری شۆڕشگێڕی و توانای مرۆڤدا بەرامبەر ئەم بیرە و بەرەنگاربوونەوەی –واقیع– دروست بکەم!!

بەڵام هەرگیز لەو باوەڕەم نایەمە خوارەوە کە مرۆڤ ئەگەر واقیعی ناخی خۆی حەل نەکات مەحاڵە گرێیەکی لە دەزوویەك بۆ بدرێت یان گرێی دەزوویەك بکاتەوە. هەندێك چاوەڕێن خەڵك حەلیان بکات. واتە هەردووتای تەرازووەکەی– گریان و پێکەنینیان بهێننەوە هاوشانی یەك!!.. ئەمانە بەڕاستی لێقەوماون؟! پێویستیان بەکۆمەك هەیە، زۆرجار قوڵپی گریانی وا هەیە لە پێکەنینێکی بەکوڵدا دروست ئەبێت، کارێزی فرمێسکی وا هەیە لەوپەڕی دەسەڵاتی مرۆڤدا ئەتەقێنەوە!. ئەگەر بمزانیایە ئەو (زەنگی زویری)یەی گۆران بەدوو سێ دێر تەعریف بکەم وەك تەعریفی کیمیاوی ئاو دەمگوت ئۆکسجین+هایدرۆجین= ئاو. ئاو ڕەنگی نییە و ناسووتێت – ئەچێتە ئەو قاڵبەوە کە تێی ئەکرێت... هتد. ئیتر چەند ساڵێك پێوەی نەئەتلامەوە– هەر بەڕاست ئەڵێم چەند ساڵێك دڵنیام لەم نووسینەدا ئەبێت حیسابی خۆشەویستی و ڕق یەکلایی بکەمەوە. لەگەڵ کچە جوانەکەی ناخی خۆمدا– لەگەڵ سەرچاوەی زەنگی زویرییەکەدا– دەست بەسنگی شەپۆڵەکانەوە ئەگرین و ئەمجارەش کەشتییەکەمان ڕزگار ئەکەین!!. ئیتر ئەگەمە هیچ– ئەشێت هیچیش هەر شت نەبێت؟! زەنگ هەر زەنگە و زویریش هەورە گرژەکەی تووڕەیی خۆی کەمێك ناڕەوێتەوە! ئەگەرچی شێتی پڕشنگی بم و بمەوێت هاوڕازی مانگ بم!! ئەم –زەنگی زویری– تازە نییە و تەنیا لای– گۆرانیش نەبووە.

لەم دواییەدا تەواو سەرم نابووە دونیاکەی – حسێن مەردان–ەوە هەر لە (قصائد عاریە)وە[١] هەتا (أە یا غصن الریحان)ەکەی [٢] تێهەڵچووم– ئای ئەو کابرایە چەند گەورەیە! بەباوەڕی من پەیوەندییەکی تەواو لە ڕووە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانی – گۆران – و – حسێن مەردان–دا هەیە وەك دەست پێکردنی و ناسینی زاتی خۆو کەسانی

دەورووپشت و هەموو شتەکانی تریش. هەر دووبارەبوونەوەیەکی ئەو زەنگە زویرییەش ئاشکرایە لە ناخی کەسێکەوە ئەبێت کە یەکێك بێت لەو کۆمەڵەی تیایدا ئەژیت و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات. ئینجا ئیتر ئەم بەمە دەرئەکەوێ و زۆرجار هەر بەداخێکەوە سەر ئەنێتەوە کە قووڵتر- ڕووناکتر بۆ ناوەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و باری ئابووری کۆمەڵ ئەچێت. ئەگەرچی ئەم لە بواری کاری خۆیدا -لە هونەردا- ئەسووێت و سەرلەنوێ دروست ئەبێتەوە! ئەشێت زۆر بەهۆشیاری و ورد پەنجە لەسەر ڕووەکانی باری ئابووری دانێت ئازایانە ئەو ژێرخانی کۆمەڵایەتییە بەناخی و حەتمیەتی هەوڵدانی بۆ گۆڕین بنج بەست بکات.

ڕەنگە بپرسیت نووسینەکەمان زاتیانە دەستی پێ کردو ئێستا باس لە گۆڕین و نەخشەی

تێکۆشانی سیاسی ئەکەم؟! من لەم قسانەمدا تەنیا مەبەستم ئەوەیە: مرۆڤ هەتا خۆی -حەل- نەکات کەسی بۆ -حەل- نابێت!! مەرجیش نییە ئەم کارە لای هەموو کەس هەر ڕووکردنە ڕووناکی و خەندە بێت. بەخەمێکی خەستدایە ئەو هیوای ڕۆژبوونەوە و تیشکەی لە تاریکە شەوێکدا، تاریکە شەوێ نوقمی ڕەشی چەهرەیی دنیا[٣]ەیە لە -ڕۆژ-دا خۆی نییە؟!

سەرەتا گۆران- گەلێك عاشقی مەولەوی- ئەبێت ڕۆحی (عیسافۆ) بە تانوپۆی ڕۆحی گۆران ئەگات.

لە دنیای (سەوزەگیای پایز)دا[٤] گیان بەبەر دنیای مردوودا ئەکاتەوە. گرنگ ئەوەیە ژیان بەسروشت، بەکەسانی لە ئێمە باشتر ببەخشنەوە ئەگەریش لەسەر حیسابی گیانی خۆمان بێت؟! تۆ بڵێیت ئەمە ئەوپەڕی بەرچاو ڕوونی و سەخاوەت نەبێت؟ ئەشێت دەنگدانەوەی ئەم زەنگە لە ناخی مەولەوی-یشدا بەرزبووەتەوە و کپی کردووە. هەر مەپرسە مەرگی عەنبەر خاتوون- چیی بەسەر هێنا!. بەچوار پێنج پارچە شیعر شیوەنێکی وەهای بۆ گێڕاوە کە هەر لە توانای شیعری بەرز و مەعنەویدا هەیە، بۆ ئەوەی فرمێسك و هەژاندنی ناوەوەی مرۆڤ دەرببڕێت:

ئەی ڕوونکای چاو نامەوێ لاچۆ
لیلایی سادەی فەرموو وەرە تۆ
چونکە قبیلەکەم ڕۆیی بۆ سەفەر
دیواری هەستی خستوومە خەتەر

بینایی بەڕاست دیدەی پڕ دەردم
ئای چەند سەرسەختم دوای تۆ نەمردم)

(گۆران) بەرانبەری دەڵێت:

«ئەی مانگ و ڕۆژ ئەی ئەستێرەی شەو هەڵ مەیەن ئیتر
بۆ ئەو دیوی بە نهێنی لە تاوانکەر پڕ»[٦]

یاخود

«ئەی قژی زەرد وەکو پووش دەسکەنە بە
ئەی لێوی ئاڵ بەبێ زەردەخەنە بە»[٧]
-بۆ خۆشەویستی لێ مەدە ئیتر، دڵ!
لەناو گۆڕی تەنگا با ببی بە گڵ)[٨]

لەمەوە ئەڵێین لە سەردەمەکانی مێژوودا بەپێی گێڕانەوەی ڕاستییەکانی مێژوو - و - کارەساتەکان یەك چەشن چۆکیان لەسەر شان و ملی خەڵکی دا نەداوە، فرمێسکێکی گەرم کە لە چاوی (دایکی - فارس-ەوە بۆ کوڕەکەی و نەهامەتی - تەرواده -[٩] ڕژابێت هەر ئەو فرمێسکە گەمەیە کە مناڵێك لە ئابلۆقەی - لینینگراد-دا بەچاوە جوانەکانی خۆیەوە دەبینێ: لە زەنگی زویری گۆراندا زات وەك هەندێك ئەڵێن هەموو شتێك نییە. من سەیرم لەو قسەیە دێت کە پەنجە ئەخرێتە سەر دوو شیعر، دوو چیرۆك ئەوترێت ئەمەیان زاتییەو ئەمەشیان مەوزووعییە. چونکە هەتا مرۆڤ نەتوانێت تاك و تەنیا و دوور لەرەوی خەڵك بۆ ساڵەهای ساڵ بژیت ناتوانێت بەرهەمێکی زاتی دروست بکات، ئەو کاتەش هەر ناتوانێت، چونکە ئەگەر بۆ قانوونی فیزیایی (کاردانەوە) (فعل ورد فعل) بگەڕێتەوە ئەمەشیان پووچ ئەبێتەوە.

(حسین مەردان) بەم خەم و زاتییەتە ئەڵێت: «ئاه، ئەگەر بیتوانیایە دەریاچەی شەرم ببڕێت و لە قوڵایی چاوما تەماشای وێنەکەی خۆی بکات ئەو کاتە لەبەر پێیدا بەچۆکدا ئەهاتم و چمکی کراسەکەیم بەماچ نەخش ئەکرد»[١٠]، -گۆران- کە زەنگەکە ئەبیستێتەوە ئەڵێت: «کە تێناگەم، کە نازانم ئەڵێی چی بەڵام خوڕ خوڕ لەگەڵیا ڕۆحم ئەگری)[١١].

گۆران - خۆی لە پەراوێزی زەنگە زویرییەکەدا بەچەند دێڕێك توانیویەتی باسی ماهیەتی ئەو خەمە بکات کە کۆرپەی هەرە خۆشەویست و شیرینی زەنگەکەی ناخیەتی.

بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونی و تێگەیشتنێکی زانستیانە لەو خەمە ئەشێت گەلێك شیعری تریش بکرێت بەنموونە لە هەموو تێك چڕان و یەکترگیرییەکی نەپساو لەو سەردەمەوە کە –گۆران– بەو دنیایەدا سووڕاوەتەوە لە نهێنییەکانی شارەزا بووە. بۆ دیاریکردنی سەرەتای هەندێك ڕاستی پێویستە کاتێك لە قوناغەکانی پێشکەوتنی تەکنیکی و شاعیریەتی گۆران فیکری گۆران باسی ئەکرێت. هەرگیز ئەو پەیوەندییە مێژووییە پشت گوێ نەخرێت کە گۆران لە هەر قۆناغێکی وتنی شیعریدا یاخود لە بۆچوونیدا بۆ هەموو کێشەکانی هەر – گۆران – بووە ئەمە نەك بەواتای سڕبوون و تەزینێکی فیکری و وەستان، بەڵکو بەواتای هەڵکەوتنی خودی گۆران و بوونی سایکۆلۆژی هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ باری واقیعەکەی خۆیدا. هەڵبەت شیعری – گۆران – لە سەردەمی تازەکردنەوەی سالآنی – ۱۹۲۰ – بەدواوە و بەشداریکردنی لەگەڵ شێخ نووری و ڕەفیق حیلمی و پیرەمێرد–دا بەچەند هێڵێك لە ڕووی تەکنیك و بابەت و فیکری شیعرەکانەوە لە خشتەیەکی جیاوازدا دائەنرێت بەلآم ڕێچکەی ژیان و کەسێتی – گۆران – خۆی هەریەك سیفەتی کەسێتی هەیە کە پەیوەندی مرۆڤانەی ئەوە لەگەڵ سروشت و مرۆڤدا. واتە بەپێی قۆناغەکەی خۆی چ لە ڕووی ژیانی مادی و لێکدانەوەی خۆیەوە چ لە ڕووی ئەو شتانەی لە دەرەوەی خۆی کەم و زۆر کاریان تێ کردووە. هەر لە ڕێچکەی نەمریی– زەنگی زویری – شیعرە کلاسیکییەکانی گۆران وەك – فۆڕم – تەنانەت کەسێتی و هێڵە جیاوازەکانی دەرئەخەن – ئەڕۆی ئۆغر، ئەی شەوقی گەلاوێژ، هەرچەن، کەنیشکە جوانەکە، مەدەنییەت... هتد، لێرەوە سنوورێك ڕەت ئەکات و گۆرانییە خۆش و مرۆڤ پەروەرەکانی – بایرۆن و شیللی – لە ڕێگەی وڵاتی ڕۆمانسییەت شارەزای ئەکەن. لە پایز و هەوری پایز سەرە مەرگی هیوا و ئەوانەی تریش–دا موعادەلەیەکی مەوزووعی خۆی بەدەست ئەهێنێت و زەنگی زویری پێك دێنێت، چونکە ڕواڵەت و ڕەوشتی کەسێتی کە لەگەڵ موعاناتە هەرە ڕاستەکانی ناوەوەی مرۆڤدا بەیەك ئەگەن، ئەو کاتە لە چەندێتی ئەو کارانەی کە بەرانبەر مرۆڤایەتی لێی بەرپرسیارە خەڵق و بەشداریکردنی مرۆڤ دیاری ئەکەن. لە زەنگی زویری گۆران–یشدا ڕاستی پەیوەندی ئەو شیعر و خەڵك وەکو –خەم– بەهیچ جۆرێك لە خۆشی و خەندەی شیعری –بێداریەك–(۱۲) جوێ نابێتەوە (ئەڵێم هەموو کەسێك ئەتوانێت هونەرمەند بێت. هەموومان خەممان هەیە بەلآم هەموومان ناتوانین خۆمان بکەینە قوربانی خەمەکان. ئالێرەدا گرنگی کاری هونەری و سووتاندنەکە دەرئەکەوێت. کێ ئەتوانێت لە هەمووان زیاتر قوربانی خەمی بێت؟!. کێ

ئەتوانێت بگاتە توانایەك بڵێت: سەیرکەن ئەوا دەست ئەبەم و ئەستێرەیەك لەو ئاسمانە دائەگرم. بەڵام مرۆڤی وا هەیە – توانای زۆرە – حسێن مەردان – دەستی برد لە شەقامی ڕەشید دا سەر لە ئێوارەیەکی درەنگ مانگی بۆ ئافرەتێك داگرت کە بیست ساڵ بوو خۆشی ئەویست. – گۆران – شیعرێکی زۆر بەناوبانگی بۆ جوانێك وت کە هەر نەیزانی ناوی چییە؟! شیعری (جوانی بێ ناو)ی [١٣] وت. ئینجا کە مەسەلە وەها بێت ئەی چۆن نەیزانیێ:

(چییە ئەم زەنگە زرنگەی دێ بە ماتی؟
کە ژێر تەم کەوتووە شوێنی وڵاتی؟)

کە ئەچینەوە سەر شیعری – ئەی نەی–و دەروێش عەبدوڵڵا– ئەتوانین کەمێك لە بورجی ئەو کڵێسایەو خاچی سەر سنگی ئەو زوێرییە بگەین بەڵام هەموو شتێك نا!! بۆچی؟ دیسان پرسیارەکەی ساڵەهای ساڵم لە خۆم پرسییەوە ناچار لەگەڵ لاپەڕە –٦٧–ی (سروشت و دەروون)دا کەوتمە دەریا و ئەوەتا نامەوێ دەریا بێ کەشتی ببڕم، ئەوەتا کچە جوانەکەی ناخم زڕە لە زەنگی زویری بەرز ئەکاتەوە ئەبینم چۆن دەست بەسنگی شەپۆڵەکانەوە ئەگرێت و کەشتییەکەم ئەپارێزێت. هەیهات!! ئەوەتا خاوەنەکەی – زەنگی زویری–یش لە چوارچێوەی وێنە گەورەکەی ژوورەکەمدا بەخەندەیەکەوە بۆم ئەڕوانێت.

سەرچاوەکان:

(١) و (٢)– حسێن مەردان– دیوانی (قصائد عارية) پەخشانی– أه ياغصن الريحان–.

(٣) گۆران– شیعری – تاریکە شەوێ – سروشت و دەروون.

(٤) گۆران – شیعر – سەوزە گیای پایز – سروشت و دەروون.

(٥) مەولەوی – گۆڕینی –پیرەمێرد– ل٥٤

(٦) گۆران – شیعری – لە بەندیخانە– سروشت و دەروون.

(٧) گۆران – ئۆپەرێتی ئەنجامی ئەژدەهاك

(٨) هەمان سەرچاوە.

(٩) هۆمیرۆس – الالياذة – ترجمة عنبرة سلام الخالدي ل٢٥.

(١٠) حسين مةردان – الغربه في الادب الحديث – الحب الوطواط.

(١١) گۆران – شیعری – زەنگی زویری.

(١٢) گۆران – شیعری –بێدارەك – مۆسکۆ– (٦– ٦ – ١٩٦٢).

(١٣) گۆران –شیعری – جوانی بێ ناو – بەهەشت و یادگار.

(١٤) گۆران –شیعری– زەنگی زویری سروشت و دەروون.

لەو شیعرەوە ڕەمز و مەترسی فۆڕمالیزم

شیعری- هۆدار بەڕووە خەمبارەکە-ی شاعیر کاك ڕەفیق سابیر بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەش لە بارێکی تایبەتیدا بۆ مەسەلەی فۆرمی شیعرەکە کە ڕۆیشتنێکی تازەیە لەو ڕێگایەوە لە شیعری کوردی ئەم سەردەمەماندا و جۆرە چەسپاندنێکە لای شاعیر خۆیەوە بۆ - شیعری پەخشان - و ڕووتکردنەوەی دێرەکان لە ئیقاعی مۆسیقای شیعری و فڕێدانی قافیەکان لە ڕووی جووتبوون و یەکتری گرتنەوە. نامەوێ لێرەدا بەشێوەیەکی (استعراض-ی) شیعرەکانی پێشووی شاعیر بهێنمەوە لەگەڵ ئەم شیعرەدا بەراوردی بکەم. پێوانەی من لێرەدا لە دوو ڕووەوەیە.

یەکەم: ڕەمزە بەکارهێنراوەکە.

دووەم: فۆرم و مەترسی فۆڕمالیزم- شێوەگەری- شێوەخوازی. شاعیر خاوەنی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووانەیە بۆ هێنانەوەی -دار بەڕوو- کە لە جێگایەکی وەك کوردستاندا لە لاپاڵی گرد و چیا سەرکەشەکانیا وەستاون لە ڕەقی و خۆگرتنیا بەرامبەر وەیشوومە و بەفر و بارانی زستانی تووش ئەوەستێ. هێنانەوەی ڕەمزێکی وەها لە جەماهیریەتی شیعرەکە زیاد ئەکات و سیفەتێکی ڕەسەنی کوردانەی ئەداتێ کە لە ناخی واقیعی ژیانی شاعیر و خەڵکەکەی دەورپشتیەوە هەڵقوڵاوە. ئەو ڕەمزانەی ئەمڕۆ لە هەندێ شیعردا بەکار ئەهێنرێن ئەمانگەێنێتە ئەوەی کە نەتوانین حوکمی ڕەسەنیی و جەماهیری بەسەردا بدەین. بۆ نموونە لەم چەندانەدا شیعرێکم خوێندەوە -لافاو-ی بەڕەمزێك بەکارهێنابوو کە نوێنەری هێزی خێر بێت و ئەو خێرە بەهۆی یاخیبوونەوە هاتبێتە ناوەوە و مەساری شتە ئاڵۆزاوەکەی گۆڕیبێ. ڕاستە کە جۆگە لە باریا نەبێت ئەو هەموو ئاوە گل بداتەوە بێگومان بەم لاولادا پەڕشی دەکات. بەڵام لافاو بێ بەزەییە و باش و خراپ لە ڕێگادا ڕاپێچ ئەکات کە بەزیانی مرۆڤ و تێکدانی سروشت دوایی دێت. لە لایەکی ترەوە تینوویەتی کە ڕەمزی حەسرەتە ئەو ڕەمز قەشەنگتر و جێگیرتر ئەبێ کە تینووێتییەکە تینووێنی خوێن بێ و هۆیەکی گەیشتن بێ بەمەبەست هەروەها بەخشینی کاتێکی (هەتا هەتایی) بەتێنووێتییەکە ڕەمزەکە زیندووتر ئەکاتەوە کە هێشتا ڕەگەکان لێوەیان قرچاوی دڵۆپی تەڕایی بێت. لە ئەدەبی گەلانیشدا ئەم ڕەمزکاریە ڕۆڵی خۆی

گێڕاوە و ڕەمزە سەرکەوتووەکان کاری کردووەتە سەر شاعیرانی نەتەوەکانی دراوسێ و جیاواز لەوانیش.

شاعیر – ڕووبار – درەخت – ڕۆژ – مانگ – ئەستێرە – زەردەخەنە – گوڵەگەنم – خورما – باران – گریان... هتد، بەڕەمز بەکار دێنێ. وە بەمەسەلەیەکەوە ئەیبەستێتەوە کە شاعیر لە تاقیکردنەوەی زاتی خۆیەوە تێکەڵ بەخەڵکەکەی ئەکات کە خۆی یەکێکە لەو خەڵکە و لە ئازار و ئاواتەکانیدا بەشدارە وەك – زەیتون – لای مەحمود دەروێش – پاسەوان – لای بلند حیدری – گوڵی سوور – لای گۆران – شەو – لای ع. ح. ب – مەمك – لای نزار قبانی و – داری ئرز – لای شاعیرە لوبنانییەکان... هتد. لەو تاقیکردنەوە تازانەشدا گەلێك جار شەهیدبوونی شاعیرێك وەك – لۆرکا – یان چیرۆکنووس و تێکۆشەرێك وەك – غسان کنفانی – ڕەمزێکی ئازاییە لای شۆڕشگێڕەکان ڕەمزی زوڵم و زۆردارییە لای نازی سەهیۆنییەکان. هەرچۆن بێت لە ڕووەوە کاك ڕەفیق سابیر لە مەسەلەی ڕەمزی شیعرەکەدا تەنها وەك بەڕەمزکردنەکە لای خۆمەوە سەرکەوتنی تەواوی ئەدەمێ. بەلام لە خاڵی دووەمدا کە مەسەلەی مەترسی فۆرمالیزمی شیعرەکەیە و ونبوونی ئیقاعی مۆسیقایە شاعیر ڕاستە وەك تاقیکردنەوەیەك بەمەدا تێپەڕ ئەکات کە – شیعری پەخشان –ی پێ ئەڵێن ئەم جۆرە شیعرانە دیاردەیەکی تازەن لە ئەدەبەکەماندا و ئەتوانم بڵێم ئەو تاقیکردنەوە و هەنگاوەی لە حەفتاوە نرا هێشتا نەبوو بەوەی پەل بۆ ئەم شیعری پەخشانە بهاوێ چاو لە ئەدەبی ئەورووپی و عەرەبی بکات. بۆ نموونە لەو هەموو تەمومژەی (تینوێتێکەی شێرکۆدا) و لەو چوونە پێشەوەیەی لە فۆرمی شیعریدا تووشی واتایەکی شیعری بێ ئیقاع نابێ کە لە زیندوویێتی مۆسیقای شیعرەکە کەم بکاتەوە. یاخود تاقیکردنەوە زاتییەکانی – عەبدوللا پەشێو – لە شەو نامەدا کە توانای دەربرینێکی تەواوە پێ بەپێی برگەی دێر و نیو دێر و تەنانەت یەك وشەی شیعرەکان لە کێش و جووتبوونی قافیەشدا هەرچەندە کەمتر سنوورەکەی شکاندووە بەلام مۆسیقای شیعرەکەی لە دەست نەداوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دروستبوونی – شیعری پەخشان – ئەبینین لە – سان جۆن بێرس–ەوە دەست پێ ئەکات کە پاداشتی نۆبلی لەم بوارەدا وەرگرت و لە پاشدا – سۆزان برنار – کتێبی – شیعری پەخشان –ی وەك ئەتروحەیەك ئامادەکرد و تا دکتۆرای لەسەر وەرگرێ. کتێبەکە لەم جۆرە شیعرە ئەدواو شیکردنەوەی هۆی دەرکەوتنی و چۆن ئەبێ داهاتووی بوو. ئەم نووسەرە لە دەرکەوتنی – بودلیر –ەوە باسەکەی

دەست پێکردبوو وە لەسەر – سان جۆن بێرس – وەستاوە کە لە ساڵەکانی شەستەوە و پێشووتریش لە مێژەوە پەیڕەوکراوە. لەو شاعیرانەی کە بەڕوویەکی پێشکەوتنخوازانەوە ئەم داهێنانەیان وەرگرت و لەسەر بنچینەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بنیاتیان نا لەوانە – نازم حیکمەت – و لۆرکا – نیرۆدا – بوون. لەوانیشەوە شاعیرە عەرەبەکان کارێکی زۆر زۆریان تێکرا بەتایبەتی لە لایەن نازم حیکمەتەوە. شاعیرەکانی ئێمە بۆ مەسەلەی فۆڕمی شیعرەکانیان تاقیکردنەوەکانیان لە ئەدەبی ئەورووپی سەردەمەوە وەرئەگرن یاخود لە شاعیرە عەرەبەکانەوە کە خۆیان کارتێکردنی ئەوانیان لەسەرە. بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەتوانرێ لە دوا مۆدێلی فۆڕمالیزمدا کە شیعری کۆنکرێتیەو – محەممەد ئەلجزائیری – لە کتێبی – ویکون التجاوز –دا شی کردووەتەوە هەموو تەفعیلەکانی عەرووز پێوانە بکرێ.

نزار قبانی – لە تازەترین شیعردا و – عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی – حسب شێخ جەعفەر – فازل عەزاری – سەعدی یوسف – ئەمانیش هەروا لە تەفعیلەی شیعری عەرەبی لە فۆڕما شیعرەکانیان پێوانە ئەکرێ و ئەمە تەفعیلەیە بەرامبەر – بڕگە –ی کێشی شیعری کوردییە. ئەو بڕگەیەی لە شیعری فۆلکلۆری و هەر لە مەولەوییەوە هەتا گۆران و شێخ نووریی شێخ ساڵح و بەختیار زێوەرەوە هەتا تازەترین شیعری ئەمڕۆ ئەکرێ بەخشتەیەك و تەواوی بڕگەی شیعرەکانی بەسەردا دابەش ئەبێت. بەڵام بەداخەوە لە فۆڕمەکەی ئەو شیعرەی کاك ڕەفیق دا جگە لە مەسەلەی قافیەی تاك ناتاك و جووت ناجووتی دێر و نیو دێریەکە کە تیا ئەبینرا لە خشتەی بڕگەی شیعری کوردیشدا جێی نابێتەوە. ئەوەش ئاشکرایە کە هاوتابوونی بڕگەکان لە تازەترین شیعری ئەمڕۆدا کە ببێ سەرچاوەی لەزەتی مۆسیقا و دەستووری فۆنەتیکی شیعرەکە لە زار بێتە دەرەوە و بەرگوێ بکەوێ. شاعیر بەلای منەوە زۆر باشتر خاوەنی سەرکەوتنە لە فۆڕمی شیعرەکانی پێشووتریدا بەتایبەتی و بۆ نموونە – شەوێك لەسەر گۆڕی وەلی دێوانە–و لەناو دڵۆپە فرمێسکێکا–و چەند شیعرێکی دیکە مەسەلەی ئەم فۆڕمالیزمە کاتێك مەترسی پەیدا ئەکات کە تازەگەریەکە زیاتر بۆ بابەتی شیعرەکە بێت لە دەست پیاهێنانێکی فرەدا لەبڕی ئەوەی وەستان و قووڵبوونەوە بێت و وەرگرتنی کۆمەڵێ تاقیکردنەوەی شیعری بێت لەسەر یەکەم هەنگاو ئینجا ڕۆیشتن بەرەو – ئەو شیعری پەخشان –ەوە بۆچوونێکی هۆشیارانە بێت بۆ ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکەی لە نێوان ئەدەب و خەڵکەکەدا هەیە، چونکە ڕادەی پێشکەوتنی فۆڕمی شیعرەکە چەند گرنگە ڕادەی پێوانەکردنی سەقافەت و تێگەیشتن و

مەزاجی خەڵکەکەش لە گرنگیدا هیچ لەو کەمتر نییە بەڵکو ئەمیان توندترو مەرجی سەرکەوتن و مسۆگەرکردنی بەرەو پێشەوە چوونێکە بەرێگایەکی ڕۆشنتردا. بۆ نموونە -عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی- شاعیر زۆر سەری سوڕما کە کچەکەی خاوەن سەقافەتێکی زیاتر لە ناوەندیشەوەیە و ئارەزوویەکی تەواوی شیعریشی هەیە کەچی لە وەڵامی پرسیارێکدا خۆم گوێم لێ بوو ئەیوت: من لە شیعرە تازەکانی باوکم ناگەم لە پاشدا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بەهیچ جۆرێ شیعرەکانی دیوانی - قمر شیراز - ساڵی ١٩٧٥ - ناچنە سنووری بیر و تێگەیشتنیەوە ئەگەریش باوکی خۆی ڕەمز ر واتاکانی بۆ لێك بداتەوە. بۆیە ئەڵێم ئەگەر شیعرەکەی کاك ڕەفیق بەلای خۆیەوە زۆریش سەرکەوتووبێت ئەو لە ڕووی قۆناغی ئەدەبی ئەم سەردەمەوە و تێگەیشتنی خەڵکەکەوە زۆر لەدواوەیەو لە مەترسی فۆرمالیزمدا لەسەر ئەو ڕایەم کە زیندوویێتی ئەدەب بەگشتی لە چوونە پێشەوەیدا لە گوێی خەڵکی و پێوانەکردنی ئەو هۆیانەی کە ئەتوانن خەڵکەکە بێننە ڕادەی تێگەیشتنی شیعرەکە هەروەك چۆن شیعرەکە ئەبێت لە ڕادەی تێگەیشتنی ئەواندا ڕاژەی لە سەدا شەستی هەبێت.

لە کۆتاییدا خوێنەری بەڕێز لەوە ئاگاداربێت کە ئەمە وەك بیری سەربەًست دەرم بڕیوە و ئامادەم بۆ وەرگرتنی هەر سەرنجێك کە بەرەو ڕووی ببێتەوە.

هونەری دەرگا کراوەکان

دەرگای هونەر و داهێنان هەمیشە کراوەیە و ئاوەڵا، لە داخستن و قفڵ و ژەنگ بەدوورەو لە پێشوازی هەوای خاوێن و بۆنی خۆش و جووڵان و بزواندنێکی بەردەوامدایە. کەچی هەندێ قەڵەم ئەبنە هێزێکی نالەبار و کلیل و کلۆمی ئەم دەرگایانە ئەدەن و ژمارە لەسەر دەرگاکان دائەنێن. ئەگەر ئێمە هەندێك بەوردی شاکارە هونەرییەکان بخوێنینەوە هەزار دەرگای تێدایە کە قفڵی نییە!. هەزاران ڕستە و تەعبیر و لێك چواندن و تەکنیکی تێدایە کە هەندێك وەرناگرێت و هەندێکی تریش ڕای لێیەتی. من لێرەدا مەبەستم لە بەرەڵایی نییە بەڵکو مەبەستم بەپێزی و خەیاڵە، چونکە پێوانەی ماتماتیك ناچێتە ژێر باڵ و چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەت و دابەشکردن ئیقاعەکان واتە تەکنیکی گشتی هونەری پشتی بەجۆرە خەیاڵێك ئەبەستێ کە ئەو خەیاڵە دیوی دووەمی واقیعێکی سەربەخۆیە بۆ هێنانەدی و ڕەخساندنی باشتر و باشتر لە بابەت و کارەسات و مەسەلەکاندا. هەندێ خەیاڵ هەیە جگە لەوەی لە چوار دیواری تەسك ناچێتە دەرەوە ناشتوانێ یەکێ لە دەرگا داخراوەکان

بکاتەوە و لە سنووری دنیایەکی شیاودا کە بشێ بۆ گەورەیی خەیاڵی مرۆڤ پەرە بەژیانی خۆی بدات کەچی خەیاڵی وەهاش هەیە کۆت و پێوەند و خەت و خشتەدانان نازانێت (کە بیابانی دنیایەکی پڕ لە بێ مانایی و ئاڵۆز و پڕ گێژرو خاوەنەکەی ماندوو تینوو پەرێشان و کەرت بکات ئەو خەیاڵە نەبەلای بەفر و بەستەڵەك و بەهاردا تێ ئەپەڕێ (نەئەتوانێ بڵێ خاوەنەکەم کەسێکی تینووی ناو بیابان نییە!!.).

لە هونەری دەرگا کراوەکاندا –کات– درێژی و پانی و ئەستووری بۆ دانەنراوە، چونکە بەم دانان و دیاریکردنانە ئەو هونەرە ئەبێتە هەموو شتێ هونەری نەبێت، لە هونەری بێ دەرگا و دیوار و کاتدا لە خۆڕا دادگا و لێپرسینەوە نییە، لە خۆڕا قەفەزی تاوانباری بۆ قەڵەم دانانرێ و دۆزەخی بۆ تاو نادرێ. خوێنەری ساویلکەش لەو دنیایەدا نییە هەتا وەك لای خۆمان هەر کە دوو نامیلکەی خوێندەوە ئیتر بکەوێتە داپڵۆسینی فلان هونەرمەند و فلان شاعیر و فلانە نووسەر یەکێ ناو ببات بە بۆرجوازی و یەکێ بە سریالی و یەکێ بە عەبەسی و ... هتد.

لەو دنیا خاوێنەدا، لە هونەری جواندا، ئارامی و مەسەلەی ڕەنگەکان، فرمێسك. دەربڕینی سۆز و نەخشەی خەیاڵ، نوقتەی پشکنینی بۆ دانەنراوە. هونەری دەرگای ئاوەڵاو بەرفراوان و ڕەنگین باڵدارێکە دوو باڵی هەیە، باڵێکیان هەمیشە هێزێکی شەیتانی بەردی بۆ ئەهاوێ و مقەستی بۆ بەدەستەوە گرتووە باڵی دووەمیش هێزێکی سیحراوی و نەغمەیەکی مرۆڤانەیە، پڕە لە حەسرەت و ئاوات و ئازار، وەك چرایەکی دوور هەڵدەبێ و خامۆش دەبێتەوە، خامۆش دەبێ و هەڵدەبێتەوە.

کێشەی پاکژبوونەوە لە شیعرەکانی مەولەویدا

لە کورتە باسێکی وەهادا جێگای ئەوە نابێتەوە کە پێناسە جۆر بەجۆرەکانی سۆفیەتی و بابەتی سۆفیەتی خۆی بنووسین، چونکە لەم بارەیەوە سەرچاوەی دەوڵەمەند و پوخت زۆرە. ڕاستەوخۆ دێینە سەر کێشەی پاکژبوونەوە و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی مەولەویدا.

پاکژبوونەوە، واتە (التطهیر). مەبەست و خواست و ئارەزووی سۆفییە لە یەکەم هەنگاویەوە لە ڕێگەی دوور و درێژ و سەختی سۆفیەتیدا. سۆفی خۆی بەناتەواو، گوناهبار، تاوانبار، بەجێماو دەزانێت. دەبێت بگاتە ئەو پلەیەی کە تەواو بێ گوناه، بێ

تاوان، سەرکەوتوو وە پێشکەوتوو بێت. پلەی بینینی هەق، یەکبوونی هەموو بوونەوەر و بینینیان بەیەك چاو، واتە دروستبوون و خەملاندنی (وحدة الوجود). سوفی بۆیە دەیەوێت هەموو شت تەواو بێت و کەموکورتی تێدا نەمێنێت هەتا بتوانێ لە هەقیقەت نزیك بێتەوە، چونکە وەك وتمان ئەوە بوون و دەوروپشتە بە ناتەواو، (ناقص، غیر متکامل) دەبینێت و لەمە نیگەران و دڵگران و پەستە. لەم بارەیەوە لە کتێبی (الشعر الصوفي)دا نووسراوە: (سۆفیەتی بینینی بوونەوەرە بەچاوی کەموکوڕی، بگرە چاو پۆشینە لە هەموو کەمی و ناتەواویەك هەتا شتێك ببینێ کە لە هەموو ناتەواوییەك پاکژ و خاوێن بێت)[1]. لێرەدا تەنها مەبەستمان لە سۆفیەك نییە بەڵکو مەبەستمان لە سۆفیەکی شاعیر یاخود شاعیرێکی سۆفییە، ئەویش سۆفی و شاعیر (مەولەوی)ی مەزنە. مەولەوی کاتێك لە پێوەندی سۆفیەتی و کێشەی (حەقیقەت)دا قووڵ دەبێتەوە، لە قەڵەمی ڕەنگینی شاعیرانەی زیاتر هیچ شتێکی تر نادۆزێتەوە کە بیکاتە ئاوێنە بۆ بینینی هەموو جۆش و تەقینەوە و کڵپەی دەروونی هەژاوی. (مەعدووم) لەم سووتان و کڵپەسەندنەدا دەبێت ببینە قوربانی، چونکە ئاواتی بەرز ڕێگەی سەخت و دژوار، بەرەو ڕوو ڕۆیشتنی هەقیقەت، قوربانیدانی گەورەی دەوێت. دەفەرمووێت:

(مەعدوومی بەدبەخت کار ناتەواوی
هێشتا لە پەیجۆر خەیاڵی خاوی
قوربانی دەبێت لە عەیب بەری بێ
فیدایی پەسەند ڕێی دلبەری بێ)[2]

تەنانەت لە ڕێگەی هەقیقەت و خۆشەویستی زاتی هەقدا و، مەولەوی لەگەڵ خۆشەویستێکی ئیلهام بەخشی شیعری خۆیدا کە سروشتە، دەکەوێتە کێشە و ناتەبایی، خەلق و خوو سروشتیان ڕێك ناکەون. دەفەرمووێت:

(سروشتی من و حوکمی تەبیعەت
قەت یەك ناکەون یارانی سەربەست)

شاعیری سۆفی مەولەوی بۆ پاکژبوونەوە و ڕۆیشتن بەرەو هەقیقەت، دەبێت هەرچی لە حوکمی وجووددا هەیە لە ناتەواوی و کەمی ئەم چارە سازیان بێت و برینە سەختەکانی گوناه و کەمتەرخەمی تیمار بکات، چونکە (هەریەك لە شیعر و سۆفیەتی تاقیکردنەوەیەکی هەستی و بەرجەستەیی خودین مامەڵە لەگەڵ جیهان دەکەن. بۆ

پڕکردنەوەی کەمی و کورتی و تێپەڕین لێی، شاعیر ڕاستیی تاقیکردنەوەی خۆی وەها هەست پێدەکات کە بچێتە ناخی جیهانەوە. بەلأم سوفی لە (فەنا) لە ناو جیهان و لە خۆیدا هەستی پیٚ دەکات[٣]. لێرەدا مەولەوی هەم شاعیر و هەم سۆفییە. هەم لە زاتی خۆی و جیهاندا وەك سۆفییەك بۆ دۆزینەوە و پێگەیشتنی زاتی هەق و فەنا دەبێت. هەم وەك شاعیرێك هەقیقەت بینەو بەناخی شتەکان و مەسەلەکاندا ڕۆدەچێت. ئێمە وەهاً بۆ دەچین کە مەولەوی لە سیٚ قۆناغدا بەبەڵگەی شاعیری و سۆفیەتی خۆی سەلماندووە ئەوەی لە مەستیی دوای نۆشکردنی پێکی دەستی شێخەکەیداو وەجد و تەجەللی کردن و هەموو حاڵەتە سۆفیگەرییەکاندا تووشی هاتووە. مەولەوی سیٚ قۆناغی بڕی و حەسرەتی یەکەم ڕۆژی تەریقەت وەرگرتنی بۆ گەیشتن بەجیهانی هەق و توانەوە لە هەقدا بۆی بووە حەسرەتی هەموو ساتێکی ژیانی. ئەو قۆناغەش بریتییە لە:

یەکەم بچووکی و گوناهباری و تاوانباری و ناتەواوی. لەو حاڵەتە سەلبییانەدا مەولەویی شاعیر و سۆفی و زاتی هەق – کە خودایە – لە دوو جێگاوە دەبینرێن: ئەمی بچووك و نزم و تاوانبار، دەست بەدوعا و ڕجاکار و دەست بەداوێنی شێخی سەراج الدين و فەریادی شەفاعەت و لێبووردن، ئەوی تر زاتی حەق بەرز و بیٚ عەیب و تەواوی تەواو و بیٚ باك و وێنەی جوانی و یەکبوونی هەموو جوانییەکانی بوونەوەری بینراو و هەست پێکراو، هەروەها نەبینراو و هەست پیٚ نەکراو:

(کردەوەی بەدم ئەمتوێنێتەوە
لوتفت لەدەست ئەو ئەمسێنێتەوە
خەجاڵەت هیندەم بچووك ئەکاتەوە
دەستی منداڵم پیا ئەگاتەوە)

هەتا:

(هەرچەند تاوانم لە حەد بەدەرە
دەفتەری کردەم لە ڕووم ڕەشترە
تۆ لێم ببوورە، من ڕوو زەردیی خۆم
جەزا کافییە و سزای مەرگە بۆم)[٤]
(هەرچەند گۆڕەوشار لە مەرگ بەدترە
ڕوو ڕەشییەکەی من لەو گرانترە

من کە خەجاڵەت بێمە خزمەتت
جەهەننەم هەرگیز نەچمە جەننەتت)[٥]

لە شوێنێکی تردا پیاو چاك و وەلییەکی لە هەقیقەت نزیکی وەکو باوە یادگار دەکاتە ڕجاکار و تۆماری دەروونی خۆی بۆ دەکاتەوە:

(سەر یەك کەوتووە بەدکاریم وەك کۆ
ڕووی هیوام کردە بارەگاکەی تۆ
چونکە تۆ نەوەی شەفاعەتکاری
بۆ ڕجای بەجا دەسەڵاتداری
سەرم ناوەتە سەر خاکی بەرپێت
غەریب، مووسپی، ڕووسیا، سەرشێت
وەك گوناە نییە هیچ موسیبەتێ
پیرو داماوم، یا پیر هیممەتێ!)[٦]

لە قۆناغی دووەمدا مەولەویی شاعیر و سۆفی دەیەوێت لەو خراپی و بەدکاری و گوناه و سەرەڕۆییـیە دەربـاز بـێت واتـا دەیـەوێت. پـاکـژبـێتـەوە. بـۆ ئـەم پـاکـژبـوونـەوەیـەش بەعەشقەوە و لە پێناوی عەشقی زاتی هەقدا کار و تاقیکردنەوەی زۆر و بەردەوام و گۆڕان و قوربانیدان پێویستە چونکە سۆفیی ڕاست عاشقە، عاشقێکی مەست و تواوەیە لە بیری خۆشەویستێکی بێ وێنەدا کە جوانیی هەموو بوونەوەر و جوانییەکان لەودان ئەویش سەراپان هەموو جوانییەکانە وەك عەشقی شاعیر و سۆفیەکی پێش مەولەوی کە (ڕابیـعـەی عـەدەویـیـە)یـەو، وتـوویـە: هـەرگـیـز خـوام نـە لـە ترسی ئاگرەکەی و نـە لـە خۆشەویستیی بەهەشتەکەی نەپەستووە. بەڵکو تەنها لەبەر شەوق و خۆشەویستییە بۆی)[٧].

لای مەولەوی ئەو عەشقە بەتاقیکردنەوە و خەریکبوون دێتە بەرهەم، تیایدا قاڵ دەبێت، دەتوێتەوە، سەرلەنوێ دادەڕژێتەوە، هەتا زاتێکی خاوێن، پیرۆز و نموونەیی لێ بێتەدی. مەولەوی بەقەڵەمی شاعیرانەی خۆی تاقیکردنەوەی بەردێکمان بۆ دەهێنێتەوە کە چۆن دەیهاڕن و دەتوێننەوە و چۆن سەرلەنوێ مینای لێ ساز دەکەن و ئەو مینا بێ گەرد و خاوێن و جوانەی لێ پێکدێت. مەولەوی ڕوو دەکاتە خۆی و بەپێویستی دەزانێ بچێتە کۆڕەوە هەتا قاڵ دەبێت و شێوە و ناوەڕۆکێکی تری لێوە دروست دەبێت. لەم

نموونەیەدا مەولەوی ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت سۆفیتی کار و تاقیکردنەوەیە، گۆڕێنە بەباری ئیجابی و نزیکبوونە لە زاتی هەق، کە ئەو نزیکبوونەوە و ڕووبەڕوو هاوار و قسە و دادە دەبێتە بەشی سێیەم یاخود قۆناغی سێیەم لە باسەکەماندا. ئێستا لەم بەشی دووەمەدا حاڵەتی گۆڕان و وردبوونەوە و پێکهاتنەوەی بەردەکەی لەمەڕ مەولەوی دەکەینە نموونەی هەنگاونانی لە حاڵەتی یەکەمەوە بۆ حاڵەتی دووەم و بەرەو حاڵەتی سێیەم چوون. مەولەوی دەفەرموێت:

(گینگڵم ئەخوارد بە دەردی پەنهان
پارچە بلووریٚ لێم هاتە زمان
بە زوبانی حاڵ ڕەوانتر لە قاڵ
بۆی گێڕامەوە ڕێزەی کۆنەساڵ
وتی لەوساوە بە بەرد خەڵق کرام
هەرکەسیٚ هەستا پێیەکی پیا نام
ڕۆژیٚ هێنامیان دوو بۆرە زەلام
گرتمیانە ناو و بەر چەکوشیان دام
هێندەیان لیٚ دام هەتا بووم بە ئارد
نامیانە کوورەی ئاگر، جۆشم خوارد
کە قاڵیان کردم بووم بە بلووریٚ
ئەدرەوشامەوە وەك پارچە نووریٚ
لەو بەردە شینە بووم بەو بلوورە
ئەجری قاڵ بوون و شەرارەی کوورە
دەورەی دووبارەی ڕێی حەق ببینی
مەعدوومیی سەرسەخت بەزمی دڵڕێشی
تا تۆیش شەڕارەی کوورە نەکێشی
کەی دەچیتە ریز مەردانی بە ناو
کەی روتبەی بڵند ئەبینی بە چاو
بەختت نابەختە، بەرقی بیٚ نووری
لەڕێی تەجرەبە دووربینی دووری)(٨)

هەر بۆ نموونە حاڵەتی دووەم کە دوا پلەکانی پاکژبوونەوەیە لە لێك هەڵوەشان و دروستبوونەوەدا، مەولەویی شاعیر و سۆفی باڵندەی ئەفسانەیی قەقنەس دەکاتە نموونە. کارەساتی سووتان و دووبارە ژیان و دروستبوونەوەی قەقنەس گۆڕانکاری و حاڵەتێکی بەرەو نوێبوونەوە. ژیانەوە، وە پاکژبوونەوە دەردەخات (قەقنەس پەلەوەرێکە کە مردنی نزیك ئەبێتەوە هەندێ پەل و پووش کۆ ئەکاتەوە و دەست ئەکا بەخوێندن بەسەریا وە لە خۆشیی دڵی خۆیا ئەوەندە باڵ ئەدا بەیەکا تا ئاگر لە باڵەکانی ئەبێتەوە و پەل و پووشەکە ئاگر تێ بەر ئەبێ و خۆیشی ئەسووتێ. دیسان خۆڵەمێشەکەی ئەبێتەوە بە قەقنەسێکی تر و هەر بەم چەشنە). دەفەرمووێت:

(من قەقنەس نەویم، ها بیم وە قەقنەس
یەکجاریچ ئیمشەو ها بەرشیم جە دەس
ئەوەند خەیاڵان بەردم وە دەروون
بدەر پێم نۆش کەم چون هەر دەجاران
وەرغم گردین گرۆی مەیخواران)(٩)

شاعیری سۆفی لە گڕی دەروونی خۆیدا وەك قەقنەس سووتا و لە دەست دەرچوو لە حاڵەتی فەنادا وجوود و ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە بەرەو حەقیقەت دەڕوات. شاعیری سۆفی مەولەویی مەزن هەموو ڕەمزەکانی ئەفسانەیی، ئاینی، ئافرەت، سروشت، مەی، ساقی... هتد، لای ئەو دەبنە هۆیەکی دەربڕین و تەعبیرکردن لە هەر سێ حاڵەتەکەی باسمان کرد. تەنانەت مردن لای ئەو ئەبێتە ڕەمزی ژیاندنەوە، چونکە لای سۆفییەکان (ژیان لەو مەرگەدایە، ئەو مردنە زیندەگیی نەمرە، خۆشەویستی دەتمرێنێ و لەو مردنەدا زیندەگی و ژیانێکی باشتر و ڕەوانترت پێ ئەبەخشێ)(*).

لای سۆفییەکان دەبێت حاڵەتەکەی بگۆڕێت هەتا هەست بە جیهانی نوێ و جیاواز بکات، جیهانێکی نزیکتر لە هەقیقەت، چونکە وەك وتمان هەموو شتەکان لە دەوری هەقیقەت دەسووڕێنەوە، ئەوانیش ئامانجی سەرەتاو دوایی سۆفییە، تەنانەت کارەساتی مردن لای ئەوان گۆڕانی حاڵەتە و هیچ شتێك عەدەم نییە. فەنا عەدەم نییە، بەڵکو گۆڕانە

(*) ئەو مردنەی سۆفی (فەنا)یە، واتە مراندنی بۆێ خواستی مرۆڤ... وەکو مراندنی سیفاتی ناپەسەند، وەك حەدیثی یا فەرموودەی بەپێزی (موتوا قبل أن تموتوا) واتە: بەرلەوەی بمرن، بمرن، ئیشارەتی بۆ ئەکات-أ. ن.

لە هەستەوە بۆ نەست، واتا لە حاڵەتی شوعوورەوە بۆ لا شوعوور. هەر لەو حاڵەتەشدایە کە (وجد) و (شطحات) و زۆر شتی تر ڕوو دەدات. (لە جیهاندا وەستانی موتڵەق نییە! لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر ئەگۆڕێت. دەرەوە ناوەوەی هەیە. جووڵانەوەی بینراو و نەبینراو هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین مردن عەدەمێکی ڕووتە. نەء، گۆڕانە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر)(١٠).

لە حاڵەتی سێیەمدا پاکژبوونەوەی مەولەویی سۆفی و شاعیر دەگاتە ڕادەیەك ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو لەگەڵ زاتی حەقدا دەکەوێتە راز و سکاڵا و گفتوگۆی پەنهانی و نهێنیی دڵ. دڵی عاشقێکی بێ وێنە و سەراپا بەگڕ و کڵپەی عەشقی ساف و بێ گەرد و تەواو بێ خەوش. دەفەرموێت:

(سەروەشم بەی وەسف جەمالیتەوە
ساز هەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە
ئەر هەر بەو عادەت سەروەش نیگاران
پەی فەنای یەکسەر خاطر ئەکەردەن
(بسم الله) ئەو تێخ، ئێد گەچیی گەردەن)(١١)

بۆ لێکدانەوەی ئەم چەند شیعرە جوانە، زانای ئاینی مەلا عەبدولکەریمی مدرس نووسیویە: (سیفاتی خوا دوو جۆرن، سیفاتی جەمال کە مەعنای ئیجابی ئەگەیەنن وەکو منعم، کریم، معطی، وە سیفاتی جەلالی کە مەعنای سەلبی ئەگەیەنن وەکو قدیم، واحد. کاتێ کە تۆ خۆتم بۆ دەربخەی بە نیشانەکانی سیفاتی جەمالی و جەلالیت، من لە خۆشییا سەرخۆش ئەبم. جا ئەگەر دەوام بەو خۆدەرخستنە بدەی، زۆرم پێ خۆشە ئەبێ. بەڵام ئەگەر بەعادەتی یارانی بێ باك و جوان و سەرمەست گوێم نەدەیتێ و وەك ئەوان بۆ لەناوچوونی یەکجاریی دڵدارە دڵ پڕ لە دڕکەکان کە خۆیان ئەشارنەوە و نا چارن خۆیان دەرنەخەن، تۆش خۆتم لێ بشاریتەوە، ئەوە مەعنای وایە ئەتەوێ بمکوژی. جا کەواتە فەرموو (بسم الله) ئەوە تێغی تۆ و ئەمە گەردنی کەچی من، چی ئەکەی بیکە)(١٢). لە ڕۆشنایی شیعرەکە و لێکدانەوە قووڵەکەی ئەم زانایەوە دەتوانین بڵێین کێشەی پاکژبوونەوەکە لای شاعیر و سۆفیی گەورە یەکلایی دەبنەوە. ئیتر ئەم خۆی بەشیاوی ئەوە دەزانێت کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوای خۆیدا گفتوگۆ بکات، ئەوەندە لەم (یەقین)ەدا پێ دادەگرێت و لە گومان پاك دەبێتەوە، ساقیی ئەو کە جامی مەیی تەریقەت و پابەندی

خۆی پێ بەخشیوە لە ئارادا نامێنێت و پێوەندییەکە لە سێ لایییەوە دەبێت بە دوو لایی. هەر لەم بارە مەعنەوییە گەورەیەوە دوای ئەوە کە شاعیر و سۆفیی گەورە مەولەوی بینایی چاوەکانی نامێنێ و وێنە و ڕەنگدانەوەی جوانییەکانی خوا لە سروشت و بوونەوەردا بە چاوی سەر نابینێ. لە ڕادەی پاکژبوونەوەکەی خۆیدا ئەمجارە ڕووناکیی چاوی دڵ و دەروونی دەهەژێنێ و زیاتر تیشکی ئەو چاوی دڵە بەرجەستەی وێنە و شێوەی گۆڕانەکانی سروشت و بوونەوەر دەکات. تەنانەت لە چاوی دڵی ئەم شاعیرە عاشق و سۆفییەدا زاتی هەق جێگیر بووە و چەسپیوە، بەهیچ شێوەیەك ناگۆڕێ و شوێنی خۆی بۆ هیچ هێزێکی مادی و مەعنەوی چۆڵ ناکات. مەولەوی بەم شێوەیە ئەم ڕازە دەدرکێنێت:

(بارێ ئەگەر هەور ئەلطاف باری
پەی مەدەدکاری وەدڵدا باری
دیدەی سەر ئەرشی، دیدەی سیر کافین
ئێد دای مونافین، ئەو دەوای شافین
ئێد وەزیفەی گڵ، ئەو ئەطیفەی دڵ
ئەو چوون مەنزڵەن، ئێد بێ چوون مەنزڵ
ئەو بەقاش نییەن، فەناش تاقییەن
ئێد عەطای تاقی و باقی و لاقییەن)[١٣]

واتە: (ئیشی چاوی سەر ئەوەتە سەیری شتی مادی بکا، بەڵام ئەرکی سەرشانی چاوی دڵ مادیی تیا ئەبێتەوە کە وێنەی ببێ، بەڵام چاوی دڵ ماوا و مەنزڵی خوای بێ وێنەیە، وەك لە حەدیثا هەیە (قلب المؤمن عرش الرحمن) واتە: دڵی پیاوی موسوڵمان بارەگای خوایە. هەروەها چاوی سەر مانەوەی بۆ نییە و گومانی تیا نییە کە ئەفەوتێ، بەڵام چاوی دڵ بەخششێکی ڕاست و دەوامدار و بەخوا گەیشتووە)[١٤].

ئینجا لە کاتێکدا کە سۆفی و شاعیری مەزن زاتی حەق لە دڵی خۆیدا ببینێ و هەمیشە لەگەڵ تەوژمی خوێن و هەناسەیدا لە هاتوچۆدا بێت، دیارە دەبێ لەوپەڕەی پاکژبوونەوەی ڕۆحی و بەرزیی مەعنەویدا خۆی ببینێتەوە. ئەم کێشەی پاکژبوونەوە (تطهیر)ە لای سۆفی و شاعیرێکی بڵند خەیاڵ و بیرتیژی وەك مەولەوی زۆر زیاتر لەم چەند لاپەڕەیەی دەوێت. ئەمە هەوڵێکی بچووك بووە لەم بوارەدا و هیوادارام سوودێکی بە کەلەپوور و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی گەیاندبێت.

سەرچاوەکان:

(١) الشعر الصوفي: عدنان حسين العوادي. ص٤٨.

(٢) ڕۆحی مەولەوی: پیرەمێرد، ٨٥ چاپی کاکەی فەللاح.

(٣) الشعر الصوفي: عدنان حسين العوادي.

(٤) ڕۆحی مەولەوی: پیرەمێرد، ل ١٥.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٨.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣.

(٧) نشأة التصوف الأسلامي، د. ابراهيم البسيوني، ص ١٨٩.

(٨) ڕۆحی مەولەوی: پیرەمێرد، ل١٦٧.

(٩) دیوانی مەولەوی: مەلا عەبدولکەریمی مدرس، ص٣.

(١٠) محي الدين العربي: و. ليبنتز. ص٤٥.

(١١) دیوانی مەولەوی/ مەلا عەبدولکەریمی مدرس، ل٣٢.

(١٢) هەمان سەرچاوە لاپەڕە...

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣–١٢٤.

(١٤) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

شیعر و دیوار

هاوڕێکەم وتی: کەی ئەو کاتە دیوار هەبوو؟ باسەکەی من و ئەویش سەبارەت بەشیعر و دیوار و جەماوەر بوو. زۆر لەسەر ئەوە ڕۆیشتم کە ئەمڕۆ شیعری بێ جەماوەرمان هەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دیوارەکە ئەستوور و پتەوتر ئەبێت.

ڕۆژێك بە برایەکی شاعیرم وت: ئەرێ ئێستا شیعرت نابینم؟ ناکا وازت هێنابێت؟ وتی: گیانە مرۆڤ لەم ڕۆژگارەدا هەر بەوەدا ئەگات دیوانی شیعر بخوێنێتەوە – هەتا ئەچێتە ماڵەوە و دێیتەوە بازاڕ دیوانێکی نوێ دێت دەرفەتی ئەوە نابێ بۆی دانیشیت و قۆڵی لێ هەڵماڵیت بۆ نووسینی شیعرێك!!.

هاوڕێیەکی ترم وتی: – وەك نانەواخانەی لێ هاتووە! بەرمان ناکەوێ!! ئەڵێم خۆزگە هەموو کەس ئەو ئەزموونە شیعرییەی –فروخی فەروخزادی– ئەخوێندەوە. فەروخ ئەڵێت: (من گێل بووم، بەڕاستی خۆم پەروەردەی فیکری نەکردووە– ژیان و خوێندنەوەم ئەوەندە پەرت و بڵاوە، ئەنجامەکەی بەوە شکاوەتەوە کە درەنگ بێداربوومەوە)(١).

من لای خۆمەوە گەلێك مەترسیم لەو دیوارە لەعنەتییە هەیە. هاوڕێکەم ڕاستی کرد– جاران کەی ئەو دیوارە هەبوو. بنەڕەتی دیوار خۆپەروەردەنەکردن و پەلەکردنە– حەزکردن لە خۆدەرخستنە. نان خواردنە لەسەر خوان و سفرەی خەڵکی ترا!. ئەوەش گومانی تێدا نییە هەروەك لە مەسەلەی کاسبی کردن و ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی ناو بازاڕدا فێڵ و چاوبەست و تەڵەکەبازی هەیە لەم سەردەمەشدا ئەم دیاردەیە لە بازاڕ تێپەڕیوە و لاپەڕەی دەفتەر و ڕستەی کتێبەکانیشی گرتووەتەوە.

(لەم لاو لەو لای کۆڕ و دانیشتنە ئەدەبییەکاندا ئەو خەڵکە دوو ناڕەزایی دەرئەبڕن هەندێك ئەڵێن: شیعری باشمان نییە؟ ئەوانی تریش بەوپەڕی بێزارییەوە ئەڵێن: ڕەخنەمان نییە!.

ئەم مەسەلەیە هەروا سادە و ئاسان نییە پێچ و پەنای زۆرە و لق و پۆپی لێ ئەبێتەوە. ئەگەریش بۆ ڕاستی مەبەست و دەرمانی دەردەکە بگەڕێین ئەبێ لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین و بێ ئەوەی بەعەیبی بزانین لە بورجی عاجی بێینە خوارەوە. کەمێك سنگ فراوان و بێ فێز و نەفەس درێژبین.

– شاعیرمان هەیە ڕۆمان ناخوێنێتەوە! کورتە چیرۆکیش بە–اختصاص–ی خۆی نازانێ! چیرۆکنووسیش هەیە چاو بەدیوانی هیچ شاعیرێکدا ناگێڕێ. ڕەخنەگریشمان هەیە نازانێ مێژووی ڕەخنە و بنچینە فەلسەفییەکانی و بەشەکانی چین و کامانەن!!.

تاڵی ئەم دیاردەیە و سەختی دیوارەکەش لەوەدایە کە ئەو شاعیرە خۆی بە شاعیر ئەزانێت و ئەو چیرۆکنووسە و چیرۆکنووس و ئەو ڕەخنەگرەش بەحسابی خۆی گرەوی لە – بلینیسکی و تشیرنشیفسکی و سانت بیڤ – بردووەتەوە.

ڕۆشنبیرانی وڵاتانی پێشکەوتوو موحتاجی هەر ڕۆشنبیریەتێك بن کاری بۆ ئەکەن و بەدوایدا ئەڕۆن و ئەنجام بەدەستی ئەهێنن.

شیعریش ئەگەر جێگەکەی تەنها ناو دووبەرگی کتێب و ڕەفەی کتێبخانەکان بوو شیعر نەکرا بەگۆرانی و سروودی دەمی خەڵك. ئەگەر ئیستاتیك و گراماتیك و ناوەرۆکی نەبوو. ئەگەر نەی گریانین و نەی خستینە پێکەنین.

ئەگەر باسی گەل و نیشتمانەکەمانمان تێدا نەبیستەوە. ئەگەر تیشکی چاوی جوان و ئارەقەی ڕەنجدەران و هەناسەی بێ بەشان و هیوا نەبێ هەق نییە لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کات و ماوەی خەڵکی پێ داگیر بکرێت.

بەچاوی خۆم شاعیرم دیوە شیعری وتووەو ماندوو نەبووە ئازارێکی نەکێشاوە . هەروەك ناوی خۆی و باوك و باپیری لەسەر بەرگی دەفتەرەکەی بنووسێتەوە! ڕۆژێکیشیان شاعیرێکم دی نیازی نووسینی شیعرێکی هەبوو، هێندە سەرگەرم و دەروون خرۆشاو و بێ ئۆقرە بوو قەڵەمەکەی بەدەستیەوە بوو کەچی هاتبوو پرسیاری قەڵەمەکەی ئەکرد!!.

– هەندێ کەس پێش ئەوەی شیعر بڵێن حسابی گیرفانیان ئەکەن ئاخۆ چەند پارچە شیعر بڵێت ئەتوانێ بەهاوتای پارەکەی گیرفانی چاپیان بکات!!.

دێینەوە سەر باسی دیوارەکە و ئەڵێین: ئەو دیوارەی نێوان شاعیر و جەماوەر ناڕووخێ هەتا شاعیر نەگاتە ئەو قەناعەتەی بیر لەوە نەکاتەوە شیعرەکەی دڵی کەس نەڕەنجێنێ و بەپێی قەوارەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بینووسێ یاخود ئەبێ بگاتە ئەوەی بڕوا بهێنێ کە ئەم شیعرە بۆ فیکر و خودی خۆی ئەڵێت، دڵنیاشە لەوەی کە جەماوەر خۆیانی تیادا ئەبیننەوە چونکە ئەم لە مەریخەوە دانەبەزیوە و کەسێکە لەو جەماوەرە.

هەردەم کە –عەنبەر خاتوون–ی مەولەوی و دەروێش عەبدوڵڵا و زیندانی

ئەژدەهاك-ی گۆران و ست فاتیمە و ئازادی -هەردی- و خەندەکەی بایی و گوڵی سووری دڵدار ئەخوێنمەوە ئەڵێن یەکەمجارە ئەیان خوێنمەوە. پرسیار ئەکەم، ئاخۆ ئەم شیعرانە چ سیحرێکیان تیایدایە وەها کە نەمرن؟!. دوایی ئەڵێ: کاکە مەسەلە ئەوەیە ئەم شیعرانە و ئەوانەش وەك ئەمانەن شیعرن- شیعری جوانن ئەو شیعرانەن کە زۆرجار گۆران- بە خۆی ڕەوا نەبینیوە وتوویەتی:

(شیعرێ گیانی تیابێ و بژی و ببزوێ
زمـانـی دڵ بـزانـێ و بـاش پـێی بـدوێ
قوربان ڕاستت ئەوێ من و شیعری وا
چەشنی عەجەم ئەڵێ کوجا مەرحەبا)(٢)

هۆیەکی تری دروستبوونی دیوارەکە ئەوەیە زۆر لە شاعیرە لاوەکانمان لە فەلسەفەی ئیستاتێك -جواننـاسی- نەگەیشتوون. هەندێ ئەگەر کتێب بەرگەکەی ڕەنگین نەبێ نایکڕێت!

هەندێ شاعیر هەن بەقەڵەمی جاف ناتوانن شیعر بنووسن!. ئەگەر پارکەر و شیڤەرەکەی ون بوو ماوەیەك لە شیعر وتن ئەچێتەوە! ئەوانە جوانی لە بەرگی ڕەنگین و قاتی سپۆرت و پاندانی پارکەر و شیڤەردا ئەبیننەوە. لایان وایە جوانی لە بووکە شووشە و کۆگا و ماکیاج و لەش و دەم و چاوی ئافرەتێکی سەماکەر و فەرشێکی ڕەنگیندایە!.

جارێك -حوسێن مەردان- وتی: (ئەو کەسەی لەگەڵ دەریادا خەریك بێ و تەنها وەسفی ئەو ماسییانە بکات کە بەکەڵکی خواردن دێن ئەوە هەرگیز دەریای نەدیوە)(٣).

مەبەستم لە ڕووخانی دیوار و بوونی شیعر بەمولّکی جەماوەر ئەوە نییە کە شیعر کەس تووڕە نەکات و هەموو کەس شاعیری خۆش بوێت. ئەگەر وەها بوایە لە مێژووی ئەدەبدا هەر کە لە دروست بوونیەوە هەتا ئەمڕۆ هیچ شاکارێك دروست نەئەبوو. ئەدەبیش لەگەڵ بەسەرچوونی ئەو سەردەمەی تیایدا دروست بووە بەسەرئەچوو. ئیتر ئێستا نە هۆمیرۆس-مان ئەناسی نە کازنتزاکی و نەپوشکین. نە ئەحمەدی خانی و نەخانای قوبادی و نە مەولەوی.

شیعر و ڕۆشنبیری بەپڕی لیستەك کتێب و سەرچاوە نایەتە دی گوایە هەرچی ئەو کتێبانەی لیستەکەی نەخوێندبێتەوە نابێ بە ڕۆشنبیر -ڕۆشنبیریەت- کتێب و ڕەوشت و یاخیبوون و خۆشەویستییە.

شاعیریەتیش لای هەندێ بووە بەکڕینی بلیتێکی سینەما!!. -یەسەنین-ی شاعیر پێش ئەوەی خۆی هەڵبواسێ دوا شیعری خۆی بەخوێنی شادەماری دەستی نووسییەوە.

ئایا کەس بۆی هەیە بە شاعیرێك بڵێ:- تۆ دووچاوی خۆشەویستەکەت بەهەموو دونیا مەزانە، هەروەك کەس ناتوانێ ڕێگای شیعرێکی ئاگراوی و نیشتمان پەرستی لە شاعیرێك بگرێت.

هەڵبەت ئێمە مەبەستمان لەم ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی باری داهێنان و چۆنیەتی دیوارە ئەوەیە کە ئەدەبێکی باش و نەمر بێتە ناوەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێستا لەو ئەدەبە نەمر و باشەمان هەر نییە. بەڵێ هەمانە و گەلێك شاعیر و نووسەرمان هەن کە ئێستا ئەنووسن و ناویان هەیە ئەگەر بەرهەمەکانیان بگۆڕێتە سەر زمانێکی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی ئەتوانن بەو پێیەی کە تەعبیرێکی ڕاستەقینە و شاهێدی واقیعی نەتەوەکەیانن و سەر بە تەکنیکی نوێی شیعر و نووسینن بەئاسانی ئەچنە ڕیزی بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ئەمڕۆی گەلانی جیهانەوە!.

ئێمە بۆچی ئارەزووی فارغۆنی دواوە بکەین بتوانین بلیتی فارغۆنی پێشەوە و دەرەجەی یەکەم بکڕین!!

ئەم بەرچاو تێرییەش با هەندێ جار وامان لێ نەکات پشتێنی لێ بکەینەوە و لەسەر بەرهەمی دوێنێمان بژین!. لە کاتێکدا پێویستە چاو لە سبەینێ و دواڕۆژی ڕووناك بین. وەك -نازم حیکمەت- بڵێین!.

(جوانترین ڕۆژگار
ئەو ڕۆژانەیە
لە بەردەممانە و تیا نەژیاوین
جوانترین شتیش بمەوێت بیڵێم
ئەو وتانەیە!
هێشتا نەم وتوون.-)(٤)

ئینجا بۆم هەیە بڵێم سەراپای ئەم کاری داهێنان و دیوار ڕووخاندن و گەیشتن بە جەماوەرە ئەبێ لەسەر بنچینە و یاسایەکی ئایدۆلۆژی و سەر بەهەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا بێت. کە ئەڵێین ئەدەبەکەمان ئەدەبێکی واقیعیی و سەر بەجەماوەرە نابێ لەوەش بێ ئاگا بین کە ئەو سۆزی بەجەماوەر گەیشتنە لە هەندێ مەسەلەی زانستی ئەدەب و

ڕێگـا فـەلسەفـیـیـەکـەی دوورمـان بـخـاتـەوە و تـووشی غـەفـڵـەت و هـێرشی عـاتـیـفـەیـەکی ڕووتمـان بکات. لە لایەکی تریشەوە بۆمـان هـەیە بڵێین کە شیعر و ئەدەبیات لەگەڵ زانستا دژ بەیەك نین و لە هەندێ جێگەدا بەیەك ئەگەنەوە. بەڵام ئەگەر لە هەندێ لایەنەوە ئەدەب ڕێگەی تایبەتی خۆی هەبێ بۆ تەفسیری جیهان و دیاردەکانی کۆمەڵ مانای ئەوە نییە کە شیعر و ئەدەب شتێکی نازانستی و نامەنتیقی بێت.

زانست ئەتوانێ پێناسەیەکی دەریا بکات و دەرگاکە دابخات. بەڵام دەریا چۆتە هەزار شیعرەوە و هەزار چەشنە دەریا دروست بووە. زانست ئەتوانێ دوو چاوی کچێکی چاو جوان پێناسە بکات و لە ژێر میکرۆسکۆب و کەرەسەکانی زانستدا بەچەند ڕستەیەك تەواوی پێناسەی ئەو چاوانە بکات و دەرگاکە دابخات. بەڵام بەژمارەی هەموو چاوە جوانەکانی دنیا شیعری بەرز و گەورە خوڵقاوی تیشکی چاوی جوان بووە. زانست هەتا ئێستا هیچ لە خورپەی دڵ و کڵپەی دەروون و نهێنی شیعری جوان نازانێت. ئەگەر ڕۆژێك ئـامـێری کـۆمـپـیوتـەر بـۆ حسابـاتـی شیـعـر بـەکـارهـات و عـەقڵـی ئـەلـەکترۆنی تـەواوی مەبەستی شیعرێکی دەروونی و ویژدانی لێکدایەوە و شی کردەوە ئەوا ئەبێت شیعر ناو بنرێ ماتماتیك –فیزیك– یاخود هەر ناوێکی تر جگە لە ناوی شیعر. کەسیش نەڵێ کابرا بڕوای بە زانست نەبوو! چونکە زانست دەفتەرێك بەکار ئەهێنێت بۆ پێناسە فرمێسك و شیعریش دەفتەرێکی جیاوازتر .

سەرچاوەکان:–

١– فەروخی فەروخزاد –شیعر و ژیانی – گۆڕینی ئەنوەر قادر محەممەد.
٢– بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست. گۆران.
٣– الثورة نوع من الجمال –حسين مردان.

(ع.ح.ب)- شیعر و ڕوویەکی ڕیالزم

ئەمویست بەبۆنەی دیوانە تازەکەیەوە- گرێی نهێنییەکان- ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامادە بکەم و لە بنەڕەتەوە بیبەستمەوە بەوەوە کەچی بەوەدا چەند جارێك بەشیعرەکاندا چوومەوە بۆم دەرکەوت- گرێی نهێنییەکان- هێندە تازەتر نییە لە دیوانەکەی پێشوو (-ناسۆری دەروون- ساڵی ١٩٦٨) هەرچەندە ساڵی لە چاپدان و دانانی بڕێ شیعر ئەبن بە جۆرە جیاوازییەك بەڵام ناتوانن هێڵێکی فیکری لە ڕووی ئایدەلۆژیەتی شیعرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە پێك بێنن. لە هەردوو کۆمەڵە شیعرەکەدا ڕێباز هەر هەمان ڕێباز و پشکنینە لە هەمان کێشەدا.

لە لایەکی تریشەوە-گرێی نهێنییەکان- شیعری وای تیایە لەگەڵ سەردەمی- ناسۆری دەروون-دا وتراوە، بەڵام لەگەڵیا چاپ نەکراون شاعیر هێشتونیەتییەوە. بۆ ئەمە لە خۆیم پرسی وتی:

(ئەو شیعرانە کاتی خۆی هەندێکیانم بەدڵ نەبووە. وەك سەرەتایەکی شیعر بەرچاویان بخەم، تا ئەم دوایییە گەڕامەوە سەریان و دیتم هیچ لە شیعرەکانی کە کەمتر نین، هەمان شێوە دەربڕینە بۆیە لەگەڵ شیعرەکانی ساڵانی حەفتادا لە چاپم دان).

کەواتە- گرێی نهێنییەکان- شیعری ساڵانی (٤٦- ٤٧)ی تیایە کە سەرەتای ساڵانی شاعیرییەتی ئەون شیعری (٩٧٣)یشی تیایە، کە بەلای منەوە ئەبوو ئەمە وا نەبوایە، هەتا خوێنەر (ڕەخنەگر) بەئاسانی توانای ئەوەی ببوایە ڕادەی پێشکەوتنی شاعیر لەمیانەی هەردوو دیوانەکەدا بەراورد بکات. بەو پێیە (ع. ح. ب) شاعیرێکی سەردەمی مامۆستا گۆرانە و، هەتا ئێستا هەر بەردەوامە و وەك گەلێ شاعیری هاوچەرخی خۆی نەوەستاوە و وشك نەبووەتەوە. لەو ڕووەوە زۆرجار گەلێ دانیشتووم لەگەڵیا کەوتوومەتە باسکردنی ئەو ڕۆژانەی کە نزیکی مامۆستا-گۆران- بووە:-

ئەو ڕۆژەی تاریکی فەرمانڕەوا بەزۆر دانراوەکانی عێراق و دەسەڵاتی زەبر و زۆریان کوورەی دەروونی شاعیرە نیشتمانییەکانی ئەورووژاند و زۆر لەو شاعیرانەی ئەو سەردەمە لە موعاناتی خەڵکە زۆرلێکراو و زاتیەتی خۆیاندا شیعریان ئەوت.

هەریەك لەوان ڕێباز و جۆرە دەربڕینی خۆی هەبووە. لەمانە شێخ نووری، گۆران،

بەختیار زێوەر، دڵزار و، (ع. ح. ب) و، دڵدار و، تا دەگاتە کامەران و دیلان.

مامۆستا -گۆران- هەر لە سەرەتاوە کاریگەری خۆی لە شیعری زۆربەی ئەم شاعیرانەدا دەرخستووە، بەتایبەتی لە دوو ڕووەوە.

یەکەم- لە ڕووی پەیڕەوکردنی کێشی- بڕگە- هیجای کوردی- و وازهێنان لە تەفعیلە و گەڕان بەشوێن وشەی کوردی و دەربڕینێکی کوردیدا.

دووەم- لە ڕووی کێشەی سروشت و ئافرەتەوە، کە یەك ئەنجامن ئەویش (جوانییە)، تەنانەت لە شیعرە دڵداری و جوانی ویستەکانی- کامەران موکری-دا زۆر بەئاسانی کاریگەری گۆران دەبینرێ. وە (ع. ح. ب) کە گۆران بەیەکەم مامۆستای شیعری خۆی دادەنێ چۆن لەم ڕواڵەتە خۆی بەدوور دەگرێت. ئەوەتا خۆی دەڵێت:

(گۆران مامۆستای هەرە گەورە و خۆشەویست و بەنرخی منە).

بەم پێیەش زۆرجار باسی ئەوەی بۆ کردووم، کە چۆن شیعرەکانی پێشانی- گۆران- داوە و قسەیان لەسەر کردووە. بۆ نموونە شیعری-بۆمبای ئەتۆم- و شیعری- بۆ گیانی پاك-ی ئەمی زۆر بەدڵ بووە، بەتایبەتی لە ڕووی مۆسیقای شیعرەکەوە زۆر هانی دەدام کە ئەو کێشەیە بەرنەدەم. بەڵام وەك من ئاگاداربم (ع. ح. ب) هەر سێ چوار شیعری لەو بابەتە وت ئیتر لەسەر ڕێبازی کێشی عادەتی خۆی ڕۆیشتووە، کە بریتییە، لەم کێشانە. ٤-٨-٦-١٠ هەندێکی تریش کە تاك و تەران لە چاو ئەوانی تردا حیسابیان بۆ ناکرێ. وەك:

هەر کاروانێ= ٤
بۆ پڕشنگی خۆر بڕوانێ= ٨
کەم بن یا زۆر= ٤
ئەگەنە خۆر= ٤

یاخود کێشی= ٧ بڕگەیی

وەك:

پڕ هەژاری و بێگار= ٧
بۆ ئاغا و بەگی زۆردار= ٧

یاخود کێشی= ١٠ بڕگەیی:

بڕوانە توخوا چاوهەڵهێنە تۆش= ١٠
تا هێز و تینی تیادا ماوە هۆش= ١٠

بەڵام ئەم کێشەی مامۆستا گۆران– بەدڵی بووە و هانی داوە، جۆری ئیقاعی مۆسیقای ئێجگار ڕەوانە بەگوێچکەی مرۆڤ حەز لە بیستنیان دەکات. کە بریتییە لە کێشی ٨+٥= ١٣ بڕگە، کە ڕاستییەکەی هەشت بڕگەکەش لە وتندا دابەش دەبێت بە ٤+٤= ٨ بڕگە، ئینجا پێنج بڕگەی دەچێتە سەر.

وەك :

هەناسەی دوێ، بزەی سبەی باڵی ڕەشی شەو، =١٣
تۆ ئەی هێز و، توانای گەورەی، ناو لەشی پتەو، =١٣

یاخود لەمەش تێپەڕ دەکات و لە شیعری– بۆ کوردستان دەبێتە–١٦– کێشەکەی بەم جۆرە دەبێت ٤+٤+٤+٤= ١٦

وەك چۆن بەفر بەتیشکی خۆر لە لووتکەی کێو دەتوێتەوە
یان چۆن پیاوێ لە ڕێبازدا ئەکەوێ و هەڵئەستێتەوە

لە وتندا بەچوار بەش دەوترێ هەر بەشەیان چوار بڕگەیە. ئەگەر لێرەوە سەیرێکی شیعرە ڕۆمانسییەکانی– ئەحمەد هەردی– بکەین، دەبینین هەموویان حیسابی عەرووزیان بۆ دەکرێ چونکە بڕگەکانیان درێژە و لەو کێشانەن کە کاتی خۆی مامۆستا– گۆران– بەکاری هێناون وەك:

قژکاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێ ئاڵ..

کە کێشەکەی دەکاتە دوانزە و بەم شێوەیە دابەش دەبێت.

٣+٣+٣+٣= ١٢ بڕگە.

هەروەها لە شیعری دەروێش عەبدوڵڵا–دا لەمەش تێپەڕبووە و بووە بە–١٦– بڕگە.

بەڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا دەروێش= ١٦
حەزم دەکرد بەستەیەك ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ= ١٦

گرنگی و ڕادەی چونە پێشەوەی شاعیر لەوەدایە کە بتوانێ ڕێبازێکی تایبەتی بۆ دەربڕین

بدۆزێتەوە و پێی بناسرێ. ع. ح. ب لە فۆرمی شیعرەکانیدا بە(کێشی کورت هەناسە) دەناسرێ و لە ناو شاعیرەکانی تردا ئەوەی شارەزا بێت بەئاسانی شیعرەکانی ئەم جیا دەکاتەوە. ئەمە جگە لە ناوەرۆکی شیعرەکە کە ئەویش نیشانەیەکی تری ناسینەوەیەتی. شاعیرانی جیهانیش زۆربەیان شیعرەکانیان لای شارەزایانی خۆیان دەناسرێنەوە، لێرەدا ئەوە ناگەیێنێ من لەگەڵ ئەوەدابم، کە هیچ شاعیرێك لە فۆرمی شیعردا لەگەڵ جۆرێکدا ڕاهات و بەوەوە ناسراوە هاتە پێشەوە ئیتر دەقی لەسەر بگرێ و هیچ گۆڕین و پێشکەوتنێکی تیانەبێت. نەء بەڵکو توانای شاعیر لەوەدا دەردەکەوێ کە یەك فۆرمی شیعری بەسەریا زاڵ نەبێ و نەیخاتە بازنەیەکی تەسکەوە، کە هەر تیایدا بخولێتەوە خوێنەر تووشی بێزاری بکات. چونکە گۆڕینی فۆرمەکە گۆڕینی خوێندنەوەی شیعرەکەن، کە بەو پێیە لە هەموو شتێکدا گۆڕان و تازەکردنەوە هەیە، پێویستە شاعیریش لای خۆیەوە ئەمە ڕەچاو بکات و لە شیعرەکانی خۆیدا حیسابێکی وردی بۆ بکات.

مامۆستا -گۆران- لە سەرەتاوە لە ڕووی فۆرمەوە لاسایی ئەدەبی فارسی و تورکی زیاتر دەکردەوە، کە کاریگەرییەکی تەواوی- عەرووزی- عەرەبییان لەسەر بوو. وەك خۆشی باسی دەکات لەسەر ئەو شێوەیە گەلێ شیعری وتووە، بەڵام کە هەستی بە گۆڕان کرد لە شیعرەکانیدا هەنگاوی بەرەو شیعری خۆماڵی کوردی نا. سوودی تەواوی لە کێشی فۆلکلۆری وەرگرت ئیتر وەك خۆی دەڵێت:

(بەشێکی زۆری کۆنەکان بەوەزنی عروض وە کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بە زمانی بێگانە نووسراون. ئوسلوبیشیان کۆنە: یان وەك هی- سالم - و - نالی - لەسەرپێ و شوێنی غەزەل هەڵبەسراون، یان ئەو جۆرە ئوسلوبەیان تیا کراوە بە سەرمەشق، کە مامۆستا - م. نووری- و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی تورکی عثمانییان وەرگرتووە، لە سەردەمێکی سنووردارا ٩٢٠- ٩٣٠ شیعری کوردی ناوچەی سلێمانییان پێ تازە کردووەتەوە.)..

لە دوای ئەمەوە دەڵێ: (شیعرە تازەکان بەوەزنی پەنجە- هیجا- هەڵبەستراون، هەرچەن شیعر دۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی بە وەزنی تایبەتی نەتەوەییەمانەوە لەگەڵ خصائصی زمانەکەمان چاتر ڕێك دەکەوێ، بەپێویستم زانی لە ماوەی تەقالای ئەدەبی خۆما، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەن ساڵەی دوایدا وەزنی عروضم بەتەواوی. وەلام وایە ئێجگاری بەرەلا کرد، مەگەر پێویستێکی هاندەری تایبەتی ڕوویدا).

ڕاسته له ڕووی کێشەوه شیعرەکانی (ع. ح. ب) هیچ له فۆڕمی شیعری- گۆران- تێ نەپەڕیوه چونکه له ژێر کاریگەری ئەوا بووه ئەوی بەماموٚستای شیعری خۆی داناوه.

ئەوه ئاشکرایه که (ع. ح. ب) شاعیرێکی سەردەمی ماموٚستا- گۆران-ه، بەڵام بەو حوکمەی که تا ئێستا بەردەوامه و شیعر دەڵێت، ئاخۆ له سنووری سەردەمی یاخود قۆناغی گۆران وەك دەربڕین مۆرکی شیعری تێپەڕیوه و، ئەگەر لەو بازنەیه دەرچووبێ، ئاخۆ تا چەند لەگەڵ شاعیرەکانی ئەمڕۆماندا یەك دەگرنەوه جیاوازییان چییه؟

٢

سروشتی جوانی کوردستانی ئازیز هەوێنی بەهره و ئیلهامێکی بەرزی هەوای پاك و مرۆڤی ڕاست له ئامێزیا له جووڵەدان. سروشت بەگۆڕانی بەرگی خۆی وشەی زیاتر و داهێنانی باشتر بەشاعیر دەبەخشێ، شاعیر بەرامبەر پێدەشتێکی بەرین سەری سوڕدەمێنێ دەیەوێ پێچەوانه بوونەوەی جوانێکانی له دەروونیا به وشه بهێنێته دەرەوه.

ڕۆمانسییه کۆنەکان له پایزدا بۆ وەرینی گەڵا و گوڵ گریاون و دیمەنی ڕووتی دارەکان پێشهاتێکی ناخۆشی بەرچاو خستوون. له وەرینی پەڕی گوڵێك و شکانەوەی دارێکدا خەم دایگرتوون تۆفانی زستان و گرمه گرمی هەور له نازی سروشتی جوان دووری خستوونەتەوه. که له گۆشەی خانووەکانیان خزاون خۆیان بەدیل زانیوه و ویستوویانه ئەم نەهامەتی زستانه کۆتایی پێبێت و بەهار وەك بووك بەرەو ڕوویان تارای خۆی لابدا و دیسانەوه شێتی نیگایەکی ببن.

ئەو کارەساتەی بەسەر سروشتی جواندا هاتووه، کارەساتێك بووه بەسەر (ناتورالیزمەکان) هاتووه لەو ڕوانگەیەوه تەماشای جیهانیان کردووه. (ناتوراليزمەکان) له سروشتدا خودی مرۆڤ و چاکه و ئازایەتییان دەوێ، بەڵام لەو بوارەدا هەندێك کەس بەهەڵەدا چوون گەلێ شاعیری سروشت ویست و جوان پەرست به ناتوراليزم ناو دەبەن، واتا سەر بە(قوتابخانه سروشتییەکان). من له ئاستی خۆمەوه ناتوانم بڕیارێکی وەها بدەم، که-شیللی- بخەمه پاڵ بیرکردنەوەی- وردزورث-ەوه. ئایا بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەگەر-بایرون- و- شیللی-ژاکانی سروشتیان له خووی ناپەسندی مرۆڤەوه تەماشاکردبێ و سووتاندنی چیایەکیان بەکردەوەی خوای شەڕی مرۆڤ زانیبێ، کێ دەڵێ که- وردزورث- وەهای زانیبێ. پلیشانەوەی گوڵێك له ژێر قاچێکدا بەناڕەوا دوو شاعیر بەدوو جۆر تەماشای دەکەن، یەکەمیان: بۆی دەکرێ و

شیوەنێکی شیعری بۆ دەکات دووەمیان لەگەڵ سروشتا شتێکی تر و گرنگتر بەخۆیەوە دەبەستێ، کە بریتییە لە دەست ڕاکێشان بۆ ئەوەی چی پاڵی بەو قاچەوەنا ئەو گوڵە پێشێل بکات. چی وای لەو مرۆڤە کرد کە ویژدانی خۆی بدۆڕێنێ. شاعیر دێت و راز و نیازی خۆی لەگەڵ سروشتا ئەبەستێ، بەڵام ناتوانێ ئەو پەیوەندییە دیالیکتیکەی سروشت و مرۆڤ فەرامۆش کات، چونکە دەزانێ مرۆڤ سروشت دەگۆڕێ و سروشتیش زۆر شتی مرۆڤ دەگۆڕێ. زۆری فێرکردووە و زۆر نهێنی بۆ درکاندووە، بە تاریك و ناتەواوی دەزانێ ئەگەر ئەو سروشتە نەبێ بە تین و توانایەك مرۆڤ بەرەو ڕووناکی نەبات. یاخود مرۆڤ چۆن دەبینێ ئەگەر سروشت بەدایکێکی دڵسۆزی خۆی نەزانێ.

بەڵام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز
بێ ڕووناکیە بێ بزەی ئازیــــــز

یاخود:

منــیش لە دایکی تەبیعەت زاوم
بۆچ ڕووناکی ئەونە بێنێ چاوم

(ع. ح. ب) لەم بیرکردنانەوە نزیکە، شاعیری سروشت و جوانییە. شاعیرێك نییە بەتەنیا سروشت بەهرەی شاعیریەتی بۆ پەروەردە کردبێ. ئەم ڕاستییە کە لە پاشدا دەگەڕێمەوە سەری، بەڵام بەو پێیە کەمێك چۆتە پێشەوە لە سەرەتای شاعیریەتییەوە باوەشی بەسروشتا کردووە، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ لێی دوورکەوتۆتەوە خەمی مرۆڤ– ئاهی سارد– ئەرکی قورس، نانی ژیان دیوارێکی ئەستوورن لە نێوانی ئەو شیعری تەڕ و بڕدا. کە وەك سروشت جوان بێ ئەمە لەوانەیە لای من یەکێك بێت لە لایەنی کز و لاوازی شیعری (ع. ح. ب)وە کەندەڵانێکی جیهانی شاعیریەتی ئەو. بەڵام مەرج نییە لای تۆی خوێنەریش هەروابێ و هەمان پێوانەی بۆ بکەی. من بەو جۆرەی لە سەرەتای شاعیرێتی و تەمەنی لاویدا بەگوڕ و چالاکتر و بەتواناتر دەبینم، لەوەوە باش نایبینم. تین و توانای شیعری (ع. ح. ب) لەگەڵ تین و توانای تەمەنی لاوی خۆیدا بوو، بە بەسەرچوونی ئەم ئەویش خۆی شاردەوە.

پرشنگی زێرینی هەتاو
ئەدا لە بەفری ڕووی نشێو
لە ژێر پێیا ئەبێ بە ئاو
پشت هەڵئەکا لە لووتکەی کێو

بەوردی لە سروشت دەڕوانێ جوانییە ماددیەکانی سروشت تێکەڵ بە مەعنەویاتی گیانی شاعیریتی دەبێ و مرۆڤ کە بەرەو بەهار دەچێت زیت و وریایە– ڕووناکی وەرزی بەهار و تاریکی بەجێماوی زستان زۆر شت کۆدەکەنەوە.

گوڵاڵەی جوانی ڕەنگاوڕەنگ
نەخشی کراسی سەوزەگیا
لە چاوی نێرگسا ئاونگ
فرمێسکێکە قەتیسە تیا

لەم جێگایەدا دەوەستێ و ئاوڕێك بەلای خۆشەویستەکەیدا دەداتەوە کاتێ خۆی دەبینێ و لە ئامێزی ئەو سروشتەدا تەنیایە، لای نەنگە. ئاوڕدانەوەکەی تیا بۆ هاودەمی بوونی خۆشەویستەکەی نییە چێژکردنی لەزەتێکی جنسی بەتەنیا، بەڵکو بەلای ئەوەوە هاتنەوەی کێش و تەرازووەکەیە و، بێ ئەوە پێ نانێتەوە بەر پێ بەڵام بۆ کێ..؟

دە دەست بێنە با بڕۆین
گوێ نەدەینە لێو لێ کرۆژ
شەرابی ژینی نوێ بخۆین
دەم بنێینە ناو دەمی ڕۆژ

جنسیدا دەجووڵێ، وە خەڵك بەپەرۆشەوە تاسەی دەکەن، بەڵکو خۆشەویستی ڕێگەی دەربازبوونە– لە ژیانی تاکی و گۆشەگیری بۆ ژیانی تێکەڵ هیوابوون بە پاشە ڕۆژ ئینجا ئاخۆ لای هەموو شاعیرە ڕۆمانسییەکان ئەمە هەروایە؟ لای– بدر شاكر السياب– لە قۆناغی ڕۆمانسییەکیدا (١٩٤٣– ١٩٤٨) بەپێچەوانەی ڕۆمانسییەکەی (ع. ح. ب)وە، داواکاری خۆی هەیە. ئەم واتێ دەگات کە هاوڕێکانی چاوەڕێی دەکەن تکا لە خۆشەویستەکەی دەکات کە دەست لە ملی بکاتەوە وازی لێ بهێنێ تاکو لە کاروان دوانەکەوێ. بۆیە (بدر) دەڵێت هەر دەڕۆم، چاوەکانت وا ڕابێنە چاو لە دووم نەبن:

(چونکە سیحرێکیان تیایە، هەنگاوەکانم سڕ دەکەن..
نهێنییەکیان تیایە دڵی کەیلم دەسووتێنن..
دەستەکانت لە دەوری ملم هەڵگرە، چیتر سوودێکیان نییە
هاوڕێکانم چاوەڕێمن)

لـه جێگـایـەکی تـردا (ع. ح. ب) هـەڵـوێستـێکی سـەرکـەوتـووانـەی هـەیـە، زوو دەرکی بـەوەکـردووە کـە نـاتـوانـێ بـەتـەنـیـا هـەنگـاوبـنـێ. ئـەمـە تـا ئـێرە کـە بـێ ئـەو بـێ دەست تێکەڵاوکردنی ئافرەت و پیاو ژیانی شارستانی گوزەرانی ئەم چەرخە جەنجاڵە مسۆگەر پێ دەکا و نیوەی کاریگەری گەرم و گوڕی شیعرەکە سارد دەکاتەوە.

ئەزانم بۆچی برسیمە
لەگەڵ هاوچەشنا تێکۆشان..
بۆ خۆشکردنی گوزەران
ئاواتی هەمیشەییمە..

کەچی زیاتر ئەڕوا و ئەکەوێ کاتێ ئەڵێت:

بەو مەرجە یارمەتی تۆم بێت
شۆخێك دابدا دەرزم
ناخنکێ باوەڕی بەرزم
ئەگەر نوقمی بنی گۆم بێت

ئەگەر بپرسین کامەیە تێکەوتنی شاعیر لەو بیرکردنەوە و بۆچوونەی سەرەوەدا دەڵێت– ئـەو– وەعـی–یـەی ئـەم لـە شۆخـێکی کـوردا دەیبـینـێ، ئـەو –وەعـی– نـیـیـە کـە بـتـوانـێ سەرمەشق و دەرزادەری شاعیرێکی وەك ئەو بێت. بۆیە هێنانەوەکەی– سیاب– زۆر بـەهـێزتـرە و زۆر زیـرەکـانـە بـۆ مـەسەلـەکـە چـووە. ئـەگـەر ئـاوڕێ بـدەیـنـەوە، دەبـیـنـیـن لـە ڕۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاستدا هـەتـا ئـەم دواییـیـەش– وەعـی– ئـافـرەت بـەگشتـی نـەگـەیشتـۆتـە ئەوەی کە پێویست بکات و ئێمە هەر کات ئەو بڕیارە بدەین کە ئافرەتمان هاتۆتە ڕیزی پیاوەوە وە شان بەشانی کاردەکەن و بیر دەکەنەوە، ئەوە زۆر ناڕەوایە. بۆ..؟ قوڵی ئەم مـەسەلـەیـە بـەرەو سەربـەستـی ئـافـرەت چـوونـە بـەم هـێواش ڕۆیشتـنـە و لـە پـلـەی سفـردا شیکردنەوەیەکی قووڵی زانستانەی پێویستە، کە من لای خۆمەوە بەچەند خاڵێك لەیەکی دەدەمەوە:

(١) پێش نەکەوتنی کۆمەڵ بە گشتی بە پیاو و ئافرەتیەوە.

(٢) نەبوونی زاتێکی لەخۆبوردن لە پیاودا بۆ بردنە پێشەوەی ئافرەت و بەرزکردنەوەی ڕادەی وەعی و تەماشاکردنی هەموو مەسەلەکانی ژیان.

بۆچوونی شاعیرەکانی جیهان بەچەند جۆرێکی جیاواز بۆ لێکدانەوەی باری سیاسی وڵاتەکەیان و سەرنجدانێکی نزیك لە دەستەڵاتی زۆرداری و گوێ شلکردن بۆ ناڵەی زۆر لێکراوەکان دەستکەوتێکی باشە بۆ ئەدەبی ئەو میللەتە بەتایبەتی و ئەدەبی مرۆڤایەتی جیهان بەگشتی. شاعیر هەمیشە لە (صراع)ێکی بەردەوامدایە لەگەڵ زاتی خۆیدا. لە قۆناغێکی دیاریکراودا کە شیعر ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت کە قۆناغی شۆڕشی ڕزگاری بێت، ئەوە لای شاعیری ڕەسەن ڕوودەدات بەگژداچوونێکی توورەیە بەڕووی هەموو بوونی بیروباوەڕێکی ژەنگاوی هەلپەرستی و خۆ بەدوورگرتن.

بەپیرەوەچوونی ئەو شۆڕش و هەنگاونانەیە و ئەویش بەشداری خۆی دەکات و وشەکانی وەك چەکێکی کاریگەر دەخاتە کار. لای زۆرمان ڕوونە کە لە شۆڕشە جۆربەجۆرەکانی میللەتانی جیهاندا چۆن شاعیر بەدەستێك قەڵەم و بەدەستەکەی تری چەکی هەڵگرتووە.

با بەلای ڕوویەکی دەروونی و هەڵکەوتنێکی دیاری شاعیردا بگەڕێینەوە و لەو ڕۆشناییەوە تەماشای شیعرە سیاسییەکانی (ع. ح. ب) بکەین. بزانین ڕووی گشتی شاعیر و شەخسیەتی چۆن لە شیعرەکانیا دەنگ ئەدەنەوە شاعیر و کێشە دوو مادەی تەفاعولێکن و شیعرێك پێك ئەهێنن.

بوونی کێشەیەك و بوونی شاعیر تەفاعولێکی دینامێکین لە هەر دووبارەبوونەوەیەکدا ئەنجامێکی نوێ ئەدەن بەدەستەوە، بەو مەرجەی مادەی خامی شتەکان و زاتی شاعیر لە هەر جارێکدا بەجۆرێکی جیاوازتر یەکانگیر ببنەوە و ئەنجامێکی تر بدەن بەدەستەوە. جار لە دوای جار ئەمە کۆ ئەبێتەوە و لەو کێشەیەی کە شاعیری دروست کردووە بەرهەمێك دێتە بوون. شاعیر و کێشە دوو مادەن. هەڵئەچن و هەڵئەچن. شاعیر بەتەنها دارێکی بنج بەستبووی وەستاو نییە کە ڕەشەبای کێشە جۆر بەجۆرەکان بیخەنە جووڵە و ڕای وەشێنن. بەڵکو زۆرجاریش تینووی ئەکات بەو شتانەی کە نەهاتوون و لە ئەنجامدا دێن چونکە لایەن و جەمسەرەکانی کێشەی ئەمڕۆ پەیوەندی بەسبەینێوە لێکداوەتەو و چالاکانە بۆی چووە گەلێ جاریش ڕێ ئەکەوێ کە حەتمیەتی ئەو کارەساتە وەرئەگرێ و تیاشا سەر ئەکەوێ. ئەمەش تا ڕادەیەك ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی مۆرکی جەماهیری بەشیعرەکانەوە، کە بەلای منەوە دەربڕینی ڕاستەوخۆی (ع. ح. ب) توانیویەتی ئەم سیفەتەی بداتێ.

شیعرەکانی وەك وتم هەر لە بازنەی دەربڕینی سەردەمی -گۆران-دا ئەسووڕێتەوە. ئەو ڕواڵەتە نوێیانەی لە حەفتاوە و بەرەو ژوور لە شیعری کوردیدا سەری هەڵداوە هەر لە تەمومژ و وشە سازی و دابەشکردنی کێشەکان کردیان بەشێوەیەکی ڕووبەر فراوانتر بۆ دەبڕینی و تازەتر وەرگرتنی ڕێگایەکی قووڵتر گەلێ شتی تریش، ئەمانە زۆر لە شیعرەکانی شاعیرەوە دوورن.

(ع.ح.ب) نەیویستووە بەچاوێکی وەها تەماشای شیعرەکانی حەفتا بکات کە لە بواری تاقیکردنەوەی خۆیدا سوودێکی تەواوی لێ وەربگرێ ئەبوایە هەروەك چۆن وەختی خۆی تەوقی شیعری کلاسیکی کوردی نەچووەتە ملی شیعرەکانییەوە و حەزی بەتازەگەریەکی تەواو کردووە لە ژێر کاریگەری مامۆستا - گۆران -دا ئاوەهاش بەپیر ئەو دەربڕینە نوێیەوە - بچوایە کە ئێستاش هەیە و بەردەوامە. چونکە هەمیشە پەیوەندییەکی دیالیتیکی هەیە لە نێوان شاعیر و سەردەمەکەیدا. لەوانەیە ئەو شیعرەی (ع. ح. ب) لە ساڵی شەستا وتبێتی پڕی قاڵبی شیعری نوێی ئەو کاتە بووبێ بەڵام ئایا هەر هەمان دەربڕین و ڕێبازی شیعری چ لە هونەری شیعر و چ لە گۆڕانی قۆناغەکەدا لەگەڵ سەمتی شیعری حەفتا و سێدا بۆ نموونە یەك ئەگرنەوە؟؟ شاعیر لەگەڵ سەردەمەکەیدا نەڕوات هەرچەندە ڕێبازەکەی ڕاست و بیرێکی بەهێز و هەستێکی ناسکی هەبێت و نەتوانێ لە قاڵبی شیعری ئەو سەردەمە و دەربڕینیدا حیسابی بۆ بکات ئەوە ناتوانێ باشتر لە گوێی ڕۆشنبیر و لاوە پێگەیشتووەکانی ئەو سەردەمە نزیك بێتەوە و ئەوە ئەگەیەنێت کە شاعیر لەگەڵ تاقیکردنەوە و گۆڕانی هونەری شیعری سەردەمە نوێیەکەدا ناڕوا و بێ ئاگایە لێی ئەو هەر - ئیقاعێك -ی کاتییە وەك تەزوویەکی کارەبایی لە دەروونیا دێت و، ئەگاتە دەمارەکانی مێشکی و پاش وتنی شیعرەکە ئیتر دەستی لێ بەرئەداو ئەوەندە لەگەڵیا ناژێ کە لە ناخەوە یەکانگیر ببن و یەکتریان خۆش بوێ. بۆ نموونە با تەماشای ئەو دوو جۆرە دەربڕینە بکەین کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دوو ئەسپن و بەرەو شارێك ڕەوت ئەکەن.

هەناسەکان
فرمێسکە گەرم و گوڕەکان
ئەبن بە گڕ
ئەبن بە با
بە دەعبای دڕ
ئەکەونە دوای

مێشك و بڕوا و وجدانی سڕ
ئەگەڕێین بۆ،
پیاو کوژەکان...
جەردەی دەروون لە کینە پڕ

بەراوردی ئەم شیعرە و شێوەی وتن و دەربڕینی لە هەموو سیفاتە فۆڕمییەکانیەوە کە بەرهەمی سالّی حەفتای شاعیرە چەندە جیاوازە لەگەڵ ئەم شیعرە نوێیەی شاعیرێکی لاوی دەرکەوتووی حەفتاوە؟.

سەرەڕای ئەمەش من (ع. ح. ب) وا ئەبینم کە ویستبێتی لەو بوارەدا شتێ وا بکا و، بەلاّم هەر خۆی چۆن هاتووە وای لا باش بووە گەر هەر هەمان دەربڕینی هەبێ.

ڕاستە کە شیعرەکانی سالاّنی لە حەفتا بەرەو ژووری لە چەند لایەکی ئایدۆلۆژییەوە بۆچوونی نوێی شاعیرە بۆ ڕووداو و گۆڕان سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکان، بەلاّم ئەتوانین پێوانەی شیعری حەفتاکانی بۆ بکەین و خۆی ئەچێتەوە ناوەوە و لە سنووری شیعرەکانی پەنجاو شەستەکاندا چەسپ ئەکات. بۆیە لێرەدا بەچاوی هونەری شیعری حەفتاوە تەماشای شیعرەکانی ناکرێ – نازك الملائکة – بۆ ئەم مەسەلەی هەنگاونانی شاعیر و دۆزینەوەی فۆرمی نوێی دەربڕینە ئەڵێت: «ئەو کەسانەی بەبزووتنەوەی نوێخوازییەوە سەرگەرمن سەمتی تازە دێننە ناوەوە ئەوەی بۆ ئەمە پالّیان پێوە ئەنێ بەدەنگەوە چوونی پێویستییەکی گیانییە بانگیان ئەکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی هەستی پێ ئەکەن».

هەڵکەوتنی نەفسی و قەناعەتی (ع. ح. ب) وایە کە لەو فۆڕمی شیعرییە عادەتییەی خۆی دەرنەچێ و نایەوێ بەفۆڕمێکی نوێ ناوەڕۆکێکی نوێ دەربڕێ. ئەم هەڵوێستە زۆر گونجاوترە لە هەڵوێستی ئەوانەی لە گیانی ئەدەبی سەردەمەکەی خۆیان ناگەن و بێ ئەوەی زمانی پەتی شیعری نوێ بزانن و تاقیکردنەوەیەکی نەزەری و فیعلییان هەبێت پڕ بەشیعری نوێی ئەمڕۆدا ئەکەن یان بەو تەمومژەی کە شاردنەوەی ڕووی بێ تواناییانە یان ڕیزکردنی کۆمەڵێ وشەی خاوەن ئیقاع شیعر ئەڵێن و لە موعاناتی دنیای شیعردا تەنها خاوەنی عاتیفەیەکی هەڵچوون و هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی ئەو شیعرانەی ئەمڕۆ ئەیان خوێنینەوە تەنها کاتی خوێندنەوەی لە بیرماندایە و پاش خوێندنەوەی کاریگەرییەکی دەروونی و چەند پرسیارێکی بێ وەلاّممان تیا بەجێ

ناهێڵن... مەحاڵە ئەو شیعرانەی لە سنووری شیعری ڕەسەنی کوردیدا خۆیان بگرن و تەنها وەك کۆمەڵێ وشەی بێ گیان لەسەر ڕووی گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە ئەپوێن.

(شاعیر ناتوانێ دوو ویژدانی هەبێت، ویژدانێ لەگەڵ خۆیا کاری پێ بکات ویژدانێکیش لەگەڵ خەڵکا. ئەدیبی ڕاستەقینە بەیەك ویژدان ڕووبەڕووی خۆی و کۆمەڵ ئەبێتەوە چونکە هەست ئەکات کە گیروگرفتە تایبەتییەکانی خۆی لە گیروکرفتەکانی کۆمەڵ جیا نابێتەوە و هەر ئەو گیروگرفتانەشە کە ئەو هەوێنی شیعرەکانی لێوە هەڵئەهێنجێ).

ع. ح. ب – ناتوانێ لە دوو لایەنەوە دوو قسە بکات و نەچنەوە سەریەك ڕەگ. هەستی شاعیرانە و جەنجاڵی خۆی و خەڵکەکەی دەوروپشتی لەشی لێکدانەوە و ئۆقرەی ئەگەزن و ئەیەوێ پەنا بەرێتە بەر سروشت لە سێبەر یا ئاهێکی حەسانەوە هەڵئەکێشێ و لەگەڵ خۆشەویستەکەیا بەدنیایەکی تر شاد بن کەچی ڕووی بەئاگری ڕەزو خەرمان و پشووی لاپاڵ و پێدەشتەکاندا ئەتەقنەوە.

– ئەڵێم بۆ جار جارە ڕوو لە دەر کەم
بڕۆم بۆ کام کەژ و کام شاخ و یاڵە –
– لەوێ زیاتر ئەبینم زیوی فرمێسك
ئەبیستم سۆزی دڵ قرچێن، ناڵە
ئیتر بۆ کوێ بچم ڕۆژێ بە بێ خەم
بنۆشم بادەیی گوڵ ڕەنگی پیاڵە –

نابێ بە نموونەی شاعیرێکی ڕۆمانسی و بەخەوێکی خۆش دەمارە سڕەکانی سروشت بکاتەوە و خوێنی بەختیاری تیا بخاتە جووڵە و جماندن.

– بەچوار دەورا هەتا چاو شت ئەبینێ سکی
بـــرسی و بـــزەی زەردی مـــنـــاڵـــە –

نەك هەر بەجارێ ڕوو لەو جیهانە وەرگێڕێ کە زۆرجار خولیای ئەبێ و چاو ئەنێتە سەریەك و ئەیبینێت. بەڵام لەسەر ئەو جووتە چاوە مەنگ و کاڵە–

ژانی شاعیر تەنها لە وردبوونەوە و هێنانی واتاکانیا نییە بەڵکو لە گەیشتنیایەتی بەئەنجامێك کە یەك گرتنەوەیەکی حەتمیە و بەستنەوەیە بەئیلتیزامی شاعیر خۆیەوە.

ئەو ئەنجامە لای ئەو چارەسەرە و خۆی قەناعەتی تەواوی پێی هەیە. ڕووی سەرکەوتنی شیعری – بۆ کوێ بچم – تەنها لەوەدایە کە چیرۆکێکی بیر و لێکدانەوەی دەروونی و مێشکی خۆی ئەگێڕێتەوە. لە لایەك ناتوانێ دەستبەرداری خۆشەویستەکەی بێت و وەك پێشکەوتووخوازێکی شۆڕشگێڕ لە کۆڕی خەباتا دەست لە هەموو ئارەزوویەکی تاکە کەسی خۆی هەڵگرێ بەڵکو پێ لەوە ئەنێ کە ئەو حەزانەی لە سەرچاوەی جوانپەرستی ئەوەوە هەڵقوڵاوە وشکە و سووتاندنی تەڕ لە ئاگردا ئاسان نییە چەندە بەختیارە ئەو گەلەی شاعیرەکانیان هەر وشەیەکیان ئەنجامی تەقینەوەی ئێش و هەست بەزۆرداریەکی بێ پایان بێت و ئەوەی شاعیر ئەیڵێت چەندە وشە بێت ئەوەندەش لەو قەوارەیەدا کە بلوێ کردەوە بێت و ڕاستگۆیی شاعیر لە وشەوە پێ بنێتە هاواری زۆرلێکراو و زمانی حاڵی ڕەش و ڕووتەکان بێت و شتی نوێ و ڕێگای نزیکتریان بۆ دەستنیشان بکات شاعیرێکی وەك ع. ح. ب –و ئەوەندەی شارەزای ژیانی خەباتی شیعریی و ژیانی ڕۆژانە تووشی دەردەسەرێ و بەندیخانە و ڕەتاندنێکی زۆر بووە. لەو دەمەدا هەروەك خۆی لە باوەشی کۆمەڵی لادێ و جەماوەری جووتیاراندا چاوی کردەوە دەستی قەدەر و ماوەیەکی درێژ لەگەڵ خەم و ماندوویێتی جووتیارەکاندا ئەژیا. ئەمە جگە لەوەی بەهۆی کاری فەرمانبەرێتییەوە هەمان تێکەڵاوی هەبووە و لەم لا بۆ ئەولا گوێزراوەتەوە. بۆیە وەك شاعیرێکی پێشکەوتنخواز لە ڕێچکەی شیعرەکانیا مەسەلەی جووتیار بەشێوەیەکی دیار و هەڵوێستێکی سەر بە بەرژەوەندی جووتیار و چوونە پاڵ هێزی دژ بە دەرەبەگ و ئاغاکانی کوردستان هاتووەتە پێشەوە و لە گەلێ ڕووەوە بۆ ئەم مەسەلەیە چووە. زەوی یەکەمین هۆی بەرهەم هێنانە وە دەستمایە هەرە گەورەکەی جووتیارە وەك شتێکی مەوزووعی کە بەردەوام ساڵ لە دوای ساڵ لەسەری ئەژی و ڕەنجی لەگەڵ ئەدات. لەو کاری بەرهەم هێنانەدا ماندوو ئەبێت و بەڵام لە چاو ماندووبوونەکەی خۆیدا ئەوەی بۆ نامێنێتەوە کە بەتێرووپڕی لەسەری بژی و بتوانێ جگە لە نانەسکیەکە ئارەزووی هەیە و تامەزرۆی ژیانێکی ئاسوودە و پڕ دڵنیاییە. ڕژێمی دەرەبەگی لە کوردستاندا لە دەوری پاشایەتیدا لەوپەڕی گەشە و دەسەڵاتیا بوو. جووتیار خاوەنی زەوی و زاری خۆی نەبوو.

خاوەن زەوییەکان بریتی بوون لەو دەرەبەگانەی کە پەیوەندی تەواویان لەگەڵ ڕژێمی بۆگەنی ئەو سەردەمەدا هەبوو وە بۆ بەرژەوەندی ئەوان کاریان ئەکردوو ئەوانیش ئەمانیان لە هەموو ڕوویەکەوە ڕازی ئەکردوو گوێیان بە باری ژیانی دەرەبەگەکان ئەدا

و دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان دابوونە دەست و بکوژ و ببڕ خۆیان بوون و جووتیارەکان خاوەنی هۆشیارییەکی وەها نەبوون نە هەست بەمە بکەن و کەمێکیش لەوان ئەمەی زانیبێ تروسکاییەکی ئەوتۆی بەدی نەکردووە بەرەو ڕووی پێ هەڵگرێ ئەوەتا لە چەوساوەیی خۆیدا داڕزاوە و سکاڵای خۆی ئەکات.

– کاکە تۆ نازانی چیمە
هەرچی پارەو پوول بێ نیمە
ڕووتم عوریانم برسیمە –

ڕەوایە کە جووتیارەکان هەست بەباری چەوسانەوە و ژیانی چەرمەسەریی خۆیان بکەن و ئەو بیرە بەمێشکیاندا بێت کە هەوڵێك بۆ دەربازبوون و لەلایەکی ترەوە ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە بدەن. بەڵام جووتیارەکانی کوردستان ئەگەر تاك و تەرا تینی ئەم بیرە پاڵی پێوە نابن لە کۆتاییدا ڕەنجەکەیان هەر بە با چووە و نەگەیشتووەتە مەبەست چاوی هەڕەشە ئەبڕێتە دەرەبەگ و زۆردار و تەواو لە قاوغی ناهەمواری خۆی یاخی ئەبێ و هەرچەندە هەست بەوەش ئەکات کە ناگاتە هیچ بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ و دوژمنێکی تۆقێنەر بەرانبەر ئاغا و دەرەبەگ ڕاست ئەکاتەوە ئەویش –گەل–ە

– بەڵێ ناتوانم ئەڵبەت
ئێستە دەست بەمە یەخەت
بەڵام گەل چاوی تیژی
لێتە کە چۆن ئەی مژی
شیلەی بەری ڕەنجەکەی
یەخەی هەر ئەگرێ سبەی –

لەم ڕووەوە ئەگەر تەماشایەکی مێژوو بکەین ئەبینین لە زۆر جێگەی ئەم سەرزەوییەدا جووتیارەکان بۆ ڕزگاربوون و بەگژا چوونی ڕژێمی دەرەبەگی جووڵانەوە و شۆڕشی جۆر بەجۆریان بەرپا کردووە ئەمەش ئەنجامی بوونی بیرێکی وەهایە کە بیری ڕزگاربوونەکەیە بەتەنیا پیلانێکی وەهای نەگرتووەتە خۆی کە سەرکەوتنی تەواوی بۆ مسۆگەر بکات بۆیە ئەبینین زۆربەی ئەو ڕاستبوونەوانەی جووتیارەکان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە هەروەها نەبوونی ڕێزێکی پتەو و یەکگرتنێکی تەواو بۆ ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو لای جووتیارەکان. لەولاشەوە چۆنیەتی ڕژێم و ڕادەی هێز و زۆرداری دوژمن پێوەندیدارە کەم و زۆر بە سەرکوتکردنی ئەو هەوڵدانە ڕەوا و هەق پەرستیانەوە.

جووتیار لای ع. ح. ب – پاڵەوانێکی نەبەزە و ئەنجامێکی ڕووناکی لە ڕێی خەباتیا داناوە و زۆر هۆشیارانە هێناویە و کەرەسەیەکی شیعری بەپێزی ئەم لایەنەی شیعرەکانییەتی. ئەمە ڕاستە بەڵام لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەك کوردەواریدا لەو سەردەمەشدا نەبوونی هۆشیارییەکی شۆڕشگێڕی لای جووتیاری کورد ئەگەر حیسابی دەگمەنی لێ دەرکەیت. لە قۆناغێکی مێژووییدا کە ئاشکرایە و نکۆڵی لێ ناکرێ، هەرچەندە بەرچاو ڕوونی هیواداری شاعیر لە هێنانی بارێکی وەهادا بەسەر جووتیاردا کە ئەڵێت:

– ئاخر دڵۆپی خوێنم

بڕێژی واز ناهێنم

بۆ ڕیشە دەرهێنانت

بازاڕی جەورشکانت –

کە ئەمە لە بیرکردنەوە و بۆچوونێکی ڕۆشنبیرانەی فیکری شاعیر خۆیەوە زیاتر نزیکە و داسەپاندنییەتی بەسەر بیری جووتیارەکەدا یاخود خستنەڕووی ئەو لێکدانەوە و هەستکردنە خووە دەروونییەی جووتیارەکە لە ناخی خۆیدا ناساندوویەتی و زاتی دەربڕینی نییە و ئەوا ئەم لە زمانی ئەوەوە ئەدوێ کە ئەم هەوڵدانە ڕەنجێکە بۆ پێگەیشتنی بیری کاڵ و کرچی جووتیار و هەستکردنی بەباری چینایەتی خۆی و هەوڵدان بۆخۆ ڕزگارکردنی زۆرجار ئەمە لە ناوچەکانی کوردستان ڕووی داوە کە جووتیارێك لە ژێر باری زوڵمێکی زۆردا ڕەتاوە و هەڵهاتووە و خۆی لە ژێر زەبری ئاغاکەیدا دەربازکردووە بەڵام ئاخۆ ئەو جووتیارە هەژارە ڕزگاری بووە و لەو ئێش و چەوسانەوەیە مەرەخەس بووە؟؟ ئەڵێین نەخێر چونکە هەندێ جار لەگەڵ ناکۆکی ڕیزەکانی جووتیارەکاندا بەرامبەریان ئاغا و دەرەبەگەکان لە پاڵ پاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان و ئەنانیەتیاندا بەرژەوەندی ئاغاکەی دراوسێ و هاوچینی خۆی ئەپارێزێ بۆیە ئەو جووتیارە هەژارە ئەگاتە ڕێگایەکی داخراو هەرچەندە لە ژێر دەستی ئەو ئاغایەدا دەربازبێت ناچار ئەبێ بچێتە ژێر دەستی ئاغایەکی تر و زەوی بۆ بکێڵێ.

ع. ح. ب. – لە شیعری –پەندی جووتیار – دا دواکەوتوویی باری بیرکردنەوەی جووتیار شی ئەکاتەوە و شتێکی واقیعە کە هەر ئەوەیە قاڵبی بیرکردنەوەی جووتیارەکە بەپێی باری مەوزووعی ژیانی ناوچەیی خۆی شاعیر لۆمەی جووتیارەکە ئەکات و باسی ئەوە ئەکات کە هەرچەند ناوی پیرۆزە بەڵام خاوەنی خەباتێکی پیرۆز نییە.

شاعیر ئەڵێت:

زۆر لە مێژە ئەم جووتیارە گێژو وێژە
نــــاو پـــیـــرۆز و جــوان و گـــەورە
سەر هـــەتـــا پــێ نــوقــمــی جــەورە
کــە زەبــری قــامــچــی ئــەگــاتــێ
ئـــەم جــوتــیــارە چــەشنــی بـتــە

ئـــەم هـــەڵـــوێستـــە ڕاست نـــیـــیـــە و وێنـــەیـــەکـــی ژاکـــاوە کـــە شاعـــیـــر لـــە نـــەهـــجـــێکـــی پێشکەوتووخوازانەوە بۆی نەچووە و تەنها بەلۆمە کردنێکی زۆر خۆی لە مەسەلەکە قوتار کردووە بێ ئەوەی چارەسەرێکی ئەو نەبوونی وەعی و گەمژەیی جووتیارە دەست نیشان بکات– ئەو جووتیارە بۆ گەمژەیە؟؟ ئەمە پرسیارێکە و وەڵاممان لێ داوا ئەکات وەڵامیش ئـاسانـە و بـاری مـەوزووعی کـۆمـەڵ سەرانسەر لـەمـە بـەرپرسیارە و مـەرجی بـنـەڕەتـی بـۆ چـارەسەرکـردن هـەوڵـدان و تـێکـۆشانـە– نزیکبـوونـەوە لـەو جووتـیـارە و تێگەیشتنی و بەرچاوخستنی مەسەلەیەکە کە ئەو تیایدا ئەگاتە ئەنجام و ئەویش ڕۆیشتنە بەرەو لێدانی ڕژێمی دەرەبەگی ئیمپریالیزم ع. ح. ب وەك شاعیرێکی پێشکەوتنخواز چیرۆکی یئێش و ڕەنجی کرێکاران ئەگێڕێتەوە و ئەیکات بەنموونەی سەرکەوتنی کرێکاران.

لە شیکاگۆ

لـــە بـــەهـــەشتـــی پـــڕ گـــەنـــم و جـــۆ
لـــە سەرچـــاوەی ئـــاڵـــتـــوونـــی زەرد
بـــە خـــوڕ ئـــەبـــارێ ئـــێش و دەرد

لەو بارەدا کرێکارەکانی شێکاگۆ ئەتەقنەوە و ئەمیش لە پاش چەندەها ساڵ ئەم چیرۆکە بۆ کرێکارە چەوساوەکان ئەگێڕێتەوە ئەوەتا هەموو ساڵ ئەو یادە ئەکرێتەوە و کرێکارەکان بەباری پێشکەوتنی خۆیاندا ئەچنەوە و توندتر هەڕەشە لە جیهانی سەرمایەداری ئەکەن و هەرگیز لە قاڵبی ئەو ڕژێمەدا ئەمان ناتوێنەوە و حەتمییەتی مێژوویی ڕێگەی سەرەولێژ و سەختی هەڵدێری لەبەردا ناون و لە خەباتی چینایەتی خۆیاندا ناوەستن و ئەبەستێتەوە.

دڵنیا بە تۆی خوێنـــاوی
تا کرێکارێ مابێ ماوی

بەڵام ئەوی جێی داخە ئەوەیە جگە لەو شیعرە کە ساڵی (١٩٥٩) شاعیر بۆ یەکی ئایاری وتووە ئیتر نەچووەتەوە بەلای ئەو مەسەلەیەدا و تەنانەت لە شیعری ئایاردا کە ساڵی (١٩٧١) وتوویەتی هیچ پێشکەوتنێکی تەکنیکی کەرەسەی ئەو بیرە پێشکەوتنخوازەی خۆی تیا بەکار نەهاتووە و شتێکی نوێی ئەوتۆی نەوتووە کە لەو کاتەوە خەباتی ڕۆژی کرێکارانی جیهان بەدەستی هێناوە و بگرە ئایارەکەی (٥٩)ی هۆشیارانەتر داڕێژراوە.

لە ڕێگەی تاقیکردنەوەدا بەرەو هەڵوێست و دەنگێکی نوێ

مرۆڤ کاتێ بەرەنگاری کێشە سەختەکانی بەرانبەری ئەبێتەوە، بەپێی قۆناغی مێژوویی و کات و جێگەی تێکۆشان و دژوارییان کارەکەی درێژە پێ ئەدات و هەڵوێستی خۆی دیاری ئەکات. شاعیری ڕەسەنیش کە دەنگی تایبەتی خۆی هەبوو تەنانەت زۆرجار بە هێڵێکی درشت فەلسەفە شۆڕشگێڕییەکەی دیاری ئەکرێ و ئەتوانرێ لە کۆڕی قسەو کاری نووسینی ئەدەبیدا سوودی لێ وەربگیرێ. وە ڕەخنەگر تووشی بەلا ڕێدا ڕۆیشتن و هەڵە ناکات. ئەشێ هەندێ برادەر ئەوە بڵێن کە گۆران لە قۆناغی ڕۆمانسیدا و بەتایبەتی لە هەردوو گەشتەکەیدا فەلسەفەی شۆڕشگێڕی نەبووە و کەچی چەند پارچە ئەدەبی زۆر بەرزی مرۆڤانەی بۆ پێك هێناوین. یاخود کیتس و شیللی فەلسەفەی شۆڕشگێڕانەیان نەبووە کەچی هەر کەسێك بۆ شیعری جوان و کاری ئەدەبی بەرز بگەڕێ زۆرجار پەنا بۆ شیعرەکانی ئەمان ئەبات. لە وەڵامدا ئەڵێین کە ئەبێت لە قسەکردندا دەربارەی شیعری هەچ شاعێرێك پێوانیەی کات و جێگا و تاقیکردنەوەی شیعری شاعیر دابنرێت. هەروەها هەموو کارە هونەرییەکان کە شادەماریان بنج بەست بێت بەدڵی جوانی سروشتەوە گومانی تێدا نییە کارێکی مرۆڤانە و هەوڵدانە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە ئاشتی و بەختیاری.

کێشەی جوانناسی و هەستی ناسك، لە یەك زەمینەی تایبەتییەوە تەماشاکردنی سروشت و مرۆڤ لەو سەردەمانەی پێشوودا فەلسەفەی وانینی مرۆڤ بووە بۆ جیهان. لێرەدا ئێمە ئەگەینە بەردەمی دوو ڕێگا یەکەم نەبوونی ڕاستگۆیی و یەك قسەییە کە بەداخەوە ئەمە لای زۆر کەس دەست ناکەوێ. دووەمیش جەنگاندنێکی پڕ مەترسی و سەختە لە یەك سەنگەردا و دۆزینەوەی هەقیقەت و خودی مرۆڤ خۆیەتی و هیچ سەیریش نییە کە خاوەنی هەردوو ڕێگا ئەگەنە هەمان وڵات بەڵام کە ئەگەنە بەر دەروازەی شاری جەوهەری ڕاستی و ناخی کۆمەڵانی خەڵك ئەوا کابرای یەکەم

پەساپۆرتی پەسەند ناکرێ، بەساختە ئەژمێررێ و ناچار ئەبێت بەخۆیدا بچێتەوەو لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە دووەمیش ژیانی هەمیشەیی لەو وڵاتەدا بۆ ئەنووسرێ.

شاعیری دووەم لە گەشتەکەی خۆیدا تاقیکردنەوە شیعرییەکەی خۆی وەك هەگبەی دڵنیایی و هەقیقەتی تێکۆشانی کێشەکەی لە شان ئەکات و هەتا هەتایە گۆرانیی خۆش بۆ مرۆڤایەتی ئەڵێت. کە بنەڕەتەکانی –دەنگی تایبەتی– ڕاستی و جوانییە.

وەك دوو ڕواڵەت ناوەڕۆکی بیری مرۆڤایەتی (ڕاستی و جوانی، ناسینی ناخی کەسێتی و ڕواڵەتەکان ئەو شتانەن کە هونەرمەند توانیویەتی توێکڵەکەی بشکێنێ و بەناخیدا ڕۆبچێ)[١]، ئەو شاعیرانەی دەرکیان بەو ڕاستییە کردووە بیری کارەکەی خۆیان شێوە هونەری و ئیستاتیکییەکانی هاوچەرخیان لە یەك داوە و کێشەیەکی هاوشانیان پێك هێناوە بەپێچەوانەی کۆمەڵێ شاعیری ترەوە کە هێندە ورد لە بیری شیعر ناڕوانن ئەیانەوێ هەڵوێست و فەلسەفەی شۆڕشگێڕی بکەن بەژێر هەندێك لایەنی تەکنیکی و دارشتن و ڕێبازی نووسینەوە هەتا ئەگەنە ئەوەی ئەو بیرە شۆڕشگێڕییە بخەنە تەمێکەوە ناسینەوەی هەروا ئاسان و لەبار نەبێت. گرنگی مێژوو لەوەدایە کە هیچ کات بەسەر ئەم ڕووداوانەدا تێ ناپەڕێ و بەوردی لێکیان ئەداتەوە. شاعیر کاتێك نەمری بۆ دەنگی خۆی مسۆگەر ئەکات کە هەڵچوونێکی کاتی و سۆزێکی تایبەتی تەسك و لە قۆناغێکی کەم نەفەس و کوردتدا شیعری پێ نەڵێت و بزانێت ئەوەی ئەیڵێت بۆ چەند قۆناغێکی تریش لەسەر ئەو بە ماڵ دائەنرێت. مەبەستم لەوەنییە کە شیعر بۆ نەتەوەکەی و خۆشەویستەکەی نەڵێت. بەڵکو مەبەستم ئەوەیە هەڵنەخزێتە ناو لیتاوی بێ فەلسەفەیی هەڵچوونی عاتیفی و خاتر و خۆتری هاورێ و کەسانی نزیکی کۆمەڵەکەیەوە. پێویستە ئیستێکی بۆ بکات بزانێت لە هەگبەکەیدا کەلوپەل و پێویستییەکانی مرۆڤی پێشکەوتنخوازی ئەم سەردەمەی تێدایە یاخود شتی تر–. بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لە شیعری دوێنێ دڵگران و پەشیمان نەبێتەوە بەدڵنیاییەوە ئەڵێم هۆی ئەم کارە نەبوونی یەك ڕێگایی و نەچوونە ناو کێشە نەتەوەیی و چینایەتییەکانەوەیە بەهۆشیاری کەرەسەیەکی فیکری و شاعیرانەی پتەوە. ئەمان ئایا هەست بەوە ناکەن کە بەشێکن لە ویژدانی نەتەوەکەیان ئەو ویژدانەی پارچەیەکە لە دڵی مرۆڤایەتی گشت نەتەوەکەن. ئەمان چەند هۆیەکی ڕازیکردنی خەڵکیان بەدەستەوەیە ڕەنگە بۆ ماوەیەك، کورت بێت یاخود درێژ سەر بکەون بەڵام لە ئەنجامدا هۆشیاری کەسانی ئەو کۆمەڵە و گۆڕانی باری ئابووری قۆناغی نوێی مێژووی پەردەی لەسەر لا ئەبات. چونکە ئەو شاعیرانە ناتوانن دەوری

پێشڕەوی و وریاکردنەوە ببینن لە کاتێکدا پێویستە لە هەموو بارێکەوە سەرووی بیر و لێکدانەوەی خەڵکیەوەبن. واتە لەوان شۆڕشگێڕتر و زەیرەکتربن و بۆ نەخشەکێشانی قۆناغی ڕزگاری نەتەوەکەیان و گەیشتن بەسەرفرازی. لە لایەکی تریشەوە هیچ خاوەن تیرۆر و فەلسەفەیەکی شۆڕشگێڕی دژ بە جوانی سروشت بۆ ئافرەت و سێکس نییە. ئەمان لە کاتێکدا دژ بەو ڕواڵەتانە ئەوەستنەوە کە هۆیەك بێت بۆ خۆ دەربازکردن لە شۆڕشگێڕیەتی و ئیشکردن لە ژێر پەردەی خۆشەویستی و خاك و ئافرەتدا. ڕەنگە ئەوەندەی خاوەن تیۆرێکی شۆڕشگێڕی عاشق ببێت و ڕەنجی بێ بەری جووتیارێك و تاساندنی بازووی کرێکارێك لە چاوی دڵدارەکەیدا بەدی بکات و شێتی بێت و بۆ ماچێکی بەچۆك دابێت ئەو شاعیرە ئەوەندە خاوەن جورئەت نەبێت (ئەوا من سوێند ئەخۆم بەمردن و دۆزەخ ئەگەر هەر تاڵێك لە قژی کە ئەی پەرستم بەردەمم بکەوێ -فورات-م ئەکرد بەگۆرانییەك کە ژیانی مناڵانی هەموو جیهانی لەگەڵ خۆی هەڵگرێ)(٢) لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی جیهاندا زۆرجار ئەوەمان بەرچاو کەوتووە کە جووتێ چاو -نیگا و ڕوانینی یەکەم جار- لە شۆخێکەوە بۆ شاعیرێك بووە بەگڕی هەموو ئاگری سەر زەوی سەرچاوەی داهێنان و ڕەوتی پێشکەوتنی شیعر و ژیانی ئەو. خۆشەویستی کاتێ بەشێوەی ڕاستەقینەی تێکەڵ بەناخی شاعیر ئەبێت شتی گەورەی پێ دروست ئەکات. واتا و وێنەی شیعری وەهای ئەداتێ کە ڕەنگە ئەو عەشقە نەبوایە هەر بیری لێ نەدەکرایەوە سەرەڕای ئەوەی کە شاعیرێك ئەوەی ڕەسەن و هاوچەرخ بێت لەم سەردەمەدا وردتر و قووڵتر تەماشای کێشەی خۆشەویستی ئەکات. بەمانا گشتی و تایبەتییەکەی بەسووتاندنێکی مەنگ و کپ ناسکبوونەوە و لە هەمان کاتدا بەوزە و توانایەکی نوێ بەژیانی ئەناسێنێتەوە. گەلێ جار ناوی ئافرەتێك هەوێن و هۆی ناسینەوەی شیعری شاعیرە و بەمە ئەشێ هەر لەمامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ ئەو ناوەدا شیعری بناسرێتەوە دەنگی تایبەتی بۆ پێك بهێنن، ڕێکەوتی وەهاش بووە کە هەرگیز دووبارە نەبۆتەوە و بووە بە یەکێ لەو یادگار و بیرەوەریانەی بۆ ماوەیەکی درێژ شاعیر بەیادیەوە ژیاوە خەوی سەوز و پەمەیی پێوە دیوە!. دنیای لاوێتی و عەشقی شاعیرانەی تیادا تاقی بۆتەوە. بەجۆرێك هەژاندوویەتی کە شیعری پێ نووسی، داهێنانی سەرکەوتووی پێ ئەنجام بدات بۆ نموونەیەکی نزیك بڕوانە ئەو شیعرانەی -گۆران- (شەوێك لە عەبدوڵڵا، بۆ جوانی سەرەڕێ، لە درزی پەچەوە، جوانی بێ ناو، دوا سەرنج، جلوەی شانۆ، بۆ کچێکی بێگانە،... هتد) لە لایەکی تریشەوە ئیقاعی شیعری شۆڕشگێڕی

گرمە و بەزمی تۆمارکراوی جەنگ نییە. بەڵکو ئاوازێکی بەجۆش و هەندێ جار زۆر هێمن و خاوە و هەرچی گریان و پێکەنینی جیهان هەیە دەری ئەبڕێ.

سەرچاوەکانی ئەم بەشە:

(١) لماذا نكتب وكيف نكتب -يوري بونداريوف- ترجمة جودت بلال اسماعيل. دراسات معاصرة ص٦٩- ل٦٩.

(٢) الشرفة الذهبية – حسين مردان- الازهار تورق داخل الصاعقة ص٣٢

سێ چیرۆکە زۆر کورتەکەی ژمارە -٢٧٢-ی (هاوکاری)

ئەگەر لە یادت مابێت، لاپەڕە سێ، بەشی خوارەوە ناونیشانێك و ناوی – شێرزاد حەسەن – ناونیشانەکەش کەرت ئەبێت وەك کەرتبوونی دوو عاشقەکەی تێکئالان، بەڵام لە یەکتری نا!! لە یادیشت نەمابێت جارێکی دیکەش خوێندنەوەی –سێ چیرۆکی زۆر کورت– هاوکاری –٤٧٣–، ٧–٥–١٩٧٩.

چەتر، نهێنی، تێکئالان،

هەروەك ئەتوانی بڵێیت نهێنی، تێکئالان، چەتر، هیچ لە بابەتەکەی ناگۆڕێت.

١- مامە بلە و نهێنی: لە سایکۆلۆژیەتی مرۆڤدا شتی سەیر دەژی، ئەو مرۆڤە هەتا چاو بەم جیهانەدا ئەگێڕێت ئەو شتە سەیرانە هۆگر و تواوەی ناخین. ئایا مرۆڤ ئەم نهێنییانەی خۆی بۆ نادرکێنی؟ هەندێ جاریش تەنانەت لای خۆی –بۆ خۆی– بەدەنگی بەرز کەسیش لە دەوروپشتی نەبووە. هەر نایدرکێنێ ئەمەیان ڕەوایە... بەڵام نهێنییەکەی مامە بلە بۆ ئەبێت هەر بەنهێنی بمێنێتەوە!...

هەندێ کات لەگەڵ –شێرزاد– ئەکەومە گفتوگۆ و باسی چیرۆك و ژیان و عەشق... هتد. ئەو گەلێ جار دووبارەی ئەکاتەوە کە پاڵەوانی – سلبی– بەلاوە بۆ بەکارهێنان باشە. دەوری – ئیجابی – یان ئەڵێت بۆ هەمیشە پاڵەوانەکان دەوری ئیجابییان بدرێتێ؟ ئازا، خاوێن، زیرەك، بلیمەت، بەهێز، تەنانەت هەتا ئەیکەن بەسۆپەرمان.

منیش وەك شێرزاد ئەمانە ئەبینم. مامە بلەی نهێنی بۆ وەك بارە سایکۆلۆژیەکەی سروشت بەمرۆڤی بەخشیوە... ڕەفتار ئەکات و تەنانەت لەبەر ئەوەی قەڵەمەکەی من وەهای بەلاوە باشە ئیتر مامە بلە کارگەیەك بکاتەوە و خەڵکی شار فێری دروستکردنی ئەو جۆرە شیرینییە بکات کە تەنها خۆی لە نهێنی دروستکردنەکەی ئەزانێت.

ئەڵێ. مامە بلە وەها بوو منالانی گەڕەکیش بەنابەدڵی ئەگەڕانەوە و وەك ڕۆژانی ڕابوردوو دەمیان بە بەرهەمی نهێنییەکەی شیرین نەئەکرد!. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕاکێشە چاوەڕوانییە ئەم چاوەڕوانییە بۆ؟ لە کوێوە هات بۆ زۆربەی ژیان نەزانینی ئەو نهێنییانە بێت؟ مامە بلەکانی جیهانە بۆ نهێنییەکان نادرکێنێ؟ منالەکانی ئەو جیهانە

بۆ بەهەناسە ساردی بگەڕێنەوە؟ ئیتر وابوو ئەم نهێنی نادرکێنێ و ئەوانیش بەشیرینییەکە ناگەن!!. ئەگەر پێچەوانەی ئەمەش بێت مامە بلە، هەموو شت ئاشکرا بکات، ئەی لەگەڵ حەقیقەتی مامە بلە خۆیدا ئێمەی چیرۆکنووس و نووسەر چۆن ناڕاست بین؟ ئەو نایدرکێنێ و ئێمە بڵێین پیاوی چاك بوو درکانی، هەموو خەڵکی، منداڵ و گەورەی لە نهێنییەکەی ئاگادار کرد و نەمرد؟ ئێستاش هەر نەمردووە!! ئەی ئێوە ئەڵێن چی؟ ئەوەتا نەیدرکاند!!.

٢- تێکئالان:

کە ئەبوایە -لێکئالان- بوایە لە ڕووی زمانەوانییەوە. ئەمەش خەڵکەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتە. پاش هەزاران شەوی خەفەت و دەرد چی چاوەڕوان ئەکەی؟. لێرە شێرزاد نموونەی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە نیشان ئەدات کە مەسەلەی بەیەکگەیشتنی دوو عاشقی لێوە دروست ئەبێت. چاوەڕوانی و شەوانی نووستن بەتەنیایی، بۆ؟ بۆیە بەتەنهایی بەکاتێك ئەبنە ڕق و سووتان و خۆشەویستی بەهێز، تەنانەت لە یەك شەودا، ئەبێت ئەم دووانە چۆن لێك بئالێن؟ چۆن یەکتری بلێسنەوە.

چیرۆکنووس لە چیرۆکە زۆر کورتەکەیدا گەلێك لەو لایەنە کۆمەڵایەتییانەی کۆکردووەتەوە کە خوێنەری وریا ئەتوانێت لە پشتیەوە باری ئابووری کۆمەڵ خۆی بدۆزێتەوە و پەنجەی لەسەر دانێت. کاتێکیش ئەم بارە ئابووریە ئەبێتە سەرچاوە و لەوەوە جۆگەکان ئاویان تێ ئەڕژێت پەیوەندیەکان لە کۆمەڵدا ئاڵوگۆڕ ئەکەن و بەئاشکرا دەرئەکەون.

ئەم کچ و کوڕە حەسرەتییە پاش ئەو هەزاران ڕق و سووتان و خۆشەویستییە بۆ وەك چۆن هاتنە لێواری خەرەندەکە هەروەهاش بەو جۆرە نەگەڕێنەوە؟ ئەمەش هەروەك نهێنییەکەی مامە بلە... بۆ؟

لای هەندێ چیرۆکنووس ئەمان وەك خۆیان ئەگەڕێنەوە و هەموو شت ئاساییە؟ بەڵام با لە خۆمان بپرسین- ئایا هەموو شت ئاساییە؟ چۆن ئێمە دنیامان ئەوێت دنیا بەو جۆرە ئەبێت؟ ئەم پرسیارانە تەنها لە قووڵبوونەوەی لێکئالانەکەدا وەڵامیان ئەدۆزێتەوە کە نووسەر زیرەکانە بۆی دەستنیشان کردووین.

ئەوان وەك خۆیان نەبوون چونکە کاتێك کە ڕان بەناو سکی خەرەندەکەدا پارچە پارچە ئەدۆزنەوە بەڵام چەند پارچەیەکیان هەر تێکئالابوون. ئەنجام کە شتەکە بێ بەش بێت

لەو شتانەی ئەبێ مرۆڤ بەشدار بێت تیایدا و خاوەنی بێت– هەموو کۆ ئەبنەوە بێبەش لە جنس، لە خۆشەویستی، لەپڕ کردنەوەی بۆشاییەکان... لە... ئەمانە هەمووی کۆ ئەبنەوە و ئەبن بە بێ بەش بوون لە سەربەستی– بەمانای سەربەستی مرۆڤ.

٣- چەتر:

ئەم ڕێکەوتانە زۆرن لە ژیاندا. کچێك و منی تەنیا یاخود من و کچێکی تەنیا. ئەوی خاوەن چەتر و هەندێ جاریش منی خاوەن چەتر و ئەوی ژێر بارانێکی بەخوڕ. شتەکان چەسپاو و یەکلایی نین، باران لە ژێر چەتری کەسێکدا دوو کەس کۆ ئەکاتەوە– بەڵام کۆکردنەوە و پاش کۆتایی باران جیابوونەوە. ئەم پیاوێکی ئەم شارەیە ئەویش ئافرەتێك.

ئەو –کچەکە– خۆی و چەترەکەی تەنیایە بەڵام ئەم –پیاوەکە– خۆی و شەقام و خەڵك چەتر و باران بەتەنیایی ئەبینێ. ئەو حەز لە تەنیایی ناکات بەڵام ئەیەوێ خەڵك ڕاکەنە ژێر چەترەکەی و لێی بپارێنەوە.

ئەم –حەز لە تەنیایی ناکات– بەڵام ئەیەوێت چەترێکی جیاوازی هەبێت لەو بارانەدا. جیاواز لە چەترەکانی خەڵك. تەنانەت ڕەگێکی شێتی تێدایە، هەندێ جار چەتر بەکار ناهێنێت و بەئارەزووی خۆی ئەداتە بەر باران هەتا باران بەسەریا بارێ! ئیتر ئەم پیاوەی ڕۆژهەڵات بارانی لێ ئەبێت بەهەموو شت بەسەربەستی – بە چەتر – بە مرۆڤ – بە خۆشتن لە ڕووبار ێکی خوڕ بە جنس – بە ئافرەت...

شێرزاد ئەڵێت: کە ئاورێکی دایەوە چاوەکانی بێزاری و قینی لێ دەبارین منیان تۆڕان ئەم کچە بۆ ڕووخۆش نییە لە داخی باران، یاخود ئەمی مرۆڤ و کۆمەڵێ حەز و خۆشەویستی ئینجا ئەو ئافرەتانەی لە ناوەڕاستی شەقامی ئەم کارەساتە بۆگەنانەدا ئەکەون پیاوی سەر شۆستەکان تەماشایان ئەکەن لەزەتیان لێ وە ئەگرن. بەجێیان دێڵن. کەسیان دەست نادەنە باڵیان و هەڵیان ناسێننەوە – وەك ئەوەی تەنها ئافرەتە کەوتووەکان کەوتبن وەك ئەوەی پیاوەکانی سەرشۆستەکان هەرگیز نووچێکیان نەدابێ لە چڵپاودا نەگەوزا بن!!

لە لایەکی تریشەوە هەر سێ چیرۆکەکەو لێکئالان بەتایبەتی لە ڕووی جۆری ڕووداوەکەوە تەواو چووەتە درامایەکی بەهێزەوە ژیانی بەڕووە درامییەکەدا وەرگرتووە.

ڕەنگە ژیان لای نووسەر زیاتر دراما بێت. کە بەلای منیشەوە هەر لە بنەڕەتەوە خۆی درامایە و ئەو هێمنی و دڵخۆشی و ڕووناکییانە لە کاتێکی تایبەتیدا دروست ئەبن و کەم خایەنن. جگە لەوەی لای هەر کەسێکی هۆشیارتر لەوانی تر ئەم بەوان خەستتر ئەبێتەوە و ڕووە ڕووناکە بێ بنچینەییەکانیش کەمتر دەرئەکەون.

ئەو ڕایانە ئەوە ناگەیەنن کە ئێمە ڕووی درامی ژیان بەڕەشبینی تێبگەین و حەز لە ڕووناکی نەکەین. بەڵام مادام ئێمە لە مرۆڤ و ڕۆچوون بەناخیدا ئەدوێین ئەبێ بزانین لەو مرۆڤەدا ژیان چەندی درامایە و چیرۆکنووس چەند ڕاستگۆیە لە دەرخستنی ناخی ئەو پاڵەوانەیدا کە هەڵی ئەبژێرێت.

- کاروانێ بەرە و خۆر - چەند سەرنجێکی پێویست

لە ڕۆشنایی ئەو قسەیەی کە دەڵێت بەرهەمی ئەدەبی ڕەخنە دروست ئەکات بەڵام ڕەخنە هەمیشە بەتەواوکەری ئەو بەرهەمە ئەزانرێت– ئەتوانین بیسەلمێنین کە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی چ لە ڕێگایەکی نوێ وە چ لە ڕێگایەکی دووبارەبووەوە بڕوات ئەگەر شان بەشانی ئەو بەرهەمانە ڕەخنەیەکی زانستی و دروستکەر نەیەتە گۆڕێ ئەوا ئەنجامێکی گەش و سەرکەوتوو چاوەڕوانی نابێت ئێمەش ئەمڕۆ کە ڕەخنە ئەگرین تەنها بۆ ئەوە نییە کە ڕەخنە بگرین و بەس وەك هەندێ وەها تێگەیشتوون بەڵکو لە پێناوی مەبەستێکی دیار و نرخداردایە. لەم چەندانەی دواییدا چیرۆکنووس کاك –ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی– کۆمەڵێ چیرۆکی خۆی بەناوی –کاروانێ بەرەو خۆر–ەوە بڵاوکردەوە. وەك ڕەخنەگرێك پەنجە لەسەر چەند لایەنێکی سەرکەوتوو لاوازی چیرۆکەکاندا دائەنێم...
لە پێشەکییە کورتەکەی کتێبەکەدا ئەڵێت گرنگ لەوەدایە کە بەرهەمەکانمان بۆ چینەکانی خوارەوە بێ بۆ دانیشتوانی لادێ و گەڕەکە هەژارەکان، جووتیاران و کرێکارە بۆ ئارەقاویەکان بەزمانێکی حاڵی ئەوان بدوێ و دەردەکانیان چارەسەر کات. بەڵێ ئەمە زۆر ڕاستە و من بەوپەڕێ دڵنیاییەوە ئەم وتەیە بەنرخ و پیرۆز ئەزانم چونکە نووسەر تەنها ئەمەی وەك قسەیەکی بێ بایەخ نەنووسیوە بەڵکو لە ئاوێنەی چیرۆکەکانیدا ڕاستی ئەمە خۆی دەردەخات. خۆزگەکەی هاتووەتە دێ و هەر لە بەساڵاچوویەکەوە هەتا منداڵێکی شەش ساڵان ئەزانێت چیرۆکەکانی لە چی باس ئەکەن و چۆنن... هەر لەبەر ئەمەش من بەش بەحاڵی خۆم شێوەی نووسینی چیرۆکەکان بەسەرکەوتوو ئەزانم و نرخی تایبەتی خۆی ئەدەمێ... لەمەوە ئەڵێم بەداخەوە ئەمڕۆ

چیرۆکنووسی وامان هەن تووشی گێژاوێکی فیکری وەها بوون کە ئەگەر بەرهەمی خۆیان لەو گێژاوەدا خول نەخوا و شپرزە نەبێت ئەوا بەسەرکەوتووی نازانن؟؟ نازانم بۆچی شاردنەوە و تەمومژ و وڕێنە لایەنی گەشی چیرۆك بێت؟؟

بۆچی ئەو جۆرە ڕەمزەی کە وەك مەتەڵێکی قورس بۆ خوێنەر هەڵنایەت ئەبێت لایەنی بەپێزی چیرۆك بێت؟؟ ئەدەب لە چیرۆك و جگە لە چیرۆك لەم باروزووفەی ئەمڕۆی نەتەوەی کوردماندا پێویستە تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە سەرگەرمی ئەدەبیات و خوێندنەوەن و لەوانەیە بتوانن ڕەمزە جۆر بەجۆرەکان شی بکەنەوە و لە مەسەلەی ناو بابەتە ئەدەبیەکە حاڵی ببن... نەء بەڵکو ئەبێت بۆ گشت چینەکانی نەتەوە بێت بۆ ئەو پێشمەرگانە بێت کە باری ناهەموار ڕێی نەداون بخوێنن و فێری خوێندەواری ببن... ئەبێت چرایەك بێت بۆ ئەو ڕەنجکێشانە کە ژیان وەك شەوەزەنگ ئەچێت بەپیریانەوە. زمانی حاڵی ڕەش و ڕووتەکان بێت لەمەشدا ئەبێت بزانین پێشخستن و تازەکردنەوەی قاڵبی چیرۆك بەتەمومژ و ڕەمزی ئاڵۆزکاو دیاری نادات بەڵکو نزیککردنەوەی لە تێگەیشتن لێی بەئاسانی... لەو لایەنەشەوە کە ئەڵێین با چیرۆکەکانمان بۆ جەماوەر بێت و هەموو کەس تێی بگات ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لایەنی هونەری داڕشتن فەرامۆش بکرێ و لە زۆر جێگەدا (سرد) دروست بێت و لە قسەی ئاسایی و گفتوگۆی دوو کەس بچێت. لەم بارەیەوە –ماوتسی تۆنگ ئەڵێت: «دوو تەرازوو هەیە بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەدەب و هونەردا یەکێکیان تەرازووی سیاسی و ئەوی تریان تەرازووی هونەری» بەداخەوە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیا کەم دەست دەرئەکەوێ لە داهێنانی ڕستەی بەهێزدا و نەیتوانیوە لایەنی هونەری لە نووسیندا پەیڕەو بکات و جگە لەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان جوینەوەی چەندەها چیرۆکی ترەوە شتێکی نوێی پێشکەش نەکردووە و لە شێوەشدا پێویستی بەزیاتر پێشکەوتن هەیە و لە بەرهەمەکانی داهاتوویدا ئەمەی لێ چاوەڕوان ئەکرێ...

لە چیرۆکی (ئافرەتێك بێ ڕابردوو)دا پەروین و فەرهاد دوو پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەن لە پاش ئەوەی فەرهاد پەروینی لە بەرچاو ئەکەوێت و ناوی (سامان) لە زاری ئەبیستێ ئیتر تەڵاقی ئەدا و (ئێستاش ئەگەڕێ بۆ ئافرەتێ کە ڕابردووی نەبێ) بەڵام چیرۆکنووس ئەمەی بەپێچەوانەی ئەو قسەیەیە کە پەروین ئەیکات و ئەڵێت: «ئەو سامانەی کە تۆ ڕقت لێ هەڵگرتبوو پێش ئەوەی شوو بکەم بە تۆ بە چوار ساڵ مردبوو) کەواتە پەروین خاوەنی ڕابوردووە لەگەڵ ساماندا ئەی بۆچی چیرۆکەکە (ئافرەتێك بێ

ڕابردوو)ە خۆ ئەگەر نووسەر بڵێت ئەمە ناوی ئەو ئافرەتەیە کە فەرهاد لەدووی ئەگەڕێ ئاخۆ کێ ئەڵێت ئەویش بێ ڕابوردوو ئەبێت؟.

چیرۆکی (لە باوەشی ئافرەتێکی جوانا) دوو بابەتی لە یەك جیاواز کۆ ئەبنەوە تیایدا یەکەم- چوونە ناو ڕیزە نهێنییەکانی کۆمەڵەوە و بوون بە یەکێ لەوانەی پێچکەی جووڵان ئەخەنە گەڕ-وە دووهەمیش کاتێکە کە - بێوەژنێکی دراوسێیان بوو تا بڵێی نەرم و نۆڵ و دڵ تەڕ و جوان و جەهێڵ بوو زۆرجار کە ماڵەوە چۆڵ ئەبوو ئەینارد بەدوایا و بە تاڵی قژە ڕەشە خاوەکەی خەم و پەژارەی ئەپێچایەوە - سەردار وا ئەزانێت کە ئایشێ تەنها هەر لەگەڵ "ئەودایە لە پاشدا بۆی دەرئەکەوێ کە بەتەنها نێچیری ئەو نییە بەڵام چیرۆکنووس بەخۆی نەزانیوە و کەوتووەتە (لامعقول)ێکی سەیرەوە ئەویش ئەوەی کە سەردار پیاوەکە ئەکوژێ و بەکۆڵانێکدا بەنیازی دەربازبوون ڕائەکات بە شپرزەییەوە کەچی ئایشێ لە ماڵێکەوە بانگی ئەکات و ئەویش دەستوبرد ئەچێت بۆ لای و وەك لەو کاتەدا هیچ ڕووی نەدابێ ئەچنەوە جیهانی ڕابواردنی خۆیان بەمەرجێ ئەو ماڵەش ماڵی ئایشێ نییە و ماڵی یەکێکە لەوانەی ئایشێ لەگەڵیا ڕائەبوێرێ. ئەم چیرۆکە دەرگای دەردێکی تری کۆمەڵایەتی ئەکاتەوە ئەویش لە کاتێکدا لە ماڵی سەردار (زۆر کەسیان ئەدایە بەر نەشتەری قسە و باسی ژاراوی... بەڵام کە بەرەو ڕوو ئەبوون خێرا قەوانە کۆنەکەیان هەڵ ئەگێڕایەوە و پڕشنگداری خۆش ئاوازی ساختەیان لێ ئەدا).

چیرۆکی (کاروانێ بەرە و خۆر) بابەتەکەی شۆڕشگێڕی بەنرخ و بایەخێکی باشی داوە بەکتێبەکە جگە لەوەی لە دەردە کۆمەڵایەتییەکان دواوە وەك (ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە) نیازی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕی بەستووە بەحەزی قوربانییەکان کاروانی شۆڕش و پەردەی لە ڕووی ئەم لاوانەش لاداوە کە ئەوەی ناچن بەلایدا شۆڕشە و خەباتکردنە و لایەنی گەشی ژیانیش هەر بەلاساییکردنەوەی کوێرانە و مۆدێل بازیدا ئەخەنە بەر ڕۆشنایی بیری تەسکیان بێ ئەوەی بزانن کە میللەت چاوی لەوانە و ئەوانیش نووستوو. لە کۆتاییدا هیوادارم کاك (ئەحمەد) وەك ڕەخنەگرێك ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکەم تەماشا بکات.

پیرەمێرد و دەستپێشخەریەك لە پەخشانی هونەری کوردیدا

مانەوەی پیرەمێرد ماوەی بیست و پێنج ساڵ لە تورکیا و تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەدیب و ڕۆشنبیرە بەناوبانگەکاندا سامانێکی فیکری و ئەدەبی و هونەری پێ بەخشی، ئەو سامانە لەوێ بەجێ نەهێشت، هێنایەوە وڵاتی دواکەوتووی خوێ و خزمەتێکی بێ

هاوتای ڕۆشنبیری پێ کرد. شارەزای ڕێبازە نوێیەکانی ئەدەب و هونەر بووبوو، لەوانە هاتنە مەیدانی پەخشانی هونەری بوو، کە زیاتر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە برەوی سەند و بەوەرگێڕاوی دەقە ئەدەبیەکانی ئەوروپی بۆ سەر زمانی تورکی زۆری وەك پیرەمێردی لەم تەرزە ئەدەبە ئاگادارکردووە و هەوڵی خۆ تاقیکردنەوەیان دەدا لەو بوارەدا. پیرەمێرد پێش ئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان لە تورکیا خۆی لەم تاقیکردنەوەیەدا بەندێکی پەخشانی نووسیوە و پیشانی شاعیری مەزنی تورك -عەبدولحەق حامدی-داوە ئەویش پەخشانەکەی کردووە بە شیعر و بە تورکی بڵاوی کردووەتەوە. لەدوای ساڵانێکی زۆر و گەڕانەوەی پیرەمێرد لە ساڵانی سییەکاندا پیرەمێرد ئەم پەخشانەی یاد کردووەتەوە و بەکوردی بەناونیشانی -بەندی پەخشان و - لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاوی کردووەتەوە پێشەکییەکی کورتی لە بارەی پەخشانەکەی خۆی شێوەی گشتی ئەم جۆرە ئەدەبە نووسیوە: «جاران کە شاعیران بهاتنایە شتێکی نایاب بنووسن سەربەست و ڕەوان بەزەمزەمەیی لە -بحر الطویل - دا ئەیاننووسی. تورك لەم دواییەدا ناویان نابوو - نظم سربست، شیعري منثور- شیعری پەخشان- ئینجا لەم کوردستانەدا لەپێشدا ئەمە باو بوو لەپێشەوە غولام شا خانی والی سنە- لە ناویان تاك بوو، کەریم خانی حاکمی (بانە)یش لەوانە بوو کە لە بحر الطویل-دا ئەیاننووسی لەم دواییەدا ئەدیبە ناودارەکانی تورك وەك: خالد ضیاو مەمدوح و فی -خاوەندی -ئەیلول -شیعری منثوریان ئەنووسی زۆر دەربەستی وەزن و قافیە نەبوون، لەم ڕۆژانەدا بەندێکی پەخشانی خۆمم بەرچاوکەت کە لە وەختی کۆندا لای - عەبدولحەق حامد - شاعیری مەزنی تورك دەمودەست بەتورکی نظم کرابوو بەتەرزێك کە گوایە لە کەس وەرنەگیراوە و نەبیستراوە عەبدولحەق-یش زۆر پەسەندی کردووە، سا هەرچۆنێ بێ ئەو بەندی پەخشانە - شیعری منثور-ە کۆنە ڕۆحمی تازە کردەوە... ئەمەیش بەشی سەرەتای پەخشانە شیعرییەکەی پیرەمێردە .

بەندی پەخشان

خۆزگە فەن ئەمەندە باوی بسەندایە وردە وێنەی تۆم لە سپێنەی چاوما بەفۆتۆگراف بکێشایە، بووبووایە بە نەخشی دیدەم، دیدەکەم، ئەوسا نە سورمەی -نوور نە ڕووناکی نوورم نە دەویست خۆزگە هونەر بگەیشتایە پایەك، دەنگی تۆم وەك پلاکی غرامۆفون بچەسپاندایەتە پێستی پەڕەی گوێم.

– ببوایە بە ئاهەنگی دڵم،... هتد.

لە ساڵی –١٩٣٣–دا پیرەمێرد نموونەیەکی گەلێ سەرکەوتووی پەخشانی نوێی هونەری لە ڕۆژنامەکەیدا و لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاو دەکاتەوە بەناوی (بەندی پەخشان، یا واتای سەربەست). هەروەها نووسیویە لە زبانی تازییەوە وەرگیراوە، زبانی تازی واتا زبانی عەرەبی بەڵام بەداخەوە ناوی نووسەری پەخشانە شیعریە هونەریەکەی نەنووسیوە... تام و بۆ و شێوە و ناوەڕۆکی پەخشانەکە تەواو –ڕۆمانتیکییە– هەندێ ئیشراقاتی سۆفینزمی تێدایە بەتایبەتی لە دێڕەکانی دوایی پەخشانەکەوە من لای خۆمەوە بە بەرهەمی یەکێ لە شاعیرە ڕۆمانتیکییەکانی ئەدەبی عەرەبی –مەهجەر–م زانی وەك –جبران خلیل جبران– یاخود –میخائیل نعیمە– ئەم کۆمەڵەیە لە ئەمەریکا و بەناوی کۆمەڵەی یا یەکیەتی –قەڵەمە–ە دامەزرابوو واتا: الرابطە.. القلمیە، وە هەوڵی نوێکردنەوەی ئەدەبی عەرەبییان دەداو لە ساڵانی سییەکانی ئەم چەرخەدا بەرهەمەکانیان گەیشتە ئەم وڵاتی کوردستانەی خۆمان و ئەدیب و شاعیرەکانی ئەو کاتە کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم ڕێبازە ڕۆمانتیکییەوە، ئەوانەی بەتایبەتی کە بەرهەمی جبران خلیل جبران–یان وەرگرتووە و کردوویانە بە کوردی ئەمانەن –پیرەمێرد –مناجاە الارواح –گۆران –وەرگێڕانی شیعری – بالامس – میرزا مارف – الحروف الناریة –.

ئەحمەد هەردی لە گەلاوێژدا چەند پەخشانی جبرانی کردووە بەکوردی، وە گەلێ شاعیر و ئەدیبی تریش کە ئێستا ناویان نایەتەوە یادم.

ئەم – شیعری سەربەست–ەی کە پیرەمێرد وەك نموونەیەکی سەرکەوتووی پەخشانە شیعر نیشانی داوە و زۆر دەست ڕەنگین شاعیرانە هێناویەتییە سەر زمانی کوردی دەتوانرێ لە لایەنی ناوەڕۆك و هەم لایەنی شێوە و تەماشا بکرێت و دەستنیشانی خاڵە گرنگ و هەوڵە نوێیەکان بکرێیت تیایدا، کە بەڕاستی جگە لە نوێکاری و خۆ ڕزگارکردن لە ناوەڕۆکیدا، لە شێوەکەیدا زیاتر نوێیە و سەربەستە و بەلای منەوە شاعیر تەواوی کەف و کوڵی دەروونی و قووڵی و خۆشەویستی و گەورەیی عیشقی خۆی زۆر ڕۆمانتیکیانە بێ پەروا دەبڕیوە و نوێترین شێواز –اسلوب–ی ئەم جۆرە پەخشانە شیعرییەی بەکارهێناوە، ئەمەش پەخشانە شیعرییەکەیە:

بەندی پەخشان یا واتای سەربەست

برووسکەیە، کە، لەپڕ، دێ لە چاوتەوە، تیشکێ
ئەداتە: چاوم و ئەو نووره دیدەمە چاوم!
گیانە، نەغمەی، نەشیدەی ڕۆحت
بەندی لایلایەیەکە، بۆ ڕۆحم.
لەگەڵ شتێ بەدڵتا ڕادەبوورێ
دەمودەست، وا لە دڵما: بووینە یەك دڵ
کە دڵ تەنگ بی، دڵە کوتێم، دەگاتێ لە بەینی دوو دڵا، ڕاستە کە ڕێیە
تەلی چرایەك لە شەوقی تۆوە
بۆ جەرگ و دڵم ڕاکێشراوە
ئەو دەمەی کە تۆ بێ شەوق و کز بی
چرای دڵی من ئەکوژێتەوە!
لە تاریکیدا ڕەنجەڕۆ و بێ کەس
لە گوێ ئاگردان سەرم کز ئەکەم
تۆ بۆ من، تۆ تەنها بۆ من، هەموو شتێکی
خۆشەویستی و خۆش ویستنم زۆر پێخۆشە، بەڵام چی بکەم؟!
ئاخ هیچ کەسی تر، ناناسم، کە وابوو تەنها بۆ من تۆی!
بنواڕە، مانگ بە شەوقەوە شەو ڕووناك ئەکاتەوە
بنواڕە شە و، بەیانی نزیك خۆی ئەخاتەوە
سەیرکە، بەیانی باوەش بۆ ڕۆژ ئەکاتەوە
بنواڕە ڕۆژ، کە تیشکی ئەڕێژێتە سەر زەمین
هەنگوین و شیر و ژین و غرامی ئەخاتە ناو
ئەی تۆ! کە وتم تۆ، هەموو شتێکی بۆ من
تۆ مانگی منی، وەرە، ڕێ ڕوونکەرەوە بۆم
تۆ، شەو بە، گوناهم بخە ژێر پەردەی زوڵفت!
ڕووناکی بەیانی بە، جڵەوکیشی هەتاو بە
ڕۆژم بە، وەرە، پاکمەوەکە!! ببمەوە منداڵ!
بەو عصمەتەوە لایق عەشقی ئەبەدیەت بم!
هۆنراوەی دڵدارەکەم لە ئاوێتەی بیروڕایەکدا

١

زیاتر لە جاریّ خەمی دڵدارەکەی کردووە بە هەوێنی هۆنراوە، بەئاشکرا خۆشەویستییەکەی لە ئاسماندا دەنگ ئەداتەوە، بەڵگەی چۆنیتی پەیمانیان وەك كێوی (پیرەمەگروون) سەر بەرز و بنج بەستی بیرورِایەکی پۆلاینە. کاروانی وشەکانی خەمی ئەمجارەی دڵدارەکەی بەرەو ئەو هەزار شەوە چاوەڕوانییەی خۆی وتوویەتی دەڕوات زەنگی کاروانەکەش یان هێنانی (سەدەی سەهۆڵ بەندانی) ئەبێت دەنگی بێت لە هەرەسی داهاتوودا خۆی بنوێنی یان پەیامێك بێت کە هەواڵی گرتنەبەری (ڕێگای لە سێدارەدانی هەزار بەڵێن)ی پیّ بگەیەنێت.

کاك (سەلاح شوان) هەر لە سەرەتاوە جموجولی هەست هەست و بیری خۆی دەستنیشان کردووە بەویەڕی سەربەستییەوە تا ئەگاتە ئەوەی ئەشیّ بڵێم بەباڵی ئەندێشەی قووڵی کەوتووەتەوە.

زۆر جێگای سەرسامییە کە لە سەرەتاوە ئەسپی نیازی خۆی تاوداوە و داوای لە دڵدارەکەی کردووە (بەبۆمبای چاوە جوانەکانت دەروونی تاوان بکێڵە) کەچی خۆی لە بیرچووتەوە و دەستەوئەژنۆ بۆی دانیشتووە هەروەك ئەویش نەبووبیّ کە لە سەرەتاوە قسە بکات (چاوانی وەنەوزی ڕێگای پڕ ئەشکەنجەی وشەکانم) دیارە لێرەدا بڕوای بەهێزی یەکەم جاری خۆی نەماوە بۆیە حەز و خەم و (هەتاوی سووری دەربەندی بیّ گریانی باوەڕی) بەدڵدارەکەی بەخشیوە. لە پاش ئەمە لە کۆتاییدا بە تکاوە زۆر بە پەرۆشەوە هاوار ئەکات (بمگرە سینگی خۆتەوە) بەلام ئەو سینگە گەرمەی ئەو داوای ئەکات بەدەستی خۆی (وێرانی کردووە و سووتاندوویەتی) لە کاتێکدا (دڵدارەکەم... لەسەر سینگی گەرمی تۆدا پشکۆی ئاگرم داناوە) ئەگەریش من نەکەومە هەڵەوە بۆم هەیە بڵێم دڵدارییەکەی شاعیر پیرۆزە چونکە ئەو لە پێناوی توانەوەی سەهۆڵ بەندانی سەختایە ڕەمزە بۆ زۆرداری و تاوانی دوژمنەکان... لەوەش سڵ ناکاتەوە کە لەشی خۆی لە باوەشی پشکۆی ئاگراویدا بهێڵێتەوە.

٢

لە ڕوویەکی تریشەوە لە بەندی (ڕۆمانس)ی ڕزگاری ئەبێت کە چەند جارێك تێی کەوتووە و ئەگەڕێتەوە بۆ (ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی) داوای (قەرزی کۆن بووی چوار بەهار)

ئەکات و ئەوشەوی پایزانەی ئەم جارە کە چەند سەخت بوون و چۆن وەك وێنەی ڕۆژانی هێرشبردن خوێناوی بوون... ئەمانە ئەبەستێتەوە بەوەی داوا لە دڵدارەکەی ئەکات و پێی ئەڵێت (چاوەڕوانی یەکەم هەنگاو تۆم) و (هەر تەنیا بۆ تاقە جارێك کۆشکی تەلیسم بەندی ئەم شەو بەجێ بێڵە) شاعیر زۆر بەشارەزایی لە مەسەلەکە گەیشتووە و بۆی چووە... وەك مرۆڤێك... وەك شاعیرێك ڕای خۆی و ئارەزووی دەربڕیوە. ئەو مەبەستیەتی ئەو شەوە کۆتایی بێت و سەرلەنوێ تیشکی سەرکەوتنی دوای هێرشەکان دەرکەوێتەوە. بە وردبوونەوەیەکی سەرپێیی هەر لە لووتکەی هۆنراوەکەوە تا دامێنی ڕەنگینی بەئاشکرا مەبەستت بۆ شی ئەکاتەوە... ئەنجامیش یان ڕۆژ ئەبێتەوە و (شەوێکی درێژ ڕووی گەردوون ناگرێتەوە) یان ئەوەتا کە (زەنگی قافڵەکانی شەو) لە خۆیان بێزار ئەبن. هیوادارم چەند ڕۆشناییەکم بەخشیبێ بەناوەڕۆکی هۆنراوەکە و لە تێگەیشتنی تێکڕایی نزیکم کردبێتەوە.

کورتە چیرۆکی کوردی

کورتە چیرۆکی کوردیمان وەك هەموو بەشەکانی تری ئەدەبەکەمان تا ئێستا ئەو لێکۆڵینەوە زانستییە مەوزووعییەی بەخۆیەوە نەدیوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم چیرۆکانە لە لاواز و سەرکەوتوو دێنە پێشەوەو ڕەخنە و لێکۆلینەوەیەك نایانگرێتە خۆی و گەلێك شتی وەهای لە زۆر ڕووەوە تێدایە کە ئەگەر ئەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیە پێیدا نەگات زیانێکی زۆر بە سەراپای ئەدەبەکە دەگات. بەلای منەوە بۆ فەرامۆشی نەکردنی –کات و جێگا– و سنوور شکاندنی ئەو بازنەیەی ڕەخنەی –دەگمەن–ی کورتە چیرۆکی تیا دەسووڕێتەوە کەرەسەیەکی وەها پێویستە کە دروستکردنی ئەو پێوانەیەی پێ ئاسان نەبێت. بەتایبەتی کە ئێمەی مرۆڤ لە سەردەمێکی جەنجاڵ و دژواردا دەژین گۆڕانی نوێ لە کاردایە و تەنگ و چەڵمەی گران دێنە پێشەوە هەمیشە دوو هێزی ڕاکێشەر مرۆڤی خستووەتە نێوان خۆیەوە و کەم و زۆر کاری تێ دەکات، یەکەم ڕووداوێکی ڕابردوو چ لە ساتێکی زۆرکەم پێش ئێستا و چ لە چەندساڵێکی پێش ئێستا.

دووەم: ئەو بیر لێکردنەوەیەی کە ئاواتی دوای بینینی منە و لەگەڵ ڕاستەقینەی خۆتدا یەك دەگرێتەوە. مرۆڤ لە ئێستایدا دابڕا و نییە لە ڕابردووی بۆیە چیرۆکنووسێك لە کاتێکدا پاڵەوانێك دێنێ و لە چیرۆکەکەی دەهاوێژێ دەبێ بەستنەوەیەکی ئاڵوگۆڕکەر لە نێوان ئەو و ڕابردوودا هەبێت، پاڵەوانەکە کە دەکەوێتە تاوانێکەوە دەبێ چیرۆکنووس

بێبەستێتەوە بە نەخشەیەکی ڕابردووی پاڵەوانەکەوە. مرۆڤی پاڵەوانی چیرۆك ئەو پێوانەیەی بۆ دەکرێ کە تا چ ڕادەیەك پەیوەندی خۆی لەگەڵ سروشت و کەسانی دەورووپشتیا برەو پێ داوە. لە چیرۆکی ئێمەدا سەربەستی بەخشین بەپاڵەوان بۆ ڕەفتارکردنی هێشتا لە سەرەتادایە، پاڵەوانی بژێو ئەگەر لە بیری نەبزێوی چیرۆکنووسەوە دەپەڕی بۆ جیهان ئەوا ئەو دژوارییەیە کە زۆرجار چیرۆك دەبێ بەتووشیەوە. پاڵەوانی گەمژە و تەپۆ لای نووسەرێکی چاپوك ئەشێ ڕواڵەتی ڕاستەقینەی خۆی وەرگرێ لە تەفاعول کردنیان لەگەڵ ناوەوەی خۆی و کەسانی دەورووپشتیا بەهەر شێوەیەك بێت، وەك چۆن لە شیعردا تاقیکردنەوەی شیعری مەرجی بنەڕەتی پێگەیشتنی شاعیرە و قاڵبوونیەتی لە جیهانی پڕگێژاوی شیعردا بۆ نووسینی چیرۆکیش تاقیکردنەوە پێویستە، خۆ ئێمە ئەگەر بنچینەی ڕەخنەگریمان لەسەر ئەو جۆرە چیرۆکانە داڕێژین کە جامی یەکتر و لێکچوونی بەسەرهات و نزیکی دەربڕینی بێت ئەنجامێکی باشمان نابێت بۆیە لەم ڕووەوە هەڵبژاردن و پوختەکردنێکی ورد پێویستە. ئێمە تەنیا بەڕووداوەکەوە لە لایەن بیری (وەعی) نووسەرەوە بەمەرج و گرنگ دەزانین.

ڕووداوەکە + وەعی نووسەر= چیرۆك

چیرۆك لەم ڕووەوە تەنها وەرگرتنی ناوەڕۆك و هێنانی فۆڕمێکی نوێ نییە چیرۆك هەڵوێستە بەرامبەر ژیان.

(شولوخوف –دەڵێت: ئێمە لەو باوەڕەداین ئەوەی خوێنەرێك ببینێ واتە ئەوەی زۆردارێك ببینێ دەستی ڕاست کردووەتەوە بۆ لێدان و ئازاردان و جەرزەبەدانی مرۆڤێکی هەژار و بێ دەسەڵات هەر تەنها هەڵوێستی ئەوە بێت بەزەیی بەو نێچیرە بەسەزمانەدا بێتەوە و ڕقی لەم دڕندە دەم بەخوێنە ببێتەوە ئەو کەسە بەهیچ جۆرێ هەستی مرۆڤایەتی نییە ئەگەر هەستی پاکژ و ڕاستی هەبێ هەوڵ دەدات بۆ بڕینی ئەو دەستە و ڕزگارکردنی ئەو نێچیرە). لە چیرۆکە کوردییەکاندا ئەم هەڵوێستی– تەنیا بەزەیی–یە زۆرە وە بۆ سەلماندنی ڕاستیش گەلێك نموونەم بەدەستەوەیە ئەگەر پێویستی کرد دەیان هێنمەوە. هەر ئەم هەڵوێستەیە کە خۆی ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکانەن و ناوەڕۆکێکی کۆنن ئەگەرچی هونەرێکی سەرکەوتووش لە هونەری فۆڕمدا لە چیرۆکەکەدا هەبێت. واتە ناوەڕۆکێکی کۆن و فۆڕمێکی نوێ، کە ئەمە لێکدابڕانی تەواوی فۆڕم و ناوەڕۆکە لە بابەتە ئەدەبیەکاندا پێداچوونەوەکەی من لە ڕووی یەکەمیەوە بۆ ڕادەی وەعی چیرۆکنووسە لە کارەکەیدا و بەتایبەتی لە بەکارهێنانی زۆر بابەتی بەهێز دەربڕین وەك

ڕەمز –ڕووداوێکی بەئاستەم هەست پێکراوی هێجگار گرنگ کە دوور نییە محوەری مەسەلەکە نەبێت– نزیککردنەوەی پاڵەوانەکە لە گۆڕانەکانی خێرا خێرای ئەم چەخەو– کۆکردنەوەی هەموو شتە لابەلایەکان و بایەخدان بەهێلی سەرەکی ڕووداوی چیرۆکەکە.

زانینی دەربڕینێکی چیرۆکنووسانە و شارەزایی تەکنیکی چیرۆکنووسین بەس نییە بۆ ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نووسەر لە ڕەوتی چیرۆکی جیهانی بێ ئاگا بێت.

ڕاستە ئێمە بابەت و کەرەسەی چیرۆکەکانمان لە ناو جەرگەی کۆمەڵی کودەواریمانەوە هەڵێنجین بەڵام پەروەردەکردنی وەعی خۆمان و بەراوردکردنی بەو دەربڕینە نوێیانەی جیهانی دەوروپشتمان شمولیەت و دەنگدانەوەیەکی بەتواناتری ئەبێت زیاتر بابەتەکە بەلای نەمریدا ڕادەکێشێت.

لایەنی دووەم: خۆ ماندوو کردنی نووسەر بۆ پشکنین و گەڕان لە دوای وێنەی هونەری نوێ و برەو پێدانی دەنگەکانی ناوەوەی پاڵەوانەکە بەو مەرجەی لەوپەڕی سەربەستیدا بیهێڵێتەوە و دەست نەخاتە کارەکەیەوە چونکە ئەو ڕووداوە سروشتییانە خۆیان کاکڵەی مەسەلەکەن ئێمە بەچێژی چیرۆکەکەوە دەبەستنەوە.

جگە لەمە پێوانەکردنی بیر و هەستی پاڵەوانەکە بەبیر و هەستی ناوچەکەی و ئاگادار نەبوون لەوەی کە زۆرجار بەشێوەیەکی سەیر بیری ئەو پێش عەقلیەتی ئەو خەڵکە ئەکەوێ!!. هەنگاوەکانی کورتە چیرۆکی کوردیمان بەرەو پێشەوە بەردەوامە و گیروگرفتەکەش لەوەدایە ڕەخنەیەکی ئەوتۆ لە کۆڕێدا نییە کە بزانرێ کامەن ئەو چیرۆکانەی خاوەنی ڕاستەقینەی هەنگاوەکانن بۆیە ئەم نووسینەم شێوەی گشتی هەموو چیرۆکەکانی ناچار وەرگرتوو.

لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی ئەو واقیعە تاڵەی لە سەردەمە جیاجیاکاندا مرۆڤی کوردی تێدا ژیاوە بەپێداچوونەوەیەکی قووڵ و وێنەگرتن و خستنەرووی ئەو واقیعەمان لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بەئاشکرا بۆ دەردەکەوێ. سەرەتای ئەو ئەدەبە واقیعیە لە شێوەیەکی پێشکەوتوودا لە سالانی چلەوە بەئاسانی هەستی پێ دەکرێ ئەگەرچی لە ڕووی هونەریەوە سیفەتی گێڕانەوە و سەرەتا و گرێ و کۆتایی بەسەریا زاڵ بووبوو، بەگۆڕانێکی تەکنیکی ئەو تۆوە نەبەسترابوو، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرەکانمان لەو کاتەشدا لە ئێستا زیاتر خۆشیان لە شیعر دەهات و گرنگی تەواویان بەوداوە، بۆیە پێشکەوتن و بەپێزی بابەتی ئەدەبیمان لە شیعرەوەیە ئەوجا چیرۆك و شتی دی.

له لایەکی تریشەوە قاڵ نەبوونی چیرۆکنووس لەو زانیاریە سادە و چڕانەی چیرۆك لێی داوا دەکات. گەلێ جار پاڵەوانێکی نوێنەری چینێکی ئەم کۆمەڵەی کردووە و نووسەر بێ چوونە ناو لێ ڕوانین و چۆنیەتی باری لێکدانەوەی ئەم پاڵەوانە باری لێکدانەوەی ئەم پاڵەوانە بەرامبەر چینەکەی خۆی ڕۆڵێکی گرنگی ئەوتۆی داوەتێ کە زۆر ستەم بێت ئەو پاڵەوانە بەرامبەر چینەکەی خۆی ڕۆڵێمی گرنگی ئەوتۆی داوەتێ کە زۆر ستەم بێت ئەو پاڵەوانە نوێنەری ئەو چینە بکان و یەکێك بێت لەوان. ئەمەش دەوری چیرۆکنووسە لە تێگەیشتنێکی هۆشیارانە لە فەلسەفەی هەر چینێکی کۆمەڵ لە کاتێکی مێژوویی و جێگایەکی دیاریکراودا.

لەم بارەدا کە نووسەر خاوەن داهێنان و بابەتێکی نوێ بوو لە چیرۆکەکەیدا ئەوا ئەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەش کە داهاتووی ئەدەبە کە دەیەوێ هەوێنی دروست بوونیان دەبێت و بەپێی باری تایبەتی خۆیان دێنە پێشەوە.

الأرض فی نمادج من الشعر الكردی المعاصر

لم يكن بأمكاننا في هذا العرض أن نشير الى نماذج من اشعار كل الشعراء الأكراد المعاصرين، لذا نعتذر منهم ونقدم هنا بعض النصوص من القصائد الكردية المترجمة الى العربية، وكما نعرف ان الشعر أثناء الترجمة يفقد كثيراً من صفاتة كالوزن والموسيقى الداخلية والخارجية، وصوت الكلمات، اي مكانة الكلمة فی الجملة.

١

قبل ان ندخل في صلب الموضوع علينا ان نذكر الحقيقة التي تشير الى ان الأرض هي أم الطبيعة، وكل الظواهر الطبيعية نابعة منها ومرتبطة بها، منذ بدء الخليقة. ان المواقف ووجهات نظر الفنانين والشعراء تختلف عن نظرة انسان بسيط نحو الطبيعة وظواهرها، فتأثير الطبيعة على الفنان والشاعر اعمق مما في الآخرين، يتضح ذلك من خلال القاء نظرة فاحصة ودقيقة على لوحة فنية يرسمها الفنان أو قصيدة يكتبها الشاعر. ان الشاعر الكردي يتأثر بطبيعة بلده، قد ينبهر بقامة جبل شامخ أو يهفو الى جمال وردة جبلية، أو يعيش هدير نهر أخاذ فتتخذ هذه الأشياء ابعاداً اكثر واكبر وأشمل من قصائده. فالنهر عصب الحياة ورمز الديمومة و التجدد وهو من جماليات الطبيعة الساحرة. يقول الشاعر (نوزاد رفعت)

لــكــنك ستــكــونــيــن لــي
ذلك الــنــهــر الــمــطــهــر
النهر الذي تفتخر به الأرض
وذلك الــــنــــهــــر الـــذي
يركع عند ضفـــافه الانســـان(١)

لماذا يركع الانسان أمام النهر؟ أية قدسية في ذلك، هنا تبرز عظمة النهر والأرض من هنا نقول ان العلاقة الأزلية بين الأرض والأنسان هي موضوع تفكير الشاعر، ان عظمة الأرض تحدو بالشاعر الى أن يشغف بأحترام الآخرين ويميل اليهم، ويشاركهم في الأفراح والأتراح، ويختلط بهم، ويفكر في حياتهم وآمالهم، يجمع الشاعر (أنور قادر الجاف) تلك الأشياء والأحداث في احدى قصائده ويشغف بحب الأرض

تلك الليالي حيث كان المذياع الأحمر الوحيد
لدار -الجدالأكبر- العامرة والقوية كلها
يرسم الف بسمة دافئة
على شفاء الفلاحين المتيبسة
ويوقد في قلوبهم الف أمل وأمنية جديدة
وتلك الليالي
حيث كان قلبي قد أنس حب الأرض (٢)

هنا يرسم الشاعر على شفاه الفلاحين ألف بسمة رغم كل الشقاء والمعاناة. فنحن عندما نذكر الفلاح نذكر الأرض. بمعنى أخر أنه -الفلاح- في تفاعل مستمر مع الأرض، ان تلك الابتسامة التي يرسمها على وجوه الفلاحين تدخل الف أمل في قلوبهم لأن ذلك الفلاح يعرف لماذا يهب للأرض وما تعطيه الأرض مقابل ذلك الحب.

في الفترة الأخيرة من عام (١٩٧٠) فما فوق ظهر الى الوجود كثير من الآراء والتعابير الجديدة في الساحة الأدبية، وبرز في مسيرة الشعر الكردي مجموعة من الشعراء ارادوا أن يعبروا بنفس طويل وتعابير أوسع في سبيل أيجاد العلاقة بين الأنسان الكردي وأرضه. ولو دققنا في أعمالهم نراهم شواهد حية على تلك المأساة التي القت على أرضهم الخراب والدمار في الخمسينات والستينات من هذا العصر. لذا نرى كثيراً من الحوادث طبع في أفكارهم عندما كانوا أطفالاً. وبعد أن شبوا عن الطوق كبرت معهم تلك المأساة وأصبحت

مادة حية لبناء قصائدهم وبمعنى آخر أنهم ملتزمون بمسألة كبيرة هي مسألة الأرض والتعبير الصادق عنها، وأنهم لم يخالفوا ذلك الألتزام عندما كان أعداء الشعر الواقعي يقولون -من يلتزم يخسر الأبداع- وبعكس ذلك دفع الألتزام بالشاعر الكردي الى أن يجسد أواصر أرتباطه بالأرض ويبدع في هذا المجال (علينا أن نفوق بين الألتزام والالزام، وأن نوضح دائماً أنه ليس ثمة تعارض بين حرية الأديب وألتزامه الحر وأن حرية الأديب جزء من حرية الوطن والمواطن، وأن الألتزام ليس مخيماً الى الدرجة التي يصورها بها أعداء الألتزام الى درجة الألتهام بالتبعية والكتابة بموجب القرارات الأدارية)(٣). أن أختيار الشاعر الكردي المعاصر الألتزام بأرادته كان قراراً مبدئياً، فهو يعتبر التزامه بأرضه عملاً مقدساً ونبيلاً ولأجل هذا كان ينشد الشعر بكل حرية ولأنه يحس بأن بقاءه مرتبط ببقاء أرضه وهذا شيء حتمي لأجل سعادة البشرية، لنسمع الشاعر -لطيف هلمت- قي قصيدته هذه:

ماذا تستطيع العواطف الهوجاء أن تفعل
فأنها أن هدمت المنازل
فأن الأرض ستبقى (٤)

كل الظواهر الطبيعية في الأرض تحوم حولها، وما يعمله الأنسان في تطور مستمر مع الأرض والمثال على ذلك هو الشاعر -رمضان عيسى- الذي جعل من حادثة هدم أحدى القلاع التأريخية على أرضه موضوعاً لشعره:

ومثلما القلعة -دمدم-
تنتفض اليوم
من تحت أنقاض الغدر
بعدما جرى لها ما جرى
عندما جرى من النبع الوفي دم
ولم تكف الصلواة
لقطرة من المطر
فهلك خلقها و -دمدم- هدمت
مثلما تنتفض (٥)

هنا يتحدث الشاعر بكل دقة قضية الموت والأنبعاث ويجعل من قلعة دمدم والتي هي

صاحبة الحدث التأريخي الكبير في تأريخ الكرد، أحدى الشواهد التأريخية لأضاءة الحاضر، وجعل من قلعة دمدم المهدمة والمندثرة بناءً شاهقاً ومزدحماً بالسكان. أي أن الشاعر جعل من الموت طريقاً الى الأنبعاث. أستطاع هؤلاء أن يجعلوا من هذه الأحداث التأريخية رمزاً حياً للكفاح المستمر نحو الهدف المقدس والغد الأفضل حسب رأيي المثل العليا المشرقة في الشعر الكردي المعاصر في التعبير عن معاني الأنسانية بأوسع شكل لها وتوظيفها توظيفاً مناسباً، ولاشك في أن الشعراء عبروا عن أحلام وآمال الشعب دون غموض وأبهام وطرحواموضوع الأواصر الأنسانية والمظاهر الطبيعية حيث الجبال والأنهار والغابات والمناخ البارد وحالة سقوط الثلوج وهطول الأمطار بغزارة ومشاهد العواصف والرعد والفيضانات والجبال العالية المكسوة ببياض الثلج المكثف ودخلت أسماء هذه الظواهر والحالات بأوجه متعددة في نتاجاتهم الشعرية. وهذا أن دل على شيء أنما يدل على الصدق الشعري ورمز الخير والتقدم من جهة أخرى تفتح أسماء تلك الظواهر باب التعرف على السمات الشعبية والمحيط والبيئة للقاريء الأجنبي.

يعبر الشاعر –صلاح شوان– عن هذه الظاهرة:

عواصف عواصف، عواصف
وهذى حمامات قمر كردستان الوحيد
تنثر ريش أجنحتها البيضاء كالثلج
فوق صقيع الأرض
وفوق صدر الأرض ونهرها (٦)

ويقف الشاعر الشاب –عباس صالح عبدالله– بين لوحتين فنيتين ليجعلهما معادلة متوازنة، حيث الحالة الأنسانية لدية ظاهرة من الظواهر الطبيعية.

آه، كم اتحسر الى ذلك الزمن
وبعكس هذا الزمن الذي فيه
أجد نفسي مخنوقاً داخل جراح ثقلية
مثل اي كائن، يئن تحت كومه جليد
حين تنهدم (٧)

هنا يجد القاريء لوحتين احدهما للأنسان يرفض هذا العصر المعقد والثانية لكائن آخر

بريء يترنح تحت ثقل الجليد، فلا يعرف أحد ماذا يحدث لهذا الكائن! إلا الذين مرت بهم حوادث مماثلة، أي بمعنى اَخر هؤلاء القاطنين والمتعودين في تلك الأجواء والطبيعة. يريد الشاعر ان يجعل من كل البلاد عروساً شقراء جميلة، لاشك ان لون الثلج رمز للحب الطاهر والمقدس من جهة، والبناء والتقدم من جهة أخرى –فيقول:

«أختنق أذا لم أكتب
كيف يمكن ان تعطي أرض لحزني وبلادك
ذرات وكتل ناعمة من الثلج
لتجعل منها عروساً»

ولنستمع الى شاعر آخر هو –صلاح محمد– لنعرف ماذا يهمس في آذاننا؟ وكيف يصور رؤياه الشعرية؟

«قلبي كشجرة خريف من الغربة
فانية تحت الغيث
عن آلهة أمسياتي تعيش وحيدة
كم أخشى أن يصبح قلبي هذا تابوتاً
يحتضن رأسي»(٩)

تلك الصورة الحزينة والطبيعة الكئيبة في فصل الخريف تنعكس من شاعرية لتعطيه نوعاً من الأحساس بالغربة ولوناً من الأحباط النفسي وهذه الغربة لا تستبعد أن تكون نابعة من أحباط عاطفي وقلق فكري.

بعد أن تحدثنا عن أنعكاس ظاهرتي الثلوج والأشجار على كردستان في لوحات هؤلاء الشعراء نتحدث عن الجبال والأنهر، حيث أن الأنسان الكردي عند ولادته يفتح عينيه أمام جبال شاهقة وأنهر جميلة. فعند تحدث الشاعر عن الجبال لا يستبعد أن يتحدث عن حبيبه!، والشاعر... –هدايت عبدالله حيران– يتحدث عن –هلگورد– أحد الجبال العالية في كردستان بمقدار ما يتحدث عن حبيبته وهنا تتمازج الحالة الأنسانية للشاعر مع ظاهرة حبه وأعجابه بالجبل:

«أيام خلت، كنت أحبك
شامخة شموخ هلگورد

كـ –السليمانية– كنت لا تعرفين السكوت
عظيمة أكثر من الآمال
حنونة ومنشرحة أكثر من الترانيم»(١٠)

والعنصر الأخر الذي يكحل طبيعة بلاد كردستان هي الأنهر حيث الحركة والتقدم اللانهائي للنهر أصبحا رمزاً حيّاًلدى الشاعر ومن جهة أخرى غدا جريان النهر رمزاً للنقاوة والطهارة. فالنهر يعكس استمرارية الحياة والتجديد فصيف الشعر النهر وما حوله من الطبيعة الجميلة، ويصور تلك الأسماك الملونة التي تعكس أشعة الشمس ألوانها الزاهية. ولدينا نماذج كثيرة من الشعر الكردي المعاصر تتعمق في هذا الموضوع حيث يتحسر الشاعر مرات عديدة مع جريان النهر ويشبه ذلك الجريان بأنقضاء سنوات العمر أو الرحيل بعيداً مع النهر قبل أن تذهب زهرة ربيع حياته مع الهم والمشاكل والألام.

والشاعر «برهان هژار» يصف تلك اللحظات من اللقاء مع الحبيبة على ضفة نهر –سيروان...

«كنت أوقد اصبعي الملتهبة شموعاً
لكي تنير طريقاً مدلهما
لأننا غداً، غداً
سنلتقي في موعد
على شاطئ نهر سيروان»(١١)

علينا ان نبين هنا بأن نهر –سيروان– الذي يمر قرب مدينة السليمانية ويقطع سهل شهرزور الفسيح وهذا النهر دخل الشعر الكردي من أوسع أبوابه. أن هذة الظواهر التي تقدم ذكرها وجد مكانها في الشعر الكردي المعاصر وأصبحت تعبر عن رموز الحركة والحرية والجمال والطهارة والضياع والايجاد.

لهذا نجد الشاعر –عثمان شيدا– يهب كل ما لديه في الحب والعمر للنهر المقدس حيث أن السماء أيضاً بكت لتوجه النهر ورحيلة نحو اللانهاية ذلك ما تعلنه لنا فحوى أحدى قصائده.

«الأمواج تتداخل مع بعضـــــها وتسلك طريق رحـلتها الأبدية
تغادر الأمواج راحلة حتى تموت فتكتئب السماء وتبكي رحيلها
تعطر دموعاً»(١٢).

وختاماً يجب القول بأن كل العناصر الطبيعية من النهر والبساتين والجبال والثلوج والأشجار. تشكل المثل العليا لدى شعرائنا المعاصرين ولن تنقطع تلك الاواصر المتينة بين الشاعر وأرضه وتنصهر في بودقة واحدة. أن القدرة الأبداعية للشاعر من جهة وعطاءات الأرض من جهة أخرى تكونان معادلة ثابتة في الحياة وتعطيان نتيجة حتمية لابراز الحياة الجميلة بكل معانيها الأنسانية.

المراجع والمصادر:

١- أضمام قزحية -ص١١٠- ترجمة -أزاد عبدالواحد.

٢- مجلة كاروان -العدد٤١ -سنة ١٩٨٦.

٣- الألتزام الثورة في الأدب العربي الحديث -احمد محمد عطية ص١١.

٤- المصدر الأول ص٤٢.

٥- مجلة الأديب الكردي -ص١٠٧ -عدد خاص

٦- المصدر الأول ص٥٥

٧- جريدة العراق -الثقافة الكردية -١٩٨٦/٥/٣١.

٨- مجلة؟ الكردي -العدد الخامس ص٢٥٥.

٩- المصدر السابق.

١٠- نفس المصدر.

١١- قصيدة مخطوطة للشاعر برهان هژار.

١٢- المصدر الأول.

ناوەڕۆك

١- نامۆبوون لە شیعرەکانی -نالی-دا ٥
٢- تیشکەکانی جوانی لە زریان-دا ٢٦
٣- ونبوون و دۆزینەوە لەگێژاوی زریان-دا ٣٩
٤- شیعرەکانی کامەران و ئیستاتیکا ٦٠
٥- سبەینێ و دووبارەبوونەوە ٦٨
٦- شێوە لە شیعری نوێی کوردیدا ٧٨
٧- شیعر و کێشەی داهێنان ٩١
٨- گەرمبوونەوەی گیانێکی تەزیو ٩٩
٩- بەرخودانی هزر و دیمانەی خوێن ١١١
١٠- حەسەنی قزڵجی ١١٧
١١- دارستانی ئەو بنارە ١١٩
١٢- کۆدیتا و هەنگاو ١٣٣
١٣- زمانی دەربڕین و کێشەیەکی سەخت ١٣٩
١٤- ڕەشید نەجیب و ماوەی نوێکردنەوە ١٥١
١٥- شیعری خەزان لە تاقیکردنەوەی تەنیاییدا ١٦٨
١٦- ئەو زەنگە بۆچی زویری دێنێت؟ ١٨٤
١٧- لەو شیعرەوە ڕەمز و مەترسی فۆڕمالیزم ١٨٩
١٨- هونەری دەرگا کراوەکان ١٩٢
١٩- کێشەی پاکژبوونەوە لە شیعرەکانی مەولەویدا ١٩٣
٢٠- شیعر و دیوار ٢٠٢
٢١- ع. ح. ب. شیعر و ڕوویەکی ڕیالیزم ٢٠٧
٢٢- لە ڕێگەی تاقیکردنەوەدا ٢٢٣
٢٣- سێ چیرۆکە زۆر کورتەکەی ژمارە ٢٢٧
٢٤- کاروانی بەرەو خۆر ٢٣٠
٢٥- پەندی پەخشان ٢٣٣
٢٦- کورتە چیرۆکی کوردی ٢٣٧
٢٧- الارض في نماذج من الشعر الكردي المعاصر ٢٤٠